**کتێبی کورتەباسیک لەسەرچەندرِوداوی مێژوویی**

**نوسینی: حامیدرِەشیدی زەرزا**

2007-12-20

بڵاوکراوە لە ئینتەرنێت لە سایتی :

www.peshmergekan.com

www.peshmergekan.eu

**کتێب: کوردتە باسێک لەسەرچەند رِووداویی مێژوویی**


**بابەت: مێژوویی**

تیراژ:1000

**چاپ: چاپخانە و ئۆفیستی تیشک**

ژ.پ:(510)ی ساڵی 2006ی وەزارەتی رِۆشنبیری پێدراوە



مافی لەچاپ دانەوەی تەنیاپاریزراوە بۆ نووسەر



سلیمانی 2006،


## بەشی یەکەم و دووهەم

**پێشەکی:**

تاسەم ئەوەبوو هەتا ئەو جێگەیە کە بۆمدەلویَ رِووداوەکان بە نەشێواویو نەگەچلاوی تۆمارکەم، بەلاَم جگە لە هەلوومەرجی کوردستانی رِۆژهەلاَت، ژیانی پرِلەچەرمەسەرییخۆمو هەتلَەو هەلَوەداییو بەشێکیزۆر لەبەندیخانە دابوون، ئەو دەرەتانەی لەدەستدام. ئەوەی لە مێشکمدا پاشەکەوتم کردبوو ملَەیپیری وەهای جووتبوو لە هەشتیمشتم بۆ کۆنەکرایەوە. بەلاَم لە سەر ئەوحالَەشرِا ئەو ناتەواوە نەپالاَوتراوانەشم پێ لە هیچ باشتربوو. چونکە ئەوەی هەتا ئێستا کێچی فکرو ئەندیشەی پیَ هەلَنەگەرِاوە نەبوونەوەی ئەو گرێپووچکەیەیە، کە هەودای رِەمزی سەرکەوتنی خەباتی شێلگێری نەتەوەی کوردی بە درێژایی مێژووی نەپساوە لە خۆیدا حەشاردراوە، کەچی لەو ماوەیەدا بە دەیان نەتەوەی ژێرچەپۆک بەدارسانێک



کۆتو زنجیری کۆیلەتییان پساندووە، نیری یەخسیرییان لەملیخۆ دارِنیوە، کە نە لەباری زۆرایەتی چوار یەکی نەتەوەی کورد بوونەو نە مێژووی خەباتیان بەقەراکورد خوێناوییە. لەلایەکی دیکە ئەگەر مێژووی کەونارای گەلی کورد بە چاوێکی بیَپاساو تەتەلَە بکەین دەدینین ئەوگیانی برایەتیو یەکگرتوویی ئەو سەردەم لە بەستێنی بەستەلَەکی نەخوێندەواری، عەشیرەتی، خێلاَتیو رِەمەکی لە سەرچارەنووسی گەلی کورد، لەئی ئەمرِۆی دونیای پێشکەتوو پتەوترو بەکاکلَتر دێتە بەرچاو. نموونەکەی: شێخ عوبەیدیللای نەهری لە رِاپەرِینی 1880 بە بەشداریی کوردی بندەستی ئێرانو تورکیا، سنوورە رِووکەشەکانی شەرِی چالَدرانی (1514)بەکردەوە لە بایەخ خست. کەچی ئەو رِاپەرِینە بەهێزی کۆنەپەرستی هەردوو دەولَەتی زلهێزو داگیرکەری ئەوکاتو پیلانی هاوبەشو تەنانەت دەست تێوەردانی رِاستەوخۆی رِووسیەو بریتانیا تێکشکێندرا، بەلاَم توێی هەستی نەتەوایەتی کوردی بۆ هەمیشە لەمەرِ گرێدانەوەی هێلَی جوغرافیایی کوردستان لە دلَی هەموو کوردێکدا خستە باسترخەی ژیانەوەو چەقەرەی پێدا.

سمکۆ لەتێشکانی شەرِی (شەکەریازی) لە 25ی ژووئیەی 1923 دەچێتە سولەیمانی، لە لایەن شێخمەحموودی نەمرەوە وەک سەرۆکی دەولَەتێک پێشوازیی لێدەکری. بەلاَمکاتێک ئۆجەلان لە26ی فێوریەی1998لە نایرۆبی بەدەست هاو پەیمانەکانی ناتۆ دەگیریَ و دەدرێتەوە دەست تورکیا، بارزانیەکان داوادەکەن رِێبەری (پ.ک.ک.) وەک خوێنرِێژێکو (جینایەتکارێکی جەنگی) دادگاییبکەن. کاتێک بارزانییەکان لە11ی ئۆکتۆبری 1945کەوشەنی ئەودیویان پەرِاندو گەیشتنە ناوچەی (شنۆ) لەلایەن حیزبی دێمۆکرِاتی کوردستانی ئێرانەوە کە لە 16ی ئووتی 1946 دامەزرابوو، پێشوازییەکی گەرمیانلێکرا،و لە کۆماریکوردستان کەلەمەهاباد لە22ی ژانویەی 1946 رِاگەیەندرا،نەمر بارزانی دەرەجەی ژەنەرالَیی درایەو کرا بە فەرماندەری پێشمەرگەی کۆمارو هەموو ئەوکەسانەی لەگەلَیدا بوون بەگوێرەی لێهاتوویی کاریان پیَ ئەسپێردراو چەکدارەکانیش وەک پێشمەرگە وەرگیران. بەلاَم لەشۆرِشی ئەیلوولی 1961 نەک هەر تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات یاساخ کرا بەلَکوو هەلَ ومەرجێک بەهۆی گوشاری" شا" هاتە گۆرِ کەبۆگێرِانەوە نابێت! سەرئەنجام بزووتنەوەی 1347 (1968)ی خاشەبرِکرد. کاک سلیمان معینی کوشت و تەرمەکەشی وەساواکی ئیران داوە،. لە رِیکەوتی22ی رِیبەندانی 1357 (1979/2/11) کە شۆرِشی

خەڵکی ئێران سەرکەوت، خەڵکی کوردستان چاوەنواڕی ئەوەیان دەکرد کە بەگۆڕانکاریەکی دیکە زەویەکە شۆی بێتەوە درختەکان چرۆ دەربکەن، ودیسان کۆڕانی بارزانی نەچنەوە سەرئاکارەکانیان، بەڵام بەداخەوە سەرلەنوێ بۆحکوومتی ئاخوندی بوونە بەرهەڵبینە، و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوو بەرهەڵستکارو لەمپەر،و هزرەکان بەراوەژوو قۆزترانەوە.

حاشا لەوە ناکرێ وەتی لە نیوەی دوایی چەرخی بیستڕا کەداوای سەربەخۆیی کوردستان بەئۆتۆنۆمی(وخود موختاری) گۆڕاوە، هەرکام لەو حیزبانە بەشێک لە خاکی کوردستان بەسەرزەوینی ئەو چواردەوڵەتە ناودەبەن، کەچی لە سەر ئەو پاکانەیەشڕا هیچکام لەو چواردەوڵەتە داگیرکەرانە کورد بە هاو وڵاتیی دەرەجەیەک وەرناگرن! ئێران وەک نموونە دێنینەوە. جگە لەوەی قانوونی ئەساسیی ئێران نەتەوەی کوردی لە مافی هاووڵاتی بێبەری کردووە، ئەو مافانەی وەک دەرەجە دووش بۆی داناون بەپێچەوانە بەڕێوەدەچن. ئەوە دەیان ساڵە کوردستانەکان بوونەتە گۆڕەپانی شەڕناخێویو جەڕباندنیچەکی وێرانکارو کیمیاویو خوێنی کوردی تێدا ڕژاوە، و ئەوەی بۆی ئاوەدان کراوەتەوە بەندیخانەوگۆڕستانە. بۆسۆیەکەشی بۆتە دەستمایەی مامڵەیکاتی، هەرجاری بەشە کوردستانەک بۆتە ئامانج! هەرکەلاکی کوردە - تەنانەت بەشێکی بە زەقوزیندوو - بەخورتوومی بۆلدزیران وەبن بارستایی گڵ دراوە. کارەساتی هەڵەبجە، ئەنفال 182هەزار کورد ، بێسەروشوێن چوونی8000 بادینی،بێ سەروشوینی 7000کوردی فەیلی فتوایخەزای خومەینی(1979)! لەڕاستیدا کاتێک منی کورد وا بیر بکەمەوە کە ئێرانیمو لە تۆرەمەی ئێرانیەکانم، با زوانیشم کوردیبێ، جیاوازییەک لە نێوان خۆمی کوردو نەکورد نادینم. دەجا داوای خودموختاری ئەویش لە چوارچێوەی حکوومەتێکینادێمۆکراسی هەرگیزناتوانێ ببێتە دەستەبەری ژیانیدواڕۆژم! بەڵام کاتێکوا تێدەگەیەندرێم کە نەتەوەی کوردم، وڵاتەکەم بە دوو کەڕەت لە 1514و 1923 لێ زەوت کراوەو بەو دەوڵەتە داگیرکەرانەوە لکێندراوە، شەڕو مەیدانداری بۆ ئەستاندنەوەی نیشتمانەکەمە. لە حاڵێکدا جیاوازی لە نێوان خۆمو نەکوردەکان بەدی دەکەم، بە پێچەوانە چ جیاوازییەک لە نێوان خۆمو کوردی پارچە کوردستانەکانی دیکەدا نابینم. ئەوکات هەموو خەڵکی کوردستانەکان دێینە سەر ئەو بڕواو بڕیارە کە دەبێ بە چەنگوددان



لە مانو کەرامەتیخۆمان پاریزگاریبکەین. بێگومان ئەو دژکردەوەیە سەرنجینەتەوە یەکگرتووەکانی جیهان بۆلای خۆی ڕادەکێشێو هەموو مرۆڤ دۆستێک ڕادەتڵەکێنێ. بە ئومێدی ئەوڕۆژە.

ئوستەڕالیا کوینزلەند شارۆچکەی گاتن 2001/8/10

## شایەتی خرانی ڕەزاشاو لەسەرتەخت دانیشتنی حەمە ڕەزا شا

ساڵی1320ی هەتاوی بەدوای تێکشکانی هێزەکانی ئەلمانیا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئێران کەوتە مەترسیی گەمارۆو هێرش. ئیدی هێرشی نیزامیی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ سەر ئێران گومانی تێدانەمابوو. بەڵام ڕەزاشا هەڕەشەی هاوپەیمانانی بەهێند نەگرت. کەچی فرووغی سەرۆک وەزیری ئەوکات، بەپێچەوانە پیاوێکی سیاسەتمەدار بوو. حیسابی هەموولایەکی لە دەستدابوو. ئەو سووسەی بەو قەیرانە کردبووو ترسی ڕێنیشتبووو دەیزانی بە شێوەی نیزامی دەرەقەت نایەتو ناتوانی بەربەرەکانی بکات. دەبەردابوو سیستەمێکی قانوونی بێنێتە گۆڕێ کە پەیمانی پێشوو هەڵوەشێنێتەوە. ئەو دەیەویست ڕەزاشا، دەست لەکار بکێشیتەوەو بەو کڵاوە شەرعیە پێشی هێرشی هاوپەیمانەکان بگرێت. بەڵام ڕەزاشا، نەچووە ژێربار. لە کاتی گۆڕینەوەی نامە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، پارلەمانی ئێران لە سەر قسەی ڕەزا شا، وەڵامێکی توندوتیژی بە مۆسکۆ دایەوەو لە ئاکامدا هێرشی هاو پەیمانەکان دەستیپێکرد. لە ماوەی48سەعاتدا ئەو ئەرتەشەی ڕەزاخان، پێی دەخوڕی، بەبێ دەستکردنەوە خۆی بەدەستەوە دا. ناوبراو تاقمێک لە ئەفسەرە پایە بەرزەکانی هێزی دەریایی زیندانی کرد. پاشان لە گەڵ ئاغای فرووغی بەرەو ئیسفەهان پێی پێوەناو لە نێوڕێگادا نامەی وازهێنانی(استعفا)یەکەی ئیمزاکرد. محەممەد ڕەزاشا، لە سەر تەخت دانیشت. هەرچەند کە سات وەدرەنگی کەوتبووو پێشی هێرشەکەی پێنەگیرا، بەڵام وەک سەنەدو بەڵگەیەکی زیندوو درایە دادگایلاهە. ڕەزاشا، لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە لە ڕێکەوتی 25یخەرمانان بۆ دوورگەی مووریس و پاشان بۆ ژووهانسبۆرک لە ئافریقایباشوور دوور خرایەوەو هەر لەژێر چاوەدێریدابوو، بەڵام کاتێک مرد لەبەر ئەوەی محەممەدڕەزا زاوای مەلێکفاڕووق پاشایمیسر بوو، تەرمەکەی بە ئەمانەت لەوێ مۆمیاییکرا.

شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کتێبی چلساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ئەوها دەگێڕێتەوە: کە شەڕی دووهەمی جیهانی دەستیپێکرد، ڕەزاشا، بەرەبەرە خۆی لە ئالمانی نازی نزیک کردەوە. وەزعێکی ئەوتۆ پێک هات کە ئێران بوو بە مەیدانی هاتوچۆو نفووزی جاسووسو پیاوەکانی ئالمانی هیتلەری. پاش ئەوە



کە ئالمان لە هاوینی ساڵی1941ی زایینیدا هێرشی کردە یەکیەتیسۆڤیەت ، بەکردەوە جەبهەیەکیگەورە لە دەوڵەتە گەورەکان لە یەکیەتی سۆڤێەتو ئامریکاو ئینگلستان دژی ئالمانو ئیتالیاو ژاپۆن کە وڵاتەکانی میحوەربوون پێکهات. پاش وتووێژ ئەمسێ دەوڵەتە ئێرانیان بۆ ئەوە هەڵبژارد کە هەم نفووزی ئالمانی نازی لەموڵاتە خاشەبڕ بکەنو هەم لەوێڕا بتوانن یارمەتیو بەتایبەتی چەکو تەقەمەنی بۆ یەکیەتی سۆڤێەت بنێرن. بۆ ئەوە بڕیاریان دا کە لە ڕۆژی سێی خەرمانانی1320 (25ی ئووتی 1941)دا لەشکری سوور لە شیمالەوەو لەشکری ئەمریکاو ئینگلیس لە جنووبەوە ئێران داگیر بکەن. ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزا شا، نەیتوانی چووکترین بەربەرەکانییەک بەرانبەر بە هێرشی لەشکری هاوپەیمانەکان بکاو تێکڕووخا. کۆنترۆلی شیمالی وڵات کەوتە دەست یەکیەتی سۆڤیەت. بە تێکچوونی دیکتاتۆری ڕەزاشا هێندێک ئازادی دێمۆکراتی لە ئێراندا پەیدابوو وحیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوەو پەرەیانگرت. پاش20ساڵدیکتاتۆری ئێران ڕووی ئازادی بەخۆوەدی.)

لە ساڵی1942 قازی محەممەد دەیەوێ یەکیەتی توێژەکانی کوردستان بکاتە بەردیبناخەی کۆشکی ئازادیو دەستەبەری سەربەخۆیی کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵتەواوی پیاوە ماقووڵەکانی شاروسەرۆک عەشیرەتەکان لە شایی مستەفاخان کوڕی قەرەنیئاغای زەرزا لە شنۆ بەشداری دەکات، کە بە کۆنفەڕانسی شنۆ ناوی لێدەبەن.

شەهید دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: لەشکری سوور پاش 3ی خەرمانانی1320(2یئووتی1941) چوو بۆبانەو پاشتێکدانی پادگانو مانەوەی هەفتەیەک بانەی بەجێهێشتو گەڕایەوە بەرەو ورمێ. حەمەڕەشیدخان ئەمهەلو مەرجەی بە دەرفەتزانیو لە عێراق گەڕایەوەو چەندسەد چەکدارێکی سازکردو لە ڕۆژی16ی خەرمانانی1320دا (10یسیپتامبری1941) شاری بانەی گرت. چەندڕۆژ پاشتریش توانی شاری سەقزیش بگریو لە (25ی سێپتامبر) شاری سەردەشتیشی گرت. هەوڵیدا کە مەریوانیشبگرێ بەڵام سەر نەکەوت. تا پایزی ساڵی 1323 حەمەڕەشیدخان لە ناوچەی بانە هەر فەرمانڕەواییدەکرد. لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری1323دا (ئاخری سیپتامبری 1944) دەوڵەتی ئێران بڕیاریدا لەشکربنیریتەبانە. ئەملەشکرە لە کەلیخان هێرشی لەشکری حەمەڕەشیدخانی

تێکشکاندو حەمە ڕەشیدخان بانەی بەجێهێشت، بەڵام پێش ڕۆیشتنی لەڕۆژی 8ی ڕەزبەر (30ی‌سێپتامبر) دا شاری بانەی‌سووتاند. لە سەردەمی کۆماری کودستان حەمەڕەشیدخان چوو بۆ مەهابادو یەکێک لەو چوار کەسە بوو کە دەرەجەی ژەنەراڵی وەرگرت.

دوکتۆر قاسملوو ئاوا ئاماژە بە کۆماری کوردستان دەکات: کوردستانی ئێران بوو بەجێ‌هیواو هومێدی ئازادیخوازانی هەموو بەشەکانی کوردستان. نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردی‌یەکان هەروا شەخسیەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیەو سووریەو عێراقەوە پەیتاپەیتا بۆسەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد ببووە جێی هیواو قیبلەگای ئازادیخوازانی کورد.

لە وڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیەدا کە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان هاتبوونە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەکی نووسیبوو: ڕووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە.)

کاروباری کۆماری کوردستان زۆر ڕێکوپێکو لەسەر بنچینەیەکی قایمو بەردەوام‌دامەزرابوو. کەچی ئەو کۆمارە ساوایە هێشتا لە ناوچەکانی ورمێ و سنەو کرماشان‌و ئیلام سەقامگیر نەببوو و لە سەریەک ناوچەکانی هێڵی جوگرافیایی کوردستانی ئێرانی دەباوەش نەگرتبوو. بەڵام بەلێهاتوویی دەهات پەڕوپۆ باوێ و ئاواتەکانی گەل لە گرێدانەوەی هەموو خاکی کوردستان بێنێتەدی کە لە ساڵی 1923 لەسەرپیلانی ئینگلیزو نەخشەی گڵاوی‌ئاتاتورک بەشبەش‌کرا. هەرچەند حاشا لەوەناکری ئەوانەی بەنوێنەری خەڵک لە پارلەمانی کوردستان دانیشتبوون زۆربەی ئاغاو شێخو مەلاو دەوڵەمەندەکانی‌شاربوون کە ئەوکات هێندێک هەر خۆشەویستی خەڵکبوون، هێندێکیش بەگوێرەی قودرەت ببوونە مۆرەی کۆماری کوردستان. دیارە دۆخەکە هەروای هەڵدەگرت. تێکەولێکەی دەوڵەتەکانی دنیاخۆر لەوبارو دۆخەدا ئەوڕاستی‌یە ئاشکرا دەکات کە هەرکات قازانجی خۆیان بێتەگۆڕێ چارەنووسی گەلان دەکەنە خێرو سەدەقەی بەرژەوەندی‌یەکانیان‌و یازدە مانگ زیاتر لە تەمەنی کۆماری کوردستان تێپەڕنەببوو کە باڵوێزی یەکیەتی سۆڤیەت ڕادەگەیەنێ دەوڵەتی‌وی لەمەبەدوا ناتوانی پشتگیری لە کۆماری کوردستان بکات!!





ئەرتەشی شا لە 24ی بانەمەڕی 1325 هێرش دەکاتەسەر قاراوە، بارزانیەکان زەبرێکی گورچووبڕ لە ستوونەکی ئەرتەشی دەدەن. دەیان‌کەسیان لێ‌دەکوژن یا بەدیل‌دەگرن. ستوونەکە ناچار دەبێت بەرەو سەقز بگەڕێتەوە. ڕۆژی25ی جۆزەردانی 1325 هێرشێکی دیکە دەکەنە مامەشا، کە بە هۆی کوژرانی ئەسعەد خۆشەوی بارزانی‌یەکان‌و پێشمەرگەکانی دیکە دەکشێنەوەدوا. بڕیار ئەوە دەبێ هێرش بەرنەسەر سەقزو سنەش بەردەستکەن، بەڵام لە ڕێکەوتی30ی جۆزەردانی 1325 هاشمۆف قونسوولی شۆڕەوی لە ورمێ دەچێتە لای پێشەوا قازی‌محەممەد لە گوندی سەراو داوای لێدەکا بەرەنگاری ئەرتەشی شانەبێ. هەلومەرجێکی حاستەمو دژوار دێتەگۆڕێ. لەو کاتەدا محەممەدڕەزا فەرمانی هێرش بە ئەرتەش‌دەدا. خۆشی بەفڕۆکە دەگەڵ وەزیری جەنگ سەیری شوێنەکان دەکات. لە2ی سەرماوەزی 1325 شاری زەنجان بەبێ بەرەنگاریی فیرقە دەکەوێتە دەست ئەرتەش‌و لە20ی‌مانگی سەرماوەزی 1325 (11ی دیسامبری 1946) ڕێبەرانی فرقە خۆ بەدەستەوە دەدەن‌و 18000فیدایی خۆ تەسلیم دەکەن. سەدان کەس لە بەرپرسان ئێعدام کران. لە سەریەک نزیک بە15 هەزارکادرو ئەندامو لایەنگری‌فرقە کوژران. پاشان ئەرتەشی‌ئێران بەرەو کوردستان دەکەوێتە ڕێ. پێشەوا قازی شەڕ بە قازانج نازانێ. ناشی هەوێ خۆی دەرباز بکات. هەرچەند دەزانێ دیکتاتۆرێکی وەک محەممەد ڕەزاشا هەروا بەئاسانی لێی‌خۆش‌نابێ‌و بەم‌کارە مەرگی خۆی ئیمزادەکات، بەڵام ئەو مەرگی سەربەرزانەی لەنێو نەتەوەکەی‌دا هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی بەرگری لەڕژانی خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بکات. هەربۆیە هەر لە سەرەتاوە خۆی بە داڕشتنی گەلاڵەی خۆدەربازکردنەوە خەریک‌نەکرد. بەمجۆرە بۆجارێکی دیکە کوردستانی ئازاد بە دەست حەمەڕەزاشاو نۆکەرو چڵکاوخۆرەکانی داگیرکرایەوە. لە ئەنجامدا قازی محەممەدو سەدری قازی‌و محەممەد حوسێن سەیفی قازی بەئێعدام مەحکووم کران‌و لە بەرەبەیانی 10ی خاکەلێوەی 1326ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارەدران وشەهیدکران. حەوتوویەک دواتر17کەسی‌دیکە لە پیاوە ماقووڵەکانی کۆماری کوردستان لە مەهابادو بۆکان‌و

سەقز لەدار دران‌و گیانی پاکیان لە ڕێگای ڕزگاریی‌کوردستان‌و ئازادیی نەتەوەکەیاندا بەخشی‌و لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە کەوتە سەر مێژووی پڕلەتاوانی بنەماڵەی پەهلەوی‌و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەیان‌و کۆماری یازدە مانگەی کوردستانیش لە پێتەخی مەهاباد جوانەمەرگ بوو.

لێرەدا وردبوونەوەیەک بە پێویست‌دەزانین. هێرشی هاوپەیمانەکان بۆسەر ئێران لەساڵی1320ی هەتاوی دەستی پێکرد. ئۆردووی سۆڤیەتیش هەر لەوساڵەدا لە ناوچەی کوردستان جێگیربوو. دەوڵەتی‌سۆڤیەت گەلێک پڕۆژەی بۆ ناوچەی‌کوردستان بەدەستەوەبوو، وەک هەڵکەندنی بیری نەوت‌و کانگای جیوەو قوڕقوشم ... بەڵام بۆچی دەستی لە سەر دەست داناو لە قسە زیاتر هەنگاوێکی بەکردەوە هەڵنەهێنایەوەو لە مەڕ مەسەلەی کوردستانیش تا ساڵی 1322ی هەتاوی بێدەنگەی لێڕاکردبوو؟ ڕاستی‌یەکەی ئەوەبوو کە هاوپەیمانەکان‌و یەکلەوان یەکێەتی سۆڤیەت، پەکیان بەڕزگاریی کوردستان‌و چارەنووسی نەتەوەی کورد نەکەوتبوو. بۆیە کاتێک دەوڵەتی‌سۆڤیەت ئاگادار بوو کە دەبێ لە سەرحوکمی دادگای لاهە ئێران بەجێ‌بێڵی، هەر بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز وەقل کەوت. خۆی تێکەڵاوی مەسەلەی کوردستان‌و ئازەربایجان کرد. پاشان یەک‌لایەنە هەمووپەیمان‌و بەڵێنەکانی دەگەڵ کۆماری کوردستان هەڵوەشاندەوەو لەژێر هەموو قەرارێک چوەدەر. چ پەکی بەچارەنووسی‌کوردو ئازەری نەکەوت.

لە ڕاستیدا قەواموسەلتەنە سەرەک وەزیری ئەوکاتی ئێران بە بەڵینیی نەوتی شیمال یەکێەتی سۆڤیەتی کوڕەگوێ کردو دەستی پێ لەیارمەتیی کۆمار کێشایەوە. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش مەسەلەکەی بە دەنگی خەڵکی ئێران ئەسپاردو خۆی لە سەرەک‌وەزیری‌بوارد. بەمجۆرە سۆڤیەتی دەست‌بەپووش کرد. وەک مێژوودەڵێ: ئەوبەشە کوردستانەی ژێردەستی ئەمپەراتۆری تورکیە لە دوای هەڵوەشانی ئەمپەراتۆری‌یەکەی، بەپێی پەیمانی لۆزان (1923) لە نێوان سووریەو عێراق‌و تورکیەی نوێ دابەش کرا. بەڵام کوردستانی ئێران هەروەک لە شەڕی چاڵدران (1914) دا بە ئێرانەوە لکابوو مایەوەو دەستی تێوەرنەدرا.

لە پاش جوانەمەرگ‌بوونی کۆماری ساوای مەهابادو داسەپانی ئەرتەش‌و تەرەو ئاوارەبوونی خەڵک لە ماڵ‌وحاڵ، هێندێک بەگی وەک عومەرخانی‌شکاک، دەگەڵ شڕەخۆرو هەشتەرۆ مەشتەرۆیی کە ماڵی خەڵکیان بەغەزا دەزانی تاقمێکیان لە



ڕەجاڵە پێک‌هێناو دەگیانی خەڵکی بێتاوان بەربوون. ئەوهەی وەک بەرماو لەبەر دزو جەردەی حەمەڕەزاشا، مابۆوە ئەوان ڕەپێچەکیان‌داو بەتاڵانیان برد. پاشان پنجی یاسای غەنایمیان پێوەنا. لەلایەکی دیکەوە مەلا مستەفا دەکەوێتە دەربازکردنی ماڵەبارزانیەکان کە لەکاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوچەی کوردەواریدا بەسەر گوندەکاندا دابەش‌و نیشتەجێ‌کرا بوون، بەرەو سنووریان بگوێزنەوە نەوەک لە شەڕدا وەک بارمتە بکەونە چەنگ نەیار. ماڵی خۆشی‌کە لە نەغەدە بووو هی شێخ‌ئەحمەدی براشی لەشاری شنۆ بوو. هەر دەو سەرو بەندەدا محەممەد ڕەزاشا داوا دەکات چاوی بەمەلا مستەفا بکەوێت. بارزانی دەچێتە تاران. چاوی بەشا دەکەوێت. شا پێی‌دەڵێ چەک‌وچۆڵ دانێن‌و وەک ئێرانی‌بژین. بارزانی مەرجی شا قبووڵ دەکات‌و دەگەڕێتەوە شارۆچکەی نەغەدە. بەڵام‌کاتێک سەرتیپ هومایوونی بۆ وەرگرتنی چەکەکان دەچێتە لای، بارزانی پێی‌دەڵێ: لە سەرقەولی‌خۆی ماوە، بەڵام ئەو هەر هەقی چەکی خۆی هەیەو وەک نەفەریک دێتەژمار. هی‌خەڵک دەبەر دەستی شێخ ئەحمەد دایە. بەمجۆرە شەڕ لەنێوان ئەرتەشی ئێران‌و بارزانیەکان‌دا هەڵدایسێ. شا دەستوور دەدا هەموو بەرەگەیەکیان لێ‌بگرن‌و نەهێڵن تخووب بپەڕێنن. ئەوان لە هەموو لایەکڕا گەمارۆ دەدرێن. شەڕێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی بارزانی‌یەکان بەڵام لە هەموو شوێنەکان ئەرتەشی ئێران تێک دەشکێ. پیرو پەک کەوتەو ژن‌و منداڵ بەرەو سنوور هەڵدەکشێن‌و هەر زەلامێک دەتوانی چەک هەڵگری دەچێتە بەرەی شەڕ. لە گردی نەڵۆسی شەڕێکی بێڕەزا لە نێوان بارزانیەکان‌وگوردانێکی ئەرتەش دەست پێدەکات. ئەمما بارزانیەکان گەمارۆیان دەدەن‌و لە ئاکامدا سەرهەنگ‌کەڵاشی فەرماندەری پێگە دەکوژری‌و هەموو سەربازەکان بە دیل دەگیرێن. هێرشی مەنگوڕەکانیش لە بەکرە جۆی سینگان تێک دەشکێ. دیارە خەڵکی ناوچەکە یارمەتیدەری بارزانیەکان بوون. بارزانی یەکان لەوکاتەدا بەهۆی ڕاپۆرتی نادورست تووشی ئەوهەڵە دەبن. گوندی سێڵوێ 32کەس لە ئاغاکانی مامەش کە میوانی مام حوسێن‌دەبن وەک جاشێان لێدەروانن‌و دەیان‌کوژن.

هێندێک ئاغاش دەگرن بەڵام ئەوگرتنە سیاست دەبێ بۆ وەی ئەڕتەش لە داوویدا تیتاڵیان تێناڵێنێت هەرواش بوو !بارزانی پاش شەڕێکی مێژوویی لە گەڵ‌ئێران، سەرەنجام لە 26ی جۆزەردانی 1326لەگەڵ500 پێشمەرگە لەچۆمی

ئاراز پەڕیەوەو چوو یەکێتیی سۆڤیەت. ژنو منداڵیش لە گەڵ شێخ ئەحمەد خۆیان لە عێراق تەسلیمی حکوومەتی‌نووری سەعیدکردەوە. هەر وەک پیشەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە، هەموویان ڕاپێچی گرتووخانە کران. لە لایەکی دیکە زێڕۆ بەهادوری کە لە ناوچەی ورمی‌بوو دەگەڵ ئەرتەش کەوتە تەقەو لێکدان. زێڕۆ پیاوێکی بەوەج بوو. گەلێک پاسگاو پێگەی حکوومەتی لەسەر ڕێگا هەڵگرتنو خۆی‌گەیاندە چیابەرزەکانی سنوورو خۆی بەدەستەوە نەداو توانی لەناو خزمەکانی لەکوردستانی باشوور خۆی حاشار بدات.

شەهید دوکتۆر قاسملوو لەمەڕ شەڕی بارزانیەکان ئەوها دەگێڕێتەوە: شا فەرمانێکی دەرکرد کە مەبەستی کوشتنو لەنێو بردنی هەموو بارزانی‌یەکان بەژنومنداڵەوە بوو. لەوفەرمانەدا کەلە 29ی ڕەشەمەی 1325 (19ی‌مارسی 1947) داویەتی دەڵێ: بەفڕۆکە تەواوی بنکەکانو ڕێبازی کۆچو کۆچباریماڵە بارزانی یەکانو هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن. دەبێ تا 15ی خاکەلێوەی 1326(4ی ئاوریلی 1947) شەڕ کۆتایی پێ‌بێو کارێکی وا بکەن کە بارزانی‌یەکان نەتوانن دەربازبنو لەوە زیاتر ئابڕووی لەشکر نەچێ بەڵام بارزانی‌یەکان ڕۆژی 24ی خاکەلیوەی 1326(13ی ئاوریلی 1947) لەچۆمی گادەر پەڕینەوەو چوون بۆ عێراقو دەربازبوون، دیارە هەم ئابڕووی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران چووو هەم‌ئابڕووی خودی حەمەڕەزا شا، کە فەرمانەکانی جێ‌بەجێ نەکران. )

کوژانەوەی چرای کۆماری کوردستان بوە جێژنی‌چواردەوڵەتی داگیرکەر. کەوتنە بیری تواندنەوەی کوردان. ئەمنیەکانی محەممەدڕەزاشا، وەک چاوساغ بە هەمووکونو قوژبن‌دا کەوتنە سووڕوخول. ئەوەی دەگەڵ ڕاپەڕینەکەدابوو کەوتە بەرڕاونان. کەم کەس‌مابوو نەکەوێتە ژێر چاوەدێری. بڕەم بڕەمی ئەو کەسانە بوو کە ناڵچەی سمی ئەسپی شایان کردبو بە ئاڵقەی گوێچکەو پێی دەخوڕین. دیارە حکوومەت هەموو کات ئەوانە دەباوەش دەگرێو خۆیان پێ پشتئەستوور دەکاتو دەیهەوێ دەستەمۆیان بکات بۆ ئەوەی لە نێوخەڵکدا خاوەن‌چاوگەن. بۆیە لە ڕێژیمی بەرێ زۆرتر ئاغاو بەگو شێخو پیری تەریقەتو خاوەن خانەقاو تەکیە دەکەوتنە بەر ئەوجۆرە دەستەمۆکردنە. بەڵام لەو عەسرو زەمانەدا حزبو تاقمەو تەشکیلاتو بنکەی سیاسیو هێزی ئیسلامی جیگەیان بەوانی بەرێ لێژ کردوەو بەرسینگەیان لێ‌بڕیوتنەتەوە. قسە لەسەر گۆڕانکاریی کەشی سیاسیو پیلانی



حکوومەتەکانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. دەنگۆیەکەش بەڕواڵەت هێندە بەرزە کە زمانی هەموو ڕاستبێژێکی هەڵدرووە. کەچی ئەوقاقڕە بە سەت ڕێژنە پەڵە ناداو زۆر ڕاپەڕینی دیکەش کوێر دەکاتەوە. دەحاڵێکدا ڕەوایەتی خەڵک هەڵخەڵەتاندن بەگەلۆو حەیران لێ نابڕێتەوە، ساڵ لە نوی، شۆڕش لە نوی! خوێنی کوردی هەژار بۆتە مەختەی هەلپەرست. نەیاریش بەسێ‌گاسنە هەموو شێوەردێک‌وەرد دەداتەوەو تۆوی ناکۆکی‌و ڕکەبەری بە هەموو کونو قوژبنێکدا بڵاو دەکاتەوە. سیرمەخۆری کورد فرۆشی بەقرووشیش زۆرو زەوەندە. گادەری درۆ هەر حیلەی‌دێ. ئەو کەڕەتنا ئەوکەڕەت. لە پاش هەر تێشکانێک، ڕاپەڕینێکی بێ ئاکامی بەدواوە سەرهەڵدەدا. ئەوەی لە ڕاستی بەدوورە دەبێتە گۆڕاوی جیهانی. سوێندو کەلامەڵای لەسەر دەخوری‌و چاوی ڕاست بێژی لە پاشکەسەری‌ڕا پێ‌دەردێ. دەهۆو فێڵی نەیاریش هەر مەپرسە! دەسرتەی ئێرشادی دینی‌دا دەبەرگی مورشیدی‌دا، دەهەیکەلی نوێنەریدا، دە پەیکەری ڕێبەریدا....

## دەستەڵاتی موسەددیق

دەستەڵاتی‌تەواو بەدەستەوەگرتنی موسەددیق لەساڵی 1332ی هەتاوی (1953ی‌زایینی) زەنگی خەتەرێک بوو بۆ دواڕۆژی پڕلە نەگبەتی ڕێژیمی محەممەد ڕەزا پەهلەوی کە دەبوو پەندی لێ‌وەرگرتبوایە. لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکەدا شا بەرەو بەغدا تێی‌تەقاند (23ی گەلاویژی 1332). هێزی چەکداری حکوومەت بوونە دووبەشو دژی یەکتری ڕاوەستان. پۆلیسو سەرباز شاپەرست مانەوە. ئەمنی(ژاندارم) بە موسەددیقی دەرچوون. لەهەموو شارەکاندا ئەو دووبەرەکی‌یە دهەڵاتە بەرچاو. لە زۆر شاراندا پێک‌هەڵپڕژانو تەقەو لێکدان دەستی پێکرد. عەشیرەتەکانی قەشقایی‌و بەختیاری کە بەهۆی سورەییای ژنی محەممەدڕەزاشا خۆیان بە خزمی‌وی دەزانی بەهێزی چەکدارەوە خۆیان دە تاران پێتەختی ئێران هاویشتو دەگەڵ زاهیدی کە ئەودەم لەحەشاردابوو یەکتری‌یان دیت. لە لایەکی دیکەشەوە لەهۆنی‌یەکان لایەنگریی خۆیان لەشا ڕاگەیاند. لە ناوچەی لاجان مام عەزیزی مامەش -کە پاشان‌دەرەجەی سەرهەنگی ئیفتیخاریی درایەو- هێرشی بردە

سەر شارۆچکەی نەغەدەو هەموو دەستو پەیوەندەکانی موسەددیقی لەو شارە بە دیل گرت.

عەولاغای مەنگوڕ- کە پاشان لە ساڵی1342 لەدابەشکردنی زەویوزاردا خەتی سووری بۆ بەسەر ناوچەی مەنگوڕاندا کێشرا- یەک لە لایەنگرانی باوەڕ پێکراوی شا، بوو. هێندێک لە عەشیرەتەکانیش هەڵوێستی دووبرگەیان دەربڕیو بەشێک بە دووره پەریزی چاویان دەداوەڵ بڕی. یەک لە وان لە ناوچەی شنۆ ڕەحمەتی فیرووزخانی زەرزا بوو، کە تێلگرافی لایەنگریی بۆ هەردوو یانی بۆ شاو موسەددیق لێدابوو، کەچی لەگەڕانەوەی شادا حەوت دەمانچەی کۆڵتی درایە. لە ئاکامدا زاهیدی کە لە حاشارگەدا کوودەتای بەڕێوە دەبرد بە هاوکاریی ئەفسەرێکی پلەژێروو بەناوی نەسیری - کە دوایە دەرەجەی ئەرتەشبودیی وەرگرتو کرایە بەرپرسیساواک (ئیستسخبارات)ی ئێرانو لە شۆڕشی 1357ی هەتاویدا بەدەستی خومەینی گوللە باران کرا- ئیستیعفا (ئیستیقالە) نامەی بە ئیمزای موسەددیق گەیاندو ڕێگای بۆ کوودەتا تەختکرد. وەک ئاغای خازەنی (بازڕەسی سەرەک وەزیری لە سەردەمی موسەددیقدا) دەگێڕیتەوە، کوودەتا لە 25ی گەلاوێژی 1332 گەڵاڵەی بۆ داڕشترابوو. تاقمێک لە ئەفسەرانی گارد بە سەرپەرشتیی سەرهەنگ خوسرەو پەنا هێرش بۆ ماڵی موسەددیق دەبەن کە لە خانووی ژمارە 109ی شەقامی کاخ بوو. بەڵام ئەو زانیارییە لە لایەن ڕوکنی2ی ئەرتەش بە هۆی ئاغای ئاشتیانی بە دوکتۆر موسەددیق دەگاتو نەخشەکە پووچەڵ دەکرێتەوەو لە 25ی گەلاوێژ کوودەتا بە ڕێبەرایەتیی سەرهەنگ نەسیری دەست پێدەکا. نەسیری فەرمانی لابردنی موسەددیق دەگەیێنیتە ناوبراو. موسەددیق فەرمان دەدا نەسیری دەگرن و دەیخەنە زیندانی دیژبانو هەموو سەربازەکانی چەک دەکەن. لەو بارەوە ئاغای شەمسی قەنات ئابادی دەڵێ: کاتێک کوودەتای 25ی گەلاوێژ تێکشکا، ئێمە6کەس بەو ناوانە لە ماڵی مستەفا موقەددەم بووین کە دوای کوودتا بوو بە بەرپرسی بانکی کەشاوەرزی:

1- سەفایی نوێنەری مەجلیس
2- ئەردەشیر زاهیدی، کوڕی سەرلەشکر زاهیدی
3- میر ئەشرافی سەرپەرستی ڕۆژنامەی ئاتەش
4- سەرلەشکر باتمانقلیچ لە کوودتاچییان



5- سەرلەشکر گیلانشاه (تەقاو)
6- سەرتیپ شێعری کە دوای کوودتا بوو بە ئوستانداری ئیسفەهان.

کە بڵاوەمان کرد.

خازەنیدەڵێ: ڕۆژی 27ی گەلاویژ نزیک ڕۆژئاوا هیندرسن سەفیری ئامریکا لە گەڵ عەلی پاشا ساڵح دیلمانج بۆ دیتنی موسەددیق هات. دوو سەعاتان پێکەوە دانیشتن. ئەو هاتبوو هەتا موسەددیق ڕازی بکات ڕێز بۆ فەرمانیشا دانیو سەرەکوەزیری بە سەرلەشکر زاهیدی بسپێری. شەوی27 موسەددیق ئاگادار کرایەوە کە فەرماندەرانی کوودتا واتە شوارتسکۆف، بابی ژەنەرال شوارتسکۆفی ئامریکایی لە شەڕی کەنداوی فارس ڕاوێژکاری ژاندارمەری لە سەردەمی قەواموسسەلتەنە داو کیمرووزوێلت جموجۆڵیان دەست پێکردوە، وادیارە کوودتای 25دووپات دەکرێتەوە. لە سەعات8ی بەیانی، دوکتۆر سەددیقی وەزیری ناوخۆ، دوکتۆر شایەگان، نوێنەری مەجلیس مەلەکووتی جێگری سەرەکوەزیر، ئەحمەد ڕەزەوی نوێنەری مەجلیس، دوکتۆر حوسین فاتمی وەزیری کاروباری دەرەوە، موعەززەمی وەزیری پۆستو تێلگراف، تەشیر فەرەهمەند بەرپرسی ئیدارەی تەبلیغاتو ڕادیۆ هاتنە ماڵی دوکتۆر موسەددیق.

خازەنی دەڵێ: موسەددیق نەزەری ئاڵوگۆڕی ڕێژیم نەبوو، بۆیە کاتێک ئاگادارکرا کە شا،لەڕامسەر بە فڕۆکە لە ئێران دەرچووە، بۆ هەموو شوێنیک تەلەفۆنکرا، تەنانەت هەواڵدەری ڕۆیتەر ڕای گەیاند، شا لە بەغدایە. ئەو کات موسەددیق شۆڕای سەڵتەنەتی بانگهێشتن کرد هەتا گەڕانەوەی شا ئەرکی سەڵتەنەت بەڕێوە بەرن، کە بریتی بوون لە:

1- ئاغای عەللامە دێهخودا
2- ئاغایوارەستە
3- سەید جەلال تێهرانی
4- شاپوور عەلیڕەزا برای حەمەڕەزاشا

لە ئاکامدا ڕۆژی29یگەلاویژی 1332 دوکتۆرموسەددیق لە ماڵی دایکی دوکتۆرموعەززەمی وەزیریپۆستو تەلەگراف کەوتە گەمارۆو بە دەستووری سەرلەشکر زاهیدی بەدەست سەرهەنگ فوولادوەند دەستگیرکرا، لەو ڕووداوەدا دوکتۆرفاتمی ئێعدام کرا بەڵام موسەددیق بۆ ئەحمەدئاوا دوورخرایەوەو تا مردن

هەر لە ژێر چاوەدێریی ڕێژیمدا بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوو ڕووداوەدا زەبرێکی گورچوبڕ وە حیزبی توودەی ئێران کەوت، کە ئەو کات بە حیزبی دایک دەناسراو بەهۆی زبان لێدانی توودەییەکان، ناوی گەلێک لە کادرەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کەوتە بەردەستی ساواکی‌ئێران‌و تەشکیلات‌و بنکەکانی نەهێنیی ئەوحیزبە کەوتنە بەرهێرشی توندی دەزگای ئەمنییەتی‌و ڕێگەی دەربازبوونیان لێ‌بەسترا، قۆڵبەست کران‌و خرانەگرتووخانەی شا. (1338) لە ئاکامدا لە دادگایەکی ڕواڵەتیی ئەرتەشدا هێندێک لەوان حوکمی ئێعدامیان بۆ دەرچووو بەشێکیش‌سزای دوورودرێژی وەک حەبسی ئەبەدیان پێ‌بڕا. دیارە پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، حیزبی دێمۆکڕات پەیوەندیی خۆی لەگەڵ توودە پچڕی‌و ئەو کۆت‌و زنجیرەی لە دەست‌و پێی‌خۆی داڕنی‌و لەسەر پنج‌و بناوانێکی نوێی کوردایەتی دامەزرا. ئیدی خۆی تووشی پاڵپشتی ئەوها نەکردەوە. بەڵام بیری توودەیی‌یەکان وای پەرەگرتبوو وەها لە مێشکی هێندێک لە کادرەکاندا لووزەوی بەستبوو کە لەدەماری زۆرکەس دا وەک پەتایەکی بێ‌چارەسەر مایەوەو لە ڕوانگەی بەشێکیان ئەو ڕوانگەیە هەر نەسڕایەوە. لە ڕاستیدا ئەو بوت دۆوست کردنە لە بیگانە لە کۆمەڵگای سیاسیداو ئەو خۆ بەکەم گرتن‌و بێگانە بە زۆرزانینە تا ئێستا زەبرێکی قەرەبوونەکراوی لە تەشکیلاتی حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان داوە. ئەوەش بڵێین موسەددیق چ بایەخی بۆ مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران‌و بەتایبەتی کورد دانەناوەو لەو بارەوە دەمارگرژێکی توند بووە. بۆ وێنە کاتێک ڕەزم‌ئارا، سەرەک‌وەزیربوو(1329) بۆدەستەڵاتی ئوستانەکان کە کوردستانیشی دەگرتەوە، داوای لکاندنی بەندێکی بە 91و 92و 93ی تەواوکەری قانوونی ئەساسی دەباتە مەجلیس، موسەددیق وەک بۆمب هەڵدەبەزێتەوە (وەک دوکتۆر قاسملوو ئاماژەی پێ دەکا، موسەددیق لە قسەکانی‌خۆیدا لە مەجلیسی‌شازدە، گەلاڵەی قانوونی پێشنیارکراوی ڕەزم ئارا بە گەلاڵەی لێک بڵاوبوونی ئێران‌و پێکهاتنی خودموختاری لە ئوستانەکان دانا. گوتی جەبهەی میللی دژی هەر قانوونێک دەوەستی کە ببێتە هۆی لێک بڵاوبوونی وڵات! واتە بۆ موسەددیق لێک بڵاوبوونی ئێران‌و خودموختاری مانایان یەک بوو.



## کوودەتای قاسم

ساڵی 1958 کوودەتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق سەری هەڵدا. بەو کوودەتایە خانەدانی نووری سەعیدو فەیسەڵ چوونە نێو زبڵدان‌و تۆماری ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق تێک‌وەرپێچراو ماشەرەکەی هەڵوێزراو جمهووری لە وڵاتی عێراقدا سەقامگیر بوو. ڕێژیمەکانی دیکتاتۆرپێشەی تورکیا، ئێران، سووریا، هەر ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە لە خاڵی بەرژەوەندی‌یە کانیاندا لە گەڵ یەکتری هاوبەشن، بەو کوودەتایە تاسان، چونکە جگە لەوەی پەیمانی سینتۆ بەکردەوە کزببووو بەرەوهەڵوەشان دەچوو، چارەنووسی کوردیش لە کوردستانی عێراقدا دەهاتەڕوو. عەبدولکەریم فەرمانی‌لێبووردنی‌گشتیی بۆ هەموو سیاسی‌یەکان دەرکرد. لە ئاکامدا بارزانی‌و هاوڕێکانی بۆ عێراق گەڕانەوە. هەموو گرتووە سیاسی‌یەکان لە گرتووخانە ئازادکران. بۆ یەکەمجارکوردوعەرەب بران‌و مافی‌وەک یەکیان هەیە بڵاو کرایەوە. حکوومەتەکانی ئێران‌و تورکیاو سووریا بەیەکجاری نەترەیان چوو. عەبدولکەریم بۆ قەرەبووی ئابووریی وەپاش کەوتووی کوردستان یەکەم هەنگاوی لە بارزان هەڵێنایەوە. نوای بۆ بارزانییەکان بنیات نا. مووچەی بۆ بارزانی‌و بنەماڵەو هەڤاڵانی بڕی‌یەوە. بارزانی‌وەک سەرۆکێکی ناودار لەگەڵ هەموو هاڤاڵانی پاش یانزدەساڵ مۆسکۆیان بەجێ‌هێشت. هیوا کەوتە دڵی‌هەموو کوردەکان لە هەرچوارپارچەی کوردستان، شای ئێران وەجینگڵ کەوت. ترسی دواڕۆژی ڕاپەڕینی کوردی لە کوردستانی عێراق ڕێ‌نیشت. دەگەڵ تورکیاو سووریا بەدوای گێچەڵدا هەڵسووڕان‌و کەوتنەڕایەڵکە. دەو گەرمەگەرمە دا کە دەهات ڕێگە بۆ چارەسەر کردنی چارەنووسی کورد لە کوردستانی‌عێراق تەخت‌بێت. ناخۆشی لە نێوان بارزانی‌و عەبدولکەریم قاسم سەری هەڵدا. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ناکۆکی‌یە ئەوەبوو کە بارزانی لە سەر دوژمنایەتیی پێشووی دەگەڵ عەشیرەتەکانی ناوچە سوور بوو و لەبیری تۆڵە ئەستاندنەوە دابوو، کە دەگەڵ سیستەمی قانوونی‌و هەلومەرجی ئەوکات بووزی نەدەخوارد. ئاگری ئەو ناکۆکی‌یە بڵێسەی‌دا. تەقینەوەی بە دواداهات. بارزانی دەستی بۆچەک برد. شۆڕش سەری‌هەڵدا.

کریس‌کۆچێرا لە کتێبی (جنبش ملی کرد) وەرگێڕاوی بە فارسی ئیبراهیم یونسی دەڵێ: ژەنەرال‌قاسم لە1961 لەو وادەو بەڵێنانەی بەنەتەوەی کوردی دابوو

پاشگەزبۆوە. ژەنەرال بارزانی کە حەوتی ئۆکتۆبری 1958 لە بەغدا دانیشتبوو، لە مارسی 1961 گەڕاوە بارزان. هێندێک چەکداری بۆ سەرکوت کردنی عەشیرەتی زیباری نارد کە بە نەهێنی چەکو چۆڵیان لە قاسم وەرگرتبوو. لە15یژووئیەی1961زیباریەکان شکانو پەنایان بردەتورکیە. لە دەسامبری 1961 هێندێک عەشیرەت چەند پێگەی پۆلیسیان لە کوردستان داپڵۆسی. لە 6ی سیپتامبر پارتی دێمۆکرات بۆ ڕێزگرتن لە ڕاپەڕینی6ی دیسامبری1930 مانگرتنی سەرانسەریی لە شاری سولەیمانی ڕاگەیاند. لە16یسیپتامبری1961 ئەرتەشی قاسم هێرشی بردە سەر بارزانو لە 24ی سیپتامبری61 عەبدولکەریم قاسم لە وتووێژێکدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی خوارووی هەڵوەشێندراوە ڕاگەیاند. برایم ئەحمەدو هەموو ڕێبەرانی حیزب لە شاری بەغدا دەرچوونو بنکەیان گوێزتەوەسولەیمانی. چونکە شێخ ئەحمەد براگەورەی بارزانی بێلایەنیی خۆی دەربڕیبوو. بارزانی لە زستانی 1961/1962 لە ناوچەی شاخاویی زاخۆ مایەوە. کوردەکانی پارچە کوردستانی ئێران ئەوەندە لە دەست شایوەڕەز ببوون، ئەوەندە جەزرەبەی ڕێژیمیان چێژتبوو، نەپەرژانە بیرکردنەوەو هەر کەسە لە لایەک خۆی بە پارچەکوردستانی عێراقداکرد. کادرەکانی حیزبی دێمۆکراتیش تووشی ئەو سەرلێشێواویە هاتن. بە ڕاستی هەموو کوردێکی بە شەرەف تامەزرۆی دیتنی کوردستانی ئازادکراوبوو. بارزانی ئەو کات قارەمانێکی ئەفسانەیی بوو، و ملۆزمەی خەیاڵ بۆ داگیرکەرانی کوردستان دروستببوو. بە داخەوە بارزانی پاش نائومێدبوون لە یەکێەتیسۆڤیەت کە ئەو دەم ببوەپاڵپشتی حکوومەتیعێراق، کەوتە ی ئامریکا. هەر بۆیە محەممەد ڕەزاشا بەبێ سێودوو لە هەلومەرجی CIAداوی ڕەخساو کەلکیوەرگرتو دەستی دەنێوشۆڕشوەردا، بە ئیددیعای دڵسۆزی بۆگەلی کورد، بە یارمەتیدانی بارزانی خۆی خزاندە نێو ڕاپەڕینەکە. ئەوکات سنووری کێلەشین لە ناوچەی شنۆو سنووری زینوێی شێخی لە ناوچەی پیرانشار لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ ڕەوانەکردنی یارمەتی دیاری کرابوون. بۆیە لە گوندی نەڵیوان لە شنۆ پێگەی نیزامی دانراو فرۆکەخانەی لێ سازکراو ئەرتەشی ئاریامێهریی لێ مۆڵدرا. سەرباز لە هەموو بەرزایی یەکانی دی ئیخی خواردبوو. دەستی ساواک کەوتە نێو هەناوی شۆڕشو سەرهەنگ نەوتاش بوو بە ڕابێت. تیمسارکووشش فەرماندەرینەوکاتی لەشکری 64ی ورمێ سەردانی مۆڵگەی دەکرد. سەرهەنگ



سەدری کە پاشان دەرەجەی ئەرتەشبودیی درایەو کرایە ئاجوودانی شاو بەرپرسی شارەوانیی تارانو لە زستانی1357ی هەتاوی(1979ی زایینی) بەدەستی ڕێژیمی خومەینی گوللەباران کرا، لە مۆڵگەینەڵیوانبوو. هێندێک لە بەگو ئاغاکان کە مەختەگری بنەچەکەی شابوون کەوتنە ڕایەڵکە. هێندێک موهاجیر کە بەهۆی ماڵی سەید تەها بۆ زیارەتی بنەماڵەکان پێشیان پێنەدەگیرا، بوونە هەڵسووڕێنێکی باش بۆ ساواک. بە تایبەتی بە هۆی شێخ محەممەد سەددیق ناسراو بە(پووشوو) لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق بوو بە پەنابەری دەوڵەتی ئێران، زۆرتێکەولێکەی سیاسی سەریانگرت. شێخ لە کاتی پاشایەتیی فەیسەڵو حکوومەتی نووری سەعیددا مەندووب بوو. دەستی دەگەڵ ئینگلیزیش هەبوو. شای ئێران دەیویست چ لە باری سیاسیو چ لەباری کەسایەتیی کۆمەڵایەتیدا ناوبراو لە نێوان هۆگرانو مریدانی بنەماڵەی شێخایەتیی ماڵی سەید تەهای شەمزینان کە لەچوار پارچەی کوردستان پەلوپۆی هاویشتبوو، کەلک وەربگرێ. کاتێک شێخ ئاوای دیوی ئێران بوو بە پێشوازییەکی گەرم وەرگیرا. ئەو هیچ بۆنی کوردایەتیی لێ نەدەکرا. لە چێژی سەربەستیی کوردستان گەلێک بێبەشو دوورە پەرێزبوو، یا باشتر بڵێم لە چاوگەی شێخ ئەو زەرفیەتەی نەبوو. شێخ بە هۆیتێکەڵاوی دەگەڵئینگلیس ئاگاداری چارەنووسی ئەودەمی شۆڕش بوو کە خۆی تخوون نەدەکردو لێی نەبان بوو. بەڵام تەواوی حەولو دەولو تەقەلای شا ئەوە بوو کە بە هەر نرخو قیمەتێک بێت، لە ڕاپەڕینی کوردی کوردستانی ئێران پێشگیری بکات. بۆیە دەیەویستخۆی یەکجار لە شۆڕش نیزیککاتەوە. نووسەری ئەو دێڕانە، سەرگورد تالەقانی بەرپرسی ئیستیخباراتی لەشکری 64یورمێی دەگەڵ سەرهەنگ هوما سەرۆکی ستادی ڕوکنی دوویورمێ (کە زاوای تیمسار موزەفەری بوو) لە خزمەتڕێبەری جۆڵانەوەی کورددابینی. هەرچەند ئەودەم حیزبی دێمۆکرات نەببوو بە ئامانجی ڕاستەوخۆو ئاشکراوبنکەی لە کوردستانی عێراق نەکەوتبووە تەنگەژەو ناوی پێشمەرگەی حیزب نەکەوتبووە نێو لیستی ساواکی ئێران، بەڵام ئێران دەیەویست ناڕاستەوخۆ جێ پێیەکی بۆ ڕێچکە بۆبکەنەوە، پاشان هەڵکوتێتە سەری. ئەوکات هەموو یارمەتیی خەڵکی کوردستان بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەتەواوی دەئیختیاری شۆڕشی کوردستانی عێراق دەنرا. پیاو هەقبڵێ، ڕێبەری جۆڵانەوە هەموو قەولو بەڵێنییەکی جێگەی بڕوای دابوو هەڵسوڕینەری حیزبی

دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەودەم عەبدوڵای ئیسحاقی‌ناسراو بە ئەحمەد تەوفیق‌بوو. بەڵام‌ڕاستی‌یەکەی ئەوەبوو کە شۆڕش چووە باوەش حکوومەتی ئێران، لە یارمەتیی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ‌منەت بووو خۆی هاویشتە سەرگازی پشت. بەداخەوە بەرەبەرە مەیدان بۆتێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات تەنگ‌کرایەوە و بە دوای ئەو پەیمان‌شکێنی‌یەدا چەند بەرەکی وەک ئینکەبەری کەوتە نێو تەشکیلاتو کادرەکانی حیزبی دێمۆکراتو ڕێبەرانی جوڵانەوەی خەڵکی کورد. لەلایەکی دیکە ڕا هەل و مەرجی‌کاتی بۆ کوژرانی کورد بەدەستی کورد پاڵیان وێکدا. یەکەمین کەس کە چەکی جاشایەتی بەعسی هەڵگرتو دژی شۆڕشی کورد ڕاوەستاو فتوای کوشتاری پێشمەرگەی دا، شێخ‌ڕەشیدی لۆلان بوو. ئەو لە گوندی لۆلان تەکیەی سۆفیایەتیی هەبووو مریدێکی زۆری بە دواوە بوون. ئەو سۆفی‌یانە بە هەموو ئەمرو نەهیەکانی شێخیان لەببەیک دەکوت. بەوبۆنەوە خاوەنی هێزو دەستەڵات بوو. شێخ دەگەڵ بارزانی غەرەزو دوژمنایەتیی کۆنی هەبوو. بەپێی گێڕانەوەی مێژوو، یەکەم تێکهەڵچوونەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان لە پایزی 1931 لەگەڵ عەشیرەتی هەرکی بەسەرۆکایەتیی شێخ ڕەشیدی لۆلان شێخی برادۆست دەستی‌پێکرد. ئەوشێخە لەڕوانگەی مەزهەبی‌یەوە زۆر دەمارگرژبوو. ئێستاکە هەل و مەرجی بۆرێک کەوتبووو حکوومەتیش دەستی لە پشت دەدا، سێ‌ودووی لێ‌نەکرد. موسوڵمانانیش خۆ خوانەکات کەسێک بکەن بە بووت، هەرمەپرسەچۆنی گەورە دەکەن‌و دەی‌پەرستن‌و دنیاو قیامەت لە بن سیبەری ئەودا دەبینن. بەوجۆرە جەنابی شێخ بوو بەپێشڕەو. بە تەلیس دیناری لە بەعسی عێراق‌وەرگرتو سۆفیی دەنگ‌دان‌و سرتەی خەزای بەبن گوێچکەیدا سریواندن. هێندێک هەلپەرەستیش ئەو هەلەیان قۆستەوە، خورجێنی تەماحیان هەڵدروو، بەدوای شێخدا هەڵسووڕان‌و خەڵکیان بۆ کۆکردەوە.

شای ئێران بەوەی زانی‌و دەگەڵ دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا لەو مەسەلە کەلکیان‌وەرگرت. ئەوان کە بۆ کزکردنی شۆڕشی کورد لە ڕۆژێکی‌وا دەگەڕان، ئیجازەیان بە مریدانی‌شێخدا ئەرکێ شەرعیی خۆیان لە حاست‌وی‌دا جێبەجێ بکەن. مانای ئەوقسە ئەوە بوو کە دەتوانن چەک بۆ شێخ هەڵگرن. هێندێکی وەک: محەممەد ئەمین حاتەمی (چیچۆ)، سمایل‌خانی بەرازانی‌و ئەحمەد بەگی هەرکی کە جگەلەوەی مریدی شێخ‌بوون، هەر یەک وەک دالاش لە هەلێکی ئاوا دەگەڕان.



دەستبەجێ چەکو تەقەمەنی‌یان لە ئاریامێهر وەرگرتو خۆیان بەتەواوی تەیار کرد. لە تورکیاش هەر بەو پیلانە هەموو مریدێک چەکدار کرا. سەیر ئەوەبوو، شا لە لایەک یارمەتیی شۆڕشی‌دەدا دژی عەسکەری عەبدوولکەریم قاسم ڕاوەستی، لەلایەکی دیکەش شێخی تەیار دەکرد بەرەنگاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی‌عێراق بێت. لەلایەکی دیکە ساواکی دەنارده نیو شۆڕش تالیستەی کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بۆبگری‌و بەرگری لە ڕاپەڕینی کوردی کوردستانی ئێران بکات. سەرەڕای ئەو سێ بەگایەو ئەو پیلانە زەق‌و بەرچاوە، جیگەی باوەڕو ڕەزامەندیی ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستانی‌عێراق بوو. هەتا شۆڕش دەهات پتەوتردەبوو، نفووزی ئێران زۆرتر تان‌و پۆی دەهاویشت‌و تێک‌دەسڕما، جێگە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەرتەسکتردەبۆوە. دژایەتیی ڕێبەری جوڵانەوە دەگەڵ عەشیرەتەکان، بەهۆی‌لاسەنگیی تەرازووی قودرەت ببوو هۆی ئەوە کە بەرەی دژی شۆڕش لە زیادی بدات. تاگەیشتە مەکتەبی سیاسی‌و تەنفیزیی پارتی دێمۆکرات. دڕدۆنگیی برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەردەبابە، دەگەڵ تووڕەبوونی بارزانی بارو دۆخێکی نالەباری پێک‌هێنا.

زۆرشت لە سەر دەقی‌خۆی نەماو چرڕژی‌تێکەوت، تێکی‌برد، ئاسۆ لە ئاسمانی تێک سمڕانی بیروباوەڕدا بەرەو نادیاری خوشی. ناوو ناتۆرە لە خەڵک هەڵدان، جەماوەری‌کردە توێ‌توێ، تەشکیلاتەکانی بە ڕواڵەت پێکەوەندراو، وەک حاجەتی هەڵپەسیراویان لێهات. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەو بەستینەدا کەوتە تەنگەژە. بیری خەبات لەو بەشەی کوردستان کەوتەگەڕ، پێشمەرگەی شۆڕش بە ئاشکرا پێ شوێنی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بە زۆر لکاو بەئێرانی هەڵگرت. لە نێو کادرەکانی حیزبی‌دێمۆکراتی کوردستان تەنیا کاک ئەحمەد تەوفیق‌و لایەنگرانی نەدەچوونە ژێرباری ئەو بۆچوون‌و بەرئاوردە. لە سەرقسەی ڕێبەری جوڵانەوە لاقیان قرساندبووو بەئازازو کەرەم لەوبیرە پاشەکشەیان نەدەکرد. لە ئاکامدا شەهید دوکتۆرقاسملوو لە نێو ئەو قاڵمەقاڵەدا هەڵی‌نەکرد. بە ڕۆیشتنی دوکتۆر پەردە لە سەر زۆرشت هەڵدرایەوە. وردەوردە تەقە دەتەشکیلات کەوت. شەهید ئاوارە بەرەو سەردەشت (شوێنی‌لەدایک‌بوونی) ڕۆیی‌و بەداخەوە لە داوەڵان کەوتە گەمارۆی ژاندارمەو چەتەکانی ڕێژیم. لە سەر بەڵێنیی سەروان جەوادی کە فەرماندەی گەمارۆکە بوو خۆی بە دەستەوەدا. سەرەنجام لە دادگای

نیزامیی جەڵدیان مەحکووم بە ئێعدام کراولە11ی خەرمانانی1347ی هەتاوی لە سەردەشت حوکمی ئێعدامی بەڕێوەچوو. دووکەس لە هەڤاڵانی بەهۆی ئەوە کە تەمەنیان کەمتر لە هەژدەساڵ بوو، بەپێی یاسای ئەودەمی ئێران لە جیات ئێعدام، هەریەک بە پێنج ساڵ مەحکووم کرانو ناردرانە زیندانی قەراغ گۆلی ورمێ. ساڵەکانی 47-46 کە مەترسیی تەسلیم کردنەوەی پێشمەرگەو ئاوارەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێبەری جۆڵانەوەی کوردستانی عێراق وەڕاست گەڕابووو ئیدی حاشای لێ نەدەکرا، هێچکی گەیاندبووە خڕخڕۆکە. ڕۆژ نەبوو دەستەیەک کوردی ئاوارە ناویان نەکەوێتە نێو لیستەی ساواکی ئێرانو  نەدرینەوە دەست حکوومەتی گڵاوی ئێران. چ ڕێگایەک بەدەستەوە نەمابوو کە بتوانی پێشمەرگەی کوردستانی داگیر کراوی ئێرانو کوردە ئاوارەکانو خەباتگێڕەکان لە نێو کوردستانی عێراق بپارێزی. دارو بەردی ئەو پارچە کوردستانە ببوو بە دوژمن. ئەو قەیرانە هێندە بەسامبوو کە بەرەو ئاگر پاڵی بە پێشمەرگە وەنا. هێندێک کادرو پێشمەرگە بە سەرپەرشتیی سولەیمانی موعینیو هەڤاڵانی گەڕانەوە کوردستانی ئێران، کەچی ئەو کەرەسەی دەبوو بۆ شۆڕشو ڕاپەڕین لە ئارادابوایە نەبوو. پشتی جەبهە چۆڵ بوو، خەڵک ئاگاداری یەکی ئەوتۆیان لە سەرسازدانی ڕاپەڕین نەبوو. بەڵام  لە سەر ئەوەشڕا پێشمەرگە توانی زەبرێکیگورچووبڕ لە ڕێژیمی گەندەڵێ پاشایەتی بوەشێنی. کاک سولەیمانی موعینی بۆ وەرگرتنی چەکوچۆڵ چووەدەرێ، بەڵام لە گەڕانەوەدا کەوتە بۆسە  بە قۆڵبەست کراوی ناردرایە لای ڕێبەری جۆڵانەوە کە بەداخەوە لە سەر بڕیاری ساواکی ئێران دەستووری ئێعدامی درا. کاک سمایلی شەریفزادەش لە دارینەی بانە پاششەڕێکی توندو قارەمانانە بەدەستی جاشی بەنێوبانگی کوردستانی ئێران (کویخا شەریف) شەهیدکرا. بە شەهیدبوونی ئەو دووکەسە ورەی پێشمەرگە لە پارچەکوردستانی ئێراندا هاتەخوار، بەڵام دیسان لە خەباتو تێکۆشان ڕانەوەستانو کاک عەوڵای موعینی وەک جێگر بوو بە هەڵسووڕێنەری، بەڵام پێشمەرگەی شۆڕش وێڕای چەتەی ئاریامێهری کە پێیان‌دەگوتن چریک، بەرسینگەیان لە خەباتگێڕان بڕیەوە. کاک عەوڵای موعینیو هێندێک لە هەڤاڵانی شەهید کرانو هێندێکیش بەدژواری توانیان خۆ لەو هەمووو بۆسەو گەمارۆیە دەربازکەن. لەمبارەیەوە مامۆستامەلاعەبدوڵای حەسەنزادە ئاوها دەگێڕیتەوە:



سەرەنجام پاش شەهیدبوونی بەشی زۆری ڕێبەرانی بزووتنەوە بە نێوبژی کردنی هێندێک کەسی خێرخواز، سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە عێراق بە وەڕازیبوو کە ئەو کادرو پێشمەرگانەی لە بزووتنەوەکەدا بەشدار بوون بگەڕێنەوە کوردستانیعێراقو داڵدەیان بدری. کەچی بەداخەوە ئەو بەڵێنەش بە تەواوی بەجێ نەگەیەندراو بەشێک لەوهاووڵاتیانە پاش خۆ تەسلیم کردنەوە بە هێزەکانی بزووتنەوەی کورد لەعێراق گیرانو درانەوە بە ڕێژیمی ئێران، نموونە: شەهید ساڵح لاجانی، سولەیمان کەرقەشان، حەمەدەمین شیرێژو عبداللەی بایزەقنجە بوون کە پاش تەسلیمکرانەوە دەستی پیاوکوژانی ڕێژیمی شا گوللەباران کران. بۆیەش زۆرلەو کادروپێشمەرگانە مەترسییان ڕێنیشتو بە ناچاری هەڵاتن، وخۆیان تەسلیمیئەرتەشی عێراقکرد تا بیان گەیەنیتە لای مەکتەبی سیاسیی پارتی کە ئەودەم لەگەڵ سەرۆکایەتیی بارزانی ناکۆک بوونو لەنێو حکوومەتی عێراق دەژیان.)

کریسکۆچیرا، لە کتیبی جنبش‌ملی کرد وەرگیڕاوەی بەفارسی ئیبراهیم یونسی، ئەو ڕووداوە ئاوا دەگێڕیتەوە: ساڵی1967 چەند کەس لە کادرو تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتێ کوردستانیئێران کە دژی سیاسەتی هاوکاری (عەبدوڵا ئیسحاقی) بوون، کۆمیتەی ئینقیلابیان پێک هێنا کە ئەندامی سەرەکیی بریتی بوون لە: سولەیمانو عەوڵای موعینی (کوڕانیوەزیری ناوخۆی کۆماریمەهاباد)، محەممە دئەمین ڕەوەندو عەبدولرەحمان قاسملوو (ئەوکات لە ئوڕووپا بوو). کاتێکژەنەڕال بارزانی بە هەبوونی ئەو گرووپە سیاسییە کە ڕێگەی سەر بەخۆیی گرتۆتە بەر ئاگادار دەکرێ، بەهۆی(سامی) پێیان ڕادەگەیەنێ یا لەبەغدا بمێننەوەو واز لە هەموو تێکۆشانی سیاسی بێنن، یان بڕۆنەوە کوردستانی ئێرانو هەموو پەیوەندی یەک دەگەڵ ئێمە بپسێنن. بارزانی لەسەر ئەو حاڵەشکە پەیوەندیی ئەوانی لە گەڵ کوردستانی عێراق بڕیبوو، لە خۆش خزمەتیدا هێندە چۆبووە پێش کە لە بەهاری 1968سولەیمانی موعینیی کە لە سەفەری ئوڕووپاڕا دەگەڕایەوە، کوشتو تەرمەکەی تەسلیمی ئێران کردەوە کە لە شاری مەهاباد بۆ تەماشا دایان نابوو. پاشان نرخی خزمەتی بارزانی بۆشای ئێران لە1975بیندرا،)

بارزانی  دوایی کاک سەننار مامەدیشی تەحویلی ساواکی ئێراندا کە لەداگای نیزامیی ئێراندا کە لەژێر چاوەدێریی ساواک بەڕێوە دەچوو، حوکمی15ساڵی بە

سەردا سەپاو ناردیانە زیندانی گۆلیورمێ. ئەوکات نووسەری ئەودێرانە لەزیندان بوو.

## سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی چەکداری لە ئێران

لە ساڵەکانی43، 44، 45، (64، 65، 66ی زایینی) هێندێک چەکدار جیاجیا هەریەک لە شوێنیک لە حکوومەتی محەممەدڕەزا هەڵچەرخینەوەو ڕاپەڕینی چەکدارانەیان لە دژیپێکهێنا زۆربەی ئەوچەکدارانە هەستی کوردایەتییان لە هیحیزبایەتی بەهێزتر بوو، هەربۆیە لە لایەن حیزب و سازمانەکان لە سەریان نەکوتراو نەنووسرا. ساڵەکانی ناوبراو بۆ ڕێژیمی شایەتی کارەساتێکی سەرسووڕهێنەربوو، چونکە شا لەپاش دابەشکردنی زەویوزار پێی وابوو مەسەلەی کورد لەوبەشەی کوردستان وەبندەست دراوەو دەتوانێ کورد لە داوایمافی ڕەوایخۆی دوورکاتەوە. ئەو ئاڵۆزییە لە ناوچەی سەردەشت، پیرانشار، شنۆ، سەقز، مەریوان، مەهابادو دیلمان(شاپوور)، سەری هەڵداو دەنگیدایەوە. هێزێکینیزامیو تاقمیکی چریکی حکوومەتی (جاش) بەخۆوە خافڵاند. ڕێژیم بە ترسەوە لە ناهێمنییەکەی دەڕوانی. هێزە ژاندارمێکی زۆری بۆ تەرخانکردبوو. چونکە نەیدەویست چۆنیەتی هەڵچەرخینەوەکە بدرکێ، هەموو چەکدارێکی هەر بەئەشرار ناودەبرد. سێدارەشی بۆ چاوترسێن هەڵدابوو. تەقەو لێکدانەکە دەگەڵ ڕێژیم چوار ساڵی خایاند.

"شا"تیمسارئوەیسی بۆ دامرکادنەوە ناردە کوردستان. ناوبراو هەموو زەبرو زەنگێکینواند، ناوچەکانی شڵەقاند، دەستی لە چ خراپەیەک نەپاراست. ئەو چەکدارانەش سەرەنجام نەیانتوانی لە مەترسیی ئەودیوی کوردستانو هەڵخەڵەتاوانیڕێژیم خۆ بپاریزن، کە بریتیبوون لە: کاکعەوڵای جەڵدیان، ئەحمەدبەگی نیعمەتی دەشتەبیڵ، محەممەد حاتەمی ناسراو بە چیچۆ، وەتمانیەکان لە ناوچەیشاپوور، حاجی محەممەدی چەپانێو کاک ئارەحمانی شێلمجاڕان (کەپێشتر حیزبیبووو دوای خۆ تەسلیم کردنەوە ببوو بە ساواکی)و



هێندێک لاتۆر پاتۆریش لە شارەکانی: سەردەشتو تێکابو ....، ببوونە داردەستەی دوژمنو بەناوی چریک چەکیان بۆ دەشانیکرد. بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو ئەوکارانە دەگەڕانەوە سەر پشتقایم بوونی ڕێژیمو کوردفرۆشەکان بە پێشمەرگەی دیوی کوردستانی عێراق. لە ئاکامدا ژاندارمو بارزانیەکان تێیان بەربوونو دەنگەکەیان دامرکاند. دەو تەقەو لێکدانە دا زیاترلە سەد ڕۆڵەی نەبەز خوێنی پاکیان لە ڕێی ئازادیی کوردستاندا بە دەست چڵکاوخۆرەکان ڕژاو سەدانکەس کەوتنە بەردەستی ڕێژیم. تەسلیم کراوەکان لە دادگاکاندا یا حوکمی ئێعدامو یازیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاو هێندێکیش لە شەڕدا شەهیدکران کە بریتین لە:

1- باپیر پاشایی ناسراو بە نەحۆ لە چیای گلاخڕێ دەگەڵ مەلاسمایلو ناجیو چەند هەڤاڵی دیکەی کەوتنە گەمارۆو هەموو شەهید کران. وەک دەگێڕنەوە گەمارۆ لە سەعات سێی بەیانی دەست پێ دەکا، هەمووچەکدارەکان بێجگە لە نەحۆ دەخەڵێکدا دەخەون. چاوساخ ژاندرمەکان دەباتە سەرخەڵکەکە. دەخەودا دەیاندەنە بەردەستڕێژو هەموان شەهیددەکەن. نەحۆ دوورتر لەوان دە چەپەرێکی دیکەدا دەخەوێ. بە دەنگی تەقەکە ڕادەپەڕێ، کە چاوی بەژاندرمەکان دەکەوێ بەکۆ دەوری خەڵەکەیان داوە، بە کەڵاش ئۆغڵەمەیان دەکاتێ. چەند ژاندرمەو فەرماندەیگەمارۆ سەروان غەزنەفەری، دەکوژرێن. بەڵام بەداخەوە لە بۆسەی دووهەمدا بۆخۆشی دەکوژرێ.

2- ئەڕشەدمامەدی ناسراو بە(ئەشۆ) دەگەڵ برازاکەی کەمالو دارو دەستەکەی لە حکوومەت ئاڵەدین بوونەوە. ئەوان شەڕی چەکدارانەیان بە سواری دەکرد. بە چلسوارە ناوبانگیان دەر کردبوو. تایفەی ئەتمانیان لەدژی ئەوان بوون بەجاش، بەڵام بە کوشتار هەسدرانەوە. پاشان بە دەهۆی سەرهەنگ فەراسەت بەدەستی جەنگیز مامەدی برازای شەهیدکرا. لە دوای شەهید بوونی ئەشۆ، کەماڵی برازایو هەموو تاقمە چەکدارەکە خۆیان تەسلیم کردەوەو لە سەر پێشنیاری تیمسار ئەویسی عەفویان بۆ دەرچوو.

3- قادرفەتحیو هەڤاڵانی لە گوندی بەیرەمبوغەی سندووس سەعات 5 بەیانی دەکەونە گەمارۆی ژاندارمەکانی پیگەی نەغەدەو فەرماندەیگەمارۆ سەروان سەمەدی دەبێت. قادرفەتحی زۆرچاک دەستدەکاتەوەو دووژاندرمە دەکوژرێن. پاشان ئاڵقەی گەمارۆی لێ تەنگ دەکرێتەوەو دەیەوێ لە ماڵە خانەخوێیەکەی

دەرچێ، بە دەستڕێژ دەئەنگێوریو بە بریندارى دەچێتە ماڵێکىدى. ئەو ماڵێشى بە سەردا ئاوردەدرێ. لە ئاکامدا دەگەڵ هیدایەت شەهید دەکرێن. ڕێژیم بۆ چاوترساندنى خەڵک تەرمەکانیان هێنایە شارى نەغەدە، بەداشقەى دەستى بە شەقامەکانیاندا دەگێڕانو سووکایەتىیان پێدەکردن. هەروەها خانەخوێیەکەشیان بە خێزانو دوو کوڕیەوە بردنە گرتووخانەىورمێ و لە دادگاى نیزامیدا 5 تا10 ساڵیان بەسەردا سەپاندن.

4- دەستەیەک چەکدار کە لەدۆڵەنیەڕا دەگەڕێنەوە، میوانى کویستانچىو خێلاتى دەبن. شەهید مرادشیرێژو عەلىعەجەم لێیان هەڵدەبڕێن، بەرەو تاوڵى کاک عوسمانى مەنگوڕ دەکەونە ڕێ، بەداخەوە دەکەونە کەمینى چریکەکانى عەولاقادرىو سەیدباپیر، کە ناوى ئەوچەند کەسەیانم لەبیر:

ئـ - خورشید مەهاجیرى گردکاشان.

ب - مەجید موهاجیرى سەوجە

پ - مامەند موهاجیرى سەوجە

ت - حاجى ساڵح براى مرادى گردەسوور

و دەستڕێژیان لىدەکرى. عەلى عەجەم دەسبەجى شەهید دەکرى. مراد بە بریندارى تفەنگە سمینۆفەکەى لە دەست دەپەڕێ. سەید باپیر هەڵى دەگرێتەوەو بە زیندوویى پشتى دەشکێنن، پاشان هیلیکۆپتێر دێ، دەیبەنە پیرانشار، تەرمەکەى لە نێردیوان هەڵدەبەستنو سووکایەتییپێدەکەن. چیچۆ جاشەکى بە ناو بانگبوو. تانووت لە خۆ دەداو دەڵێ ئەمن کوشتوومە. کاتێک ڕێژیمى شایەتێ رووخا، تاقمەى ڕەحمان کەریمى چیچۆیان لەگەڵ کوڕەکەى بەناوى حاجۆو برایەکى بە ناوى کەڕۆ گرتن. چاویان دەرێنانو بە زیندوویى دەبیرى شازو قازى لکبنى ناوچەى پیرانشاریان هاویشتنو هەرسێکمردن.

5 - عەلىگوێڕەشو هەڤاڵانى لە ناوچەى لاجان مەترسیى زۆریان بۆ ڕێژیمهەبوو. دە تەقەو لێکدانێک دەگەڵ چریکو ژاندارمدا عەلى بریندارەدەبێ، دەگەڵ هەڤاڵانى خۆیان دەگەیەننە کوردستانى عێراق. بەداخەوە بە قۆڵ بەست تەحویلى ساواکى ئێرانیان کرانەوە پاش دووساڵ مانەوە لە بەندیخانەدا، پەروەندەکانیان درایە دادگاى زەمانى جەنگى جەڵدیانو هەموویان گوللەباران کران. نوسەرى ئەودێرانە ئەوکات لەزیندانى تۆپخانەبوو.



6 - کاک نامیق لە گەڵ دووبراىو هەڤاڵانى لە سنە، سەقزو مەریوان، دژى ڕێژیم بزووتنەوەى چەکدارىیان بەڕێوەدەبرد. لە بەرشاڵاوى چەتە ژاندرمەو جاشەکان چوونە کوردستانى ئەودیوى، بەڵام تەحویلى ساواک درانەوە. هەموویان پاش سێ ساڵ مانەوە لە بەندیخانەى ورمىو قەدەغەکردنى وتووێژ دەگەڵ ماڵو خیزانیان، لەساڵى 47 ناردرانە دادگاى جەڵیانو حوکمى ئێعدامیان بەسەردا سەپاو گوللەباران کران.

7- شەهید سولەیمان کەرقەشان، مینەشیرێژو ساڵح لاجانىو چەند کەسى دیکە، ناوبانگى قارەمانەتىیان ڕێژیمىوەلەرزە خستبوو، بە کۆ تەحویلى ساواکى ئێران درانەوە. پاش بە سەرداسەپانى حوکمى ئێعدام، لە دادگاى جەڵدیان ناردرانە زیندانى قەراغگۆلى ورمێ. تەنیا یەکێک بەناوى یوسفباپیرى بەهۆى ئەوەى تەمەنى لە18ساڵ کەمتر بوو، لە جیاتى ئێعدام بە5ساڵ زیندان مەحکووم ببوو،و بەشى ئینفیرادیى بەندى6یان بۆتەرخان کردن، کە 6هۆدەى بچووکى تاکە کەسیى لىبوو، بەڵام دەرگایان لە سەر دانەخرابووو زیندانیى دە بەندەکانى دیکە بە ئیجازە دەیانتوانى لە پشت دەرگاى ساڵۆن ڕا قسەیان لە گەڵ بکەنو پۆلیسیش هەر لەوێڕا سەرانسوێى دەکردن. لە ساڵى1347 بەڕێکرانە دادگاى زەمانى جەنگى جەڵدیانو لە وێ گوللەباران کران.

8 - شەهید دەرویش لەهۆنى کە پیاوێکى هەڵکەوتووو بەزیپکو ورە بوو، لەودیو تەحویلىئێران درایەوەو پاش ئەشکەنجە لەلایەن ساواک، دەگەڵ شەشکەسى دیکە لە هەڤاڵانى پێکەوە لە پادگانى جەڵدیان گوللەباران کران، ناوبراو پێش شەهیدکرانى لەو کاتەدا دەستو لاقى بەزنجیرو کەلەپچە بەسترابوون، بۆ زیندانى یان قسەىکردو نەخەجلابوو. دەیانگوت لەکاتى مەحاکەمەدا هێرشى بردە سەر دادستانو بەکورسى سەرى شکاند.

9- نووسەرى ئەو دێڕانە لە دادگاىنیزامیدا حەپسىئەبەدى درایەو هەڤاڵانانى لە3تا 7ساڵ مەحکووم کران کە بریتى بوون لە:

- سمایل یونس خزمەتکار،
- ناسر سەفەرى ڕۆستەم،
- یوسف ساعیدى سادق،
- مەلاعەزیزى موهاجیر،

- مام ئۆمەر،
- کەمال بەردەکەشکی.

10- سەید فەخرەددینی سەرڕووتی نەوەی خەلیفە سەرڕووتی دوربە لەگەڵ محە لە ناوچەی دەشتەبیڵ چەکدار بوون. لە ساڵی 1344 گیرانو هەریەک لە دادگای نیزامییورمی بە 15ساڵ مەحکووم کران.

دادگای حەڵدیان بە هۆی بەڵێنیی ئەولای دانرا، تیمسار ئوویسی کە (بۆخۆی کوردبوو) بەکوردکوژ ناوی‌دەرکرد، لە محەممەد ڕەزاشا، داوا دەکات بۆ بنەبڕ کردنی تێکۆشانی گەلی کورد لە پارچە کوردستانە، دادگایەکی ڕواڵەتی بە ناوی (دادگای‌زەمانی‌جەنگ) یا باشتر بڵێم قەسابخانە بۆگەلی‌کورد لە جەڵدیان دامەزرێ. لە کاتی دامەزرانی ئەو دادگایە، بەپێی قانوونی ئەوکات هەموو پەروەندەکانی ئەوکەسانەی لە پەیوەندی لە گەڵ کاری سیاسی کە ئەوان ناویان‌نابوون (ئەشراری موسەللەح) لە دەستەڵاتی دادگاکانی دیکەی نیزامی وەدەرکەوتنو درانە دادگای جەڵدیان. تەواوی ئەو پەروەندانەی لە دادگای بەدەوی گەیشتبوونە حوکم‌دران، دەسبەجێ حوکمەکانیان هەڵوەشانەوەو لە سەرڕا درانەوە دادگای جەڵدیان. هەموو ئەو کەسانەی بەجۆریک یارمەتیی پێشمەرگە چەکدارەکانیان دابوو، دەکەوتنە سەلاحیەتی دادگای ناوبراو. هەر پەروەندەیەکیش درابا بەو دادگایە، مانای ئەوە بوو کە حوکمی‌ئێعدام یا حەپسی درێژخایەنی بەدواوەیە. لەودۆخەدا

بارزانی..... بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو قەیرانە، بەبێ بەزەیی بە کوردی پارچە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بێ چاوخشاندن بە چارەنووسی واندا، کە بۆکادرو پێشمەرگەو هەموو ئاوارەکان لە گۆڕێدابوو، لە بەڵێنیی خۆی بەرێژیمی محەممەد ڕەزاشا تۆزقاڵێک دڵساردنەبوو. لە هەرجێگەیەک شکی کردبا کە پێشمەرگە یاکادری حیزبی دێمۆکرات یاگومان لێکراوێکی کوردی کوردستانی رۆژهەڵات خۆی لێ حاشار داوە، دەسبەجێ داڵاش لوور دەبوونو تێیرۆ دەهاتنو دیان ڕفاند. جاری‌وا بوو سنووریشیان دەپەڕاندو لە بەشە کوردستانەش، ڕاوی ئەو نیچیرانەیان دەکرد.

11- محەممەد زەکەریاو محەممەدی هەمزەڕیتاڵی لە هاڤاڵانی ئەحمەدەخێل، کە لەساڵی 1334 لەکاسەکەران کوژرا، پاش 3ساڵ زیندانی‌لە 1343 ئازادکران. لە داخی‌ساواک جارێکی‌دیکە بەکێو هەڵگەڕان. لە چیای بەردەسپی پشتی گوندی



خراپەی ناوچەی لاجان، کەوتنە گەمارۆی چریکی بەناوبانگی ئەوکات (مام ڕەسووی عەبدولسەمەدی)، پاش شەڕێکی قورس، دەرەتانی دەرباز بوونیان بۆ نەڕەخساو بەجووتە شەهیدکران. کاک ئەحمەد تەوفیق یشی تووشی ئەو هەڵە زلەکرد، کە خەباتکەرانی کوردی کوردستانی‌ئێران بە چەتەوڕێگر ناوبەرێو بۆ کەم کردنەوەی زەحمەتی چەکداری بزووتنەوەی ئەودیو ئەو ئەرکەپیرۆزە بخاتە سەرشانی‌پیاوە ئەمەگناسەکانی خۆی. نموونەکەی گەڕانەوەی سەعید کویستانی ناسراو بە سەعیدەکوێر لە ناوچەی (زینوێ‌شێخی) دەهەتوچۆدا بوون، تەماڵ هەڵنانی ئەوانیان بە ساواکو ژاندرمەی ئێرانی دەکوت.

12- ئەوسیاسەتە هەرچەند زەبرێکی بێ قەرەبووی لە حیزبی ناوبراو دا، هەرچەند کوردی پارچەکوردستانی ڕۆژهەڵاتی لە شۆڕش وەدواخست، بەڵام هەر ئەوکات دواڕۆژێکی بەسامی بۆ وان تێدا چاوەڕوان‌دەکراو لە ڕاستیدا پەرۆشینکەیەک بوو لە سەرشانی جوڵانەوەکە، کە هەرگیز ناسرێتەوە. دادگای جەڵدیان کە دادستانەکەی (سەرهەنگ غوفرانیان) بوو، کرایە قەسابخانەی کورد. کەم کەسی ئاوارە یان سیاسی توانی خۆی لێ‌دەربازکا. جگە لەوەی سەد شۆڕشگێڕی کوردی لێ گوللەباران کران، نزیک بە 200 خەباتگێڕو خەڵکی یارمەتیدەر حوکمی زیندانیان بۆ بڕایەوە، کە لێرەدا ناوی هێندێکیان دێنم کەوەبیرم ماون:

1- مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی 15ساڵ،
2- مەلا نەجمەددینی کەوکەبی10ساڵ،
3- قاسم ئاغا 5ساڵ،
4- ڕەسوول نادری3 ساڵ،
5 - حوسێن ئاغای دێبۆکری3ساڵ،
6 - مەلامحەممەدی عەجەم10ساڵ،
7 - مەلاخالیدی خاکی10ساڵ،
8 - مەلاحەسەنی شەیدایی5ساڵ،
9 - مەلاڕەحمانی کاڕەش10ساڵ،
10 - عەزیزئوجاق سەلیم ئاغا 10ساڵ،
11 - مەلاقادری لاچینی ئەبەد،
12 - بایزەکوێر ئەبەد،

13 - عەولا ئیختیاری3ساڵ،
14 – کاک محەممەد ئیلخانیزادە2ساڵ،
15 – کاک سەلاح موهتەدی2ساڵ،
16 – کاک سوڵتان شێخئاغایی 5ساڵ،
17- عەزیز مەنگوڕ5ساڵ،
18- محەممەد دریژ ئەبەد،
19- کاک محەممەدی میرزامەحموودی ئەبەد،
20- یوسف باپیری5ساڵ،
21- حوسین پیرۆتی5ساڵ،
22- عوسمان مەنگوڕ5ساڵ،
23- کاک محەممەدئەمین شەشە5شاڵ،
24- کاک عیسازادە 5ساڵ،
25- مەولوود عوقابپەنجە5ساڵ،
26- مامۆستامەلاحەسەن کارگایی10ساڵ،
27- سەرگورد لەهۆنی، ئەبەد،
28- ئەحمەد لەهۆنی10ساڵ،
29- مەلابرایم تەلاجی 3ساڵ،
30- حوسین حاجی5ساڵ،
31- سوهراب لەهۆنی ئەبەد،
32- شەهید مەلاڕەسوولی گەردی3ساڵ،
33- کاک سوارەسەکر7ساڵ،
34- مامۆستا مەلاسەید ئەحمەدی سەعدەیی، یەکساڵونیو،
35- سەروان زرین تەن10ساڵ،

ئەو دادگایە هەتا هەرەس هێنانی شۆڕش ئەیلول هەر بەردەوام بوو.

بەیانی 11ی ئازار



11ی ئازاری1970 مزگێنیی حوکمیزاتی خوارووی کوردستانی وەجمو جۆڵخست. هیوا لە دڵی گەلی کورددا پەیدابوو. کوردی خوارووی کوردستان بەگشتی هەڵپشکووتو لە دەورەی بارەگای بارزانیکۆبۆوە. لە ڕادیۆی حکوومەتی عێراق مەسەلەی ئۆتۆنۆمی دەنگیدایەوە، ئەو مزگێنییە بۆحیزبی دێمۆکراتو هەموو ئاوارەکان کە لەکوردستانی خواروو بوون، یەکجار دڵخۆشکەربوو، چونکە پێیانوابوو ئیدی دەستی شای ئێران لە سەریان کورت دەبێتەوەو شۆڕش لە یارمەتیی ئێران بێمنەت دەبێو ئیدی ساواک ڕێی پێ نادری لە کوردستان تەراتێن بکاو لەوەبەدوا ڕێگا بە ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکرات دەدرێ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتیئاشکرا دەست پێبکەن، لەو بەستێنەدا تووشی تەنگەژەو خۆشاردنەوە نابنو دەکرێ شۆڕشی چەکدارانە هەڵبایسی. ئیدی مەترسیی ڕاونانی پێشمەرگەو کوردە ئاوارەکان لەئارادا نامێنیو هەزار جۆر بیرو لێکدانەوە. هەربۆیە نوێنەری حیزبی دێمۆکرات لەو بارو دۆخەدا دەچێتە لای ڕێبەری جووڵانەوەو پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لێ دەکاتو پاشان مەسەلەی حیزبو چۆنیەتی تێکۆشانی لەمە بەدوای دێنێتەگۆڕێ. کە بارزانی لە ڕستەیەکدا قسەی خۆی کورت ودەکاتەوەو:دەڵێت: لە حاست ئێوە چ شت نەگۆڕاوە! ڕاستیشی دەگوت ئەو لەهەموو کەس باشتر سەدام و"شا"ی دەناسی بەڵام بەهۆی بێ داکۆکی مانەوە چ بازگەیەیەکی بۆ پەڕینەوە لەو کوێرە ڕێگەدا وەبەرچاو نەدەهات. ئیدی شک لەوەدا نامێنێ کە بۆ گەیشتن بەترۆپکی ڕزگاری لەژێر چەتری کەینەو بەینەی داگیرکەرانی کوردستان ڕێگا زۆرسەختو هەڵەمووتو پڕلە هەورازو نشێوە. بەرکازەی هاوەڵای لێ وەبەرچاو ناکەوێت  هەر چەند لەم بەشەی کوردستانە بە ڕواڵەت شەڕنەماو هێوربۆوە. بەڵام لە جاران زیاتر کەوتە بەرنفوو ژێرڕکێفی شایەتی.  ئەوجار بە ئاشکرا ئەرتەش مۆڵی لێگرت. جێگەنەما ساواک داوی لێ ڕانەچێنی. هەموو لایەک لە ژێر تەونوو بەستی ئێران دابوو. ئاوارەی بەستەزمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کەرویشکی لێهاتبوو، نەیدەتوانی چ دوولایەک بکات . لە هەزارەش دا تەماڵی لە سەر لێدەدرا. ئەفسەرێکی ساواکی بەناوی سەرهەنگ عیسا پێژمان بە نووسینی کتێبێک پەردەی لە سەر زۆرشت هەڵداوەتەوە. کتێبەکە لەلایەن کاک ناسرەوە کراوەتە کوردی، بەپێویستم زانی هێندێکی لێ هەڵێنجم:

پاشکوودەتای 1958 کە بووبەهۆی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراقو هەڵوەشانی پەیمانی بەغداد، هێنانەگۆڕی مەسەلەی کوردەکان لە بەیاننامەی شوورای ئینقلابو گەڕانەوەی بارزانیو نیشتەجێبوونی لە بەغدا، شای ئێران مەترسیی ڕاپەڕینی کوردەکانی ئێرانی دەکەوێتە دڵ، دەستوور دەدا بەهۆی هەستەکانی جاسووسیی ئێران، بۆگەڕانەوەی ڕێژیمی پاشایەتی هەوڵ بدرێ، بەو مەبەستە گەڵاڵەیەک لە ژێر چاوەدێری (سپەهبود بەختیار) بەرپرسی کاتی ساواک دادەڕێژرێو بڕیار دەدرێ لە نفووزی دەرەوە کەلکوەربگیردرێت. بۆ ئەو مەبەستە ئەفسەرێکی ساواکی بەناوی(عیساپێژمان) بۆوڵاتانی ئەورووپاو لوبنان سەفەر دەکاتو چاوی بە گەلێک کەس لە ڕایەڵکەو هەستەکانی جاسووسی دەکەوێت. هەر لە سەرئەو گەڵاڵەیە کۆنسوولگەریی ئێران لە بەغدادو شاری سلیمانی وەک بنکەی ساواک کەلکی لێوەردەگیرێ. بەونیازە (تیمسار سپەهبود نادر باتمانقلیچ) سەرکۆنسوولگەریی ئێران لە بەغدا بانگ دەکرێتەوەو ئاغای عەبباس ئارام دەنێردرێتە بەغداو پێژمان، ئەو ئەفسەرە ساواکییەی وەک یاریدەدەر دیاریدەکرێ. بەڵام پاشان لەسەر ئەوە ساغدەبنەوە کە ڕووخانی حکوومەتی ژەنەرال قاسمو کوێر کردنەوەی مافی کوردی عێراق هەر لە نفووزی کوردەکان - بەهۆی یارمەتیدان - کەلکیان لێوەربگیرێ. لە سەرئەوپیلانە، سەرهەنگ پێژمان بەهۆی (تیمسار سەرلەشکر هاشمی نەژاد) دەچێتە لای شاو دەستووری پێویستی پێدەدرێو مەسەلەکە لە نێوان (سەرلەشکر هاشمی نەژاد)، (سەرهەنگ دوکتۆر پاشایی)، پێژمانو(سەرتیپحەسەنکیا) لە ساواک دێتەڕوو. لە ساڵی 1961 بەهۆی عیسا زەبیحی بەرپرسی لقی پارتی لە بەغدا کە ئەرکەکانی ئاگاداریی عەسکەریو جاسووسی بوو، دەگەڵ ڕابێت دێنە لای بەونیشانانەی دەگەڵ عومەردەبابە هەیبووە. پاشان سەرهەنگ پێژمان، عومەر دەبابەو (عەلی عەسکەری) دەباتە تارانو لە (ئەمیرئاباد)ی تاران لە ماڵی پێژمان دەمێننەوە. لەو ماوەیەدا لە گەڵ بەرپرسانی سەرووی ساواک هەموو شت دێننە گۆڕێو هەموو جۆرە بەڵێنێکیان پێدەدەن، پاشان چاویان بە(برایم ئەحمەد)و (جەلالتاڵەبانی) دەکەوێ. لە ساڵی1961ساواک ناوەندی عەمەلیاتی لە (ماوەت) سەر بە ناوچەی سلێمانی دادەمەزرێنێ. دوکتۆرێکی ساواکی لە وێ جێگیردەکرێو (سەرهەنگ ئێرەج مەنسوور) کە کورددەبێ، پاشان دەرەجەی سەرتیپ وەردەگرێت، لەوێ دەمێنێتەوەو لە شاری سەردەشت



ساواک بنکەدەکاتەوە. بە گوێرەی قەرارو مەداری نێوان بەرپرسانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکرات، ئیدارەی ساواکی ئێران بەڵێنی دەداتو دەزگایەکی بێسیم لە ماوەتدادەنێن. لە بنکەی پارتی سەرهەنگ مەنسوور بە ناوی نوێنەری تەواو ئیختیاری ساواک، بە سەرانی پارتی بەتایبەتی برایم ئەحمەدو مامجەلال تاڵەبانی دەناسێندرێ. ئەوجار لێدەبڕێن کە چاویان بە مەلامستەفا بکەوێت. سەرهەنگ پێژمان هەرلەو سەفەرەدا دەگەڵعومەردەبابە دەچێتە لایبارزانی کە ئەودەم لە بەرزاییەکانی شیرین دەبێت. بارزانی لە سەرپێشنیاری سەرهەنگ پێژمان بۆباوەڕو بەڵێن پشت قوڕئان ئیمزادەکات. ئەوجار لیستەی دەهەزار کەسی دەدەنێ بۆ چەکو یارمەتی، بەڵام ئەو هەر لیستەی 2500 کەس بە دروست دەزانی.

بەو پێودانە بنکەی پارتی دەبێتە بنکەی ڕاستەقینەی ساواک. بە دوای کوودەتای 1963کە بوو بەهۆی کوژرانی ژەنەرال قاسم، عەبدوسەلام عارف دەیەوێ مەسەلەی کورد لە کۆڵ خۆێ کاتەوە. لە پەیوەندی لە گەڵ ئەوەدا، کۆڕێکی نوێنەران لە ژێر چاوەدێریی ژەنەرال فواد عارفدا دێت تا دەگەڵ بارزانیدا وتووێژبکات. بنکەی حیزب ئەو ڕاپۆرتە لە بەغداڕا دەداتە پێژمان، بەڵام هەتا ئەو ڕاپۆرتە دەگاتەتاران، پەیتاپەیتا شەڕڕاوەستان لە دەنگی ڕادیۆی بەغدا ڕا بڵاودەبێتەوە. سەرهەنگ پێژمان چاوی بەبارزانی دەکەوێ ئەمما وەڵامی باوەڕپێکراوی وەدەست ناکەوێتو ناوبراو بۆ تاران بانگ دەکرێتەوە. محەممەد ڕەزاشا دەستوور دەدا هەموو یارمەتی یەک لە بارزانی ببڕن، پاشان سەرۆکی ساواک بەشا، ڕادەگەیەنێ کە جێگی نیگەرانی نیە، ئێمە نفووزمان دەنێو حیزبدا هەیەو بەکردەوەش دیاریداوە. دەتوانین لە ڕێبەرانی حیزب ئەو پەڕی کەلکوەرگرینو ئەگەر هاتو مەلامستەفا لەو هەنگاوەدا سەرکەوت بەدەستی وان پێشی سەرکەوتنەکەی دەگرین. تەنانەت دەتوانین شەڕی ناوخۆشیان لە نێوداسازبکەین. شا، دەستووری پەیوەندی گرتن لە گەڵحیزب دەدا، لە ئاکامدا وتووێژی بارزانی لە گەڵ عارف فوئاددا بێئاکام دەمێنیتەوەو شەڕدەست پێدەکاتەوە. ئەمجارە عیساپێژمان دەچێتە ئالمانو ئێزگەیەکی ڕادیۆ دەکڕێو ئەندازیاری ئالمانی ئیشمیت دەیهینیتەوە ئێرانو دەیبەنە بنەکەی حیزب لە عێراق. بەوتەی سەرهەنگ پێژمان، ساڵەکانی 1966-1965 کە بوو بەهۆی دەرکرانی برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی، ڕۆژێکی تاڵ بوو بۆ ئێرانو شا زۆر دەچڕژێو ساواک یەکجار کەنەفت دەبێت. دەرکراوەکان

دەبەنەسەردەشتو پاشان دوای لێوەرگرتنی چەکو تەقەمەنی، بە ئەمری شا دەگوێزرێنەوە هەمەدانو دەستووری پێویست بە سەرهەنگهووشمەند بەرپرسی ساواکی هەمەدان دەدرێتو سەرلەشکر فەرڕوخ نیا فەرماندەری لەشکری کرمانشا دەچێتەلای بارزانی بۆ چارەکردنی ئەوکێشە، بەڵام سوودی نابێو سەرهەنگ مەنسووریش چی بۆ ناکرێ. پاشان تیمسار سەرلەشکر مودەرڕیس کە کورد دەبێت دەچێتە لای بارزانیو مەسەلەکەی دەگەڵ چارە دەکات. بەڕووخانی ڕێژیمی عارف بەکوودەتای ژەنەرال ئەلبەکر، ترسیکوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر دەکەوێتە دڵی شاو دیارە هەموو قورساییەک دەخاتە سەر شۆڕشو لەلایەکی دیکەشەوە ساواک بۆ فریودانی کوردەکان، بۆیەکەم جار ڕۆژنامەیەک بە ناوی کوردستان بە بەرپرسایەتی بەدیع وزەمان و هاوکاریی محەممەد سەددیق تەقیزادە بە پارەو پشتیوانیی ساواک چاپو بڵاو دەکاتەوە. لە عێراق ژمارەی بەدینارێک (20تمەنیئەوکاتی ئێران) دەفرۆشرا. هەروەها بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆکانی تارانو مەهابادو ورمێو سنەکرایەوە. (ئێستاش لە کۆماری ئیسلامییئێراندا گۆڤارەکانی کوردیو دەنگی ڕادیۆکانی هەر ئەو پیلانە دەگێڕن) سەرەنجام شاو سەددام حوسێن بەنێوبژیوانیی (بومدین) و بەبیانووی کۆ بوونەوەی ساڵانەی ئەلجەزایر یەکترییاندیت. بەدوای ئەوەدا شا دەستووری بە ئەرتەشبود نەسیریدا کە وەڵام بداتە بارزانی بێتە تاران، لەو دیدارەدا شا،بە بارزانیی گووت: چیدی رازی نیمە سەر ئێشە بۆ حکوومەتی عێراق دروستبکەن! ئێمە ڕێک کەوتووینە، پێویستە بەچەکدارەکان ڕابگەیەننو تێیان بگەیێنن، ئیدی شەڕ کۆتایی پێهاتووەو ئەگەر بزووتنەوەیەک بێتەدی ئەرتەشی ئێران بەرەنگاریان دەبێت. پێژمان دەڵێ: بارزانیبەبێ ئەوەی پێی سەیر بێت گوتی بەڵێو گەڕاوە خوارووی کوردستانو ئاشبەتاڵی ڕاگەیاند.

(هەرەس هێنانی شۆڕش)



هەرەس هێنان ڕۆژێکی ڕەشبوو. نیزیکبە170هەزار چەکدار کتووپڕ چەکی دادەنا. ڕێککەوتننامەکە لە سەرپیلانی گڵاوی محەممەدڕەزاشا، بنیاتنرابوو. لە سەرچارەنووسی گەلی کورد سەوداکرابوو. ئەو پاشایەی فرمیسکی بۆ شۆڕش دەڕشت تێهەڵگەڕابۆوە. ئەو شۆڕشە کە لە (سفر)ەوە دەستیپێکردبوو لە دارەدارە ئەوها بە هێزببوو، بڵێسەکەی بەفوویەک کوژایەوەو ئەو ڕاستی یەی ئاشکرا کرد کە قەتنابێ پشت بەنەیار، بەو چوار دەوڵەتە، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ببەسترێ. شۆڕش تێکچوو، بوو بەهەرکەسهەرکەس. لەو سەروبەندەدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نامە دەنێرێ بە مەلاعەولا حەیباکی دا کە بی گەیێننە مەکتەبی سیاسیی پارتیو دەنووسی بارزانی دەتوانی چەک دانەنێو نەچێتە ئێرانو ئەوشۆڕشە بەرێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات. وەک کاک کەریمی حیسامی دەگێڕێتەوە: (ناوبراو لە ڕێگادا ئیستر لووشکی لێدەداو باسکی دەشکێ، هەتا باسکی هەڵدەبەستنەوەو دەگاتە حاجیئۆمەران لە 1975/3/19 بەسەرهەواری خاڵیدا دەکەوێ)

مامۆستا مەلاعەولا ئەوها دەگێڕێتەوە دوابڕیاریکۆمیتەی ناوەندی، یان بڵێین ئەو بەشە لە کۆمیتەی ناوەندی کە کۆ ببوونەوە، لەسەری ڕێک کەوت ئەوە بوو کە پەیامێک بدا لە سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردو لەسەرووی هەموویانەوە بارزانیو داوای لێبکا کە ئەو خەیانەتەی شا بێجواب نەهێڵێتەوە، بەخۆیو هێزەکانیەوە ڕووبکاتە ئێرانو بەدژی ڕێژیمی شا، دەسبەکاربێ. حیزبی دێمۆکراتیشدەسبەجێ بەیاننامەیەک دەردەکاو لەخەڵکی کوردستانی ئێران دەخوازێ پشتیوانی لەو حەرەکەتە بکەنو بۆخۆشی هەموو ئەندامانو لایەنگرانی بۆ بەشداری لەو ڕاپەڕینەدا بەسیج دەکا. ئەوپەیامە بە نووسەری ئەمدێڕانە سپێردرا کە بیگەیەنێتە بارەگای بارزانیو مەکتەبی سیاسی بەڵام کاتێک گەیشتمەوە ناوچەی سەرکردایەتی (باڵەکایەتی) بەداخەوە کەسیوا نەمابوو کە قسەی لەگەڵ بکرێ.)

جەیشیعێراق هێرشی کردە سەرکوردستانو بە پەلە دەستی بەسەرناوچە ئازادکراوەکان داگرت. پێشمەرگە چەکی لێ ببوو بەبار. 170هەزار کورد دەگەڵ نەمر بارزانی چوونە ئێران. چەکەکانیان تەسلیمی پادگانەکانی پیرانشارو جەڵدیان کردو بۆخۆیان بوونە ئاوارەو بەسەر شارەکانی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی

کوردستاندا دابەش کران. بارزانیو کوڕەکانی ماوەیەک لە نەغەدە مانەوەو پاشان ناردرانە شاری کەرەجو دوای ماوەیەک بارزانی ناردرایە ئامریکا. ژەنەڕاڵ بارزانی لەساڵی 1979/3/1 لەوی کۆچی دوایی کرد. ڕۆژنامەیەک نووسیبووی: دەڵێن ئەوپیاوە حەسرەتی دەگەڵخۆبرد. هێندی لەداخی سەددامو کیسینجێرو شا، هێندەش لە داخی جەلال تاڵەبانی.

پاش ئەوقەیرانە بەسامە، هەرشێخ ئەحمەدی بارزانیو لایەنگرانی توانیان لە دیهاتەکانی بارزانبمێننەوە. باشە ئەوە بگوترێ بنەماڵەی بارزانی بە درێژایی خەباتیان دەنێو خۆیاندا دوو سیاسەتی سەرەکییان هەبوە، کە بریتی بوونە لە: کاتێک یەکلەوان دە بەربەرەکانیدا بووە، ئەویدی لایەنی حکوومەتی گرتووە، یان هەر نەبێت بێلایەن ماوتەوە، ئەوەش مانای ئەوەبووە کە ئەگەر هاتو یەکیانتێشکا، ئەوی دیکە بۆی ببێتە دالدە. بۆیە خوا لێخۆشبوو شێخ ئەحمەد ڕەگەڵ ئەوگێچەڵە نەکەوتو ئەوانەی لە گەڵێدامانەوە دەستیان لێنەدرا. ئەوتەگبیرە لە خوالیخۆشبوو کاک ئیدریسو کاک محەممەد خالید بەوردی دێتە بەرچاو. نەتەنیا خوالیخۆشبوو بارزانی بەڵکوو چ ئەوانی هاوکات دەگەل ئەو چ دوایی و بەرلەوی هاتوونە پانەگۆڕی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان تووشی داووی داگیرکەران بوونە لاقیان لە داوی ڕاچاندراوی وان هالاوە! کە پیلانە گلاوەکانیان بۆ توانەوەو لە بیربردنەوەی کوردستانیگەورە لە سەر ئەو حیزبو تاقمو ڕێکخراوانە هەڵدەچنن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر دروشمی خودموختاریو ئۆتۆنۆمی کە لە سەریەک ماناکانیان سەر بەخۆیی ناوخۆییەو ناکرێ هیچ دەولەتێکی بێگانەش وەدەنگ بێت چونکە بە دەست تێوەردانی حکوومەتە داگیرکەرەکان دێتە ئەژمارو دژی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە بنەڕەتدا ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی دێمۆکراتبێت، خودموختاری شتێکی ڕەوایە، بەڵام لە حکوومەتی دیکتاتۆریدا داواکردن یا ئەستاندنی خودموختاری یا ئۆتۆنۆمی چ دەستەبەرێکی داهاتوو پێکناهێنێ. لە ڕاستیدا تەمەنی ئەوجۆرە خودموختارییە لە حکوومەتی دیکتاتۆریدا هەر لە گەڵ ئالووگۆڕی حکوومەتی ناوەندیو هەل ومەرجی زەمانو گۆڕانی شکڵی دیکتاتۆرییەکەدایە. هەرکات حکوومەتیناوەندی ویستی خودموختارییەکە، هەڵدەوەشێنێتەوە، کوردکوتەنی گوریس سەروە هێچکە.



## موجاهیدینی ئیسلام

ساڵی 1343 کە ئاغای مەنسوور سەرەک وەزیرانی ئێران بە دەستی محەممەد بوخارایی لە تاران تیرۆر کراو ئەوجار ناوی موجاهیدینی ئیسلام هاتە نێو ناوان. سەرەنجام لە ساڵی 1355 خۆپێشاندان لە شارەکانی ئێران دەستیپێکرد، بەرەبەرە فراوانتر بۆوە. پسوولەی خومەینی بایەخی پەیداکرد. هەرچەند داواکان لە سەرەتا دا ئاسایی بوون، بەڵام خێرا بەرەو قووڵایی خوشین. شا دەستووری کوشتاریدا. تانکی ڕێژیم لە شارەکاندا هاتنە ناو شەقامەکانو تەقەیان لەخەڵک کردو دەیان کەسیان شەهید کردن، بەڵام بەپێچەوانەوە ورە بەرزترو جەماوەر یەکگرتووتر بوون. شا دەیەویست تاوانی نیوسەدە خەیانەتی بنەماڵەی پەهلەوی لە ملخۆ داڕنێو بیخاتە سەرشانی دەستەڵاتدارانی سیاسیو نیزامی. بۆیە ئاغایهویەدا سەرەکوەزیرانی لە گەڵ ئەرتەشبودنەسیری بەرپرسی ساواک زیندانیکرد. ئەمما ئەو تاقیکردنەوەیەش تەمەنی خینگە (کورت)ی سەڵتەنەتی درێژنەکردەوە. شا چەند دەوڵەتی بەدوای یەکدا گۆڕین، کە هی ئاخیر حکوومەتی دوکتۆر بەختیاربوو. ئەوەش باشەبگوتری تەواوی ئەو میتینگو خۆپێشاندانانە بەفتوای ئاغای خومەینی بەڕێوە دەچوونو بڵاوکراوەکانی ئەو بۆنی ئازادیو چێژی سەربەستیو دانپێداهێنان بەچارەنووسی گەلانی لێدەهات. هەموو بەئایەت داڕێژرابوون. بە کردەوەش ئەو جۆرە حکوومەتەی ئیسلامی کە خومەینی باسی لێوە دەکرد، لە هیچ سووچو قوژبنێکی دنیادا نەدیترابوو، ئاخۆ بەری چ داریکە؟!! سا نەتەوەی کوردیش کە تینووی مافی چارەنووسی خۆی بوو، ڕەگەڵ شەپۆلی حەشیمەتی ئێران کەوتو لەو ڕێگایەدا سەدان شەهیدیدا. چونکە تەواوی چەکو تەقەمەنیی ڕاپەڕینەکە لەوڵاتانی هاوسێو هاوکەوشەنەوە بە قاچاخ لە ڕێگەی کوردستانەوە دەگەینە ئێرانو دەکەوتنەدەستی خەڵک، بۆیە لە ڕاستیدا بەشداربوونی گەلی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەلات دەورێکی بەرچاووگرنگی لە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتیدا هەبوو. مەلاحەسەنی کە ئێستا بۆتە حجتالاسلامو ئیمام جومعەیورمێ لە ساڵی

1324 لەگوندی حەسارو کانیسپی نۆکەری زێڕۆ بەهادوریبوو. لە ساڵی 1356 بەیارمەتیی کوردەکانی لێواری سنوورکە هێندێک بەگزادە بوون کەوتە سەرگەڕو بوو بەپێشڕەوی خەڵکیورمێ. خورشیدبەگو سیراجەددینو ئەسکەندەر لە بەگزادەکانی توولی لە گەڵ حەسەنی بوونە تیپێک. وەک دەیانگوت بە پێخەفیک دەخەوتن. ئەوانە پاریزگارییان لەمزگەوتی ئەعزەم دەکرد، کە دووکەڕەت کەوتە بەر هێرشی تانگەکانی ئەرتەش. خەڵکێکی زۆر شەهید بوونو کاتێک ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەلات پشێویی تێکەوت، شا سەناتۆر وەرهەرامی بۆ سەرکوت کردنی خەڵک ناردەوێ. سەر لەشکر وەرهەرام ئەفسەرێکی چاونەترسبوو. لە ساڵەکانی 1334 تا 1338 فەرماندەری لەشکری مەهاباد بوو. شا لێی کەوتە گومانەوەو خانەنشینی کرد. پاشانکردییە سەناتۆر. لەو هەلومەرجەدا کردی بەئوستانداریورمێ. لەسەر دەستووری وەرهەرام، هیلێکۆپتەرکاغەزی هەڕەشەیان بەردەداوە. لێی نووسرابوو (هەرکەس دژیشا ڕاوەستێ سزای ئێعدامە). بەدوای ئەوەدا دادگاکانی نیزامی لە ورمێ بە سەرپەرشتیی سەرهەنگ تەسلیمی کەوتنەگەر. داوەری هەردوو دادگا (سەرهەنگ سوپێهر)بوو. قانوون بە ئاشکرا پێشێلدەکرا. دەیانکەس بە تاوانی خۆپێشاندان یان چەک هەبوون، سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپا. ئەمما حیلەی گادەری بەلێشاوی جەماوەر ئەو هەڕەشەشی وەک بڵقی سەرئاو پووچاندەوە، کەچی بەداخەوە کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا ئەو ئەفسەرە مرۆڤ کوژانە لە گەڵ زۆر لە دەستو پەیوەندەکانیان بە تایبەت بەرپرسی ساواکی ورمێ تیمسار سەییادیان بە دەستەبەریی جانگیر ئاغای دەری توانیان لەسنوور بپەڕنەوەو خۆ لە سزای خەڵک دەربازبکەن. ئاخوند غولامڕەزا حەسەنی لە دوای سەرکەوتنی 22ی ڕێبەندانی 1357 لە کوردەکانی هاوسەنگەری هەڵگەڕاوەو بوو بەجەللاد. لەوە سەیرتر ئەو تاقمە بەگزادانەی ناوم هێنان پاش تڕۆی حەسەنی، جارێکی دیکە بە ڕوو هەڵماڵاوی لە مەیدانی گەنمی ورمێ (شەقامی ئیقبال) وەک بێنە سەرشانۆی تیاتر، کفنیان بۆ ئاغای مەلاحەسەنیو ڕێژیمە فاشیستەکەی ئیسلامی لە بەرکردو چەکو تەقەمەنیو شاباشی جاشەتییان وەرگرتو لە چیاکانی بەندی ورمێو دەوروپشت بەرەنگاری پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات بوونەوە.

لە7ی خەزەڵوەری1357شا بەبیانووی نەساغی لە ئێران چووە دەر. جگە لە بیست و هەشت میلیارد دۆلار کە لە ئەمریکاهەیبوو، ئەوی بەوەزن سووکو بەقیمەت



گرانبوو لەگەڵ تەرمە مۆمیایی کراوەکەی ڕەزاشا، کە دەیزانی پاش گەڕانەوەی خومەینی هەتکی پێ دەکەن، هەڵیگرتنوڕۆیی. ڕۆژنامەکانی ئێران نووسیان (شاەرفت). شا دەیەویست پیلانیساڵی1332ی موسەددیق دووپات کاتەوە، بەڵام وەک دیتمان کاتێک خومەینی لە فەڕانسە گەڕایەوەو لە ئێران دەوڵەتی نویی دامەزراند، موهەندیس بازرگانی کردە سەرۆک وەزیران. ئاغای ئەرتەشبود قەرەباغی بێلایەنیی ئەرتەشی ڕاگەیاند. دوکتۆر بەختیار بێدەستەلات مایەوەو خۆیحەشاردا. خەڵکگوتیان: (بختیار از مرز بازرگان گریخت). ماناکەی ئەوەبوو کە ئاغای بازرگان دەربازی کرد، قسەکەش وەڕاستی دەچوو. چونکە موهەندیس بازرگانو دوکتۆر بەختیار ڕەفیقو هاوسەنگەر بوون. خومەینی کە پێشتر فتوای ڕاکردنی سەربازەکانی لە سەربازخانەکاندابوو، ئەو کەڕەت تالان کردنی پادگانەکانی شەرعیەتپێدا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو نەریتە بوو بە باو. لە پێشدا پادگانی مەهاباد بەهۆی چەند ئەفسەری دڵسۆزی کوردو یەک لەوان شەهید سەرگوردعەبباسی، خۆی بەدەستەوەدا. بەشی زۆر لە شارەوانیو پێگەکان کەوتنەبەر هوروژمی خەڵکو ڕووتاندرانەوە. ڕێژیم ئەوها کوتوپڕ دڵی لە لێدان کەوت. حیزبەکان، بەتایبەت دێمۆکرات نەپەرژانە سەر ڕێکخستنو لە بەربێبەرنامەیی سەڕافەتو بەرپرسایەتییان پێنەکرا. هێندێک خەڵکی شنۆو لایەنگرانی حیزبیدێمۆکرات گەمارۆی پادگانی جەڵدیانیاندا. وتووێژ لەگەڵ ئەفسەرەکانی پادگانەکان گەیشتبووە ئاسۆیەکی ڕوون. بەڵام مەلاو بەرپرسەکانی کۆمیتەکانی تازە سەرهەڵداو هەڵوێستی جیاوازیان بەناوی ناکۆکیو جیاوازیی سەلیقە دەردەبڕی - یەکلەوان خوالیخۆشبوو مەلاساڵحی ڕەحیمی نەغەدە - دەنا هەربۆ پاوانو داتاشینی دەستەڵات هاتبوونە سەر شانۆ، کە بوو بە هۆی هەڵگەڕانەوەی ئەفسەرەکانی دەستەمۆ کراوو لە خۆ بەدەستەوەدان پەژیوان بوونەوە. گرتووخانەکان لە سەرانسەری ئێرانو بە تایبەت کوردستان کەوتنە دەست گرتووەکان. بۆنموونە: زیندانی قەراغ گۆلیورمێ، کە دووجار لەلایەن گرتووەکانەوە ڕاپەڕینی تێدا کرابوو. پۆلیس بۆ بەرپەرچ دانەوە گازی فرمێسکڕژێنی لەناو زیندان دەکار دەکرد.

## زیندانی گۆلیورمێ

شەوی22ی ڕێبەندانی 1357 کە ئەفسەرەکان ئاگاداری ڕووخانی ڕێژیم دەبن، دەکەونە پیلانی خۆدەربازکردن. بەرپرسی زیندان (سەرگورد نەجاڕان) کە ئەفسەرێکی ستەمکارو بێبەزەو خوێڕی بوو، لە کردەوەی نەکبەتباری خۆی تێگەیبووو دەیزانی بەدەردی ئەوپاسەوانانە دەچێت کە لە نەخۆشخانەی ورمێ بەزیندوویی لەتو پەتکرانو تەرمە شەقکراوەکانیان بە لقی دارەکانی نەخۆشخانە هەڵواسران، بۆیە هەر ئەوشەوە لەگەڵ جێگرو ئەفسەرەکانی دیکە جلو بەرگی زیندانیان دەبەردەکەنو زیندان بەجێ دەهێڵن. تەنیا چەند پۆلیسی شارەوانی لە سەربانو دەوروپشت بەجلی شەخسی مابوونەوە کە زیندان تەحویلی موجاهیدی دەوڵەتی نوێ بدەن. بەڵام کە زیندانی پێ یان زانی هێرشیان بردەسەر ئەفسەری چاوەدێری - نووسەری ئەم دیڕانە لەگەڵ بوو - دووکەس بە ناوی جەلال پاڵەوانو جەعفەر بایەزیدی ئازەر کە یەکجار بەجەرگ بوون، دەرگاکانیان دانە بەرکوتکانو شکاندیانن. چەند کەس کە بە ئێعدام مەحکووم ببوونو لەنێو هۆدە یەک نەفەری یەکاندا بوون، دەرگایان لە سەرهەڵگیرا. 1300 زیندانی بە هاوارو هەراو پاڵەپەستۆ بە پەلە هەنگاویان بەرەو دنیای ڕوون هەڵێنا. خەڵکیورمێ سەر لە بەیانی بەدەیان ماشێن بۆ گەمارۆی زیندان هاتن لە ڕێگا تووشی زیندانییەکان بوونو بەماچو مووچو پێشوازییەکی گەرم سواریان کردینو بەرەو ورمێیانبردین. هەرئەو ڕۆژە زیندانی گۆلی ورمێ بەدەستی خەڵک تاڵان کرا.

## کۆچی دوایی بارزانی

لەو هەلومەرجەدا کە مەیدان بۆ ڕاپەڕینی گەلی کورد تەخت ببوو، بارزانی لە ئامریکا لەرکەوتی 1979/3/1کۆچی دواییکرد. تەرمەکەی بەڕێکراوە تارانو لەوێشەوە بە فڕۆکە هێنایانەوە شاریشنۆ. خەڵک وەک پەنجەی دەستان



هەڵپشکووتن. کەسنەبوو تازیەدارنەبێت. خەڵکیشنۆ سێ شەوو ڕۆژاندەرگایان بۆ میوانانی پرسەو ماتەمینەکە لە سەرگازی پشتبوو. کاک مەسعوود، کاک ئیدریس، مامۆستا هەژار، فڕانسۆحەریری لە گەڵ تەرمی بارزانیدابوون. تەرمی بارزانی بەڕێزوحورمەت لە فڕۆکە هێنرایە خوارەوەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەرەو گۆڕستانی سێبیان لەسەر شانی خەڵک بە درێژایی دووکیلۆمیتر هەڵگیرا. چەکدارانی کورد بە نیشانەی ڕێز تفەنگەکانیان سەرەونخوون لە شانی کردبووو پارچەی ڕەشیان بە نیشانەی تازیە لە لوولەکانیان ئاڵاندبوو. چەند هەواڵنێر فیلمیان هەڵدەگرت. - نووسەری ئەودێڕانە لەوێ بوو – بەڕێزکاک مەسعوود لە نێو قسەکانیدا بۆ خەڵک کوتی: ئێمە قەت ناتوانین چاکەیخەڵکی شنۆ بدەینەوە مەگین بیانکوژین!. هێشتا چل ڕۆژەی تازیەی بارزانی تێپەڕ نەببوو، هێندێک لەلاوانی شاری شنۆ دژی کۆماری ئیسلامی خۆپێشاندانێک بەڕێوەدەبەن. لە پڕ ماشێنێکی لاندروێری پڕ لە چەکداری بارزانی بەبەرپرسایەتی فەرماندەیی حامیدئەفندی، لە پێشیان ڕادەوەستێو یەکسەر چەکدارەکان دادەبەزنو تەقە لە خۆپێشاندەران دەکەن کە بوو هۆی شەهیدبوونی 9 کەسو برینداربوونی ژمارەیەکیدیکە کە زۆریان گەنجو منداڵکارو خەڵکی ئاسایی بوون. لە شەهیدەکان ناوی دوو کەسم لە بیرماون: قاسم عەبدوڵایی 18ساڵو مەحموود قوڕاوی 25ساڵە. ئەوکردەوە چاوەڕوان نەکراوە دڵتەزێن بوو.

## قەیرانی شەڕی نەغەدە

مراد قەتاریو مەعبوودیی ساواکی بۆ قەرەبوو کردنەوەی ڕابردووی بابردوویان بوونە کۆسپی نێوان نەتەوەی کوردو تورک. کاتێک حیزبی دێمۆکرات دەیەویست خۆپێشاندانێک لە نەغەدەی بەڕێوەبەرێ (30ی خاکەلیوەی58) ئەو دوو کۆنە ساواکییە لەگەڵ مەلاحەسەنی ئیمام جومعەی (ورمێ )و سەرهەنگ زەهیرنەژاد فەرماندەری لەشکری 64ی ورمێ دەکەونە پیلان گێڕان. لە سەر ئەوبنچینە گلاوە،

موجاهیدەکان لە چەند شوێنی نێوشار بۆسە دادەنێن. کەسیش لە کوردەکان بەفیتی ئەو دەهۆیە نازانێ. لەپڕ تەقە سازدەکەن‌و کوردان دەدەنە بەر دەسترێژ. لە ئەنجامدا دەیان کەس شەهید دەکرێن‌و دوو بەرەکیش دەخەنە نێو ئەو دوو گەلە، کە پێکەوە لە شارێکدا دەژین. بەوەش ڕاناوەستن‌و خۆ لەماڵە کوردان داوێن‌و جگە لە تاڵان کردن قەسابخانەیان لێ سازدەدەن‌و لە هیچ کردەوەیەکی چەوت‌و ناحەز دەست ناگێڕنەوە. مەلاحەسەنی چەند تانگ دەنێرێتە یارمەتیی موجاهیدەکان، بەڵام بە فیڵ وێنەی ئایەتوللە تالەقانی‌یان لێ قایم دەکەن. خەڵکوادەزانن بۆ نێوبژی هاتوون‌و بەرەوپیریان دەچن، بەڵام تانگەکان تەقەیان‌لێدەکەن، لە دەرەوەی شار کە کوردەکان بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێن، دوو هیلیکۆپتەر بەکالیبر 50 دایان دەگرن. تانگەکانیش بەتۆپی دوور هاوێژو ڕەشاش سەریان دەدوودەنێن، زۆرکەس شەهید دەبن، هێندێک خۆیان بەگادەردادەکەن‌و دەویدا دەحنکێن. شەهید سەید ڕەسوولی بابی گەورە لەو شەڕەدا چالاکی‌یەکی زۆری‌نواند، زۆرکەسی لە بۆسە نەجاتدا و بە ئارپی‌جی دوو تاتگی لەدەرەوەی شار شکاند.

(مامۆستا مەلاعەولا،شەڕی‌نەغەدەئاوادەگێڕێتەوە: ڕۆژی 31ی‌خاکەلیوەی 1358میتینگی نەغەدە بەرپاکردو دەیان‌هەزارکەس لە کوردو ئازەری‌یەکانی تێدا بەشداربوون. لە یەکەم ساتەکانی کاری ڕەسمیی میتینگدا هێشتا شەهید دوکتۆر قاسملوو یەکەمین جوملەی لە وتاری خۆی نەخوێندبوونەوە کە لە ژوورەوەو دەرەوەی میتینگ تەقە دەست پێکرا. بێ ئەوەی ڕوون بێ لە کوێوە تەقەدەکرێو لەکێ تەقەدەکرێ. تۆمەز بەکرێگیراوان بە پێی نەخشە دابەش بوون‌و بۆ شێواندنی میتینگەکەو لەویش زیاتر بۆ ناکام هێشتنەوەی ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە ئاشتیخوازانەیە لە چەند نوختە دامەزراون. میتینگ ناچاربوو بڵاوەی بکاو شەڕێکی نەخوازراو بە پیلانی کۆنەپەرستی بەسەر دوو گەلی کوردو ئازەری‌دا سەپا. ئەوشەڕە تەنیا 4 ڕۆژی خایاندو دوایە بە خۆ تێ هەڵقوتاندنی  ئەرتەش بەقازانجی ئازەری‌یەکان کۆتایی پێهات. بەڵام لەوماوەکورتەدا بەسەدان کەس لە ڕۆڵەکانی دووگەلی برا ئازەری‌وکورد شەهیدو بریندار بوون، بە هەزاران کورد لە ماڵو هێلانەی خۆیان تەرەبوون کە هێشتاش هێندێکیان نەگەڕانەوە شوێنی خۆیان‌و



لە هەمووی خەراپتر ئەو شەڕە شوێنەواری نالەباری لە سەر پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەو دووگەلە دانا کە تا ئێستاش بە تەواوی نەسڕاوەتەوە.)

وزعی نەغەدە

کوردەکانی نەغەدە کە لە مەترسیی مەعبوودی‌و مرادقەتاری پەڕیوە ببوون، ماڵەکەیان کەوتبوەدەست لایەنگرانی‌ئیسلامی ئاخوندی، ئەوانیش بە ئاشکرا خۆیان دەماڵان داویشت‌و کەل و پەلەکەیان دەماشێنی دە خاوەر دەکردو بەتاڵانیان دەبرد. هەتا ئەو ژن‌و پیاوە پەک کەوتوانەی کە دەرەتانی دەربازیوونیان نەبوو، لە ماڵی‌خۆیاندا بەدەست ئەو دزانە شەهید دەکران. یەکێک لەو ڕووداوە تاڵانە شەهید بوونی پیاوێکی100ساڵەی یەکجار دەوڵەمەندە  کە کوڕەکەی چاوی بەرەدایی نادا بەجێی بهێڵێ. لە کنی دەمێنێتەوە، لە ناکاو چەند کۆمیتەچی بەماشینی خاوەر دێنە بەر دەرگا، کوڕەکەی چەکدارەکان دەناسێ. بابی دەڵێ بڕۆ خۆ وەشارە، چ بە من ناڵێن. کوڕەکە دەچێتە ژێرزەمین. چەکدارەکان دەرگا وەبەرگوللە دەدەن‌و دێنەژوور، سووکایەتی بەحاجی‌دەکەن، پاشان لە سەر فەرشەکە ڕای‌دەکێشنە سەر بەرەیەکو ڕەگبارێکی لێدەدەن‌و شەهیدی‌دەکەن. کوڕەکە گوێی لە هەموو قسەکان دەبێ، بەڵام چی لەدەست نایە. هەنووکە ئەو کردەوانە بوونەتە هەوێنی متمانەو باوەڕ پێکراوی‌و باوەڕ هەبوون بە ڕێژیمی ئیسلامی، بۆیە ئیدارەی ئیتتلاعات لە ئێران بەگشتی‌و لە کوردستان بەتایبەتی لەو خوێنڕێژو گڵاوانە پێکهاتووە کە تینوێتیان بەخوێنی مرۆڤ دەشکێ. تائێستا ئەم ڕێژیمە بە پاڵپشتی ئەو خوینمژانە هەزاران کەسی ئێعدام کردووە، بێجگە لەوانەی لە بەندیخانەکاندا لە ژێر ئەشکەنجەی ئەو خۆفرۆشانە گیانیان‌داوە. هێشتابرینەکان هەر قرتماغەیان لە سەربوو کەلە(قاڕنێ) لە منداڵی سەربێشکەوە بگرە تا پیری نزیکەی 100ساڵە بەدەستی ئەو جەللادانە شەهید کران کە ژمارەیان گەیشتە 68کەس، تەنانەت مەلای گوند کە قورئانی بۆ تکاکاری بەرەو پیر بردبوون ئەنجن ئەنجن کراو لە گوندی قەڵاتانیش 54 کەسیان لە59/1/16 شەهیدکرد. بەدوای ئەواندا قیادەش کەوتە بیری‌کێ بەرکێو لەگوندی گردکاشانی ناوچەی شنۆ چەند کەسی کوشتن‌و گوندەکەشی ئاگرتێبەرداو هەژارو ڕەش‌و ڕووتەکەیان لە ماڵو ژیان تەرە کرد. هەروا

لە ڕێكەوتی 59/8/13 پەنجاوسێ كەسیان لە ئیندرقاش شەهیدكردو دەیان كەسی دیكەش لە گوندەكانی دیكە.

## ئەنجومەنی نەتەوەیی لە شارەكانی كوردستان

بۆ ئەوەی ڕووداوەكان لە بەرچاو ون نەبن، هەنگاوێك دەگەڕێینەوە دوایە: كاتێك ڕێژیمی شایەتی بەرەو ڕووخان لاترەیدەبرد، ژاندرمەو شارەوانی لە ملۆمۆ پچڕابوونەوە، ساواكی یەكان خۆیان لە پەلهاوێژی كێشابۆوە. جڵەوی هەڵسووڕانی كاروباری گشتی كەوتبووە دەستی جەماوەر، لە هەمووشارەكاندا ئەنجومەنی نەتەوەیی دامەزرابوو. هەربۆیەش ئەوكەسانە بۆ سەڕافەتی نێوشار دیاری كران.

1- میرزا محەممەدئەمین فەڕڕوخی
2- سولەیمانخان زەرزا
3- میرزا محەممەدئەمینی خەلیلی
4- میرزا حەسەن چیانلوو
5- مەجید جەهانگیری
6- سەلیم سەلیمی
7- حاجی سوڵتان سوڵتانی
8- حاجی میرزا ئۆخرەیی
9- محەممەد جەمشید سانی

بە هۆیئەوەی مێژووی شاریشنۆ دەگەڕیتەوە پێش زایین، خەڵكێكی ڕەسەنیتێدایە، كەباسەكەی دەو وتارەدا ناگونجێو بەهۆی ئەوەی دەگەڵ عەشیرەتەكانیناوچە وەك: مامەش، بەگزادەكانی نەڵیوانو زەرزا كە مێژووی سەقامگیر بوونیان پینج سەدە لە مەوبەر لەكوردستانیگەورە دا دێتەگۆڕی، پەیوەندیی قووڵی دۆستایەتیو تێكەڵاویی نیزیكیخزمایەتییان هەبوەو هەیەو لە



خێرو خۆشیدا پێكەوە بەشدار بوونە. ئەوهەلەش زوو توانیان یەک بگرنو كۆمیتەیەک بۆ هەڵسووڕاندنیكاروباری ئاسایی شارەكەیان پێكبێنن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئی لاپرەسەنو تەرەكەمەشی تێكەوتبوو كە هەتا تەتەڵەو بژاركران وەدرەنگی كەوتبوو. ئەو كەسانەی خوارەوە بۆ كۆمیتە هەڵبژێردران:

1- سمایل خانی زەرزا سینگان
2- خوالیخۆشبوو كاك نەبی قادری
3- كاك مراد قادری
4- شەهید مەلاعومەر
5- كاك ساڵح زەرزا
6- مەلاحەسەن چوارژن
7- مەلامحەممەدی فەقێحەسەنی سینگان
8- كۆلكە مەلایەكیش بەناوی مەجید حەكیمی

بەدوای ئەوەدا شەهید سەید ڕەسووی بابیگەورە(دهقان) سەردانیشنۆی كرد، دەگەڵخەڵك كۆبوونەوەی پێكهێناو لە سەر پێشنیاری كاك سەیدعەزیز گەیلانیزادە دەفتەری حیزب لە شنۆیە كرایەوەو ئەوكەسانە بۆ بەڕێوەبردنی دیاری كران:

1- خوالیخۆشبوو كاك نەبی قادری
2- كاك مراد قادری
3- كاك ساڵح زەرزا
4- شەهید مەلاعومەر

## تیگەیشتنی خەڵک لە خودموختاری

ئەگەر ئەوكات كەس نەیدەزانی ڕێژیمی ئاخوندی چی دەباراندا، هەر ئەوەندەش دەمانای خودموختاری گەیشتبوون. ئێستاشی دەگەڵبێ خەڵكی كوردستان

بەسەرجەم خودموختاریو ئۆتۆنۆمی بەرزگاربوونی کوردستانی گەورە لە دەست فارسو تورکو عەرەب دەزانن، کەچی بەداخەوەوانیە!

گەلۆ ئێمە چەندە بەخراپ تێگەیشوو و پاشکەوتووین کە لە نێومالّی خۆمان شەرِدەگەڵداگیرکەر لەسەر دێمۆکراسی بۆ داگیرکەرو خودموختاریو ئۆتۆنۆمی بۆکورد دەکەین!! ئاخۆ گەنگێ دەلوێ ئەو چواردەولّەتە خوێنمژە دیکتاتۆرە 100 دەرەجە لە سەرەرِۆییو قۆشمەیی بەرەو دێمۆکراسی هەس بنەوە، ئینجا لە سەر ملّکو ماشی خۆمان بەلّێنی برابەشییان لێوەرگرین؟ ئاخۆ دەبێ ئەو قەولو بەلّێنییە چەند پتەوبێت!! گەلۆ دەبێ ئێمە چەندە گێلبین کە بەزارەخوارە ئیقرارو ئیعتراف بەوە بکەین. ددان بەوە دانێین ئەو سنوورە دەستکردانە کە داگیرکەران لە شەرِی چالّدرِانی 1514ی زایینی و پەیمانی لۆزانی 1923 کوردستانیان پێ لەناوخۆ دابەشکردووە، بۆیان لە ملی بدەین!! گەلۆ دەبێ ئێمە چەندەلە راستی بەدوور بین کە شەرِ دەگەڵ داگیرکەر لەسەرئەوە بکەین کە ئەوان پێناسی ئێرانی، عێراقی، سووریو تورکیمان پێ قەول بدەنو شانازی بەوە بکەین کە لە تۆرەمەی تورکو فارسو عەرەبین، کەچی هێشتا ئەوان وەرمان ناگرن!! جا با واز لەوباسە بێنینو بگەرِێینەوە سەر ئەو شتانە کە لەوسەروبەندە دا لە شنۆ رِوویاندا:

یەک لەوانە بەهۆی ساویلکەیی سولەیمان خانبوو. ئەوکە پیاوێکی ئایینیبوو، پێیوابوو لەرِوانگەی کۆماری ئیسلامی (گوریس سەری دەگاتەوە هێچک) چەندچەکی لە حکوومەت وەرگرتن. هەر ئەوکات نەفسی کارەکە لەلایەن خزمو جەماوەری شنۆ کەوتە بەرپلاری تەوسو توانج، بەلاّم چونکە حیزبەکانیش خۆیان بەهەلاّوێردە لە بەدەنەی رِێژیم نەدەزانی، چاویان لێچووقاند. بەلاّم پاش قەدەرحەیامێک کە نییەتی رِێژیم گۆرِا، ناوبراو ترسی رِێنیشتو پەنای بردە بەر حیزبی دێمۆکرات. کاک کەریمی حیسامی لەلایەن دەفتەری سیاسی هاتەشنۆ، چەکەکانی وەرگرتەوە، ئەمما بۆ ئەوەی دەولّەت بەربینگی ناوبراو نەگرێت، تفەنگەکانی دانەوە بە سەرهەنگ شەهاب کە فەرماندەری ئەوکاتی ژاندارمەری بووو ئیدی ئاو بەئاگرداکرا. بەلاّم چونکە رِێژیم مەبەستی خۆداسەپاندن بەسەر کوردستانی رِۆژهەلاّت دابوو، لە تەشقەلّەو گێچەلّ رِانەوەستا. بەداخەوە قیادەش بێ ئەوەی ئاورِێکەوە هەرەس هێنانی 1975 بداتەوە، جارێکی دیکەش کەوتەداوی حکوومەت. وەک دەپێشدا ئامازەمپێکرد، هیچکام لەو حیزبە کوردستانیانەی ئەو چوارپارچەی



کوردستان ئێستاشی دەگەلّدابێ چ پرِۆگرامێکیان بۆ رزگارکردنی کوردستان، یانی گرێدانەوەی هێلّی جوغرافیایی (سەربەخۆیی) یان لەبەرچاو نەبووەو درۆشمیان بۆ هەلّنەگرتووە. داواکانیان سەرجەم بریتی بوون لەحوکمیزاتی، خودموختاری، ئۆتۆنۆمیکە هەموو کری قوماشێکنو دان پیداهینانە بەتاپۆی کوردستانی لەتلەت کراو بە ناوی داگیرکەران. بۆیە ئەگەر هێندێکجار مەسەلەکە لە پارچەیەکی خاکی داگیرکراوی کوردستان هاتوە بگاتە ئامانج، بەدەست تێکەلاّویی داگیرکەرانی پارچەکانی دیکە، رِاپەرِینەکە وەک بلّقی سەرئاو پووچاوەتەوەو بۆتە دەستمایەی سەودای نێوان خۆیان وەک: هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلول لە 1975و ئەوەی پاشوێرانیو کاول بوونی کوردستانو رِژانیخوێنیهەزاران کورد، لەسەررِا بۆتە هەوێنی دەست داگیرکەران بۆگەرا دارِشتنی شۆرِش یا بلّێین پیلانێکی دیکە بۆ وەگەرِخستنی چەرخیکارگەی ئیمپریالیزم لە خزمەت قازانجو بەرژەوەندیی ئەوچوارحکوومەتە داگیرکەرە.

## هێرشی دوژمن بۆسەرشنۆ

سالّی 58 (79) سەرهەنگ شەهاب لە رِێگای شنۆ - نەغەدە کەوتە بەردەسترِێژی پێشمەرگەکانیحیزبیدێمۆکراتو بە بریندارى دەربازبوو. بۆ قەرەبووکردنەوە، قوتابخانەی غەزالی گەمارۆ داو هەرِەشەیکرد ئەگەر پێشیهێزی یاریدەدەر بۆ شنۆ بگیرێ گیانی هەموو قوتابیانی پۆلی حەوتو ئەو قوتابخانە لەمەترسیدایە. خەلّکی شنۆ کەوتنە دلّەخورپە. شەرِ لەنێوان مۆلّگەی دوژمنو هێزی پێشمەرگە دەستی پێکرد. دوونەفەربەرو تانگێک بەرِەشاشو کالیبر50 شاریانداگرت. پیاوێکیهەژار بە ناویحوسیندەرمانگاە لە هەوەلّ تەقەدا شەهیدبوو. شەو بە سەر داهاتو تەقە گەرمتربوو. پێشمەرگەکانی لکی محەممەدی پیرێژنێ، سەید ئەنوەر، رِەمەزانو سەید لەتیف هێزی ئاخوندییان خستە گەمارۆ. خەلّک لە نێوشار کەوتنە جوولاّنەوە. حاجی محەممەد ئەسکەندەری ناسراو بە محەممەدی خوازێ دەگەلّ چەندکەسی

دیکە کەوتنە وتوویژ دەگەڵسەرهەنگ شەهاب. تەقە پاش24سەعات ڕاوەستاو قوتابیەکان ئازاد کران بەڵام لە بولواربەرەو خوارەوە کەوتە دەست هێزی دەوڵەت کە نەخۆشخانەش لە وێ بوو. پێگەکانی دوژمن لە پەنایەک هەڵکەوتبوون. ڕێژیمی ئاخوندی بەبیانووی سەقامگیر بوون لە سنوورەکان دەیەویست هێزی یاریدەر بەگەڵی قاسملوودا بەرێکات. بەڵام هەمووجار دەکەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانو بە سەرشۆڕی دەگەڕایەوە پێگەی ورمێ. جارێک گوردانیکی ئەرتەش بەتەواوی لە نێوچوو. لەوکاتەوە گەڵی قاسملوو بە گەڵیمردن ناوی کەوتە ئارشیڤی کۆماری ئیسلامی. ڕێژیم ئەوجارە بە پشتیوانیی بەکرێگیراوان کەوتەبیری چەکدار کردنی عەشیرەتەکانی ناوچە. ئەوانەی چەکیان بۆ هەڵگرت بریتی بوون لە:

1- حاجی جەوەر،
2- خورشیدبەگی بەگزادە،
3- ئەسکەندەر بەگزادە،
4- عەولابەگی بەگزادە،
5- ئەحمەدبەگی نیعمەتی، دەشتەبیڵ،
6- فەرعان بەگی نیعمەتی، دەشتەبیڵ،
7- جەمیل بەگی ئیسلاملوو.
8- خەلیفەی بەردەکەشک،
9- سەید عەوڵای بەردەکەشک،
10- یەدوڵاخانی عەجەم،

کێشەی بنیسەدر

ساڵی1360، نێوان سەرۆککۆمار بەنی سەدرو خومەینی دڵۆپەی کەوتبووە ڕیزی سپا، کەچی ئەو هێزە نوێیە پاوانخوازیی لێ دیاری نەدەدا. ئەو دووتاقمە بەتایبەتی لەکوردستان هەرکام لە ڕێگایەکدا تێدەکۆشان لاسەنگی ترازوو بەلای خۆیاندا ڕابگرن. سپای ورمێ لێدەخەفتا ڕەشیدبەگ ماوانەی هەرکی بخاتەداو،



چونکە گوێڕایەڵی ژاندارم بوو. لە ئاکامدا بەرپرسانی ئەوکاتی ئیتتیلاعات لە ورمی بریتی بوون لە:
1- نیعمەتی،
2- پاشایی،
3- سەداقەت پێشە،
4- کەریم جەوانمەرد،

دەگەڵ قاسمی کە ئیتتیلاعاتی شنۆبوو، هاوئاهەنگ دەبنو فەرماندەری ناحیەی ژاندارمەری ورمێ لە کۆبوونەوەیەکدا والێدەکەن لە ڕەشیدبەگ بگێڕێتەوە، بەڵام هەڵگری نامە پاسدار دەبن. بەمجۆرە ڕەشیدبەگ دەخەنە زیندانو ناوبراو لەزیندانی گۆلیورمێدەمرێ. لە لایەکی دیکە تاهیرخان سمکۆ دەخەنە ژێر چاوەدێریو تێللیبەگی بەگزادە بە دەستی قاتڵی سەرگورد عەبباسی (بیهزادی)لەورمێ تیرۆردەکرێو جانگیر ئاغای دەریو براکانی کە ببوونە دەستەبەر بۆ دەربازکردنی ساواکیەکان لە سنوور، بۆ شوێنەونکە بەرەوخومەینی دەگەڕێنەوە. هەڵلاو گوڕەی ئەوان دەگەڵ چەند وەرزیڕێک لە(سێرۆ) بوو بەهۆی نفووزی ئاخوندی لە میتینگو درۆشمیحیزبە وردیلەکاندا، دەنگەکەی یەکجار لێگەورە بۆوەو زەبرێکی توندی لە یەکێتیی خەڵکی مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، سۆماو برادۆستدا. بە تایبەت کوشتنی محەممەد ئەمینی حاتەمی چیچۆ، دەگەڵ برایەکو کوڕەکەی بەدەست ڕەحمانیکەریمی، بوو بەهەوێنی نفووزی ڕاستەوخۆی ڕێژیم لە نێو ڕیزی عەشیرەتەکانی ناوچەو دەهری بوونیان. قیادەش خێرا دەنگەکەی قۆستەوەو دەگەڵیان یەکگرتووبوو. ئەوەی کە تەرەی شارەکانی دوور وەک: هەمەدان، تاران، کەرەج، مەشهەد، زاهیدانو کاشان ببوون، بەلەز بۆکوردستانی ڕۆژهەڵات گەڕاندرانەوە. بوون بەهێزێکی پەرداخ بۆئاخوندە کۆنەپەرستەکان. لەو سەروبەندەدا سەید ئەنوەردەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە کەوتە بۆسەی جاشەکانی ئەحمەدبەگ لە دەشتەبیڵو بەدەستی یووسف شەهیدکرا. ئەو جاشەش لە ناوچەی بەندی ورمێ کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی شیمالو بەدەست ئەحمەد بەندەیی بە سزای تاوانی خۆی گەیشت، بەدوای ئەوەدا بۆ چەندەمین کەڕەت هێرشی کۆمیتە چیەکانی شڕەخۆری نەغەدە لە ژێر دەستووری مراد قەتاریو مەعبوودیی ساواکی کە بەقاتڵی خەڵکیگوندەکانی قارنەو قەڵاتانو دیلانچەرخ ناسرابوون، دەستی

پێکردەوەو ئەوجار چەند تانگ پشتیوانیی لێدەکردن. محەممەدی پیرێژنێ ئەو پێشمەرگە کۆڵنەدەرە کە لە شەڕەکانی چریکیی کوردستانی خواروو زۆرجار حەماسەی خوڵقاندبوو دەگەڵدەستەیەک پێشمەرگەی هێزی سمکۆ خۆ دەگەیێننە گوندیحەڵبێ کویکو دەگەڵ هێزی خورافاتو نەزانی ڕوو بەڕوو دەبن. بە ئازایی لێیان ڕادەشێنو دوو تانگ بە ئارپیجی دەشکێننو کەلاکی زۆریان لێ دەخەن. بەڵام بەهۆی ڕەهێڵەی ڕەشاش یاریدەدەری گوللە ئارپیجی لە محەممەد هەڵدەبڕێو ناتوانن یەکتری بگرنەوە. ئەو قارەمانە بێدیفاع دەکەوێتە بەر هێرشی تانگی فەرماندەری کە سەروان سووسەن ئابادی بوو،و دڵی گەورەی بە گوللەی کالیبر50ی دوژمنانی ئازادی لە کوتان دەکەوێ.

## کۆلکەمەلا

سالێ1358مەلامەجید حەکیمی ئەوکۆلکە مەلایەی لەساڵی 1357 خۆی دە کۆمیتەی شنۆ خزاندبوو، یەکێک لەو زرە کۆلکە مەلایانە بوو کە لەساڵی 1344 کلکی دەگەڵ ئاخوندەکانی بازرە لە کوردستان لێک هاڵاندبوو، لە گەڵ سەرهەنگ ئەحراریو سەرهەنگ جەوادی ئەو ئەفسەرە خائینە کە قاتڵی دەیان کورد لەساڵەکانی 47-46 بوو، دەبێتە هاودەستو لە ناوچەی سەڵماس (شاهپوور) 20پیگەی جاش دەکاتەوە. خەڵکی فەقیرو هەژار هێندێک لە برسانو هێندێک لە ترسان یا بە هەڵخەڵەتان دەبنە گوێڕایەڵیو چەکی بۆ هەڵدەگرن. کە ساڵەکانی 62،63،64،60 هەتا هەنۆکە ڕێژیم کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە کوردستان تێ شکابوو، هەوڵیدەدا بە زۆرە ملی سوپایی کەلینەکان پڕکاتەوە. بۆئەو مەبەستە خۆی تەیاردەکرد. لە لایەک پادگانەکانی گرتکشانە، پەسوە، پیرانشارو جەڵدیانی ڕێک دەخستەوەو هێزی بۆ دەناردن، لە لایەکی دیکەوە لە گەڵ عەشیرەتەکان کەوتبووە ڕاوێژ، دەیەویست دوو بەرەکی بخاتە ڕیزی نەتەوەی کورد. حیزبە وردیلەکانیش بە کردەوەی نادروست پیلانی ڕێژیمیان پتەوترکرد. ئەگەر حکوومەت دەستەی نوێنەرانی بۆ وتووێژ



دەنارده مەهاباد هەتا لە گەڵ بەرپرسانیحیزب دانیشن، لە پاوە، نەوسوود، کرماشان، سنە بگرە هەتا دیواندەرە، سەقز، مەریوان، شنۆ، ورمێ، سەڵماسو پیرانشار، دە لەشکرکێشیدا بوو. ستوونەکانی ئەرتەش لە تاران، تەورێز، ئیسفەهانو مەشهەد بەرەو مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕایەڵکەدابوونو چەکەکانیان لەوێ دەجەڕباند. لە لایەکی دیکە ڕەحمان کەریمی بە هۆی دەست هەبوون لەگەڵ ڕێژیمو چۆلکردنی بەرزاییەکانی پیرانشار بۆ هێزی دەوڵەت لە لایەن حیزبی دێمۆکرات بەخائین ناسراو لە حیزب دەرکرا. ناوبراو چووە باوەش حکوومەتو ئەوانەی سەر وەوی بوون لە ناوچەی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕی باکوور خۆیان تەسلیمی ڕێژیمی ئاخوندی کردەوەو نامیلکەی(باندیقاسملوو)- یان بڵاوکردەوە. ڕێژیم بۆڕێگە تەختکردنی گرتنەوەی کوردستان پیلانێکی گەورەی داڕشت کە بریتیبوو لە بێحورمەتێکردن بە تەرمی سەرۆک بارزانی. ئەو دەیەویست تۆوێکی ئەوها لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بچێنی، هەتا ئیقرازی عالەم کوردی دووپارچەی کوردستانو حیزبە سیاسی یەکانی ئەو دوو بەشە ببنە دوژمنی قەستەسەری یەکو هەتا هەتایە نەتوانن لە سەنگەرێکدا دژی داگیرکەران هاودەنگبنو پێ لەو سنوورە دەسکردانەی ئیمپریالیزم بخشێنن. بەداخەوەهێندێک لە خۆیان بەزەقی لەو پیلانەدا بەشداربوون، بۆیە تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات بێئاکام مایەوە.

## گەڵاڵەی هاوبەشی پارتی کۆماری ئیسلامی

لە مانگی ڕەزبەریساڵی1360 دوکتۆر چەمرانو سەرتیپ فەللاحیان دێنە ورمێو هێدێک لە قیادەکانیش لە کۆبوونەوەی ستادی ئەرتەش  بەشداریدەکەنو گەڵاڵەی لەشکرکێشی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات دادەڕێژرێ. لە20ی خەزەڵوەری1360 هێرشی بۆ سەر شنۆ دەستیپێکرد. لەو هێرشەدا ئەرتەش، بەسیج، سارولڵا، جوندولڵا، ژاندارمو کۆمیتەچی بەشدارییان نەکرد، چونکە ناوچە، وەک قەباڵ بە مەختە درابوو بەڵام جاشەکانی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕو هەرکیی دەشتەبیڵو دۆڵ ڕەگەڵ

قیادە کەوتبوون. ڕەحمان کەریمی بەلایانگرانی حیزبی توودەلەگەڵ بوو. حیزبی دێمۆکرات کە ئاگاداری مەسەلەکە ببوو بۆپێشگیری لە ڕەشەکوژی سەعات چواری بەیانی دەستی بەڕاگوێستنی هێزی چەکدار کردو خەڵکیش شاریان چۆڵکرد. بکرێگیراوان سەعات 10ی بەیانی گەینە بەرزایی یەکانی شنۆ. ئەوکاتی بەرپرسانی تەشکیلاتی حیزب لەوشارە بریتی بوون لە:

1- کاک حوسین مەدەنی،

2- ڕەحمەتی کاک نەبی قادری،

3- سەروان شاهۆ،

4- ئەحمەد عەزیزی فەرماندەری هێزی سمکۆ.

ڕەجالە ببوونە سێ قۆڵ. یەکەم بەهۆی چاوساغێکی شنۆیی بەنێو گەڵیدا خۆیان گەیاندە شار. قۆڵی دووهەم لە دزەدەرەی نەڵیوانو سێهەم لە سوڵتانمستەفا ڕا هاتنەخوارو بۆ بەرز کردنەوەی ورەی خۆیان دەستیان بە تەقوتۆق کردو شاریان داگرتە بەر خومپارەو ڕەشاش. کوردە کوتەنی گوللەو دەرمانی بایزاغای، تەق لەکەنداڵی فەرماندەریگشتیی (فرانسۆهەریری) لەمزگەوت چوە پشتی میکرۆفۆنو دەستێکرد بەقسەی سووک بەحیزبو کاک سەیدڕەسوو دێهقان - کە پاشان لە ماڵیخۆی بەدەستیوان تێرۆرکرا، بەتاریفی ڕێژیمی گەندەڵێ ئاخوندیدا چووە خوارو باسی فەتحی شنۆو ورمێی هێنا گۆڕێو حیزبو ڕێکخراوەکانی دا بەرتەوسو جنێوو بەدژی ئیسلامو ئیمامی لە قەڵەمدان. دەڵێن ئێستا ئەوکابرایە مێژووی بۆکورد نووسیوە، سا دەبێ ئەو مێژوویە چەندەلەڕاستی نزیکبێ! بیگومان ئەو شاکارە خەیانەتەشی تێدا جێکردۆتەوە. سا مێژوونووسمان ئەوجۆرە مرۆڤە بێ دەبێ سیاسەتمان لە حاست داگیرکەراندا چۆن بێ. ئەوجار هێرشیان بردە سەر گوندی نەڵۆسو دوو پێشمەرگەی بریندار بەو ناوانە:

1- عەوڵاسێزدە،

2- مەحمووود ڕەحمەتپوور،

کە لە ماڵێکی هەژاربوون کەوتنە گەمارۆ کەچی پیاوانە دەستیان کردەوەو چەند کەسیان لێکوشتن، بەڵام لە ئاکامدا بۆخۆشیان شەهیدبوون. ئیدی هیزی پێشمەرگەش لەگەڵ تشکیلاتەکانیان چونەناوچەی میراوی مەنگوڕان.



## هێرشی سەرانسەریی ڕێژیم بۆسەرکوردستان

حکوومەتیئاخوندی جگەلەوە لە سەرانسەری کوردستان لە کەرماشانەوە بگرە هەتاورمێ دەستی بەهێرشکرد، بە دانانی پێگەی سەربازی لە گوندەکان دەیەویست خۆی بەیەکچەلی سەقامگیر بکاتو بۆئەوەی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا زاڵ بێت، ئەو تاکتێکانەشی دەکارکردن: گەمارۆی ئابووری، کەڵکوەرگرتن لە هێزی پارتی، دامەزراندنی ئیتتلاعات لە هەموو شوێنێک، کەڵک وەرگرتن لە هێزی هەڵخەڵەتاوو دامەزراندنی بیدادگاو ئێعدامی بەکۆمەڵی خەڵک لە هەموو شارەکانی کوردستان، کەڵکوەرگرتن لە درۆ بەناوی تەبلیغاتی مەزهەبی، ناردنی شۆفارەکان بەناوی جەهادی سازەندەگی، دامەزراندنی پیگەی جاشوسەرباز لەگوندەکان. بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە مەلایانیکورد بەتایبەتی ئیمام جومعەکان لە خزمەتی ڕێژیمی ئاخوندیدا بوونو نۆکەش هاوکارییان لە گەڵ ڕێژیم هەر بەردەوامە. بەڵام هەرچەند زەبروزەنگی ڕێژیم یەکجارتوندو ستەمکارانە بوو، نابێ حاشا لەوە بکرێ کە کەم کەس بەڕاستی گوێڕایەڵیبوو، تەنانەت ئەوانەی چەکیشیان بۆ هەڵگرتبوو، بڵیین جاش تورک کوتەنی یۆڵداش گورگەوێراندیلار بەتایبەتی سەربازە کوردەکان کە لەسەر پیلانی ڕێژیم لە پێگەکانی گوند خزمەتیان دەکرد، زۆریان دەگەڵ حیزبە سیاسییەکان پەیوەندییان هەبوو. دەکرێ بڵێین جاشەکان لە هەموو ناوچەکاندا لە پەنجەی دەستان کەمتر بوون.

(هیندیک هەڵخەڵەتاو)

پێویستە ئەوڕاستییە بدرکێنین. ئەوکەسانە زانیارییان لەسەر ڕابردووی نەتەوەکەیان نەبوو، دەستەوەستانیی هەژاری دەرەتانی بیرکردنەوەی لێ بەربەست کردبوون، هەڵخەڵەتانیان ساناییبوو. ڕێژیمی فیڵبازی ئاخوندیش لە دوای ئەوجۆرە کەسانە عەودال بوو. مخابن بۆ پێشینەی هێندێک لەو بنەماڵانە کە بەدرێژایی مێژووی خەباتی کورد، بە دەیان کۆڵنەدەریان لێ پاشکەوتبوو، کردەوەی چەوتی یەکێک لەو خیڵە بوولیلی خستە سەر تیشکی مێژوویان.

## پاکسازی!!

ڕێژیمی گەندەڵیٚ ئاخوندی لەساڵەکانی58و59 بۆ سەپاندنی حاکمیەتیخۆی ئیدارەی پاکسازی دامەزراند، دەبوایە هەموو مووچەخۆرێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو تاقیکردنەوەیەدا خۆی بجەڕبێنیو تێکۆشیٚ وەڵامی بەرپرسی ئیدارەی پاکسازی بداتەوە، بەڵام پرسیارەکانی هێندە سەیرو سەمەرە بوون کە بەخەیاڵی کەم کەسدا دهات، لە ڕاستیدا مەتەڵۆکی مەزهەبی شیعەبوون، بۆ نموونە ئەگەر نەتزانیبوایە دایکی ئیمامی نەقی تەمەنی چەند بووە، یاخۆ مەگیرانی لە سچکردووە، یان ئەسپی حەزرەتی حوسین چ جۆرە ئالیکەکی خواردووە، بێگومان ڕەد دەبوویەوە، بگرە ناوی زیدی ئینقیلابیشت دەکەوتە سەر، بە حەقیقەت ئەو لیستە هەر دەپێشیدا ئامادە کرابوو ، هەربۆ هەجەت ئەو جۆرە پرسیارانە ڕەدیف کرابوون. ڕێژیم بەو پیلانە توانی زۆر کەسی گورچیلە بچووکو زراو تۆقیو لە دەوری خۆ کۆکاتەوە، لە سەریەکدیان بکاتە ڕاپۆرتچی، دەستی دەهەناوی جەماوەر وەربدا، بەداخەوە ئی خوێڕیو چاو چنۆکو کوتەخۆری دیکەش کەم نەبوون. بە تایبەت پاش هێرشی30ی خەزەڵوەری 1360، پاسدارو کۆمیتەچیوا چەڵاخ نەببوون ڕاوەستن،..

دامەزراندنی جاش سەرباز لەگوندەکانو چۆڵکردنی ناوچە لە ترسی ڕەشەکوژی، فشارێکی زۆری خستە سەرشانی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، لە هەموو شارەکان خەڵک بە تایبەتی گەنجەکان بەتاوانی یارمەتیدانو پەیوەندی گرێدان دەگەڵ حزبو سازمانەکان دەگیرانو دەخرانە زیندان، سەدان کەس لە ژێر ئەشکەنجە شەهیدکران، ئێعدامی بەکۆمەڵ لەهەموو شارەکانی کوردستان سەرنج ڕاکێشبوو، مڵومۆی پاسدارە خوێنمژەکانی خۆفرۆش بە تەعەسووبی پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە وای لەگەلی فارسو تورکی ناحاڵی کردبوو کە کوشتاری میللەتی کورد بەخەزا بزاننو واتێگەیاندرابوون خوێنڕژانی زۆرو ئەشکەنجە دەبێتە هۆی زووتر زاهیر بوونی حەزرەتی مەهدی، گوناهیان پیٚ هەڵدەوەریٚ، هەر بۆیەش بەشی ئەشکەنجە لە ئیدارەی ئیتلاعاتی سوپا بە دەنگی قورئان ئەنجام دەدرا، فتوای



مەلاکانی درۆزن گەلێک لە گەنجەکانی هەڵخەڵەتاند، لەشەڕ دەگەڵ ئێراقیش بەملیۆنگەنج بە فتوای ئیمامی جەمارانو گرتنەوەی خەونی قودس وەسەرمین پەڕین، ئێستاش ئەو جەهالەتە هەر بەردەوامە.

پاش گرتنەوەی شارەکان بەکرێگیراو بیٚبەزەتر ببوو، دەوڵەت بۆ هەڵکوتانو داڕسانو هاویژتنی (دارجلیت)ی قودرەت وەپەلە کەوتبوو، کەڵکی لە تەواوی چەکو چۆڵی جۆراوجۆرو هێزی تێکەڵاو وەردەگرت، بۆمبارانی بنکەکانو تۆپبارانی گوندەکان بەبیانووی زیدی ئینقیلاب بیٚپسانەوە بەردەوام بوو، هەموو هێزەکانی حیزبی دیموکراتو سازمانی کۆمەڵە بەرەو بەرزاییو ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان هەڵدەکشانو ملی چیایان دەگرت، لە شنۆ هێزی سمکۆ، لە نەغەدە هێزی ئەفشین بەرەو میراویێ مەلاخەلیلی تیٚ دەکشان، دەفتەریسیاسیی حزبیش هەر لە ناوچەی سەردەشت جێگیر ببوو، خەڵکێکی زۆریش لە ترسی ڕەشەکوژیی پاسدارو ماسدار ببوونە پاشکۆی حیزبو بیٚپەسیو مابوونەوە. چونکە ئازووقەو سووتەمەنی لە لایەنڕێژیم بۆ مەڵبەندی کوردستان تەحریم (پێشی پێدەگیرا )کرابوو کەسنەبوو کە لێینەقەومابی، دەبوایە بۆ شتومەک بچووبانە کوردستانی خوارووو یان بە پارەیەکی زیاتر لە قیمەتی واقیعی شتبکڕن، ئەویش بە هەزارو یەک فیڵو فەندو بەرتیل بۆ ناوچەی شاخاوی بەڕیٚ کرابوایە، دەوحاڵەشدا زۆر کەسی چەقاڵ بەقاڵ بۆ پارە وەسەریەکنان تووشی گیرفان هەڵمسان هاتبوون، نەبوونی بەنزین موشکیلەی زیادکردبوو، گالۆنی بەشەش هەزار تومەن وەگیرنەدەکەوت،- ئەوپارەیە،ئەوکات ئیکجار زۆربوو چونکەپارە دانەبەزیبوو- هێندێک کەس لیٚخەفتان قەند دروستبکەن، شەکر لە کوردستانی خووارووە، و مەنجەڵ لەتەورێزەوە دهات. بەرپرسی تەشکیلاتی ناوچە لە میراوە کاک هومایۆن ئەردهإن بوو، (بەداخەوە دەگەڵ دکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلین شەهیدکرا) . هێرشی ڕێژیم هەر بەردەوام بووو پێشمەرگە هەر لە سەنگەردابوو، بەڵام زستان بوو بە سەد، لە هێندێک بەرزایی یەکانی ناوچەشاخاوییەکان مۆڵگەی پاسدار جێگیر ببوو کە شەوانە بە ڕەشهاوێژ هەموو کوێرە ڕێیەکیان دەکوتا، بریندارو شەهیدی ئەو ڕەشهاوێژە کەم نەبوون. ساڵی 1361 هێرشی دەوڵەت یەکجار پەرەی گرت، قیادەش بەرزاییەکانی پیرانشاری گرتەوە، پێشمەرگە کەوتە بەرتەنگەژە، ڕێژیم بەرەو میراویٚ هات، سەید ڕەسووی بابی گەورە پاش چەند ڕۆژ بەربەرەکانی

پاشەکشەی‌کرد، خەڵک بەهۆی تۆپباران میراوەیان چۆڵکرد، هەوەل شەهید برای مەلامستەفای بوو، ئەوجار خەڵک نەیدەزانی بگەڕێتەوە دوایە، یا بەرەو ئەودیو بڕوات، هێندێک چوونە بەستەستێنێ، هێندێک بە دواداگەڕانەوە، پاسدار لە میراوێ سەقامگیر ببوون، هێزی ئەفشینو سمکۆ بە تەشکیلاتەوە بەرەو سەرشاخان تێهەڵگەڕانەوە.

تەشکیلاتی هێزی سمکۆ لە گوندی بابەکرئاوێ بریتی بوو لە:

1- کاک ڕەحیم محەمەدزادە، بەرپرسی تەشکیلات
2- کاک ئەحمەد عەزیزی، فەرماندەی هێز
3- کاک عەولا سەیدە، کادری تەشکیلات
4- کاک نیعمەت، کادرو بەشی قەزایی
5- کاک خالد، بەشی تەشکیلات
6- کاک فەیرۆز زەرزا، بەناوی موستەعاری پەشێو، شاعیرو نووسەر
7- کاک جەعفەر سەلیم زادە، کادری دەرمانی
8- حاجی‌محەمەدی خوازێو زۆری دیکەش، ناوی هەندێکیانم وەبیرنەماون.

هێزی ئەفشین لەگوندی کێلی بنکەی‌دانا

1- بەرپرسی تەشکیلات کاک مەلا حەسەن ڕەستگار
2- فەرماندەی هێز کاک سادق زەرزا، بەناوی نهێنی سەروان ئومێد
3- کاک‌عومەرقەیتەرانی، معاون‌هێز (بەداخەوە لەناوچەی سندوس شەهیدبوو)
4- مەلا برایمی کەرێزە، بەشی تەشکیلات
5- مەلا محەمەد، مەلای دێو بەشی قەزایی
6- شەهید فەتاح عەبدولی، بەشی تەشکیلاتو گۆڤار
7- حوسین کرمانج، بەشی ماڵی

ناوی هەندێکانیشم لەبیر نەماوە.



## بەجی‌هیشتنی شارەکان

لەوکاتەدا کە حیزبی دیموکراتو سازمانی کۆمەڵە بەیەکجاری شارەکانیان بەجێهێشتبوو، ڕێژیم بە پێشتیوانیی جاشو پاسدارو جاشسەربازو سەقامگیر بوونی بەکرێگیراوان بەسەر وەزعەکەدا زاڵ ببوو، دەوسەروبەندەدا، خومەینی پەیامی‌عەفوی ڕاگەیاند، کەچی قسەکانی خومەینی وەئی هیچ کەس نەدەچوونو دەگەڵ چ یاسایەک هەلنە دەسەنگان، بەڵام وەک فتوا تەبلیغاتی بۆکرا، حیزبی دیموکرات کە دەیەویست شەڕی چریکی دەست پێبکا، ئیجازەی بەکادرو پێشمەرگەکاندا بەتایبەتی بەوانەی خاوەن ژنو منداڵ بوون لەودەرفەتە کەڵک وەرگرن، بۆ ئاوارەکانیش فورسەت بوو، لە ئاکامدا خەڵکێکی زۆر گەڕانەوە، بەڵام دەبوایە حەفتەی جارێک دەفتەری تەواب ئیمزا بکەن، ئەوەش نەشێرینەوە ئیدارەی ئیتلاعات پاش ماوەیەک زۆر لەو تەوابانەی بە بیانووی جۆراوجۆر لە سەرڕا خستە زیندان، یا لە ژێر ئەشکەنجە کوژران یان ئێعدام کران.

## پەیوەندیی کەریمی‌وڕێژیم

بۆ ئەوەی لە سەرمەسەلەی ڕەحمان کەریمی بدوێین پێویستە لاپەڕەیەک لە تاقمەی حەفت کەسە هەڵدەینەوە کەجیا لە نەمر مامۆستا هیمن دایرەیەک بوون لە حیزبی پاڵەوان پەمۆ کە گۆپاڵ بە دەستەکەیان ڕەحمانکەریمی گەنجو شایی بەخۆو ناشارازا لە سیاسەتو کرچو کاڵو زوو هەڵفریواوبوو، جەوغە گێرەکەشیان موهەندیس فاروق کەیخوسرەوی بوو کە ئێستاش لەلایەن ڕێژیمی فاشستی ئێران لە دەرەوەی ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی ئەرکی سانسۆری مەقالەکانی گۆڤاری

سروەی پێسپێردراوە. کاک ڕەحمان ڕابردوویێکی ئەوتۆی لە حیزبی دیموکراتدا نەبوو، تەمەنیشی ئەوەندەی هەڵنەدەگرت، زۆریش بەگوڕوو بەتاوبەئیشتاوە هاتبوو مەیدان وهەر لە سەر ئەو سادقیەرا کەوتە داوی چریکەکانی سیایکەل دەرسی لێنێست و مارکسیستیان بردە کەللەی کە سەر جەمسەری دەگەیەوە تووده! لایەکی دیکە لەمەڕ لێڕوانیی حیزبی دەبێ بڵێم چونکە کوڕی وەرزێرێکی گوندی جەڵدیانبوو، ناکۆکی بنەماڵەیی لە زەمانی هەڵوەشانی ڕێژیمی ئەرباب و ڕەعیەت دا لەگەڵ کاک عەولای جەڵدیان، دەمەسەلەی سیاسیدا بەپێچەوانە ڕەنگی دابۆوە، سەرانسۆی ئەو وەبیرهێنانەوانە لە قسەکانیدا وای لێکرد خەڵکی ناوچە ئومێدی دواڕۆژی لە سەر هەڵبچنن، ناوبراو زۆر زوو لە حیزبدا هەڵیدا، خێرا گەشەیکردو لە ئۆرگانی سەرووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا جێیکردەوە، پشتگیری خەڵک وای لێکرد کە پاوانخوازی لێ دیارینەدا، دەنا کاک ڕەحمان لە سەرئەوبیرو بۆچوونانەی کەپێی دیکتەکرابوو کە مافی نەتەوەیی کە لە قامووسی تودەدا حەوت ترینگەیە دەیەویست باداتەوە ناوحکوومەت ،ڕێژیمێک کە چاوەڕوانی چی لێ نەدەکرا! بۆیە لە ساڵی 1358 بەهۆی ئەفسەرێکی پادگانی پیرانشار بەناوی ئەنساری تەماسی دەگەڵ ڕێژیم گرێدابوو، ئەوئەفسەرە بەهۆی سەرکەوتن لەو پلانە وئاشکراکردنی کودەتایەکی ئەرتەشی 1362، بوو بە ئەستانداری ئازربایجانی ڕۆژئاوا، دەحەقیقەتدا دەوڵەت دەگەڵ تاقمەی حەوت کەسە لە ساڵی 1358 ڕێککەوتبوو بەو بەڵێنەی کە لە حیزبی دیموکرات جیاببنەوە، لە 58/11/13 پێشنیارەکەیان بە وەسیلەی ئەنساری لەکمیسیونی ئەمنیەتی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا باسی لە سەردەکرێ، ئەو کمیسیونە بریتی بوو لە:

1- سەرهەنگ زەهیرنژاد فەرماندەی لەشکری 64ی ورمێ کەپاشان بوو بەسەرتیپ، سەرپەرشتی ( ئەرتەشتاران) لە ئاخردا بوو بەنوێنەری ئیمام.

2- سەرگوردتاڵەقانی، بەرپرسی ڕوکنی 2 ئیتلاعات، کەپاشان بوو بەرەئیس ڕوکنی 2( ئەرتەشتاران)

3- ئاغای نیعمەتی ، بەرپرسی ئیتتیلاعاتی سوپای ورمێ،

4- سەرهەنگفەغاندەر ڕاوێژکار کەپاشان بەهۆی شاپەرستی ڕایکرد، ئێستا لە تورکیەیە.

5- سەرهەنگ تاجەددین، جیگری ژاندارمەریی ورمێ



گەڵاڵەکە پاش پەسند کردنی لەلایەن ئاغا مورتەزا، دەدرێتە ئاغای ڕێی شەهری بەرپرسی ئەوکاتی ئیتتیلاعاتی ئێران لە تاران. بۆ ڕوونتر بوونەوەی ئەوبابەتە پێویستە بزانین ئاغا مورتەزا چ کەسێکە. ناوبراو یەکێکە لە خویندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمامو لە کاتی دەست بەسەرداگرتنی بەناو لانەی جاسووسیی ئامریکا لە تاران ئەرکی سەرووی بەئەستۆوەبوو. لە ساڵی58 کرایە جێگری دووهەمی ڕێیشەهری بەرپرسی ئیتتیلاعاتی ئێران. گۆڤاریسروە ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێریی ئەودایەو سەروتارەکان بۆخۆی دەنووسێ. ئاغامورتەزا یەکێک لە لێپرساوەکانی بەشی قەزایی بووە، لە گەڵ ئەفسەرەکانی ڕێژیمی شا چەند وتوویژی بەڕێوە بردووە. تەنانەت دەگەڵ کەیانووری وئیحسانتەبەری کە هەر دەنگیدەبیسرا بەڵام ڕەنگینەدەدیترا!

ئەو ڕاستییەش باشە بدرکێ، جیا لە بەشی کادری عیلمی کە ئەوکات موهەندیس کەیخوسرەویو کەریم قەییوومی بوون، پاشان نووسەری ئەو دێڕانەش بووبە کادری عیلمیو سەر نووسەریگۆڤار نەمرمامۆستا هێمنبوو. هیچکام لە نووسەرەکانو بەشیوەرگێڕی سروە ئێستاشی لەگەڵدابێ نازانن کە سروە لە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ئیتتیلاعاتی تاراندایە. جگە لەوە هەموو بەشەکانی لە ناوەوە دەدرانە بەرپرسەکانی فارس وەک: محەممەدی و کاشانیوموحەددیس کە بەنۆرە لە تارانڕا دهاتن. سەروتارەکەش هەر لەتارانڕادەنووسرا. جارجار مورتەزا بۆسەڕافەتی دهاتەورمێ. لە سەریەک سروە پاش تەتەڵە لە سەرەک وەزیریڕا دەنێردرێتە ژێرچاپ. خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن لە سەر ئەوبابەتە لە ساڵی 1983 خۆی کێشاوە بەڵام وەک لە حیزب خانەنشین کرا، لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیش ڕاستەوخۆ پێی ڕاگەیەندرا جیا لەوەی ئەگەر مەسەلەکە بدرکێنی گیانی دەمەترسیدایە، هەقیشی نیە لەورمێ وەدەرکەوێ. بەمجۆرە مامۆستا هێمن هەتا دوا هەناسەی ژیانی لەلایەن ڕێژیمەوە لە ورمێ دەست بەسەربووو ڕێگای پێنەدرا ماڵی بگوێزێتەوە شاری مەهاباد. ئێستا وێدەچی بەجۆرە بەرژەوەندێک کاک ئەحمەدی قازیش تووشی ئەو تەنگەژە هاتبێت. لەرێکەوتی 2007/12/10زایینی،ئاگادار بووم کە گۆڤاری سروەساڵی پێشتر پێچراوەتەوەو، بەڕێزکاک ئەحمەدقازی سەرنووسەرسروە ئیدی لەمهاباددەژی.

## پێشمەرگەی موسوڵمان‌وتاقمی حەوتکەسی

باجارێ واز لەو باسە بێنین‌و بێینەوە سەر باسی ڕەحمان کەریمی:

بەشێک لە پێشنیارەکان بریتی بوون لە: دامەزراندنی پێشمەرگەی موسوڵمان. دیارە پێش ئەوەی ئینشیعاب لەحیزبی دیمۆکراتدا بێتەگۆڕێ، ڕێژیم کارسازیی کردبوو. بنکەی پێشمەرگەی موسوڵمانی بەکردەوە لە کرماشان و سنە پێکهێنابوو. جلەوی مۆڵگەکان هەتاورمێ‌و مەهاباد ڕاکێشکرابووو لە ژێر چاوەدێریی ئایەتوڵڵامونتەزیریدا بوون. بەڵام کاتێک ئینشیعاب ئاشکرابوو، خەونەکەیان لە سەرپشتگریی خەڵکی کوردستان وەڕاستنەگەڕا. مۆڵگەکانی پێشمەرگەی موسوڵمان هەڵوەشاوە ڕاگەیەندران. وەک هەموو مۆڵگەکانی سپا بەحەوت کەسە هەڵدەسوورێن، ڕێکخراوی پێشمەرگەی موسوڵمانیش دەژێر ئەو ڕەوتەدابوو. سا مۆڵگەی مەهاباد کە پاشان گوێزرایەوە ورمێ ئەو حەوت کەسە سەرافەتی‌یان دەکرد:

1- مەجید ڕەشید گورگاوێ، فەرماندەی نیزامی
2- مەلاڕەسوول تاهیری شاوانە، بەشی تەبلیغات
3- محەممەد (ئەسناعەشەری ) کەریم شەیتان، بەشی ماڵی
4- حەمەدەمینی بداغی نەرزیوە، بەشی ماڵی
5- ئەحمەد بداغی نەرزیوە، بەشی قەزایی
6- سمایل مەمۆ، بەشی هەڵگێڕوەرگێڕ،
7- خوسرەو ئەسکەندەری، بەشی تەداروکات

برایمە سووری ئاسناوی‌و سادق ئەسکەندەری ئاڵیاوێ کە چەکداری سفر بوون لە تێکەو لێکەی دوابیدا چوونە ڕیزی‌سوپاو بوونە کوردکوژ. لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە بزانین ڕەحمان کەریمی چۆن دەسەر پیلانەکەی گەڕا. ناوبراو بۆ دەست پێشخەری لە یەکەمین هەنگاودا لەگەڵ موهەندیس‌جەهانگیری نامیلکەی باندی قاسملوویان بڵاوکردەوە، بەڵام نێوئاخنەکەی هێندە پڕوپووچ بوو کە ڕێژیمیش پێی شاگەشکە نەبوو، زۆرتر لەمەڕ مافیا دوابوو، هێندیک شتی بەشەهید کاک محەممەد پیرۆتی



هێ، نیسبەت دابوو. ئەگەر کەسیک محەممەد پیرۆتی نەناسیبایە، بەچاوی جاسوسە چشم‌آبی لێی‌دەڕوانی. کەچی ناوبراو سەوادی خویندن‌و نووسینەوەشی‌نەبوو، چ بگا بەو ڕیس‌و گوریسەی بۆیان لێکدابۆوە، بەڵام کوڕە کوردێکی دڵپاکی هەڵسووڕێنەر بوو. بەداخەوە لەگوندی سێکانیی دەشتەبێڵ بەدەستی جاشەکانی فەرعانی هەرکی شەهیدبوو.

تاقمەی حەوتکەسی لایەنگرێکی ئەوتۆیان‌نەبوو. ئەوەی‌پاش ئینشیعابەکە دیاری‌دا چەند کەس لە لێتانەکانی ناوچەی شنۆ بوون‌و بەشێک لە خەڵکی ساویلکەی سۆماو برادۆست. کاک ڕەحمان بەقسەی خۆی هەر بێزی لە فیئۆداڵ میئۆداڵ‌و ئاغاوەت هەڵدەستاو خۆی بەلایەنگری هەژارو چەوساوە لەقەڵەم دەدا. پاش ئەوەی کەس ڕەگەڵی نەکەوت، دەگەڵ کاک سەننار مامەدی پەیوەندیی گرێدا. کاک سەننار مامەدی وەڵامی دایەوە. ڕەحمان بەوەڵامی مامەدی موشتەبا دەبێت‌و بێ‌ئەوەی قسەکانی لێکداتەوەو کردەوەی خۆی بێنیتە بەرچاو، بە هەڵەداوان مەسەلەکە دەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم باس‌دەکا. ڕێژیمی ئیسلامی کە بە سەرکەوتنی پیلانی ئینشیعاب باخ‌ببوو، پێی‌وابوو هەرەسی خستۆتە ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکرات‌و بەوخەبەرە چاوەڕوان نەکراوە زۆرتر لە خۆبایی‌دەبێ. چونکە چەکدارەکانی سەننارمامەدی عەمەلیاتی زۆر باشیان لە شاپوور ئەنجام‌دابوو. یەکلەوان کوژرانی‌سەرهەنگ سوڵتان‌بەگی بوو کە بە زیندوویی کەوڵیان کردبوو. جەنازەکەی لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا نیشان درابوو و ورەی پاسدارو کۆمیتەچیی هێنابوەخوار.

سوڵتان بەگی ئەفسەرێکی بێ‌بەزەو خوێڕی‌و دوژمنی نەتەوەی کوردبوو. نزیکەی ساڵێک لە کاتی سیتوانی یەکەی لە شاری شنۆ بوو. خەڵک لە دەستی وەزاڵە هاتبوون. بە دەستی سەننار مامەدی توون بەتوون چوو. سارێژیم گەڕانەوەی مامەدیی بە گەورەترین زەبر لە بەدەنەی حیزبی دێمۆکرات دەزانی. هەربۆیە بێ بەرژەوەندی، لە سەر ئەوە ساغ دەبنەوە دەگەڵ ڕەحمانی کەریمی سەردانی بکەن. دەو سەفەرەدا بەرپرسی ئیتتیلاعاتی سوپای سەڵماس و بەرپرسی ئیتتلاعاتی سوپای خۆیەی دەگەڵ سەرهەنگ تاجەددین، نزیک بەسی پاسداری چەکدار بە چەند ماشێن وەڕێ دەکەون. لە بناری چیاڕا تا دوایین نوختەی چاو پێکەوتن دەژێر چاوەدێریی چەکدارەکانی سەنناردا دەبێ. میوان بەخێرهاتن دەکرێن‌و پاشفراقین

ڕەحمانکەریمی بانگ دەکەنە هۆدەیەکی تایبەت، بە ڕواڵەت بۆ دانیشتنو ڕاگۆڕینەوە، بەڵام لەئەسڵدا ئەوە هۆدەی ئەشکەنجە دەبێت. دیارە ئەرکی ئەوکارە لەلایەن سەننارەوە بەکوڕەکەی جەنگیز دەسپێردری. جەنگیز مامەدی لە 46-45 زۆر خەڵکی کوشت، پاشان کە ئەشۆیمامی چەکی هەڵگرت، ئەو دەگەڵ تیمسار ئوەیسی ڕێککەوتو ئەشۆی مامی تیرۆرکرد. لەلای ڕێژیمیشا زۆربە هێزبوو. ئێستا ببوو بە جەللادی ڕەحمان کەریمی. دیارە ئەوە بەتۆڵەی کوژرانی حەمەدەمین حاتەمی (چیچۆ)و حاجییکوڕیو کەریمخانی برای بوو کە بە دەست تاقمەی ڕەحمان کەریمی بە زیندوویی چاویان دەرێندراو لە بیری شازوقازی لکبندا مردن. بە کورتی ڕەحمان کەریمی دەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە. پاشئەوەی چەند ددانی بەگازدەر دەکێشن، ئەوەی پێویستە دەگەڵی دەکەنو ئەو درکاندنەی کە چۆن دەگەڵ ڕێژیم پەیوەندیی گرێداوە لە سەر کاسێت تۆمار دەکەنو بەڕەزالەت دەیکوژن. بەڵام لە گوڵ کاڵتر بە میوانەکان ناڵێنو بەرەوسەلماس بەڕێیان دەکەنەوە. دەڵێن سەننار ئەو شریتەی ناردووە بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات، بەڵام تائێستا لەلایەن حیزبەوە بڵاونەبۆتەوە. ئەو قسەیە چەند ڕاستە چەند درۆ ڕوون نیە، چونکە سەننار مامەدی لە حیزب دەر کرابوو.

لە2ی خاکەلیوەی1360ی کۆچیی هەتاوی (1981/3/22 ی زایینی) کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا:

ئەلف: 1- ڕەحمانی کەریمی بە تاوانی پیلانگێڕی دژی حیزب، پەیوەندی گرتن دەگەڵ سپای پاسدارانو ئەرتەش بەبێ ئیزنی حیزبو ئەنجامو تەواو کردنی عەمەلیاتی پیرانشار بەسوودی دوژمن، لە سەر ددان پێداهێنانی خۆی بەم تاوانەو پیلانگێڕی لە نێو حیزبداو تێکدانی ڕیزەکانی حیزبو بڵاوکردنەوەی دەنگۆو بوختان هەڵبەستن بۆ ڕێبەری حیزبو هاوکاری لەگەڵ سەننار مامەدی، بەخائین بە حیزبو گەلی کورد ناسرا، لەبەر ئەوە لە حیزب دەرکراو بۆ سزادان بەدادگای شۆڕش دەسپێردرێ.

- 2- سەننارمامەدی بە تاوانی پێکهێنانی پەیوەندی دەگەڵ ئوەیسیو دارو دەستەی سەڵتەنەتخوازان ووەرگرتنی پووڵو چەک لەوان، چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیو دەرکردنیان لە سەرجێگاو ڕێگای خۆیانو بەکار هێنانی ڕەفتاری



دەرەبەگانە لەکارو باری حیزبیدا، هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕەحمانی کەریمی بۆ خەیانەت بەحیزبوگەل بەخائینناسرا. هەربەودەلیلانە ئەویش لەحیزب وەدەر دەنرێ وبۆسزادان دەدری بەدادگای شۆڕش.

بۆڕوونکردنەوە پێویستە لەوە حاشانەکەین کە سەننار مامەدی لە ساڵی 1343ی کۆچیی هەتاوی (1964ی زایینی) تێکۆشانی حیزبیی هەبووەو لە ساڵی1346و1347(1967و1968) دەگەڵ کاک سولەیمان موعینی دژی بۆچوونی ئەحمەد تەوفیق جیابۆوە. لە ساڵی1350(1971) دەگەڵ تیمسار پەناهیان پێکدێن کە لە بەغدا چەکو تەقەمەنی وەرگرێ بۆشەڕ لەناوچەی ورمێ، کەچی هەر لە ڕەواندوز وەدەردەکەوێ تەقەیلێ دەکرێو بەبرینداری دەکەوێتە دەست پێشمەرگەی پارتیو بارزانی تەحویلی ساواکی ئێرانی دەداتەوە. کە لەدادگای ئەرتەش لە تاران 15ساڵ زیندانی بۆ دەبڕێتەوە. پاشاندەنێردرێتە زیندانی گۆلیورمێ.

## شەڕی کەنداو

لە ساڵی1991بە هۆی مەسەلەی کوەیت، شەڕی خەلیج هاتەگۆڕێ. وەک دیتمان کاتێک زلهێزەکان پاروویان دەگەروو گیرا یەکو دوو وەخۆ کەوتنو دنیاش دەگەڵیان هارووژا. هێندی چاوتررووکانێک جەیشی عێراقیان کوتاو کوەیت گیرایەوە. شەڕەکە لە سەریەک ئەو هەلەی بۆ کوردستانی خواروو ڕەخساند  کە پەروەندەی تۆزاوییان لە ئارشیڤی زلهێزەکان بێتەدەرو جەستەی بەعس بخەنە ژێر قامچیو حەیزەرانکوتی بکەنو لە سۆنگەی ئەوەدا کارەساتی بەسامی هەڵەبجە کە چاوی لێنووقاندرابوو جارێکی دیکە زیندوو بکەنەوەو لە ئاکامدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بنیات بنێن. دەوسەروبەندەدا هەمو کوردێک چاوەنواڕی ئەوەی دەکردکە بەداواکردنی حکوومەتێکی سەربەخۆو پێشێل کردنی سنوورە دەستکردەکانی داگیرکەران، مزگێنیی کوردستانی فیدرال بدرێ.  بەڵام بەداخەوە ڕێبەرانی هەرێم داوای ئۆتۆنۆمی یان هێناوە گۆڕێو بەگوێڕایەڵیبۆ تورکیا کەوتنە ڕاونانی (پکاکا)و

پاش شەهید کردنی دەیان پێشمەرگەی ئەوحیزبەو سنوور لەسەر گرێدانیان، ئەوجار بۆلاسەنگیی تەرازووی هێز بوونە دوو قۆڵو لێک وەبا کەوتن‌و شەڕی خۆبەخۆیان لەو ناوچەی‌کوردستان دامەزراد. لە ئاکامدا هەرێمی‌کوردستانی‌خواروویان کردە دوو بەرەبابو دوو دەستەڵاتی سەرەکی (سۆرانی‌و بادینی)یان لێ‌پێک‌هێنان. نووکە خەڵک بەگوێستنەوەی هەرپۆتینەکی عەسکەری عارەبوەک پەزی گوێچکەسڵ لە گورگ خەونی گرتنەوەی هەرێم دەبینن.

ساڵی1992و1991چ لەمەڕ شەڕی نێوان خۆیانداو چ لەمەڕ بەرەنگاریی (پکاکا) کەوتنە بەررەخنەی هەموو لایەن‌و حیزبو ڕێکخراوی بەشەرەفی کوردستان. ئەوانە دەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بێ‌کاکەو برالە نەبوون. دەست ئاوەڵلا بوونی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکانی‌بەردەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌و چاو نووقاندنی بە ئاشکرای حیزبە دەستەڵاتدارەکان لەو تاوانانەو تەنانەت هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ سەر بنکەی حیزبی دێمۆکراتێ کوردستانی ئێران لەنیزێک شەقلاوەو داخستنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان چاوساغی بۆکردن‌و تەنانەت وەپێش کەوتنی پێشمەرگەی بۆسەر بنکەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات لە کۆیەو تەنانەت شەهیدکردنی چوار ئەندامی ڕێبەرایەتیی ئەوحیزبە بە ڕۆژی ڕووناک بەدەستی ئەوان دیاردەیەکی ئەو پەیوەندی‌یە نابەجێ‌یەن. باشەئەوە بگوترێ ،نا ئاگاداریی خەڵکەکە بە تایبەتی ئەندامانی ئەو دووحیزبە زۆرتربۆتە هۆی‌کردەوەی سەرکردایەتیەکانیان. جێی‌خۆیەتی ئاماژەبە( پ.ک.ک.)بکەین که لەساڵی 1975 لەدایک بووە لەسی‌گرووپو بەئیدەی جیازاز پێک‌هاتووە کە بریتین لە: مارکسیست، ناسیۆنالیست، ڕادیکاڵو باوەڕیان بەکوردستانی گەورەبوو. هەر بۆیە نەتاران، نەئەنقەرەو نەبەغدا توانیان نفووزیان تێدابکەن‌و بیکەنە شانەزەرگەتەولەسەری سەوداو مامەڵە سازبدەن. هەروەها وشەی جاش لە نێوی‌دا بڕەوی نەبەست. چونکە باوەڕی بوون بەیەکپارچە بوونی کوردستان لەلایەک گەلی کورد لە سەر شتێکی ڕاستەقینە ساغ دەکاتەوە، لە لایەکی‌دیکە جێگە نووکە پێ‌و خۆ تیهەڵقوتاندن بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکان ناهێڵیتەوە. نفووزی وان لە نێو ڕیزی‌خەبات بنە بڕدەکات. کەچی بەداخەوە ئەو چاوگەیەش بەهۆی دەستەبەری خۆماڵی بەرەو نسکۆ پاڵی پێوەنرا. بەداخەوە ئەو ڕێکخراوەش پاشان لە ژێر گوشاری دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ‌دا دەستی لە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵگرت‌و بە خودموختاری لە



چوارچێوەی تورکیادا ڕازی‌بوو. بەڵام داوەکە هەربەوە کۆتایی پی‌نەهات‌و تورکیا بە پشتیوانیی ئامریکا بە لەشکرکیشی هەڕەشەی لە سووریە کرد. حافیز ئەسەدی داگیرکەریش کەمپەکانی لە سەر داخستن. سەرەنجام ئۆجەلان ڕێبەری (پ.ک.ک.) تەوەللا بووو لەئاکامدا بەدەست هاوپەیمانانی ناتۆ لە ڕێکەوتی 99/2/15 ڕفاندراو تەحویلی دەوڵەتی داگیرکەری فاشیستی تورکیا درایەوە کە ئێستا لە جزیرەیەک لەدەریای مەڕمەڕەدا زیندانی‌یە. ئۆجەلان کەوتەبەر گوشارو دادگایەکی نادادپەروەرانەو نامرۆڤانە. سەرەنجام بەپێی دوایین هەواڵی‌گەیشتوو دەستووری چەک‌دانانی داوەتە پێشمەرگەکانی (پ.ک.ک.)و ئەودەستوورەش پەسند کراوەو خەریکە جێبەجێ‌دەبێ.

ئەوەی لە شینی هەڤالان بزەی دەترازێ لە دەمی
دەبی چاوەڕوانی خۆی بێ کەی لەسەرگۆڕی ڕۆڕۆدێ

## کۆمەڵەوهەڵویستەکانی

بەرلەوەی هەلاوکێشەی نێوان حیزبو کۆمەڵە وەک ڕووداوەک وەگێڕین، پێویستە دەقی هەڵویستی کۆمەڵە بخەینە بەرباس: نووسەری ئەودێڕانە پێی‌وایە ئەگەرئەو ڕێکخراوە باوەڕی بە مەسەلەی کوردستان‌و چارەنووسی گەلی بەشخوراوی کورد هەبوایە هەڵویستی چینی‌کرێکاری بەهەنگاوی دووهەمی خەبات، واتە پاش یەکلاکردنی کوردستانی‌داگیرکراو دەبوایە هەڵگرتبوایە. ئەوەی ئەسپاردبا بە دەنگی نەتەوەی کورد ئاخۆ لە نێوان سیستەمی بوورژوازی یا حکوومەتی چینی کرێکار کامەیان گەرەکە. هەڵگێڕ وەرگێڕی کۆمەڵە ئەو ڕاستی‌یە ئاشکرا دەکات کە هێنانەگۆڕی هەشت ئەسلی خودموختاری لە بەرانبەری 26 مادەکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و هەل ڕەخساندنی بۆ دانیشتن دەگەڵ دەستەی نوێنەرانی حکوومەت، هەر بۆ چاونووساندنی خەڵکو بە هەڵەبردنی زەینی جەماوەرو کەم‌کردنەوە لە دەستەڵاتی حیزبی دێمۆکرات بوو. دەنا پەیڕەوو پڕۆگرامی کۆمەڵە چ پەیوەندی‌یەکی بە چارەنووسی نەتەوەی کوردەوەنیە. تەنیا پاوانخوازیی دنیای کۆمۆنیستی‌یەو دەگەڵ پاوانخوازیی ئیسلامی ئاویان لە بەرە جۆیەک

دەخورێتەوە. ئەو ڕێکخراوە هەر وەک دەزانین بەفیتی هێندێک ڕەگەزپەرستی ئێرانی تووشی سەرلێشێواویو ئاڵۆزی بووو لە پێشدابوو بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانیی ئەو حیزبە ناوبردرا. پاشان ئەو حیزبەش بووبە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو وازی لە کێشەی نەتەوەی کورد هێناو بەشەکەی دیکەی وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران مایەوەو ڕێکخراوە کوردستانیەکەی بەناوی کۆمەڵە بەڕێوەبەریسیاسەتەکانی پێشووی کۆمەڵەیە. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە ئەو کارەی کۆمەڵە بووبەهۆی دابڕانیبەشێکی بەرچاو لە کوڕانیکورد لە خەباتی کوردایەتی. کۆمەڵە بۆچی لەو ئێرانە پانو بەرینەدا ئەو داخوازیەی هێناوە دەقولینچکی ئەو بەشەی کوردستانی پەستاوتووە کە نە کارخانەی لێیەو نەکارگا. بۆچ لە تاران، تەورێز، ئیسفەهانو.. دەستپێناکا کە سەدان کارخانەو بە میلیۆنی لە چینی کرێکار لێیەو مانگرتنیان وێدەچێ ویستەکەی وان بێنیتەدی. ئەگەر کۆمەڵە ئەو ویستەشی بەدروستی هەبوایە، لەو هەلە ڕەخساوەی ساڵی1357 کەلکی وەردەگرتو سێڵاوی کرێکاری لە شارەگەورەکاندا جاڕدەداو ڕێکی دەخستن. ئیدی حەوجێ بەوە نەدەبوو کوردستانی ڕۆژهەڵات بکاتە پەناگا! لە لایەکی دیکەوە ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ: ئەوحیزبە کۆمۆنیستە سەرانسەرییە کوانێ لایەنگرو هۆگرو ئەندامی نەکوردی!؟ لەو هەموو شەهیدانەی کە لە کوردستان خوێنیان ڕژاوە لە کورد بەولاوە نابینین. دەڕاستیدا ئەوە فێڵێکی سیاسییەو دەجلو بەرگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا خۆینواندووە. جڵەوی نفووزی ڕێژیمی بۆ تێکدانی ڕیزەکانی خەڵکی کورد ڕەکێش کردووەو بۆتە هۆی دوو بەرەکیو لە بەریەک هەڵوەشانو هەڵتەکانی یەکگرتوویی نەتەوەی کوردو کەمکردنەوەی دەستەڵاتی حیزبی سەرەکی واتە دێمۆکرات. بە داخەوە ئەوفێڵە سیاسییە ئەوەندەی کار کردە سەر کۆمەڵەو مێشکیلاوانی شێواند کە بوو بەهۆی کێشەی دەگەڵ حیزبی دێمۆکراتو شەڕی براکوژیی لە نێوانیانداو چەندسەت پێشمەرگە لە هەردوولا بۆ هیچ شەهیدبوون. ئەگەر بەزمانی دوور لە ئەدەبیاتیش لەگەڵ خەڵک بدوێین، لە سەرتاسەریکوردستان لە شارڕا بگرە تاکوێرەگوندەکان، لە هەرداپیرەیەک ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ کوڕەکەت بۆ شەهید بوو، بەراشکاوی دەڵێ: بۆ کوردستان.  لەکەس نابیسیو کەس نابێژی بۆ کۆمۆنیستی!و ئەو ڕاپەڕینانە کە بەدرێژایی مێژوو سازدراون هەموو بەناوی ڕزگاریی کوردستانو



چارەنووسی گەلی کورد هاتوونەدی، نەک لە ڕێگای مەبەستێکی دەستکرد! تا نووکەش نەتەوەی کورد لەوچەند پارچە کوردستانە هیوای لە سەر ئەونیازەو ئەوداوا ڕەوایە هەڵچنیوەو ئەو شەهیدانەی بەوئاواتە لەوبەستێنەدا داون. چ کوردێکی شارەزا بەپێچەوانە بیر ناکاتەوە. دەجا ئامانجی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانو ڕێکخراوە کوردستانیەکەی کۆمەڵە) چ پەیوەندیی بە مەسەلەی کوردستانو مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردەوە نیەو ناتوانێ ببێ بەدەستەبەری دواڕۆژ بۆ ڕزگاریی کوردستانو هەڵگرتنی ئاڵای سەربەخۆیی لە کوردستاندا! کۆمەڵەو حیزبە کۆمۆنیستەکەی دوو شتی جیاوازو بۆچوونی دژبەیەک دەخاتە ڕوو کە هەریەک بە گوێرەی لێکدانەوەو مانا ئەوی دیکە بەرپەرچ دەداتەوەو لە ئیعتیباری دەخات. پێک هێنانی دەوڵەتی چینی کرێکاری کۆمۆنیستی ئەویش لە سەرانسەری ئێران، مانای ئەوەیە کە ئەو حیزبە چ بایەخ بۆ کێشەی کوردستان دانانێو باوەڕو ئیمانی بەدابەشکردنی کوردستانو هێڵی جوغرافیایی چالدرانی 1514و لۆزان (1923) نیە. دەجا کردەوەی کۆمەڵە بەئاشکرا ددان پێداهێنانی ئەوسنوورە دەستکردانەیەو ئەنگوستدانان لەسەر کردەوەی ئیمپریالیزمە! کەچی دروشم بەدژی ئیمپریالیزم دەدا!

دەوبڕگەیە لە زەماندا چاونووقاندن لە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕکەبەریی دژی ئیمپریالیستی هەڵەیەکی مەزنە. چونکە ڕکەبەریی دژی ئیمپریالیستو بەربەرەکانیی دژی ستەمی نەتەوەیی لە بەرەجۆیەک ئاو دەخۆنەوەو دوو جەمسەری لێک گاوکراوەو هەر کامەیان تەواوکەری ئەویدیکەن. دەجا کۆمەڵە کە لەکاتێکدا کە سەرجەمی هەلومەرجی عەینیی نەتەوەیەک کە دەگەلی کورددا مەوجوودە، وەبەرچاو ناگرێو ئەنگوستلەسەر ستەمی نەتەوەیی دانانێ، ناتوانێ ببێتە ئاڵاهەڵگری دروشمی دژی ئیمپریالیزم. و کاتێک مرۆڤ کردەوەکانی ئەوکۆمەڵە مارکسیستییە لە ساڵی1357(1958) لەکوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) دەگەڵ کردەوەکانی ئێستای لە دەرەوەی وڵات هەڵدەسەنگێنێ، دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە بڵێ: بە پێی هەلومەرجی ڕۆژ نانی بەسێڵی دەبرژێنی!  گەلۆ، ئەو حیزبەکوردستانییە کە هەتا دوێنێ دروشمی کوردستانی وێڕای دێمۆکڕات هەڵگرتبوو، بەردیمافی گەلی کوردی لەسینگی دەداو پێشەبڕەی لە دێمۆکڕات دەداوە.  ئەوەندە توند ڕۆببوو کە بەدەربڕینی مادە8 کۆنەبرینی دەکولاندنەوەو لە میرمیرێنیشدا داوای سەرۆکیی دەکرد، بۆچی سەد دەرەجە تێوەرسووڕاوەو نۆکە لە داگیرکەران بێبەزەتر ئەو سنوورە

دەستکردانە بەپیرۆز دەزانێ! ئاخۆ حاشاکردن لە مافی نەتەوەیی لەڕوانگەی مارکسیستیڕەوایە؟ یاکوو نەک هەر ئینتیرناسیۆنالیزم نیە بەڵکوو شۆڤێنیزمە.

## ئیسلاحاتی ئەرزی

با چاوێک بە ئیسلاحاتی ئەرزی 1342ی شا،دا بخشینینەوە کە یەکێکە لە ڕووداوە گرنگەکان، بەتایبەتی لەکوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران)وهەنوکەش کارتێکردنی گوشارەکەی دەگۆڕێدایە! هاوکات لایحەی بەشداربوونی کرێکاران لەداهاتی تایبەتی کارخانەکان و ئازادیی ژنان پێکەوە لە مەجلیس دەرچوونو ئاغای خومەینیو لایەنگرانی دژی ئەوقانوونە دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرزکردەوە. لە ئاکامدا ئاغای خومەینی بۆتورکیە دوورخرایەوە. لەوپەیوەندییەدا سەرۆک وەزیرانی ئێران ئاغای مەنسوور لەساڵی 1343 بەدەستی محەممەد بوخارایی کە موجاهیدی ئیسلامی بوو، لە تاران تیرۆر کرا.

وەک دەزانین شا، یەکێک بوو لە فیئۆداڵە هەرە گەورەکانی ئێرانو خاوەنی نزیکەی 2000 گوند بوو کە بە دوو نیو میلیۆن هێکتار بەراوردەکرا. ئەو مڵکانە لە کوردستان، کرماشان، پشتکۆ، نەفتی شا، تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا لەو کەسانە زەوت کراون کە دەگەڵ ڕاپەڕینەکاندا بوونو لە پڕپیت ترین زەوییەکان دەهاتنە ژمار. جگە لەوانەش سەدان کارگاو کارخانەو هۆتێلو دووکانی هەبوون.

پێش دابەزینی ئیسلاحاتی ئەرزی پارلەمان سوور بوو لە سەر ئەوەی کە جیا کردنەوەی مڵکەکان بە پێی یاسای تاپۆ ئەنجامبدرێت. وەفدێکی تێکەڵاو لە نوێنەری تاپۆ، جەنگەڵداریو ئیسلاحاتی ئەرزی دەگەڵ ئەندازیارەکان بەشدار بن. ئەگەر ئەو هەیئەتە بەوشکڵە کە پێی لە سەر داگیرا بوو لە گوندەکاندا کەقانوونی ئیسلاحاتی ئەرزییان تێدا بەرێوە دەچوو بەشدارییان کردبوایە، زەوییەکانی کێڵگە لەبوورە، لەوەرگە، گیادروو، قۆرغو جاڕ جیاکرابانەوە، بەشە جووتەکان بەهێکتار یا باری ناوچەیی بپێورابان، سنووری چوارلایان بۆ هەرکام لەوبەشانە دانابوایەو بەکورتی ناوکۆیەکان (مشاع) کرابانە بەشی جودا (مفروز)و لە بەڵگەی ئاسایی ڕا کرابانە بەڵگەی فەرمیو بۆ هەرکام لەو قەوارانە بەڵگەیەک یاچەند بەڵگە بە ناوی جووتیار کراباو ئیدارەی جەنگەڵداری کە بەشی تێدا هەبوو خستبانیە نێو نەخشە، ئیدی کێشەی ویران بوونی لەوەرگەکان تەنگی بەئاژەڵدار



هەڵ نەدەچنی. ئەگەر بەکردەوە سەرجەمی دانیشتوانی گوندەکان بەپێی سەرانە لەو دابەشکردنەدا هاوبەش ببوانو ئەو پشکەبەشە وەک یەکدی بەهەموو بنەماڵەیەک بڕابوایە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە وڵاتدا پێک دەهێناو چەوسانەنەوەو چەوسینەری کۆتایی پێدهەلاتو دۆخی کشتوکاڵیش خێرا بەرەوپێش دەچووو ئەوبەڵگانە دەبوونە پشتیوانی وەرزێڕەکان بۆ وەرگرتنی وام لە بانگەکانو دابینکردنی کاروباری کشت و کاڵو کڕینی کەلوپەلو ئامرازی وەرزێڕیو چوونەسەری ئاستی ئابووری لە ئاواییەکان. بەڵام شا، تەنیا مەبەستی تایبەتیی خۆی هەبووو یەک لەوانە خۆداسەپاندن بەسەر خەڵکداو مانەوەی لە سەر سەڵتەنەتو بە تایبەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و نیشتەجێ کردنی تورکو فارس لە کوردستانو لە بیر بردنەوەی مەسەلەی نەتەوەییو سڕینەوەی ئەوفکرە لە مێشکی گەنجەکان! دەنا نەدڵی بەهەژارو کرێکار دەسووتاو نە بۆ ژیانی جەماوەر بە پەرۆشبووو نە دوژمنی فیئۆداڵو ئاغاوەتیش.

ئەگەر لە بیرمان نەچووبێ کوودتای 1332دژی دوکتۆرموسەددیق بەهاوکاریو یاریدەی عەشیرەتەکانی قەشقایی، بەختیاری، لەهۆنی، و... هاتەدیو لە گەڕانەوەی شا، بۆ ئێرانو میواندارییەکەیدا لەتاران دەیان سەرۆک عەشیرەت دەرەجەی ئیفتیخارییان لەدەستی شا وەرگرت. یەک لەوانە مام عەزیز ئەمیرعەشایری بوو کە لە بەشەکانی بەرێدا ئاماژەیەکی کورتم پێکردووە.

شا، بەڕواڵەت مڵکەکانی خۆی لە1960 دا بەسەر جووتیاراندا دابەش کردبوو، بەڵام بەکردەوە هەتا ساڵی 1357 (1978) کە تەختی بەختی وەرگەڕاو لە ئێران دەرچوو، هەرخاوەنی گوندەکانیبوو،و دەست و پەیوەندەکانیشی وەک ئەمینی، تیمسار پالیزبان و... مڵکداربوون، بۆوینە هەر سوپەهبود نادری باتمانقلیچ خاوەنی300 گوند بوو. هەرچەندە لەساڵی 1334 لە دیوانی موحاسیبات هێندێک لێکۆڵینەوە بەناوی از کجا آوردەای، واتە لە کوێت هێناوە، هاتە گۆڕو بۆماوەیەکی کورتیش لە کۆشکی ش،ادا هێندێک لەوکەسانە دەست بەسەر بوونو بەڕواڵەت دادگاشیان بۆ پێکهێنان، بەڵام دەڕاستیدا هەرفیلێکی سیاسی بووو بۆسەر گرێدانی خەڵکیئێران.

ڕاپەڕینەکەیشا، بە پێچەوانە سپیشنەبوو. ڕاپەڕینی قەشقایی یەکان، گیروگرفتی زۆری بۆ پێکهێنا. شا ئەوەندە ترسی ڕێنیشت کە بەدەنگی بەرز فەرمانی هێرشی بە ئەرتەشو ژاندارم دا، نزیکەی دووهەزار کوژراوی دا، بەڵام بەهەمەن قەشقایی گیراو بێسێو دوو ئێعدامکراو تەرمەکەشی بۆچاوترسێنکردن چەند ڕۆژان لە سێدارە نەهاتەخوار.

شا لە ساڵی1342 بە کەلک وەرگرتن لە قانوونی ئەساسی پارلەمانی داخستو هاوکات دەستووری هەڵبژاردنی داوە، کەچی ئەو هەڵبژاردنەش هەر فۆرمالیتەو بۆ سەرقاڵ کردنو تەفرەدانی خەڵک بوو. وەبیرم دێ لە شارستانی نەغەدە ئاغای یوسفی کورد نەژاد مامۆستای کاتیی یەکێک لە دەبیرستانەکانیورمێ کە پاشان بوو بە پارێزەری پلەیەکی دادگا، هەموو دەنگەکانی هێنایەوە بەڵام ساواک بۆماوەی 48 سەعات - هەتا دەنگەکان خوێندرانەوە - ناوبراوی دەست بەسەر کردو کابرایەکی دیکەی بە ناوی زەرگەرزادە کە تورکو دانیشتووی نەغەدەو بێسەواد بوو وەک نوێنەر ڕاگەیاند. ئەوکابرایە دوو دەورە واتە 8 ساڵ نوێنەری مەجلیس بووو لە ئەحسەنتە بەدەر چی نەگوت! زۆر گازندەی بەنهێنی لەسەر بوو. دەڵێن ڕۆژێکی ئەوکابرایە دەخۆ دەنووسی تەلەسمی بێدەنگی بشکێنی، بەسەرۆکی پارلەمان دەڵێ:

قوربان ڕوخسەتم بدەن ئەو پەنجەرە بکەمەوە، باڵەفرێک لەژوورەکەدا وزەوز دەکا!

ئیسلاحاتی ئەرزی1342گەیشتە مەراغەو وەرزێرانی کوردستان بە دەهۆڵو زوڕنا پێشوازی یان لێکرد. حیزبێ توودە دروشمی زەوی هی ئەوکەسەیە دەیکێڵێی هەڵگرت، لە حاڵێکدا ئەگەر لە گوندەکان سەر ژمێری بکرێ قەرەکان بە ئەژمار لە جووتبەندەکان ئەگەر زۆرتریش نەبن، کەمتر نین. کە وابوو لە ئیسلاحاتی ئەرزیدا یەکسانی ڕەچاو نەکراوە، کەچی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش ئەودرۆشمەی لە 1956 پەسند دەکا.

هێندێک ئاغاوەت دەست پێشخەرییان کردو مڵکەکانی خۆیان پێشکێشی شا کرد، بەڵام ئەودەست پێشخەرییە نە خزمەت بەشا بوو، ونە لەڕێگەی خەسڵەتێکی ئینساندۆستییەوە هاتبووەدی، بەڵکوو لە ڕاستیدا شیرە دەسەر هەڵسوونی خەڵک بوو. بۆ نموونە مەرحووم مستەفاخانی زەرزا 18 گوندی دەشتەبێڵی پێشکێشی شاکرد. بەڵام لەڕاستیدا ئەوپارچە مڵکانە لەساڵی1310 لە مەحکەمەی ئەهلی خیبرە کە لە گوندی نەڵیوان گیرا، بەپاریزەریی ئیبراهیم سپێهر کە یەکێک بوو لە پارێزەرانی بەناوبانگی زەمانی مەشرووتە، لە ڕەزاشا پەهلەوی دەبڕدرێنەوەو پاشان لەلایەن قەرەنی زەرزا بە ئیجارە دەدرێنە تەها هەرکی. ناوبراو لە عەشیرەتەکانی کوردستانی باشوور بوو، نزیکەی 400 ماڵی بەچادرو چیغو کەرتەپەزی دەگەڵ بوو. ئەو لەوناوچەیە نیشتەجێ دەبێت تا مردنیشی ئەوئیجارە هەر بەردەوام دەبێت. کوڕەکانی تەهاش پاش مەرگی باوکیان هەر ئاوا ڕەفتار دەکەن. ئەوپارچە مڵکانە داواکاری دیکەشیان هەبوون، وەک: سەرهەنگ ئاغاخانیو هتد... لە دادگوستەریی تاران مەحکەمە هەر بەردەوام بوو. وەکیلی زەرزاکان برای دوکتور ئیقباڵ سەرۆکوەزیران



بوو، بەڵام قانوونی ئیسلاحات دوایی بەوکێشە هێناو مڵکەکان بەسەر جووتیارەکانی دەشتەبیڵ دا دابەش کران.

قانوونیئیسلاحاتی ئەرزی بە ڕاشکاوی پێی لە سەر ئەوە داگرتبوو کە پسوولەی خاوەن مڵک لە ساڵی 1340 بۆ بەهرەی مالێکانە بەڵگەی خاوەن نەسەقە (نەسەق بەو بەشە لە زەوی دەکوترا کە وەک کێڵگە دەدەستی وەرزێڕدابوو). ئەو ماددەیە گەلێک کەسی شارستانی کە پەڵەیەک یانچەند پەڵە زەوییان بە دەو دوو لە گوندەکان دەکێڵا بەهۆی ئەوپسوولانە، بە خاوەن نەسەق ناسین. زۆرکەسینەکورد کە خاوەن سەرمایەو تراکتۆربوونو لەو گوندانە زەوییان بە ئیجارەگرتبوو، بەهۆی ئەو پسوولانە بەخاوەن نەسەق ناسران. ئەو پەڵە زەوییانەی لە شارەکان نیزیک بوون بەپێی قانوونی شارەداری بە(بەلەدیە) دەکارکران. بەشێکیدی لە زەویی کشت وکاڵی بەتایبەتی لە دیمەکار لە ناوچەکانی شاخاویی کوردستان یا لە پێدەشتەکان کە ئاماژەم پێکردو بە3000 هێکتار بەراورد دەکرێ بەناوی تورکەکان تاپۆ کران. دەتوانن لە ئازەربایجانی غەربی کە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ئەو مەڵبەندانە ناو بەرین:

1-ورمی
2-مەهاباد
3-نەغەدە
4-پیرانشار
5-شنۆ
6-دەشتەبێڵ
7-سەڵماس
8-سۆماوبرادۆست
9-تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ

ئەو زەوییانەی لە پێش دابەزینی ئیسلاحاتی ئەرزی لە دەست ئەو وەرزێڕانە دابوون کە بەڕەشایی یا قەرە ناودەبرانو وەک شکارتە دایان دەچاندن، چونکە خاوەنی جووت نەبوون لێیانوەرگرتنەوە. لە سەر یەک لە هەموو گوندەکاندا ڕەشاییەکان لە قانوونی دابەشکردنی زەوی بێبەش کرانو بە هۆی بێ دەستمایە بوون بوونەوە چەوساوەی دەستی جووتیارانی چەوسێنەر. هێندێکیان بە یەکچەلی لە ماڵو حاڵ پەڕەوازە بوونو لە شارەکاندا بوون بە تەرەکەمەلو ئەو زەوییانەی بە نەسەق ناویان دەبردراو بە هێکتار یا باری

ناوچەیی بەڵگەیان بەناوی وەرزێڕەکان نووسرا، هیچکام جیاکراوە (مفروز) نەبوون‌و قەباڵەکان سەرجەم ناوکۆ (مشاع)بوون، دەجا چ سەودایان پێناکرێ، بایەخی زەمانەتیان وەک پشتیوانەی بانکی‌نیە، جگە لە بەشی مالێک کە بە موستەسنییات ناوی‌دەبەن. نرخی هەر هێکتار زەمینی ئاویژە بە120و دیمەکار بە30 تمەن دەقرساو دەبوایە بە دوازدە ساڵدراباوە، کە دوازدە چەکی بۆدەنووسرا. گیروگرفتی ئەو چەکانە کە وەرنەدەگیرانەوە پاشان دێتەگۆڕێ. ئاخۆ جووتیار چەندی جێ‌جووت دەبەر دەست دایەو چەندی جێ لەوەڕو جێ جۆخین، جاڕ، پاوان‌و گیادروو بۆ ئاژەل هەیە، بەوتەی وەرزێڕەکان بەسترابۆوەو وازۆی نوێنەری ئیسلاحاتی ئەرزی لە جێگای ئیمزای مالێک لەکاتی پێویست واتە نارەزا بوونی مالێک لە مەڕ جێ‌جووت بە فەرمی دەناسرا. ئیزهارنامەی پڕکراوەی جووتیارەکان ناوەرۆکی بەڵکەی خاوەنایەتیی زەمینەکانیان پێک دێنا. چ وەرزێڕێک ئامادە نەبوو دان بەو ڕاستی‌یە دابنێ کە چەندی بەرەجووت دەبەردەست دایە، چونکە ئیجارەی زەوی‌یەکە نرخی قرسانی جێجووتەکە بوو، دەجا چواریەکی هیچکام لە جێجووتەکان نەخراوەتە نێو بەڵگەی خاوەنایەتیی وەرزێڕەکان کە پێیان دەکوتن نەسەق. ئەوهەڵەیە خاکی کوردستان گچکەتر دەخاتە بەرچاو،و مێژوو نووس تووشی هەڵەی زەقی‌دەکات. بۆنموونە شەهید دوکتۆرقاسملوو نووسیویەتی: لە کوردستانی ئێران 8%ی زەوی زراعی دەدەست وەرزێڕەکان دایە، کە مەساحەتی 96000 هێکتارە. وەرزێڕەکانی خاوەن زەوی10%ی دانیشتوانی ئاوایی‌یەکان پێک دینن. یادەڵێ: وەرزێڕ1 هەتا3 هێکتار زەویی هەیە کە بە اصطلاح پێی‌دەڵێن جێجووت. کەچی جێجووت لە30هێکتار کەمتر نیەو لە هەندێک ئاوایی‌یەکان دەگاتە50 هێکتار. ئەوەلەزەویی دیمەکاردا دووهێندەیە، کەوابوو مەساحەتی96000 هێکتاڕیش هەڵەیە، چونکە ئەگەر گوندی‌گەورەی کوردستان 30جووتبەندەی هەبێ، سەرجەمی جێجووتەکانی لە600 هێکتار پترە، لە چ کوێرەگوندێکیش دا، وەک ناوچەی سەرشاخان جێجووت لە 7 هێکتار کەمتر نیەو بەپێچەوانە، وەرزێڕانی خاوەن زەوی 50%ی دانیشتوانی گوندەکان پێک دینن نەک 10%.

جیا نەکردنەوەو تاپۆنەکردنی ئەوجێجووتانەو بە ناوکۆ مانەوەیان نۆکە بۆتە موشکیلە، چونکە ئەگەر هەموو خەڵکی ئاوایی سەرجەم بۆ ئەو مەبەستە ڕێک کەون، تەنیا ئەوقەوارە زەویانە کە میزانی هێکتار یا باری ناوچەیی‌یان دە بەڵگەکاندا لە ساڵی 1342 دیاری کراون قانوونی تاپۆ دەیانگرێتەوە، زیادیەکان بەزیادە لە نەسەق حیساب دەکرێن‌و بەپێی قانوونی سەنەواتی چەندساڵە بۆ مالێکی پێشوو یا دەوڵەتی کاتی دەگەڕێنەوە. تەنانەت ئیدارەی



جەنگەڵداریش دەتوانێ داواکاری بێ، چونکە لە تاپۆی وەرزێڕەکاندا نەگونجاون‌و کرووکیی جەنگەڵداری لەمەڕ لەوەڕگە سپێیە و ئەوهەڵە زلانە بوون بەهۆی ئەوە کە بەتایبەتی لەکوردستان ئابووری گەشە نەکاو وەرزێڕ بۆ پەرەپێدانی کشت و کاڵ‌و باغداری لە یارمەتیی ماڵیی بانگەکان بێبەهرە بمێنێتەوە. بەڵام چەکەکانی 12ساڵە کەوەرگرتنیان نەگونجاوبوو دەگیرفانی ئاغاکانیدا مانەوەو هێندێک مالک کە وەبن قەرزان کەوتبوون ملکەکانیان لەلایەن خاوەن قەرزەکان داگیر دەکرا کە هەر چەکەکانیان پێدەبڕان، بەڵام نە خورد دەبوونەوەو نە تەنخوای قەرزەکانیان دەکرد. هێندێکان داوای بەند کرانی مالێکەکانیان دەکرد. ئەوکات بە پێی قانوونی تاپۆ هەر خاوەن قەرزێک دەیتوانی پێشنیار بکات قەرزدارەکەی لە بارتەقای22 قڕان ڕۆژێک دەبەنددابێ. بەڵام دەردەکەی چارە نەکرد جگە لەوەی کاغەزی سووت‌و سەلەم چەند قات تازە بکرێتەوە. هەتا لە 2500 ساڵەی شاهەنشاهیدا ئاغای سادق ئەحمەد، وەزیری دادگوستەری قانوونێکی لە پارلەمان گوزەراند کە کەس نەتوانی لەبەرانبەر قەرزدا داوای گرتنی کەسێکی دیکە بکات. مەگەر دەوڵەت‌و ئەویش دەبەرانبەر دزی پوول (ئیختیلاس) دا. دەو حەولو وەلایەدا شا ناڕاستەو خۆ هاتە گۆڕەپان‌و گوتی: دەوڵەت ئامادەیە ئەو چەکانە وەک قەرزەی میللی تومەنی بە دوو قڕان بکڕێتەوە! بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا شا،بوو نەک‌دەوڵەت! و چەک دەدەستی کێدابوایە خاوەنەکەی ئەوبوو. لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئاغای فیرووزی کە پاشان بوو بەخاوەنی هۆتێلی حەوت نهۆمی‌ورمیێ‌و دۆستی تیمسار سەبیادیان ڕەئیسی ساواکی ورمێش بوو، بوو بەنوێنەری ئەعلاحەزرەت، ئەوچەکانەی بە گشتی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کڕینەوە. ناوبراو لە شەقامی دانیشگا، کووی ئەخگەر کلووپی هەبوو، زۆرئاغاوەت ئەو تومەنە دووقڕانەشیان پێدۆڕاند. بەمجۆرە پارەی ئەوملکانە سەرجەم بەشا، گەیشتن، کران بە دۆلارو لەبانگەکانی هەندەران تاقەت کران. بەڵام حاشا لەوەی ناکرێ کە قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی بەشێک لە وەرزێڕانی لە دەرکران‌و گوێزەگوێز ڕزگار کردو لە گوندەکانی نیشتەجێ کردن‌و لەچەوسانەوە نەجاتی دان. لێرەدا ڕەخنەیەکیش لە حیزبی دێمۆکڕات دەگیرێ کە لە ساڵی1357 بۆماوەیەکی کورت بەسەر بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە زۆر لکاو بەسەر ئێراندا حاکم بوو. دەکرا بە گێڕانەوەی ئەو زەمینانەی زیادە لە نەسەق سەروسامانێکی بە ژیانی قەرەکان دابوایە. هەرچەند دەستتێوەردانی‌حیزبی لە چوارچێوەی داوای ئۆتۆنۆمی لە حکوومەتێکی دیکتاتۆری وەک ئێران نەیدەتوانی عومری درێژی بێت بەڵام ناوبانگی کردەوەی چاک خۆشە.

یەکێک لە هۆرپەکانیئەو ڕیسە لە قانوونی ئیسلاحات کە لە ناو بنۆکدا حاسێ بووو هەرگیز نەبوو بەکر، وەک ئاماژەم پێکرد بەناکۆ (مشاع) مانەوەی جێ جووتەکانبوو. کە بۆ تاپۆ کردنیان چ ریگایەکی قانوونی دانەبەزیوەو حکوومەتی ئێستاش هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەهێناوەتەوە. هەتا هەنۆکەش هەر سەودایەک بەو زەویانەوە کرابێ بۆ خانووبەرە، ڕەز، باغ، خانوو تێداکردنو کڕینو فرۆشتن، وەرزێڕەکان ناچار بوونە بەشێک لەپووڵەکەی بدەن بە خاوەن مڵکەکان هەتا سەنەدە ئاساییەکانیان بۆ ئیمزا بکەن. ئەوەش هەر بەگوێرەی ڕێو شوێنی ناوچەو لێکخاترجەمبوونی لایەنەکان هاتۆتەدی. دەنا پشتیوانی قانوونیی نیەو لەهەر کاتێکدا لایەنێک بیهەوی پەژیوان بێتەوە دەتوانی سەوداکە تێک داتەوە، چونکە بیجگە لەوەی لەو جێگیانە ئیدارەی تاپۆی لییە هەرمامەڵەیەکی زەوی بەبەڵگەی ئاسایی باتڵە، هەر لەبنەمادا ئیسلاحات مافی کرینو فرۆشتنی ئەو زەوی یانەی لەوەرزێڕ ئەستاندۆتەوە. وەرزێڕ تەنیادەتوانی لەکاتی تایبەتیداو ئەویش بە پەڕینەوە لە حەوتخوانی ڕۆستەم سەودای زەوی دەگەڵ وەرزێڕێکی دێیەکە بکا. یاساکەش هەر ئەو ڕووبەرە وەبەرچاو دەگرێ کە لەقەباڵەی ئیسلاحاتدا وەک سەهمو بەپێوانەی هێکتار ئاماژەی پێکراوە. بۆ تاپۆش هەرجۆرە قانوونێک بەڕێوەبچی هەرئەو چوار چێوە دەگرێتەوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاڵوگۆڕێکی نوێ بەلایەنگریی وەرزێڕەکان بۆ تاپۆ پەسند بکرێ کێشەکە دەکاتە دووقات، وڵاتە دەستی مالیکەکان بۆ داوا کردنەوەی زەوییەکانی زیادە لە نەسەق ئاوەڵا دەکاتەوە کە بەناوی تەسەڕڕوفی عیدوانی لە دادگادا بی هێننە گۆڕێو ئیدارەی جەنگەڵداریشیان بەبۆنەی وێرانکردنی بەیارو مەرتەع لێتیژبکا. کە دیارە کێشەکە دەکەوێتە دادگاو سزایماڵیشی هەیە. بەشێکردنەوەی ئەو بابەتە دەردەکەوێ کە وەرزێڕێکی خاوەن 100 هێکتار زەویی ئاویژە نەسەق بۆ وەرگرتنی قەرزێک لە بانگ یا دەستەبەری لەدادگاە حەوجێ بە بەڵگەی تاپۆی ناسیاوێکیشاری یا پەروانە کەسپێک بوو. مەشرووعیەتی دەوڵەتی کاتی نەیدەتوانی بایەخێک بۆ ئەو نەسەقانە پێک بێنی کە وەرزێڕ بتوانی هیوای خۆی بۆ کردنیان بە دەستەبەر لە سەر مڵکی خۆی هەڵچنی. لەوەدا دەردەکەوێ کە سیاسەتی شا، لە ئیسلاحاتی ئەرزیدا چەندە سەقەتو نەقوستانو مەنفیبوو.



حیزبورێکخراوی سیاسیی تازە لەکوردستانی ڕۆژهەڵات

ساڵی 1357 دەیان حیزبو ڕێکخرڕوو دەستەو تاقم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خۆیان ناساند. ئەو هەی نەیدەزانی بیلامانێ پەرژینەکی بەگوڵ بێ، ئاخۆ حیزب بەری چ دارێکە، پلاکاردێکی بە شەقڵەیەکەوە کردبووو درۆشمێکی لێنووسیبووو یا دیوجامەیەکی هەڵدابوو. هێندەی بڵێی یەکو دوو، ڕەچەڵەی حیزبو سازمانەکان بەری ئاسمانی گرتو وەک هەوری بەگوڕ دایدا ڕەهێڵە، بەڵام لەجیاتی بارانی پەڵە هەرگللێرەبوو سەرو سەکوتی خەڵکی دەشکاند. ئەمما چونکو لە میژبوو خەڵک لە ژێر دەستی دیکتاتۆریی پەهلەوی بە چەرمەسەری دەژیان. کاتێک ئەودەروە ئازادەیان لێ کرایەوە خۆیان بۆ خڕنەبۆوە هەتا لە سەرشتێکی بنەڕەتی ساخ بنەوە. حیزبی دێمۆکڕاتیش کە پێشینەی دوورو درێژی هەبوو، نەپەرژابوە سەڕافەتکردن یا نەیویستبوو ئاگاداریەکی پتەو بە گوێچکەی خەڵکی هەڵێنی. جەماوەر کەوتنە ژێر سۆزو عاتیفەی دەروونیو هەریەکە چاوگەیەکی ڕەچاوکرد بەبێ ئەوەی ئەزموونێکی لە سەرهەبێت. ئەو تێکسڕمانەی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمیشای گەرای بەستبوو، لە مەڕ مافی چارەنووسی گەلی کورد بەرەو هەڵتەکانو هەڵوەشان ڕۆییو تۆزی یەکدی یان بۆ ئینکەبەری دەشکاند. ئەگەر هەتا چەند ڕۆژ بەرێ بۆ یەکیەتی دژی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی ببوونە گیانێک، ئەوجار بۆهەڵبڕانو دووبەرەکی دەبوونە قوڵ قوڵ. ئەگەر هەتا دوێنێ بۆ وەدەست هێنانی ئازادی هاتبوونە مەیدانی کردەوەو بەوئامانجە دەستیان دە دەستی نەتەوەکانی دیکەی ئێران نابوو، ئەوجار بۆ لە نێوبردنی یەکدیو لاسەنگیی تەرازووی قودرەت تێدەکۆشان. ئەگەر هەتا دوێنێ درۆشمی دێمۆکڕاسییان بە گەڕەلاوژە دەکوتەوەو ڕێژیمی پەهلەوییان بە نەبوونی دێمۆکڕاسی تاوانبار دەکرد، ئەوجار ئەوان بوون کە جەستەی دێمۆکڕاسییان بەگوللەی دوورهاوێژی ئەندێشە دابێژدابێژ دەکرد. نەهەمبەندیی ئەوتۆیان هێنابوە سەر زارو زمانان کە مەحەکی نەشۆرانەوە لە کوردایەتی خۆی پێوە هەڵاوەسین بە یەکێک لەو گرووپانە بوو! ڕەگەزپەرستانی

فارسی گەرای خۆیان دەنێو جەرگەی گەلی بەشخوراوی کورد دا داڕشتو کوردستانیان کردە گۆڕەپانی تەراتێن!حکوومەتی کۆماریئیسلامیش بێکار ڕانەوەستابوو. عەشیرەتەکانیش کەحیزب وەخۆی نەدەکردنو خۆشیان بەکەس نەدەگۆڕیەوە، لێک هاڵابوونو لەسەرئەوە ساغببوونەوە کە شاری ورمێ بەردەست کەن. لەڕوانگەی ئەوان ئەگەرشەڕ بکەوتبوایەورمێ، هێزی حکوومەت حازرنەدەبوون ئاگری شەڕ خۆش کەن. ئەوفکرەشیاندەکردەوە کەبەوهەنگاوە دەتوانن پشتیوانیی حیزبی دێمۆکڕات بۆلایخۆیانڕاکێشن. هێندێکیش کە ڕابردووی بابردوویان هەبوو دەیانویست بەوهەنگاوە قەرەبووی کەنەوە. جگە لەوە ورمێشیان بەپێتەختی سمکۆدەزانی. لە ئاکامدا چەکدارێکی زۆریان تەیارکرد. چەکی قورسیان بریتیبوو لە: ئاڕپیجی، دۆشکە، خومپارە، ڕەشاش، بەڵام پشت ئەستوور بە دانیشتوانی شاربوونو سەرجەم هیوایان لەسەر خەڵک هەڵچنیبوو. بەپێویست دەزانم پێشەکی میژینەی ئەوشارەی کورد بدەمە بەرباس. ورمێ جێگەی لە دایکبوونی زەردەشت، پیغەمبەری زەردەشتی یانە. شەڕی بە نابانگی چاڵدران کە بە هۆی هاوکاریی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی (بەبۆنەی توندو تیژیی مەزهەبیی سەفەویان لە دژیکوردەکان کە سوننی بوونو لە ئاکامی ئەو دووبەرەکییە مەزهەبییەدا پاڵیان وەعوسمانیدا) کە بووبەهۆی تێک شکانی هێزی سەفەویو یەکەم دابەشبوونی کوردستانیگەورە، لە قەراغ گۆلی ورمێو لەنیزیک ئەوشارە ڕوویدا. بەیتی قەڵای دمدمو شەڕی بەناوبانگی خانی لەبزێڕین دەگەڵ هێزەکانیئێران (1609)و یەکەمین ڕاپەڕینیسمکۆی تێدا ڕوداوە. (شێخ تەپە) کە گەڕەکێکی ئەو شارەیە بە ناوی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی(1880) ناودێرکراوە کە ماوەیەک بۆ ئابلۆقە ئەو شارە ئۆردووبەزی لێکردووە. سمکۆ کەلە 20ی ژووئەنی 1930 لە شاریشنۆ بەدەست سەرگورد (سادقخان) چڵکاو خۆری پەهلەوی شەهیدبوو، تەرمەکەی لە دەرەوەی (هەزاران)ی ئەوشارە ناژراوە. ورمێ بە هۆی گوڵمانخانەو هەڵکەوتوویی لە قەراغ گۆلو پەیوەندیی دەریایی بەشاری تەورێزەوە ناوچەیەکی سەوقولجەیشییەو دەیانشەڕی تێداکراوە. دانیشتوانیورمێ لە سەردەمی شەڕی چالدراندا(1914) بریتی بوون لە کوردو ئەرمەنی. بەدوای ئەو شەڕەدا سەفەویو شاعەباس، نادرشاو دوایەش قاجار و هەتارەزاپەهلەویی، ژمارەیەکی زۆریان



تورکی ئازەری بەزۆریو بە کۆچ پێدانیو ڕاگوێستنی زۆرەملیی کوردەکانو داگیر کردنی مڵکەکانیان لەو ناوچەیەدا جێگیر کرد.
ئیستا بە پێی سەرئەژمێری کوردە دەرپەڕاوەکانی ورمێ لە شاری خوراسان دووملوین وسێ سەت هەزار کەسە کە (ئاغای کلیم اللە تەوحدی ) شەش جلدی میژوو لە سەرە نووسیوە،هەمووشیان بەکورد بوونیان ئیفتخار دەکەن.
پاش کوژرانی مارشیمۆن (1918)، فەلەکان هێرشێکی گەورەیان کردەسەر کوردانو لەو شارەیان دەرپەڕاندنو خەڵکێکی زۆریان لێ قڕکردن. نووسەری ئەو دێڕانە دێتەوەبیری لە ساڵی 1329 لەشاری ورمێ لە جیاتی تاکسی فایتوونی لێبوو. فایتوونچی یەکان ناوی خاوەنماڵەکانیان دەزانی. شەقامەکان بریتی بوون لە: زەنگەنە، عەسکەرخان، نەوگەچەر، شاهپوور، شابەختی، لە پیاوە بەناوبانگەکانیش ئەو کەسانەم دێنەوە بیر: توتونچی، وسووقیان، ئەفشاریان، فەتحی، سەرهەنگ کەریمی. دوو دوکتۆری باشیشی لێ بوون بەوناوانە:
1- دوکتۆر سەولەت کە دوژمنی قەستەسەری کوردان بوو.
2- دوکتۆر گڕمان کە یەکجار کورد دۆست بوو.
ئێستا بەپێی سەرژمارییەکی نەهێنی 40%ی دانیشتوانی ئەو شارە کوردن کە زۆرتر لەوگەڕەکانە نیشتەجێن: شاهپوور، مەهاباد، دانشکەدە، شێختەپە، شەهرەک، دزەیسیاوەش، گردەجوو، تەرزلوو. بەپێی حیساب لە 460 گوندی دەورو پشتی ورمی 400 یان کوردنشینو ئەو 60 گوندەی دیکە فەلە یان کوێرەسوننین. هەنوکە کوردەکان لەزیدەیان داوە.عەشیرەتەکان لەساڵی1358 بەبێتەقەو گیروگرفت بنکەیان لە ناوچەی بەندی ورمێ سەقامگیر کرد. ئەوەی وەبیرم بێت ئەو عەشیرەتانە بەشدارییان کردبوو: تاهیرخان سمکۆ(شکاک)، محەممەدئەمین حاتەمی(سیدانی)، تێللیبەگ (بەگزادە)، هەقی (هەنارە)، ڕەشیدبەگیماوانێ (هەرکی)، حاجیسامی (هەنارە)، خورشیدبەگی (بەگزادە)، سەراجەددین (بەگزادە)، جانگیرئاغا (دەری)، ئەحمە دبەگی (هەرکی). ئەوانە خێرا دەوروپشتیورمێ بە تایبەتی ئابیاری (سەرینچاوەی ئاوی ورمێ)یان خستە ژێرکۆنترۆڵو ئەوکی شاریان ڕێککوشی. بەدوای ئەوەدا بەرەو شوێنەکانی دیکە تێکشانو جیگە ئەستەمەکانیان بەردەست کردو بە بڵینگۆ ئاگادارییان بۆ خەڵک بڵاو دەکردەوە کە نەشڵەژێن. هۆی

داگیر کردنی شار پارێزگاری لە دانیشتوانیەتی لە بەرانبەر کۆمیتەو پاسدارەکان کە دەیانەوێ بە زۆری خۆ بەسەر خەڵک دا بسەپێنن!

جێگری فەرماندەری ژاندارمەری (سەرهەنگ ئەحراری)، فەرماندەری لەشکری 64ی ورمێ (سەرهەنگ‌زەهیرنەژاد) بەپەلە دەگەڵ‌ئاخوند (حەسەنی)و ئاخوند (قورەیشی) لەروکنی 2ی ستاد کەوتنەڕاوێژ. ئەودەم حکوومەت دەڵەمە بوو، لایەنگرانی شا کەوتبوونە بەر پاکسازی، پادگانەکان کە بەدوای فتوای خومەینی دا چۆڵ‌کرابوون بۆشاییەکەیان پێوەدیاربووو هێزی نیزامی پۆشتە نەکرابوو. بەشێک لە پێگەی ژاندارم لە ناو شاری ورمێ دەدەست خەڵکی ئاسایی دابوو کە کابرایەکی تورک بەناوی (پاشاپور) سەرافەتیی دەکرد. پادگانەکانی پیرانشار، جەڵدیان‌و گردکشانە هێزی یاریدەدەریان بۆ نەناردرابوو. خەڵکی ناو شاری بەتایبەتی کوردەکان چەکدار بوون. ئێعدامی بە کۆمەڵی فەرماندەرانی ڕێژیمی شا لە پێتەخت بەردەوام بوو. لە سەریەک هەل ومەرجی لەبار ڕەخسابوو. دەو دۆخەدا پەیام گۆڕینەوە دەگەڵ تاران دەست پێکرا. کەچی ئەرتەش بە ڕواڵەت ئامادەباشی درابۆیە بەڵام لە پادگانەکان دەرنەچووبوو. پاسدارو کۆمیتەچی لە شەقامەکاندا لە هاتوچۆدا بوون، بەڵام نیشانەی بەرەنگاری لاواز بوو چونکە لە پۆشتە کەوتبوو. لەولاشەرە چەکدارەکانی کورد ئاڵقەی شاریان تەنگتر دەکرد. دەوکاتەدا چەند تانک‌و زرێپۆش بەرەو (بەند) شوێنی بنکەی عەشیرەتەکان کەوتنەڕێ بەڵام لە (کوین کوێرپیسی) کەوتنە بۆسەی چەکدارەکانی ئارپی جی بەدەست‌و لەپشتەوش ڕا لە (دانشکەدە) ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ بەربەست کرا. لە (دزەی سیاوەش) چەکدار دامەزران. لە ئاکامدا زەهیرنەژاد ڕێگەی وتووێژی هەڵبژارد. دەو بەینەدا سەرۆک عەشیرەتەکان دەگەڵ دەفتەری سیاسیی‌حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە مەهابادو ڕێکخراوەکانی ناوچە بەتایبەتی ڕێکخراوەی شنۆ لە پەیوەندی دابوون. بەڵام حیزبی دێمۆکڕات ڕاستەوخۆ ڕای گەیاند کە ئەو هەڵویستە بەهەڵە دەزانێ‌و ئامادەنیە چ هاوکارییەکیان دەگەڵ بکات. کاتێک عەشیرەتەکان لە ویستی حیزب ئاگاداربوون وەڵامی وەفدی حکوومەتیان بەموسبەت دایەوەو لەماڵی (کاوە) لەشەقامی (دانشکەدە) دەگەڵ فەرماندەرانی ڕێژیمی ئاخوندی دانیشتن‌و بێلایەنیی خۆیان ڕاگەیاند. پێویستە ئەوەبگوترێ: ئەگەر بەدوای ئەو مەسەلەدا عەشیرەتەکان بە پشت ئەستووریی توانیان دژی حیزب چەکداربن، قیادەش بەهۆی سیاسەتی‌حیزبەکان توانی



عەشیرەتەکان بکاتە دوو باڵی بەهێز. بەداخەوە کۆماری ئیسلامیش توانی ئەوە بکاتە بەردی بناخەی سەقامگیر بوونی لەکوردستانی ڕۆژهەڵات‌و پاڵ پێوەنانی حیزب‌و سازمانەکان. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەوکات لە شنۆ ئەوانە کۆمیتەی‌حیزب بوون: نەبی‌قادری، مرادقادری، سەروان چەکۆ، مەلا محەممەدی کوڕی فەقێ ئەحمەدی سینگان، مەلاحەسەن چوارژن، ساڵح زەرزا، سەرلکەکانیش وەک لە بیرم بن بریتی بوون لە ڕەمەزان عەجەم، سەید ئەنوەر کوڕی سەید ئەحمەدی شاوانێ، سەید لەتیف کوڕی سەید محەممەدی سبیانێ، محەممەدی بەسێ خانمێ قوڕووشاوێ، مەلاسمایلی پیرێژنێ (کوردنەژاد).

لێرەدا بەرژەوەندیی حیزبی دێمۆکڕات بۆ خاوەن نەزەران دهێڵینەوەو بەمێژووی دەسپێرین. بەڵام‌ئەوەی جێگای‌داخبوو لە ساڵی 1358 تەشکیلاتی شنۆ بە نەهێنی بڕیاری بەردەست کردنی پادگانی‌ورمێ دەکاتە گەڵاڵەیەک‌و هێزێکی پێشمەرگەی بۆتەرخان دەکات. دەحاڵێکدا ئەو هێزە نە ئاگای لەوەزعی شاری‌ورمێ هەبووو نە تەشکیلات دەگەڵ ئەفسەرانی پادگان دە پەیوەندی دابووو نە دەگەڵ دانیشتوانی شار کاکەو برالەی هەبوو. هەتا زۆربەی پێشمەرگەکان لەنێوشار حەوجێ بە چاوساخ بوون. لە لایەکی‌دیکەوە لە ساڵی 1358 پادگانەکان پۆشتە کرابوونەوە، حکوومەت پشوەکی هاتبۆوە بەر، بەداخەوە بەهۆی سیخوڕەکان ئاگاداری ئەو هێرشە ببوو، لە هەموو حاستێک بۆسە دانرابۆوە. بەرلەوەی پێشمەرگە بتوانی تێلدڕوو هەڵبڕێ بەشێک لەپێشمەرگە لە دەوروپشتی (کوی‌ئەخگەر) دەکەونە کەمینی قازاخی پادگان‌و دەگەڕانەودا دەکەونە ئابلۆقەی کۆمیتەچی‌و پاسدارو بەسەر لێ شێواوی لێک هەڵدەبڕێن‌و لەنێو کووچەو کۆڵانەکانی شار بڵاو دەبنەوەو لە ماڵەکانیش‌ڕا تەقەیان لێدەکەن. لە ئاکامدا گەلێک لەوهێزە شەهیددەکرێن. ئەوانەی بەبرینداری دەکەونە بەردەست وەبەر باڵتەو قەمەی‌تورکان دەکەون‌و ئەو پێشمەرگانەی بەدیلیش دەگیرێن دەکەونە بەردەستی ئیتیلاعات‌و بە نامەردی گوللەباران دەکرێن‌و لە تەرمەکانیشیان حاشا دەکەن! وەک لەبیرم بێت ئەوکاتە ئەو حەوتکەسە کاروباری ئیتتیلاعاتی ورمێیان ڕادەپەڕاند:

1- نیعمەتی ڕەئیسی دوخانیاتی ڕێژیمی شا،

2- سەداقەت پێشە

3- پاشائی

4- کەریم جەوانمەرد ئەندازیار
5- ئەسغەر مرادی
6- عەبدی
7- حاجی

## سەرهەڵدانی جموجۆڵی نەتەوەیی

ساڵی 1357 کە ڕێژیمی شایەتیی ئێران ڕووخا بەڕواڵەت ڕێگە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی تەختبوو. لە بەلووچستان، تورکەمەن سەحرا، گومبەدی کابووس‌و خووزستان جموجۆڵی نەتەوەیی سەری هەڵدا. بەڵام هێرشی بێبەزەیی‌یانەی کۆماری ئیسلامی گڕی ئەو چۆڵە چرایەی زوو دامرکاند، چونکە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە ڕێبەرایەتی خومەینی کە کەسایەتی‌یەکی ئاخوندی شیعە بوو سەرکەوتوویی وەدەست هێنابوو، پسوولەی مەلاکانی خستبوە بڕەوو ڕێبەرایەتیی ئاخوندەکانی شەرعیەت پێدابوو، ئەو ئاهۆیە کوردستانیس ڕۆژهەڵاتیشی‌گرتەوە. لە شاری سنە ئەحمەدی موفتی‌زادە بنکەی قورئانی دامەزراند. هەزاران کەس لێی کۆبوونەوە. حکوومەتی تازە بنیات نراوی کۆماری ئیسلامیش بنکەیەکی شیعەی لە بەرانبەر سوننەدا لە سنە کردەوە. ئەوەش بڵێین ئاغای موفتی‌زادە چ بایەخی بۆمەسەلەی نەتەوایەتیی کورد دانەدەنا، تەنیا دەمارگرژێکی سوننەبوو. لە ئاکامدا لە نێوان ئەو دوو ئایین‌پەرستەدا کێشە سازبووو خەڵکی ئاسایی کەڵکیان لێوەرگرت. لەڕێکەوتی 57/12/27 پادگانی‌سنە گەمارۆ درا بەڵام خەڵکەکە بێسەرپەرستبوون‌و یەکگرتوویی‌یان نەبوو. بەتەقەی ناو پادگان لێک ترازان. حکوومەت هەلی بۆ ڕەخسا، هێزی یاریدەدەری لە کەرماشان‌ڕا بۆ گوێستنەوە. پادگان پۆشتە بۆوەو خۆی بە دەستەوە نەدا. دەو جەنگەی‌دا لەلایەن کۆماری ئیسلامیڕا چەند کەسایەتی بەناوی دەستەی نوێنەران هاتنە سنە کە بریتی بوون لە:
1- ئاغای بەنی سەدر
2- ئاغای ڕەفسەنجانی
3- ئاغای تاڵەقانی



هەرچەند ئەوکات ڕێکخراوی سیاسی‌وەک: کۆمەڵە، پەیکار، چریکی فیدائی‌و توودە لە سنە هەبوو بەڵام هیچ جۆرە پەیوەندیی سیاسی‌یان پێکەوە نەبووو بەڕبەی یەکتری‌یان نەدەپێوا. لەئاکامدا بەهۆی ئەو هەیئەتە لە سەر ئەوە ساخ بوونەوە کاروباری ناوشاری سنە بەدەست خەڵکی نەحیزبی بسپێردرێ. بەڵام ئەحمەد موفتی‌زادە کە لایەنگرانی بە عەللامەیان ناو دەبرد، دەستی لە ئایین پەرستی هەڵنەگرت. لە ڕاستیدا ئەوکابرایە بوو بەمووی دەماخی ڕێکخراوەکان‌و بوو بە یەکێک لە دژکارانی نەتەوەی بەشخوراوی کورد. ناوبراو بەهۆی لایەنگرانی وەها غەڕڕە ببوو کەخۆی بەپاشای شەترەنج دەزانی. هەرئەو لەخۆ بایی‌بوونەو نا ئاگایی‌یەش لە کێشەی نەتەوەی‌کورد، وای لێکرد وەک بڵقی سەرئاو بپووچێتەوە. بە دوای‌ئەوەدا چەمڕان وەزیری دیفاعی کاتیی ئێران بۆ ئاژاوەنانەوە دێتە پاوەو بۆ خۆ سەپاندن بەسەر خەڵکی ئەو شارەدا دنەی پاسدارەکان دەدەا. گوشارەکە توندکەن‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردیش لێی ڕادەپەڕن‌و شەڕ هەڵدایسێ. کەچی بە تەقەی پاسدارەکان گەلێک خەڵکی ئاسایی لە شەقامەکاندا شەهید دەبن، بەڕەهێڵەی ئارپی‌جی‌و سارووخ گەلێک ماڵ خرا دەبن‌و خەڵکەکی زۆر بە بێتاوانی دەکوژرێن. لە ئاکامدا کوردکوتەنی چەمران کونەمشکی لێدەبێتە قەیسەری‌و دەکەوێتە ئابلۆقەی پێشمەرگەکان‌و هەموولایەکی لێدەگیرێ. باڵی ئایینی لە تاران کە ئەو تەڵەیان دانابۆوە، هەتا خومەینی تێکەڵی گیچەڵەکە بکەن، داوای فتوای لێدەکەن‌و خومەینی جگە لەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی بەحیزبی شەیتان ناو برد، ئەو فەرمانەشی (لە ئووتی 1979) دەرچواند:

## فەرمانە کانی خومەینی لەسەرکوردستان

لە هەموو ولآی ئێرانڕا تاقمی جۆراوجۆری ئەرتەش‌و پاسداران‌و پیاوانی بەغیرەت داوایان کردووە کە دەستوور بدەم بچنە پاوەو کۆتایی بە فیتنەکە بێنن. ئەمن سوپاسیان دەکەم‌و دەوڵەت‌و ئەرتەش‌و ژاندارمەری ئاگادار دەکەمەوە کەئەگەر تا 24سەعاتی دیکە بە تۆپ‌و هێزی پۆشتەو پەرداخەوە بەرەوپاوەوە ڕێنەکەون، ئەمن هەموانیان بە بەرپرسیار دەزانم. ئەمن بەناوی سەرۆکی گشتیی هێزەکان

فەرمان دەدەم بە سەرۆکی ستادی ئەرتەشو ژاندارمەری کە فەورەن بە کەرەستەی تەواوەوە بۆ ناوچە وەرێ کەونو فەرمان دەدەم بە هەموو پادگانەکانی ئەرتەشو ژاندارمەری کە بەبێ چاوەڕوان کردنی فەرمانێکی دیکەو بەبێ زایەکردنی کات بە هەموو کەرستەوە بۆلای پاوە بکەونەڕێو بە دەوڵەت فەرماندەدەم کەرستەی وەرێکەوتنی پاسداران دابین بکات. فەرمانی دووهەم ئەمن هێزی ئاسایش بە بەرپرسیاری ئەو کوشتارە درندانەیەدەزانم ئەگەر لەوفەرمانە خۆ ببوێرن دەگەڵوان کردەوەی شۆڕشگێڕانەدەکەم. پەیتاپەیتا لەناوچە ڕا هەواڵ دەدەن کە دەوڵەتوئەرتەش چیان نەکردووە. ئەمن ئەگەر تا 24 سەعاتی دیکە کاری بەجێ نەکرێ سەرۆکانی ئەرتەشو ژاندارمەری بە بەرپرسیار دەزانم.
وەسەلام ڕووحوڵلاولمووسەوالخومەینی 22ی گەلاوێژی 1358

بە دوای فەرمانی خومەینیدا کوردستان بوو بە گۆڕەپانی تەراتێنی چەکدارە خوێنمژەکانی کۆماری ئیسلامی. لە هەردو ئاسمان ئاگرو ئاسن بەسەر کوردستاندا دەباری. مەلا شێخ عێزەددین حوسەینیو شەهید دوکتۆرقاسملوو سکرتێریگشتیی حیزبی دێموکرات بۆ بەرگری لە ڕەشەکوژیو کاولکردنی کوردستان لە شار وەدەرکەوتنو بەپێشمەرگەیان ڕاگەیاند لە شارەکان دەرکەونو لەشاخەکان دامەزرێن. دوکتۆر قاسملوو ڕاستەوخۆ داوای یارمەتیی لە حیزبەکانی ئەودیو کرد. ئەوکات مەسعوود بارزانی لە تاران دەبێ. کاک سامی سنجاریو کاک جەوهەرنامیق دەبینێ. بەڵام ئەوان دەڵێن: بەهۆی ئەوەی ژنو منداڵیان لەکەرەج دان، ناتوانن خۆ تێکەڵ کەن، بەڵام بێلایەن دەبن.

هەرچەند بەداخەوە کاتی هێرشی سوپای کۆماری ئیسلامی، چەکدارەکانی قیادە لەگشت بەرەکانی شەڕدا وەپێش پاسدارە کوردکوژەکان کەوتبوونو سینگی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیان کردبوە نیشانە. کریس کۆچیرا لەکتێبی خەباتخوازی کورد وەرگێڕاوی کاک ئاسۆ حەسەنزادە، لەمەڕ فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کوردەکان (ئووتی 1979)، لە پەیوەندی لەگەڵ پاوەدا دەڵێ: جێگری وەزیری دیفاع مستەفا چەمران لە گوندێکی دراوسێرا فەرماندەریی عەمەلیاتەکانی دەکرد. زۆری نامێنێ لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبیدێموکراتەوە بە دیل بگیرێ بەڵامبەهۆی ئەوەی چەکدارەکانی پارتیدێموکراتی کوردستانی عێراق



بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانی دێنە مەیدانو ناهێڵن پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان موهیمماتی پێویست بگەیەننە ئەوپێشمەرگانەی چەمرانیان گەمارۆ دابوو، مەجبوور بەکشانەوە دەبن وچامران ڕزگاریدەبێ. ئەوەش یەکێک لە لاپەڕەکانی مێژوویی لەت لەت بوونی کوردەکانە کە ناکرێ زۆر شانازیی پێوە بکرێ. سەرەنجام خۆڕاگریی پێشمەرگە ڕێژیمی بەچۆکدا هێناو پاش شەڕێکی سێ مانگە ڕێگە بۆوتوێژ هاوەلابۆوەو خومەینی لە کەری شەیتان دابەزیو ئەو فەرمانەی دەرکرد:

بەناوی خوای بەخشندەو مێهرەبان

سلاو لەخوشکو برایانیکورد کە بە وەفاداریی خۆیان بە ئیسلامو کۆماری ئیسلامی پێشیان بە پیلانی خائینان بەولات گرت. ڕاپۆرتی وەفدی تایبەتی هەروابوو کە ئەمن لە خوشکو برایانی کورد چاوەڕوانیم دەکرد، کە هەرگیز خۆ لە ئیسلامو ئێران بەجیا دانانێنو ئەوەی خراپەخوازان وەپاڵیان دەدەن لە فەسادو پیلانگێڕی بەولاوەنیە. نۆکە دەمەوێ هێندێک بابەت بۆ ئێوە خوشکو برایانی کوردو براکانی دیکە شیکەمەوە:

1- لەوکاتە ئاستەمە دا کە نەتەوەی ئێمە لەگەڵ تالانکەرانو لە پێش هەموان‌دا ئامریکا بەرەو ڕوویەو بۆ دابینکردنی مافی خۆیو وەدەست هێنانی ئەو پاشەکەوتە یەکجار زۆرانەی محەممەد ڕەزا شا بەتالانی بردوونو دادگایی کردنی ئەو جینایەتکارە، هەستاونەوەو هەموو توێژەکانی نەتەوە لەو کێشە گرنگەدا یەک گرتووو یەکدەنگ بوونە، خوشکو برایانی کورد لەهەرکوێ هەن دەبێ پێش هەمووشتێک لەوکارەدا بەشداری بکەنو لەگەڵ خوشکو براکانی دیکە هاودەنگبنو پێویستە لێبڕاوانە پێش بەو دوو بەرەکییانە بگرن کە خراپەخوازان پێکیان دێنن.براکانم!

ئەورۆ هەر دووبەرەکییەک لە بەرژەوەندیی ئامریکاو بیگانەکانی دیکەیە. ئەوە ئەوانن کە لەدووبەرەکییەکانی ئێمە کەلک وەردەگرن دەیانەوێ بمان کێشنە دیلی. هەستنەوەو پیلانگێڕان ئامۆژگاری بکەنو ئەگەر قبووڵیاننەکرد لەخۆتانیان دوورکەنەوەو لە ناوچەکانی خۆتان وەدەریان بنێنو یا بیانگرنو بیاندەنە دەستی کارگێڕانی میری.

2- ئەمنو هەموونەتەوە ئاگاداری ئەو ستەمانەین کە بە درێژایی حکوومەتی سەرەڕۆ لە ئێوە برایانیکورد کراوەو ئاگاداری ئەو تەبعیزو فەرق وجیاوازیانەین کە بەپێچەوانەی ئیسلام لەدژی ئێوە دەکارکراون. بەڵام دەبێ بزانن‌کە تەنیا ئێوەبرایان نەبوون کە کەوتنە بەرستەم. برایانیدیکەیتورکو لوڕو عەرەبو بەلووچو فارسو تورکەمانیش دەگەڵ ئێوەدا بەشدار بوونو هەموو بێبەش بوون لەوەی ئێوە لێی بێبەش بوون. ئەگە ئێوە سەرنج بدەنە کۆخ نشینانی تاران دەبینن کە ئەوان لە هەموان بێبەشترن. ئەمن دەزانم کە لە حکوومەتی کاتیشدا ئاوەها کە ویستی ئێوەو نەتەوەیە پێڕانەگەیشتوون، بەڵام دەبێ بزانن دیسانیش دەوکارەدا هەموو براکانتان شەریکن. دەوڵەتی کاتی بە تێکۆشانێکی تەواوەوە خەریکی سەروسامان دان بوو بەڵام شێواوی‌یەکان ئەوەندە زۆرن کە چاکردنەوەیان پێویستیی بە ماوە هەیەو ئەمن هیوادارم کە بۆ هەموو نەتەوەو بۆ ئێوە برا کوردەکان کەرستەی ئاسایش دابین بکرێ. ئێوە برایان دەزانن کە نوێکردنەوەو ئاوەدان‌کردنەوە دە ناوەندێکی شێواودا کە خەڵک تێیدا دەئەمان دانین، بە زەحمەتو یا نەگونجاوە. ئێوە برایانی ڕۆژئاوای وڵات تێبکۆشنو لەسەرەخۆیی خۆتانبپارێزنو بزانن کە بە هێمنی کارەکان چاک دەبنو لە بەرژەوەندیی ئێوەو ئیسلامو موسوڵماناندایە.

3- داوا لەوەفدی تایبەتیی حوسنی نییەت دەکەم کە بە وتووێژی خۆی دەگەڵ کەسایەتی‌یەکانی ئایینی، سیاسی، نەتەوەیی‌و تاقمەکانی دیکە پەیوەندی گرێدا، هەتا دابین کردنی داخوازی‌یەکانی ئێوە کە داخوازیی منیشن، بەشێوەیەکی دڵخواز بکرێو ئاسایش کە لەگەورەترین نیعمەتەکانی خودایە لە ناوچەدا سەقامگیربێو ئێوە برایانی کورد شانبەشانی براکانی دیکە بەخۆشیو هێمنایەتی بژینو چاوی تەماحی بیگانەکان بۆ هەمیشە لەوڵاتی ئێمە ببڕێ.

4- ئیسلامی مەزن هەموو فەرقو جیاوازی‌یەکان مەحکووم دەکاو تایبەتمەندی یەکی بۆ هیچ تاقمێک دانەناوە، تەقواو پەیمان بە ئیسلام تەنیا گەوریی ئینسانەکانەو دەپەنا ئیسلامو کۆماری ئیسلامیدا مافی بەڕێوەبردنی کارەکانی نێوخۆیی‌و ناوچەیی‌و لابردنی هەرفەرقو جیاوازی‌یەکی فەرهەنگی‌و ئابووری‌و ڕامیاری هی هەموو توێژەکانی نەتەوەو لەوان برایانی کوردیشە کە دەوڵەتی



کۆماری ئیسلامی بۆ دابین‌کردنی لە خیراترین‌ماوەدا بەرپرسیارو دەستەبەرەو بەویستی خوای مەزن، بە زوویی یاسای تایبەتیی بۆ دادەنرێ.

5- لە دواییدا دیسان سەرنجی زانایانی بەزانستو مەشایخی گەورەو ڕووناکبیرانی بەڕێزو برایانی ئازیزی دیکە لە سەرتا سەری ئێران بۆ هەلومەرجی ناسکی ئەوڕۆی ئێرانو جەبهەگرتنی دوژمنانی نیشتمانو ئیسلام لە بەرانبەر نەتەوەی خۆشەویستو بڕوبیانووی هەمەلایەنەیوان بۆ سەرکوت کردنی هەستانەوەی ئیسلامیو نەتەوەی گەورەو بۆ گێڕانەوەی هەمەلایەنەی بۆ وڵاتی ئیسلامیی ئێمە ڕادەکێشم. ئایا لەو جەنگەیدا داوای خۆ بەکەم گرانەی ئەو خزمەتکارە کە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی تێپەڕ دەکا بەجێ نیە؟

6 - خوشکو برایانم لە سەرتاسەری وڵات، ئەمن دەستی خۆم بۆلای ئێوە ڕادەکێشم، و بۆخاتری خوایو ئیسلامو وڵات عاجزانە داواتان لێدەکەم کە هەموو توانای خۆتان بۆڕزگاریی نیشتمانەکەتان دەکار بکەنو چەکی ساردو گەرم واتە قەڵمووتەو ڕەشاشتان لە ڕووی یەکتری وەرگێڕنەوەو دە دوژمنانی مرۆڤایەتی‌یان بگرن کە لەسەرووی هەموان ئامریکایە. خوایە، ئەمن ڕاسپاردەی خۆمم کە ئامۆژگاری کردنی نەتەوە بوو لە ڕادەی توانای خۆمدا بەجێهێنا، تۆ وەڵامدەرەوەی. سڵاوی گەرمی من بۆ نەتەوەی خۆشەویستو برایانی کوردو ڕەحمەتی خواتان لێبێ.

روح‌اللەالموسوی‌الخمینی26ی خەزەڵوەری 58 (26ی زیحەججەی 99)

جموجۆڵی خوێندکاران

پاش18ساڵ زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی، لەساڵی1367ی هەتاوی خوێندکارانی ئێران ڕقو تووڕەیی خۆیان لە دژی سەرەڕۆیی‌و پاوانخوازی دەربڕیو دروشمی بێزاریی خۆیان لە دامودەزگای کۆماری ئاخوندی لە شەقامەکانی شارەکانی ئێراندا دارودەستەی هاشمی ڕەفسەنجانی دەگەڵ گۆپاڵ بەدەستانی حیزبوڵڵا هەڵگرت. بەدروشمی (خوانەکا خامەنەیی حوکمی جەهادمان پێبدا، ئێراندەکەینەکەربەلا) کەوتنە گیانی خوێندکاران، بەدەیان کەسیان کوشت سەدان‌کەسیان بەبیانووی (فیتی شەڕقو غەڕب) هەڵەپەستی بەندیخانان کرد. بەڵام دوایی بانەمەڕی 1367

لە ئاکامی سێڵاوی ناڕەزایی خەڵکدا سندووقی دەنگەکان کەوتنە بەر چاوەدێریو ئاغای خاتەمی بە زۆربەی دەنگ بەسەرەک کۆمار هەڵبژێردرا. لێرەدا پێویست ناکا ئامارژە بەوە بکەم کە خوێندکارنو پێشرەوانی سیاسی بۆچی خۆیان دەبن شاقەلی عەبای ئاخوندەکاندا پەنادا. چونکە ئێعدامی بە کۆمەڵو تیرۆری بەدرێژایی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەتی کوشتنی ڕووناکبیرو زاناو پسپۆڕان لە هەموو گەلانی ئێران وەڵامدەری ئەو پرسیارەیە. دەنا هەمووکەس دەزانێ کە ئاغای خاتەمی کێ یەو کێ بووە! ئاخۆ ئەو هەرئەو کەسە نەبوو کە بەدرێژایی دەساڵ لە بەرپرسایەتیی وەزارەتی ئێرشاد دا سەدان وهەزاران لێوی دروونو سەدان قەڵەمی شکاندن؟ ئاخۆ هەر ئەوکەسە نەبوو کە لە نێوان 250 کاندیدای وەلانراو (لەلایەن شۆڕای نیگەهبانەوە) تاکە کەسی پەسندکراو بوو؟ ولەسەریەک دارو دەستەی (ئیسلاح تەڵەبان) لە حیجاریانەوە بگرە تانووریو مەهدی کەڕرووبیو.... بەدەستەڵاتترین مۆرەی قودرەت بوونە لەدەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا! و تەنانەت بەشێک لە بەرپرسایەتیی (پێکهێنانی شوورای ئەمنییەتی ناوخۆ)، بەسیج، سپا، حیزبوڵلا، ئەنسارو ئیدارەی (ئیتتیلاعات)یان بەدەستەوەبووە! لە چ دەست درێژییەک دەرهەق بە خەڵکی ئێران دەستیان نەپاراستووە، کە نووسینی بیۆگرافیی هەریەک لەوانە پێویستیی بەنووسینی کتیبێکی سەربەخۆ هەیە کە لەوبابەتەدا ناگونجێن. بگرە زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەش کە خۆ بەلایەنگری (ئیسلاحتەڵەبان) لە قەڵەم دەدەنو دژی پاوانخوازان هاتوونەتە مەیدان، (باڵی دینین) و لەحکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی خۆش خزمەتی بوونەتە خاوەن پلەوپایەو لەو ڕێگایەوە ئیجازەی ڕۆژنامەگەرییان پێدراوەو ئیواشیان تێدایە کە بە هۆی حوکمڕانیی ئاخوندیو نواندنی زەبرو زەنگ داسەپاندنی دەستەڵات لە کوردستاندا ئەوپلەو پایەیوەرگرتووە. وەک ئاغای جەلالی پوور کە فەرمانداری مەهاباد بووە. باچەلێ واز لەو باسە بێنینو لە چاوگەی قانوونی ئەساسیڕا لێیبڕوانین. ئاخۆ سەرکۆمار دەتوانی ئەو وادەو بەڵێنیانە بێنێتەدی کە بە خەڵکی ئێرانیداون؟ ئاخۆ سەرکۆمار لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی حکوومەتی ویلایەتی فەقیەدا دەتوانی دێمۆکراسی بە دیاریبێنی؟ هەرچەندە ئاغای خاتەمی بەومەوعیزانە توانیهەرنەبێ بۆ ماوەی4ساڵ هەستی قژقژ کولێوی خەڵک دامرکێنیو دەنگی بەرز کپ کاتەوە، ئەوە دێو دەورەی 4ساڵەش تەواو دەبێ، ئایا



توانیویەتی لەو بەشەی قانوونی ئەساسی کە هەیەو بەڵام بەڕێوە نەچووە پاریزگاری بکا؟ ئەگەر لە بیرمانمابێ لە گەرمەگەرمی ئەو مەوعیزانەی سەرەک کۆمار خاتەمیدا، دەیان ڕووناکبیر، نووسەر، شاعیرو هەستیار بەشەو ڕفێندران، تیرۆرکرانوگیران، لەوانە فروهەرو خیزانی بوون کە بەناحەق خوێنیان ڕژا.

لە کاتێکداکە (حیجاریان) جێگری سەرۆک کۆمار تیرۆر دەکرێو تیرۆریستەکان لە دادگادا گەمە بە قانووندەکەن، پێموایە ئیدی فارس گوتەنی پایان داستان است، ئەگەر لەبیرمان نەچووبی ئاغای خاتەمی دەیگوت: ئەگەر قوەی قەزائییەی لە ژێر دەستەڵات دا بوایە ئێرانی دەکردە بەهەشت. وەک دیتمان لە مەجلیسی شەشەم سێڵاوی خەڵک تاسەی سەرکۆماری وەدیهێنا. لە پووشپەڕی 1379 زوربەی کورسییەکان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی کەوتنە دەستی ریفۆرم خوازان بەڵام هەتا ئێستا چ مۆعجیزە نەخولقاون! گیراوەکانیش ئازاد نەکراونو تاسو حەمامی قوەی قەزائییەش نەگۆڕاوە! باسیدێمۆکراسیش دەمێشکی هیچکام لە دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا نەگۆڕاوە. کەچیدەورەی خاتەمی ئەوەبەرەو تەواوبوون دەڕوا! لە قسەکانی خاتەمیدا ئەوە بەدی دەکرێ کە دەبێ دیسان حەول بدرێ کەناوبراو بۆ جاری دووهەم بۆ سەرەک کۆماری دەنگ بێنێتەوە، دەنا کات بۆ جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی خەڵک زۆربەرتەسکو کەمە! بەڵام دەڕاستیدا ئەوانە جۆرە شەڕە زێڕینگەرییەکن. شەڕو هەڵلاو کێشە لە نێوان ئاخوندەکاندا چ پەیوەندییەکی بە ئازادیو دێمۆکراسیو گۆڕانکاریی قانوونی ئەساسیو یا بەسەرداچوونەوەی قانوونی جەزائی سەدەکانی نێوەڕاستدا نیەو تەنیا لەسەر دابەشکردنی دەستەڵاتە لەنێوان خۆیاندا. ئەو مەوعیزەو پڕوپاگاندانە ناتوانن ببنە دەستەبەر بۆچارەنووسی خەڵکی ئێرانو ڕزگار بوونیان لە ژێر قەمچیی ستەمی دامو دەزگای ئاخوندی. سەرکۆمار ناتوانێ لە بەرانبەر پاوانخوازاندا لە ڕۆژنامەوانانی سەربە ریفۆرمخوازان پاریزگاریبکا. ئەو زیپکو زاکوونەی نیە لە ڕووداوی خوێناویی کووی دانیشگاه،دا کە ئەوەی بێفەزیحەتی بوو پێیان کردن ڕەخنە دەربڕێ، دەخۆ ڕانابینێ لەمەڕ ئەو هەموو تیرۆرە کە بەئاشکرا دەکرێن هەڵویست بگرێ، چۆن دەتوانێ دێمۆکراسیو ئازادی بۆ خەڵکی ئێران دەستەبەربکات؟ ئێستا با لەڕوانگەی قانوونڕا لە بابەتەکە ورد بینەوە. ئەسلی 113ی قانوونی ئەساسی دەڵێ: لە دوای ڕێبەر، سەرکۆمار لەوڵاتدا بە دووهەمین دێتە ئەژمارو

بەرپرسایەتیی قانوونی ئەساسیو قووەی موجریەی بەئەستۆوەیە بێجگە لەو بەشانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی‌یان بە ڕێبەرە. ئەسلی 57ی قانوونەکە دەڵێ: قوای حاکم لە کۆماری ئیسلامی ئێران بریتی لە: قووەی موقەننەنە، قووەی قەزائیە، قووەی موجریە، کە لەژێر چاوەدێریی ولایت مطلقەی اللە دایە. هەرکام لەوانە سەربەخۆنە. ئەسڵی 110ی قانوونەکە دەڵێ: تەواوی ئیختیارات بۆ هەڵگێڕوەرگێڕ لە ئێران کە بریتی‌یە لە: سیاسەتی ژوورەوەو دەرەوەی‌وڵات لە ژێر دەستەڵاتی ڕێبەردایەو لە پیداچوونەوەی 1368/5/6دا بەلێ زیادکردنی ولایت مطلقة اللەو6 بەند بەئەسلی110 ئیدی هەرسێ قوە ڕاستەوخۆ کەوتنە بەردەستی ڕێبەر، چونکە دەبێتە مافوق‌قانون و ئیدی قانوونەکە لە ئیعتیبار دەکەوێو مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە دەستەڵاتی قانووندانانە دەبێتە فۆرمالیتە. ئەسڵی 93ی قانوونەکە دەڵێ: مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ شۆڕای نیگەهبان ئیعتیباری قانوونیی نیە. ئەسڵی 94 دەڵێ: پەسند کراوەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی دەبێ بنێردرێنە شورای نیگەهبان و ئەوان دەگەڵ شەرع و قانوونەکە هەڵی سەنگێنن، ئەگەر دژی ئەو دوانە نەبووپەسندی کەن دەنا ڕەدی کەنەوە. ئەسڵی 91 دەڵێ: ئەندامانی شورای نیگەهبان بریتین لە: 12 کەس لە عولەمای شەرعو ئاگادار لە قانوونی شەرعو پسپۆڕ کە 6 کەسیان لەلایەن ڕێبەرو 6 کەسیان بە پێشنیاری بەرپرسی قووەی قەزائییە بە مەجلیسی شورای ئیسلامی دەناسێندرێن. وەک دەبینین سەرەک کۆمار لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا چ دەورو دەستەڵاتێکی نیەو چەک کراوە! نیزیک بە50%ی خەڵکی ئێران بێکارن. لە177ئەسڵی قانوونی ئەساسی هیچ کامیان بۆ دابینکردنی ژیانی ئەوبێکارانە - هەروەک لەوڵاتانی پێشکەوتووی دنیا وەک ئامریکاو ئورووپاو ئۆستەرالیادا باوە - تەرخان نەکراون. ئەو بەشەی قانوونی ئەساسی کە پەیوەندیی بە شەرعەوە هەیە دەگەڕێتەوە1400سال پێش‌ئێستاو (اسوە) کە ڕەوشتی ئیمامەکانە. ئەوبەشانەش کە دەکرێ بەقانوون بناسرێن تائێستا بە هۆی سەرەڕۆیی پاوانخوازانو گۆپاڵ بە دەستانی حیزبوڵڵاو ئەنسارو جەللادانی حاکم بەڕێوە نەچوونە. ئەگەر سەرکۆمار بتوانێ لەو بەشانە پارێزگاری بکات! پەرژینی بەگوڵ بێ، دوور لە ڕووی ئێوە، کورد گوتەنی (کیری فیلی شکاندوە!) ئەو بەشە بریتی‌یە لەو ئەسڵانە: 15، 22، 23، 24، 25، 26، 27، 32، 37، 38، 39، 64، 68، 76، 84، 99و 115. بۆوینە ئەسڵی 115 دەڵێ: سەرکۆمار دەبێ مەزهەبی



شیعەبێ. بەوحیسابە موسوڵمانانی سوننی دەتوانن بێجگە لە ڕێبەرو سەرۆک کۆمار لە هەموو ئۆرگانەکانی حکوومەتو لە هەموو وەزارەتخانەکاندا هەتا دەستەڵاتی قەزائیەو موجریەو موقەننەنە دا بەشداربن. کەچی ئەوە 22ساڵ لەحکوومەتی کۆماری ئیسلامی تێپەڕدەبی، بەتاکە کوردێکی سوننی ڕێگا نەدراوە ببێتە جێگری سەرۆک کۆمار یاسەرۆکی وەزیرانو هیچکام لە وەزیرانی ئێرانیش کورد نین. هیچ کوردێک بۆ دادستانو یابەرپرسی (قووەی قەزائیە) ڕێگای پینەدراوە. ڕێگا بە هیچکام لە عولەمای مەزەبی سوننی نەدراوە ئەندامی (شورای نیگەهبان) یا (خیبرەگان) بن. کە چی قانوون تەنیا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەوانە دەبێ موسوڵمان بنو باسی مەزەبی شیعە کە مەزەبی ڕەسمی‌یە، ناکا. ئەسلی 12 دەڵێ دینی فەرمیی ئێران ئیسلامو مەزهەبی (جەعفەریی ئەسنا عەشەری)یە. ئەسلی64 دەڵێ: بۆ هەر150000 کەس نوێنەرێک لە خەڵکی ئێران دەچیتە مەجلیسی شورای ئیسلامی‌و لە بە سەردا چوونەوەی قانوونی ئەساسیدا (1368/5/6) بۆ هەر دووساڵ زیادکردنی بیست نوێنەر وەبەرچاو گیراوە، کەچی لە تەواوی ئوستانەکانی کوردنشیندا بریتی لە ئیلام، کرماشان، کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بۆ 350000 کەسیش نوێنەرێک هەڵنەبژێردراوە. لەو ...کەسەش قانوونی بازنگری واتە پێداچوونەوە تەنانەت یەک کورد هەڵنەبژاردراوە. هەتا لە دەورەی شەشەمی هەڵبژاردندا (پووشپەڕی 1379) دوونوێنەری کورد لەشاری‌ورمێ کە شاریکی کوردنشینە، لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا، لەدەورەی یەکدوو دا بەزۆربەی دەنگ هەڵبژێردران، کەچی ئاغای‌حەسەنی کە دەستی تا ئانیشک بەخوێنی کوردان سوورە، بۆ بەرگری کردن لە چوونی ئەودوو کوردە بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی، سندووقی دەنگەکانی باتڵ ڕاگەیاند. شورای نیگهبانیش کە ئاگاداری مەسەلەکە بوو، و ئاغای بەهائەددینی ئەدەب نوێنەری سنەو کامیاران، بە بوێری‌یەوە لە کاتی وتوویژ لە گەڵ گۆڤاری پەیام دا لە تاران ئەو باسەی بەتێروتەسەلی هێنا گۆڕێو گوتی: لەوبارەوە نامەی بۆ ئایەتوڵڵا جەننەتی بەرپرسی شەورای نیگەهبان نووسیوەو بەڕەخنەگرتن لە کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا ئاماژەی بەوەکرد کە میللەتی کورد داوای ئاشتیی میللی دەکەن. ئەسلی 15یقانوونی ئەساسی دەڵێ: زمانەکانی قەومی لەپەنا زمانی فارسی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار ئازادنو دەرس کوتن بەوزمانانە لە هەموو قوتابخانەکاندا ئازادە. کەچی ئەوە22ساڵ بە

سەر کوومەتی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕی لە  ورک، تورکەمەن‌و  عرەب و ئاسوری وئەرمەنی بگرە تا میللەتی کورد هیچ قوتابخانەیەکیان بۆ دانەناون‌و چ مامۆستایان بۆ ڕانەهێناون‌و  بۆدجەیان بۆ تەرخان نەکردوون. ئەو چەند ڕۆژنامانەی کە ئیجازەی دەرچوونیشیان پێدراوە لە ژێرچاوەدێریی ئیتتیلاعاتدا دەردەچن. هەر بۆ مەدحو سەنای ڕێژیمن‌و کورد کوتەنی ناتوانن ئەوەی زەرەری بۆ پەز هەبێ دەوی لێبدەن!

ئەسڵی 23ی قانوونی ئەساسی دەڵێ: پشکنینی بیروباوەڕ یاساغەو کەس نابێ بە هۆی جیاوازیی بیروباوەڕ هێرشی بکرێتە سەر یا بۆلێپرسینەوە بانگ بکرێت، کەچی تا ئێستا هەزاران کەس لە خەڵکی ئێران لە ئاکامی پشکنینی بیروباوەڕیاندا ئێعدام کراون، هەزاران کەس خراونە گرتووخانەکان‌و لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار کراون بوختان بەخۆیان بکەن (لەبیرمە لەزەمانی شای دا دەیان گیرایەوە، کابرایەکیان لە ساواکی ورمێ شکەنجەیەکی زۆر دابوو. کابرای بەدبەختیش هیچی پێنەمابوو لە ناچاری کوتبووی ئەمن بە خەتی ژێرزەمینی بەبن دەریاچەی ڕەزائیەدا دەگەڵ مائۆ ڕاستەو خۆ پەیوەندیم گرتووە. ژێر ئەو ئیعتیرافەشیان پێ ئیمزا کردبووو وەک شاکارێکی ساواک ڕایان گرتبوو!!) ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیش کە بە هەق میراتگری ساواکی شایە لەو شاکارانە بێبەشنیە، لە سەرفتوای ئاخوندەکان کوشتن‌و گرتن‌و جەزرەبەی ئەو خەڵکە بەکاری خیردادەنین‌و وا حاڵی کراون گوناحیان پێهەڵدەوەرێ. بە تایبەتیش بۆ میللەتی بەشخوراوی کورد. ئەسلی 38ی قانوونی ئەساسی دەڵێ: هەرجۆرە ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی قسە، یا شایەدی دانی بە زۆری‌و بەزەبری لێدان‌و کوتان یا سویندی بەتۆبزی یاساخە. ئەو چەشنە ئیقرارو شایەتی‌یا سوێندە لە ڕوانگەی قانوونەوە ئیعتیباری نیەو ئەوکەسەی ئەو کارانە دەکەن بەپێی قانوون‌سزا دەدرێن. کەچی تائێستا کەسێک نەبووە کە لە لایەن ئیتیلاعات بانگکرابێ‌و نەکەوتبێتە ژێرجەزرەبەو قەمچی لێدان، هەڵاوەسین، تەرسە دەستبەندو بێخەوی ناچار بە بوختان‌کردن بە خۆی‌و زمان لێدان لە کەسانی‌تر نەبووبی. سەدان کەس بە هۆی ئەو زەختە شەوێلاکەیان شکاندراوە، بە هەڵبڕانی نوخاع فەلەج بوونەو ....، ئەو چەشنە جینایەتانە لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوونەتە نیشانەی بیروباوەڕ بە ئیسلام‌و پلەوپایەی بۆئەو خۆفرۆشانە پێ‌زیادبوە. ئیدارەکانی ئیتیلاعات، پۆلیس، ژاندارمەری، بەسیج، سوپا، کۆمیتەچی‌و ئەنسار



هەموویان کەرستەی تایبەتیی ئەشکەنجەیان هەیە. دەیان کەس بەکارەبا داغ کراون. لە ئیدارەی ئیتیلاعات ئەوە 22ساڵە خەڵکی‌ئێران بەهۆی پشکنینی‌بیروباوەڕ کە ئەوان ناویان‌لێ‌ناوە موحاریب، مورتەد، زیدی ئینقیلاب، ئیلحادو مونافیق هەتڵە بوونە. خەڵکی ئێران‌وەها تۆقێندراون کە هەر ناوی‌کۆمیتەو ئیتلاعات هاتە سەرزاران، وڵات بەجێ‌دێڵن. هەنووکە زیاتر لە سێ میلیۆن ئێرانی بە ناچاری تەرکەوڵات بوونە. دەوڵەتو ئاغای خامەنەیی ئاگاداری هەموو شتێکن، چونکە بەپێی (قانوونی تەشکیلاتی شورای ئەمنیەتی ناوخۆ) پەسندکراوی 1361، هەموو ڕۆژی لە هەموو ئوستانەکانی ئێرانڕا ڕاپۆرتەکان کۆدەکرێنەوەو دەدرێنە تاران. شورای ناوبراو بریتی‌یە لە:

1- وەزیری ناوخۆ (کشور)،
2- یەکێک لە ڕاویژکارانی ڕێبەری،
3- بەرپرسی ستادی هاوبەشی نیزامی ئێران.
4- فەرماندەری سوپای پاسدارانی ئێران.
5- بەرپرسی ئیتیلاعات،
6- بەرپرسی شارەوانی (پۆلیس) ی ئێران،
7- بەرپرسی کۆمیتەکانی ئینقلابی ئێران،
8- فەرماندەری ژاندارمەریی ئێران،

ئەسڵی 154یقانوونی ئەساسی دەڵێ: حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە هەر جۆرە دەستتێوەردان دەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکانی دیکە خۆدەپارێزێ. بەڵام لە داوای هەقخوازانەی موستەزعەفین لە بەرانبەر موستەکبیرین دا لە هەر نوختەیەکی دونیا ڕاستەوخۆ پشتیوانی‌دەکا. ئەوە22 ساڵە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەبیانووی پشتیوانی لە موستەزعەفین بەسەدان میلیۆن دۆلاری لە سەرمایەی خەڵکی ئێران بۆ پەروەردە کردنی تیرۆریستو پێک هێنانی تاقمی توندڕەو لە لوبنان، ئەلجەزایر، عەرەبستان، ئەفغانستان‌و... بۆ ئاژاوە خەرج دەکا. چەند سەت میلیۆن دۆلاری دەئیختیاری ڕێژیمی فاشیستی سووریە نا هەتاکو کوردەکان سەرکوت بکاتو بە پێی ئەو ئەسڵەی قانوونی ئەساسی دەست دەکاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەردەدات. هەتانووکە دەیان تاقمی حیزبوڵڵاو سارولڵای لێ پێک هێناون‌و بۆتە ئاگری شەڕ هەڵایسین لە نێوان

سەرکردەکانی کوردی هەرێمی کوردستان. دەحاڵێکدا کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئاوا بە سەخاوەتەوە پووڵو دەستمایەی خەڵکی ئێران بۆ فەسادو جینایات تەخشان پەخشان دەکاتو بەشەندەو ڕەندەی دادەدات، زیاتر لەسی میلیۆن خەڵکی ئێران هەژارو بی ئەنوانو نیزیکبە دە میلیۆن لە خەڵکی ئێران بریتی لە کرێکاروخویندکار لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران بۆ ژەمەنانێک گەدایی دەکەن. ئەوە (اسوە)ی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌یە کە ئاغای خاتەمی دەیەوێ لەچوارچێوەکەیدا ببێتە فریشتەی دێمۆکڕاسیو خێروبەرەکەت!! لە هەموو دنیا بەرپرسی بەندیخانە هەر ئەوەندەی بەدەستە کە زیندانی وەربگرێو ئاگای لێبیو پاش تەواوبوونی سزای دیاریکراویش لە گرتووخانە بەرێدا. کەچی لە ئێران لە حکوومەتی کۆماریئیسلامی‌دا تائێستا سەدان پیاوو ژن پاش تەواو بوونی مەحکوومیەتیان، بە بیانووی ئەوەی کە تۆبەیان نەکردووە گوللەباران کراون کە لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ قانوونی جەنگەڵیشدا نایەتەوە! دەجا لە سەر ئەوەڕا کە هەر ئاخوندێک حاکمێکەو قوەی موقەننەنەش کە بریتی‌یە لە مەجلیسی شورای ئیسلامی بێدەستەڵاتەو شورای‌نیگەهبانی لە سەر سەری ڕاوەستاوەو پەسند کراوەکانی دەبێ لە لایەن ئەو شورایەوە لە بیژینگ بدرێن، چۆن دەتوانی وەڵامدەری داخوازەکانی خەڵکی ئێرانبێ؟ ئاخۆ زۆربەی ئەو کورسی‌یانە لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا چ دەردێک دەرمان دەکەن!؟ با ئەوەش بڵیین ئێران بە چ بارێکدا بگۆڕێ، بەداخەوە بۆمیللەتی کورد ئاسمان هەریەکڕەنگە. بۆ وێنە لە ساڵی1376ەوە هەتانووکە هەراو گوڕەی ئیسلاحتەڵەبان گوێچکەی خەڵکی کەڕکردووە. ئەو ڕۆژنامەوانە ئازادیخوازانە بۆ هەڵپڕژان بەیەکدی ڕۆژێ بە میلیۆن تیراژیان بڵاو کردەۆتەوە. دوولایەنبریتی‌لە: (ئیسلاح تەڵەب)و (ئینحیسارتەڵەب) بەنووسینو گۆتن هیچیان بۆیەکدی نەهیشتۆتەوەو هەریەکەی بە هەزارو یەک عەیب ئەویدی دەکوتێ. بەتایبەت (ئیسلاحتەڵەبان) کەدەم لە ئازادیو دێمۆکراسی دەدەنو داوای گۆڕانکاری دەکەنو لێکۆڵینەوەیان لە سەر جینایەتەکانی پاوانخوازانەو بەدوای زنجیرە کوشتنەکاندا شوێن‌دەگێڕن. ئی وەک گەنجی‌یان تێدایە کە دەنگی ئازادیخوازیی لەوانەیە ئاسمان بدڕێنی. بەڵام کە مەسەلە دەگاتە کوردەکان، تێکڕا، ڕەشو سپی بیدەنگ قڕوقەپ دەکەن! بۆ وێنە کاک عەبدوڵا ئۆجەلان ڕێبەری پ.ک.ک. لە 99/2/15 بە دەهۆی هاوپەیمانانی ناتۆ ڕفێندراو بە قۆڵبەستکراوی گەڕاندرایەوە



تورکیا. نۆکە دەژێر ئەشکەنجەی ڕەگەزپەرستانی تورکدا هەر ڕۆژەی جۆرەقسەیەکی درۆی لەزاری بڵاودەکەنەوە. ئەو کارەبەدەست تیرۆریستانی ئامریکاو ئیسرائیل ئەنجامدرا. دونیا ئەو مەسەلەی لە قاوداو هاوپەیمانانی ناتۆیان تاوانبارکرد. تەواوی ڕۆژنامەکان بەشەکیان بۆ ئەوباسە تەرخان کرد. کوردی هەرچوار پارچەکوردستانەکان بەتایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین نەفرەتو بیزاریی خۆیان‌دەربڕی. لە کوردستانی ئێرانیش کوردەکان بەمیتینگ بەشداریی خۆیان لە ناڕەزایی دژی ئەو کردەوەی هاوپەیمانانی ناتۆ دەربڕی. کەچی کەوتنە بەر ڕێژنەی گوللەبارانی پاسدارو بەسیجو چل کەسیان لێ کوژرانو سەدان کەسیش کەوتنە بەندیخانە کە کاک مستەفا هیجری (جێگری سکرتێری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران)یش لە وتوویژ دەگەڵ ڕۆژنامەوانێک لە پاریس ئاماژەی پێکرد. بەڵام لەو هەموو ئازادیخوازانەی ئێرانو قەڵەم بەدەستانی ئێرانی لە ژوورەوەو دەرەوە خۆ بەچاکەخواز دەناسێنن، بە ڕۆژی ڕوونو بەدوو چاوی زەق ئەوکارەساتە دڵتەزینەیان لەولاتی خۆیان دەدی کەچۆن هاوولاتیان بەوبیانوە دەدەنەبەرگوللە کەچی تەنانەت ئامادە نەبوون دیڕێک لە ڕۆژنامەکانیاندا بۆ ئەو خوێنە ڕژاوانە تەرخان‌کەن. ئاغای خاتەمی کە بەقسەو ئاخافتن چی تێدا ناهێڵیتەوەو خۆ بەجڵەوکێشی دێمۆکڕاسی دادەنی، تەنانەت لغاوەی بۆوتارێک لە مەڕ هاوپیمانانی ناتۆو خوێنی ئەو هاو وڵاتیانە هەڵنەپچڕا. هەرئەوکابرایەش قەڕائەتی ئیسلامی مەدەنی دێنێتە گۆڕی کە خەڵکی پێوەلاوێنێتەوە. ئەوانە هەموو شایەدی ئەوەن کە ئەو دارودەستە هیچکامیان لەوی دی باشتر نینو هەر داوی قوماشەکن. هەمو هەر ئازادی‌یان لە چوارچێوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەوی. ئەویش بۆ پاوان کردنی قودرەتی خۆیانو چ پەیوەندی‌یەکی بەڕزگاریی خەڵکو گۆڕانکاری دە قانوونی ئەساسی‌داو ڕەخنە لەویلایەتی فەقییەوەنیە. هەر ئەوانەی ڕێژیمی شایان بەدیکتاتۆری تاوانباردەکرد، کە هاتنە سەرکار هەر ئەوکارانەیان - تەنانەت زۆر توندترو بێبەزەیی‌یانەتریش - ئەنجامدا کە ئەو دەیکردن. وەک مستێک لەخەروار: ڕۆژی 28ی گەلاویژی 1358 ئاغای خومەینی فەرمانی جیهادی دژی کوردان داو حیزبی دێمۆکراتی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. چەمرانو ئەرتەش هێرشیان کردە پاوەو سەدان کوردیان شەهید کردو بەرەو نەوسوود، مەریوان، سەقز، بانەوورمی کەوتنە ڕێو ئەو کوشتارانەیان چەندپات کردەوە. لە قانوونی ئەساسیدا

پێشەکی ئاماژەبەوەدەکا کە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیو سپای پاسدارانی ئینقیلاب جگەلەوە پاریزگاری لە تخووبی ئێران دەکا، ئەرکی جەهادیشی لە ئەستۆیە. دیارە کوردکوشتنیش بەتەعبیری وەلایەتی فەقیە یەکێکە لەو جەهادانەو حوججەتولئیسلام خەلخالی زیاترلە400 کوردی لە پاوەو مەهاباد ئێعدامکرد. ڕۆژی 14ی بانەمەڕی 1362 دادستانی کۆماری ئیسلامی حیزبی تودەی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. لە1362/3/12 پەنجاونۆ لاوی کوردی مەهابادی لە بەندیخانەی ورمێ بەکۆ ئێعدامکردن. ساڵی 1357 کە ئاغای خومەینی لە پاریس گەڕاوە لە بەهەشتی زەهرا لە قسەکانیدا بۆ خەڵکی ئێران کوتی: چارەنووسی هەموو میللەتێک دەدەستی خۆیدایە. میللەتی ئەوکات چ حەقیان هەبووە چارەنووس ئێمە لەو زەمانەدا دیاری بکەن، مەگەر بابی دەئێمە وەلینیعمەتی ئێمەنە؟! (ئایەتوڵڵامونتەزیری کە لە لایەن پاوانخوازانی وەلیی فەقیە لە شاری قوم دەست بەسەرە، دەڵێ: ئیمام لەو قسەدا ئاماژەی بە سەحیفەی نوور، ج4، ل382 کردووە.) ئاغای خومەینی بەگوتە کە قانوونی ئەساسی نیوسەدەی ڕێژیمی ئەوەی ڕاگەیاندو بەکردەوەش هێنایەدی. پەهلەوی (پەسند کراولە1304) ناتوانێ چارەنووسی خەڵکی ئێران لە1357 دیاریکا، دەجا دەنگدان بە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیش کە ئەوکات خەڵکی ئێران 30میلیۆن بوون، ناتوانێ چارەنوسی 64 میلیۆنی ئێستای ئێرانیەکان لە 1379 دابین بکات، کە نیوەی زیاتریشی دەنگی پێ نەداوە. ڕاپەڕینی خوێندکارانی ئێران لە 2ی بانەمەڕی 1376 ئاماژەیە بەو قسەی ئیمام خومەینیو لەڕوانگەی پێشکەوتنخوازی دونیای تێکنۆلۆژی هەنۆکەش شتێکی بەجێو ڕەوایە. بێشک ئەو ڕاپەڕینە هەتا سەلماندنی بیرو بۆچوونیخەڵکی ئێرانو بەچۆکداهێنانی پاوانخوازانی ویلایەتی فەقیهیو سەقامگیر بوونی دێمۆکراسیو داڕشتنی قانوونێکی ئەساسیی پێشکەوتووکە مافی هەمووگەلانی ئێران دابین کات هەر بەردەوامە. ئەوەشمان لەبیرنەچێ کاتێک ئاغایخومەینی لەساڵی1357گەڕاوە ئێران تەمەنی 79ساڵبووو جگە لەوەی14ساڵ بوو لەئێران دوور کەوتبۆوە، لە هەموو شتێک دابڕابووو بەهۆی نەخۆشیو نەزانینی لە مەسەلەی ئابووری، توانای دانیشتن لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی نەبوو، و تەنانەت دەیەویست بگەڕیتەوە قومو فەرمانڕەوایی بداتە دەست پسپۆڕانی سیاسی، بەڵام هێندێک ئاخوند کە هەر لەپاریس لەدەوری هالابوون، هەوای پاوانخوازییان دەکەللەیدابوو، و گەرای ویلایەتی فەقیهیان بۆ



داڕشتبووو باڵی غەیرەدینیشیان ڕەگەڵ کەوتبون کە تێکەڵاوی هێندێک باڵیدینیبەڵام ڕووناکبیرترو پێشکەوتووتر بوون. ناوی باڵی پاوانخوازی دینی ئەوانە بوون:

1- موحەممەد حوسەینی بەهەشتی
2- عەبدولکەریمی مووسەوی ئەردەبیلی
3- سەید عەلی خامەنەیی
4- عەلی ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی
5- موحەممد جەوادی باهونەر

باڵی غەیرەدینیو دینییەکانی پێشکەوتووتریش ئەوانە بوون:

1- تالەقانی
2- مونتەزیری
3- موتەهەری
4- پەسەندیدە
5- موهەندیس بازەرگان
6- موهەندیس سەحابی
7- دوکتۆر سامی
8- قوتب زادە
9- بەنیسەدر

باڵی پاوانخواز هەموو ئۆرگانەکانی سەرووی وەک: دەستەڵاتی قەزایی، جێبەجێکردن، یاسادانانو دادستانیگشتی، دیوانی بەرزی وإت، شۆڕای پارێزەر، وەزارەتی ئیتیلاعاتو سەرۆک وەزیری داگیرکردو ئەو جڵەوە بۆ هەمووئوستانەکان ڕاکێشرا. حکوومەتی موهەندیس بازرگان هەرەسی هێناو لەتوانا کەوتو لە بەفرانباری1360 ئاغای بەنی سەدریش دەگەڵ مەسعوود ڕەجەوی هەڵاتو قودرەتکەوتەدەست پاوانخوازانی ویلایەتی فەقیە. ئاغای ڕەفسەنجانی یەکێک بوو لە مۆرەکانی قودرەتی ئەوباڵە پاش مردنی ئاغای خومەینی تیرۆری ڕووناکبیرانو نووسەرانو شاعیرانو سیاسەتمەداران دەستی پێکردو تیتاڵ تێهاڵاندنو گرتنو بەندکردن لە دەستووری کاری پاوانخوازاندا جێگای بۆ کراوەو ئەو دەستەیەش بوونە هاودەستیان:

1- میسباحی یەزدی
2- چەمران
3- فەللاحیان
4- ڕەجائی
5- نووربەخش
6- ویلایەتی
7- حەبیبی
8- میرسەلیم
9- لاریجانی
10- باهونەر
11- عەبدوڵای نووری
12- خەزعەلی
13- جەوادی ئامولی

و5 موجتەهید لە پسپۆڕانو 12 کەس لە ئەندامانی شورای پارێزەر.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پاش22ساڵ هەنووکەش دادگاکانی شۆڕش جێگای خۆیان نەداوەتە دادگاکانی گشتی، کەچی لەڕێژیمی دیکتاتۆریشدا کەبە کوودیتا دێتە سەرکار تەمەنی دادگاکانی نیزامی دەگەڵ تەمەنی شوڕای ئینقیلابو دادگاکانی شۆڕشدایە. کاتێک حکوومەتی قانوونی سەقامگیربوو ئەوچەشنە دەزگایانە کۆتاییيان پێدێ. بەڵام وادیارە لە ئێران ئێستاش پشێویەو حکوومەتی قانوون سەقامگیر نەبووە. یەکێک لە کارەکانی حکوومەتی دێمۆکراسی ئەوەیە کە دەبێ خێرا دادگاکانی شۆڕشو ئیدارەی ئیتیلاعاتو شورای ئەمنیتی ناوخۆ هەڵوەشاوە ڕاگەیەنێ، بەپێی قانوون بەشێک لە بۆدجەی دەوڵەت بۆ خەڵکی ئێران لەکاتی بێکاریدا تەرخانکاو وەکو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ببێتە دەستەبەری بژیوی خەڵک لەکاتی بێکاریداو لەوبەشانەی قانوون کە هێشتا بەڕێوە نەچوونە پارێزگاری بکاو قانوونی سەدەکانی ناوەڕاستیوەک قەساسو دیەو سەنگەسارو هەروەها ماددەکانی 208و 218و هتد... لەمەڕبڕینیقامکو دەستوقاچی مرۆڤ بە تاوانی دزی هەڵوەشێنێ. چونکە ئەگەر ئەوقانوونە بەڕاستی بەڕێوە چووبایە دەبوو ئێستا زۆربەی ئاخوندەکانو ئایەتوڵاکان کەلەو22ساڵەدا سامانی خەڵکی ئێرانو



خەزینەو دەفینەی میللەتیان تاڵان کردووەو دزیوەو بوونەتە لۆرتو ئەوەی نانی شەوێی نەبوو ئێستا بە ماشێنی بێنز دەگەڕێو لە ئێران هەرچی هۆتێلو کاخو کۆشکو کارخانەو بازاڕ هەیە ئیوانە، دەبوایە دەستولاقیان بڕابوایەوەو قامکی دەستیان کە قەڵەمی دزیی پێدەگرن بە تەورداس پەڕێندرابوایە. بەڵام ئەو قانوونە کە پەسندکراوی (1361/6/3)ە بەداخەوە هەر بۆ هەژاران بەڕێوەدەچێ، هەر فەقیرو قوڕبەسەرە برسییەکە بەتاوانی لە تەنانێک پەنجەی دەست قامکو لاقی دەپەڕێنن. هەتا ئەوچەشنە قانوونانە دەگۆڕێدابنو بەو قانوونی ئەساسییەوە داوای دێمۆکراسی ئەویش لەچوارچێوەی ویلایەتی فەقیەدا کارێکی شێتانەیە. بێگومان چ گۆڕانکارییەک لەوانەدا لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ناگونجێ. دەحاڵێکدا 170هەزار ئایەتوڵڵاو حوجەتولئیسلامو ڕەوزەخوێن لە سەرکورسی پاڵیان داوەتەوەو وڵاتیان خستۆتە ژێرچۆکی خۆو هەریەکە خۆ بە زلهێزێک دەزانن و کەس پسوولەی ئەوی دیکە ناخوێنیتەوە، ئەگەرهەرکام لەوانە 5 ئیسکۆرتی هەبێ ژمارەی یەک میلیۆنپێکدێنن، جگە لە بەسیج، سوپا، کۆمیتەچی، سارولڵا، حیزبولڵا، ئەنسار، ئیتیلاعاتو بەرەڵلا کە ئەوە 22ساڵە بۆ داسەپاندنی قودرەتو تاڵانی سامانی خەڵکی ئێرانو بڕینیسەرو زمانیانو جەزرەبەو هەڵاوەسینو لە قەنارەدانو ئێعدامی بە کۆمەڵو دەستو لاق پەڕاندنو زارهەڵدروونو قەڵەم شکاندنو تیرۆرو خەفەقانو سانسۆرو جەماوەر بەزاندن ڕکەبەری دەکەنو لە ژێر چەتری بەرەکەتی ویلایەتی فەقیهدا بوونەتە جەللاد. ئەگەر ئەو تاقمەشیان لێ زیادکەین کە بەهۆی فەسادو جینایەت دەرەجەی سەرهەنگیو ئەفسەریو تیمساریيان لەبن عەبای ئاخوندەکانڕا بۆ دەرچووەو بە فەرمانڕەوای سەرنیزە دەناسرێن، ژمارەکەیان دەکاتە سێ میلیۆن. کاتێک دەڵێین هەموو پێکەوە، مەبەستیان لەخۆیانە کە پێکەوە ئەوهەموو جینایەتەیان کردووەو لەویلایەتی فەقیە دا بەخۆیی دێنەئەژمار. ئەوهێندە بە بەژنو باڵای مەجلیسی شەشەم هەڵکوترا، زۆربەی کورسییەکانیش دەدەست ئیسلاح تەڵەباندا بوون. کاتێک لایحەی مەتبووعات بۆ چاکردن هات قسەی لێبکرێ، ئاغایخامەنەیی بە ناردنینامەیەک لە ڕێکەوتی79/5/16 هەمووی هەسدانەوە. ئەنسارو حیزبولڵا بە بڵاوکردنەوەیەک نوێنەرانی ئیسفەهانیان سەبارەت بە جوابەجەنگی یەکەیان بەوە چاوترسین کرد کە ئەگەر لە قسەکانیان پەشیمان نەبنەوەو تۆبە نەکەن بەویرەی گوللە مێشکیان ساغ دەکەنەوە. هەر

لێرەدا دوو ڕوویی مەهدی کەڕرووبیو سیاسەتی دوو لایەنەی جەنابی ڕێبەر ڕوون بۆوە!

دەوکەشەدا ئاغای خاتەمی ئەگەر زۆریش بەڕشت بێ چارەنووسی بەنیسەدر چاوەڕوانیدەکا. ئایەتوڵڵا خومەینی گوتوویەتی: حکوومەتی ئیسلامی نەئیستیبدادیەو نەموتلەقە، بەڵکوو مەشرووتەیە. بەڵام نەک بەو مانایە کە قانوون پەسند بکاو زۆرایەتیی دەنگی خەڵک ببێتە بنچینەی دامەزرانی حکوومەتی قانوون لە دەستەڵاتی یاسادانانداا. مەشرووتە لە بازنەیەکی شەرعدا کە فەرمانی خوا بە هۆی فەقیە بەڕێوەبچی. مەنزوور ئەوەنیە کە حکوومەتی ئینسان بە سەر ئینساندابێو بە زۆربەی دەنگ سەرکۆمارو نوێنەر ئەومافانەی ئەوان دەیانەوێ لە مەڕ دیموکراسی، ئازادی، بەرنامەی ئابووریو فەرهەنگیو سیاسی کە چارەنووسیان دیاری دەکا پێیان بدرێ. یاهەرجۆرێک خەڵک دەیانەوی بیرو باوەڕی خۆیان دەربڕنو بیر بکەنەوە. بەو مانایە مەشرووتەیە کە خەڵکی موسوڵمان چاویان لە ئێرشادی وەلیی فەقیەبێ. لە ڕاستیدا لە زەمانی حەزرەتی ڕەسوولیشدا هەروابووە. پیغەمبەر تەنیا ڕاگەیەنەری دەستوورەکانی خوا بەڵکوو بەکردەوەش بە ڕێوەی بردوون. حەددی لێداوە، ڕەجم (سەنگەسار)ی کردووە، دەستی دزی پەڕاندووە. ئەوانەش کە قانوونی شەرعن بۆ خەلیفەماونەوە. هەنووکەش کۆماری ئیسلامی ئێران جێگری ئەو شەرعەیە. ئەومافە ئی ویلایەتی فەقیهە. دەنا فەقیە چ قانوونێکی دەگەڵە خۆی نەهێناوەو بەفکرو سەلیقەی خۆی چی لێ زیادوکەم نەکردووە. هەرئەو قانوونەیە کە ئەوە 22ساڵە بۆتەهۆی بەدبەختیو چارەڕەشیی 64 میلیۆن ئێرانیو سێ میلیۆنیشی هەتڵەی هەندەران کردوون. ئابووریی وڵاتی هێناوەتە سەر سیفر، هەزارانکەسی ئێعدامکردووەو دەگرتووخانەکان پەستاوتووە. دەڵێن کاتێک ئاغای خومەینی لە پاریس دەگەڕاوە ڕۆژنامەوانێک لەناو فڕۆکە پرسیاری لێکرد ئاخۆ ئیمام ئەوە پاش 14ساڵ بۆ نیشتمانی خۆی دەگەڕێتەوەو بە میلیۆن پێشوازکەر چاوەنواڕی دەکەن چ ئیحساسێکی هەیە؟ ئاغای خومەینی گوتی هیچ! پاشانیش گوتی کە بۆ تەزکیەی نەفس هاتۆتەوە!!

دەجا 25هەزارکەس لەکوردستان بە فتوای حەزرەتی ئیمام بەدەست بەسیجو سوپاو کۆمیتەچیو بەرەڵڵا شەهیدکران. ئەوە تەزکیەی نەفس نەبوو! یەک میلیۆن ئێرانی لە شەڕی عێراق کوژرانو هەزاران کەسیش دەستو لاقیان پەڕیو



سەقەتبوون، ئەوە تەزکیەی نەفسنیە. ئاغای خەلخالی 400 کەسی لە پاوەو سنەو سەقزو مەهاباد ئێعدام کردن. هەر بەڕۆژوو بووو نوێژی جەماعەتیشیکرد، ئەوەش تەزکیەی نەفس نیە! خۆ خوانە خواستە نان بە حافزوسەعدی کە دەفەرمون: عبادت بجز خدمت خلق نیست.

سەددام حوسەینیش کە5 هەزارکەسی لەکوردەکانی هەڵەبجەی بە بۆمبی شیمیایی شەهید کرد و25ئاەکوڵ، 8000 کوردی بەوردودرشتەوە بە زیندوویی سەری بەلووتی بولدووزێر وەبن خۆلدا، 182هەزاری لە1988 بەناوی ئەنفاڵ ورددوودرشت وەبن گڵ داوشەهید کرد بۆ تەزکیەی نەفسیش چوە کەربەلا، دوو ڕکاعەت نوێژی سوننەتی کرد، هەردوو کەڕەتیش بەڕۆژوو بوو! ئەو قەتڵە زنجیرانەی کە لە ساڵی1367 تاکوو ئێستا بە دەستهاشمی ڕەفسەنجانیو غەزەلیو خامەنەییو هەشتروودیو جوادی ئامولیو ئیمامیو یەزدیو هتد.. کران خێری تەزکیەی نەفسیان هەیە. دەجا ئەوە خوێندکارانی ئێرانی 22 ساڵە موتالایی ئەوکتیبە شەرعەو فتوای ئیمام لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەکەن، هێشتا تێنەگەیون حکوومەتی ئیسلامی مانایچیە؟ خۆ ئەگەر بەوردی بە سەر قانوونی ئەساسیو پێشەکییەکەیدا بچنەوە هەموو شت بەرچاوەو حەوجێ بەوەی ناکا ئاغای خاتەمیو مەهدیی کەڕرووبی، حەجاریان، موحتەشەمی،... بۆیان لەبنی کوولەکە بدەن. قەڕائەتی ئیسلامی مەدەنی یانی چوارچێوەی سوننەت ئەوەیە (اسوە)و ئۆلگۆ. لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا تاکە ڕێگایەک بۆ خەڵکی ئێران ماوەتەوە کە بتوانن خۆ لە شەڕی ویلایەتی فەقیە ڕزگارکەن، ئەویش ئەوەیە کە ئەو نوێنەرانەی لە مەجلیسی شورای ئیسلامینەو ئەگەر بەڕاستی لایەنگری خەڵکی ئێرانن واز بێننو بە پشتیوانیی خەڵکو خوێندکاران درۆشمی ڕووخانی ویلایەتی فەقیە هەڵگرن. ئەو ئینقیلابە وێدەچێ کارەساتی دڵتەزێنی بەدواوەبێ، بەڵام بێشک ڕزگاریی یەکچەلی دەبێت.

## دوای مردنی خومەینی

ڕێکەوتی 1368/5/6 لە بەسەرداچوونەوەی قانوونیئەساسی کە لە دوای مەرگی ئاغای خومەینیدا بەڕێوەچوو، ئاغای خامەنەیی لە لایەن خیبرەگان بە جێگری ولایت مطلقة فقیه هەلبژێردرا. ئاغای مونتەزیری لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەقوم دەست بەسەر کراو هەتا ئێستا ماڵەکەی لە گەمارۆی پاسدارانی ڕێژیمدایە. ناوبراو لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانیدا کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاوبۆتەوە، پەردەی لە سەرهێندێک جینایەتی ڕێژیمی ئاخوندی لاداوە کەلە 1357 ئێرانیان قەبزەکرد. یەک لەوان فەرمانی کوشتاریبەکۆمەڵی گرتووەکانی موجاهیدینی خەلکە کە ئاغای خومەینی بەمونافیقیان ناودەبا. دەستوور دەدا هەموو گرتووەکانی موجاهید بەبێ دادگاییو لێپرسینەوەی قەزایی ئێعدام بکەن!؟ ئەوە دەقی نامەی ئایەتوڵلا خومەینییە:

بەناوی خوای دلۆڤانو دڵاوا

چونکەمونافیقینی خاین بە هیچ لەونێک باوەڕیان بە ئیسلام نەبووە هەرچی دەیلێێن بە نیازی درۆو دەلەسەیە. بە قسەی سەر کردەکانیان لە ئیسلام وەرگەڕاونو بە هۆی موحارەبەتو جوابە جەنگییان لە شەڕەکانیچریکیی باشوورو ڕۆژئاواو باکوورو هاوکارییان لە گەڵ حیزبی عێراقو جاسووسییان بۆ سەددام، دژی میللەتی موسوڵمانی ئێمەو پەیوەندییان لەگەل ئیمپریالیزمی جیهانیو زەبری ناجوامیرانەیان لە کۆماری ئیسلامی لە هەوەڵ ڕۆژی دامەزرانی داوە، ئەوکەسانە کە لە گرتووخانەکانی سەرانسەری وڵات لە سەر بڕیارەکانیان سوورو پێداگرن موحاریبو مەحکووم بەئێعدامن! لێکدانەوەی ئەوبابەتە لە تاران بە دەنگی زۆرایەتیی ئاغایان (حجتالاسلام نەییری دامەڕقبالە) قازیی شەرعو جەنابی ئاغای (اشراقی) دادستانی تارانو نوێنەرێک لەوەزارەتی ئیتیلاعات پێکبێت. هەرچەندە پارێز لەیەکێتیدایە، هەر بەمجۆرە لە گرتووخانەکانی ناوەندی ئوستانەکان، زۆرایەتیی دەنگی ئاغایانی قازیی شەرع، دادستانی ئینقلاب یا دادیارو نوێنەرێک لە وەزارەتی ئیتیلاعات پێویستە. ڕوحم کردن بە (محارب) ساویلکەییە. توندوتیژیو غەززەبی ئیسلامی لە بەرامبەر دوژمنانی خوادا لەبنەماکانی



بێئەملاوئەولای نیزامی ئیسلامییە! هیوادارم بەقینو دڵڕەقیی ئیسلامیی خۆتان لە بەرامبەر دوژمنانی ئیسلام، ڕەزامەندیی خوای مەزن بۆلای خۆتان ڕاکێشن. ئەو ئاغایانەی کە لێکدانەوەی ئەو بابەتەیان پێ ئەسپێردراوە وەسوەسەو دوودڵی نەکەن. تێبکۆشن (اشداءعلیالکفار)بن. دوودڵی لە مەسەلەی قەزایی نیزامی شۆڕشی ئیسلامیدا بەمانای وەبەرچاونەگرتنی خوێنی پاکو خاوێنی شەهیدانە.

وەسەلام روحاللهالموسویالخمینی

ئەونامەیە ڕێکەوتی نیە، بەڵام لەپشت نامەکە ئاغای حاجی ئەحمەد ئاغا نووسیویەتی:

بابی بەڕێز حەزرەتی ئیمام مد ظلهالعالی

پاش ڕێزو سڵاو ئایەتوڵلا ئەردەبیلی لەمەڕ فەرمانی ماوەیەک پێش ئێستای جەنابت لە سەر مونافیقین هێندێک ناڕوونیی بۆ هاتبووە پێش. بە تەلەفۆن ئەو سێ پرسیارەی کردوون:

1- ئاخۆ ئەوفەرمانە پەیوەندیی بەوانەوەیە لەزیندانەکان موحاکەمەکراونو بە ئێعدام مەحکووم بوونە بەڵام هەڵوێستی خۆیان نەگۆڕیوەو هێشتاحوکمەکانیان بەڕێوەنەچووە یائەوانەی کە موحاکەمەش نەکراون مەحکووم بەئێعدامن!؟

2- ئاخۆ ئەو مونافیقانەی کە حوکمی زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە، بەشێک لە حوکمی بۆبڕاوەیان تێپەڕ کردووە بەڵام لە سەر بڕیار سوورنو مەحکووم بە ئێعدامن!؟

3- لەمەڕپێڕاگەیشتن بەپەروەندەی ئەومونافیقانەی کە لە ئوستانەکانو ئەوان مافی سەربەخۆی قەزاییان هەیە، پێویستە پەروەندەکانیان ببردرێتە ناوەند یا لە بڕیارداندا ئازادنو دەتوانن ڕاستەوخۆ حوکم بدەن؟

کوڕی ئێوە ئەحمەد خومەینی.

لەژێر ئەونامەیە نووسراوە:

بەناوی خودا

بە تەواوی ئەوبڕگانە کە لەسەرەوە ئاماژەتان پێکردووە هەرکەس لە هەر جێیەک ئەگەر لەسەر هەڵوێستی سوور بێت مەحکووم بە ئێعدامە! خێرا بێ کات

لەدەست چوون دوژمنانی ئیسلام لەناو بەرن! لەمەڕ پێڕاگەیشتن هەرجۆرێک کە حوکمی ئێعدامیان خێرا بەڕێوەببردرێ گەرەکمە.

وەسەلام روح‌اللەالموسوی‌الخمینی

ئایەتوڵڵا مونتەزیری دەڵێ: کاتێک چاوم بەونامەیە کەوت واقم وڕما لە ڕێکەوتی 68/5/9 نامەیەکم بۆ ئیمام نووسی‌و بەتەلەفۆن سەید هادیم ڕائەسپارد چاوەنواڕی وەڵام بێت. بەڵام بێجواب مایەوە. پاشان لە دەفتەری زیندانی ئەڤین چاوم بەئاغای نەییری قازیی شەرع، ئاغای ئەشراقی دادستان‌و ئاغای محەممەدپوور نوێنەری ئێتیلاعات کەوت. پێم گوتن هەرنەبێ لەمانگی موحەڕڕەم دەست ڕاگرن. بەڵام نەییری گوتی: هەتا ئێستا هەر لە تاران 750 کەسمان ئێعدام کردووەو 200 کەسی دیکەش بۆ ئێعدام جیا کراونەتەوە. مونتەزیری‌دەڵێ: لە سەریەک 2800 تا 3000 کەس بەپێی ئەونامەیە دەستبەجێ ئێعدام کران‌و هەر بەردەوامیش بوو.

پرۆژەی دەوڵەت بۆخودموختاری دیسامبری 1979

خەباتخوازی‌کوردنووسینی‌کریس‌کۆچیرا،وەرگێڕاوی‌ئاسۆحەسەن‌زادە:

ئێزیک رولۆ لە مەهاباد باسی سەرسووڕمانی قاسملوو دەکا کاتێک سەرەنجام پرۆژەی دەوڵەتی پێگەیشتبوو. دەنووسێ: (عبدالرحمن قاسملوو کەلەسەرعەرزی دانیشتبوو بەچاوی خۆی باوەڕی نەدەکرد، ئەوتێکستەی دەستنووسە چوار لاپەڕەیی‌یەی کە لە تارانەوە پێی‌گەیشتبوو چەندجاری خویندەوە تێکستەکە لە سەری نووسرابوو مافو ئەرکەکانی ئوستانە خود گەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران:

1- شووڕای‌ناوچەیی ئەوکاروبارەی‌خەڵککە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دا نین بەڕێوەدەبا. ئەوکاروبارەی دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوەیان دەبا بریتین لە:



بەرگریی‌میللی، کاروباری دەرەوەو سیستمی‌دراو، نەقشەی درێژخایەن کۆمپانیاگەورە پێشەسازی‌یەکان، پیوەندی‌یەکان (مواصلات) ڕێگای‌ئاسن. و تەوەرە جادەیی‌یە سەرەکی‌یەکان.

2- کاربەدەستە بەرزەکانی حکوومەت بە تایبەتی‌حاکم، فەرماندەی هێزەکانی ژاندارمەری‌و پۆلیس لە ناوچە، لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە لە سەر پێشنیاری شووڕای ناوچەیی دیاری‌دەکرێن. لە بەرامبەردا ئەو شووڕایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسانی ئاسایش لە شارو گوندەکان دیاری‌دەکات.

3- سسیتمی قەزایی ناوچە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکات بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی دیوانی بەرزی کۆمار لەتاراندا دەبێ.

4- پاراستنی نەزم‌و ئاسایش لەئەستۆی بەرپرسانی ناوچە دەبێ.

5- تەنیاشۆڕای ناوچەیی دەتوانێ لە بوارەکانی (احوال‌شخصی) تاکەکەسی (مارەیی، تەڵاق شەرع، ئایین داب‌و نەریت‌و سوننەتەکانی ئایینی زۆربەی دانیشتوانی ناوچە بەفەرمی دادەنرێ، هەروەک ئیسلامی شیعە کە ئایینی دەوڵەتە.

6- ؟

7- بودجەی ناوچەیی دووسەرچاوەی داهاتی هەیە، یەکەم ئەویارمەتیانەی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە دەدرین، دووهەم ئەو باج‌و ماڵیاتەی کار بەدەستانی ناوچەیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆیان دەکەنەوە.

8- دەوڵەتی ناوەندی دەتوانی بڕیاربدا کەناوچە پاشکەوتووەکان لەوەزیاتر یارمەتی بدرێن کە گرینگیی ژمارەی خەلکەکەی پاساوی دەدا.

9- ناوچەکانی‌خودگەردان‌دەبێ ئازادیی‌دەربڕین، پێکهێنان‌و تێکۆشان بۆ هەموو ڕێکخراوەسیاسی‌یەکان، بنیاتە سینفی‌و ئایینی‌و فەرهەنگی‌یەکان بەلەبەرچاو گرتنی مەرجەکانی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکەن. ئازادی خوێندنی زمانی کوردی، بەلووچی، ئازەری، ئەرمەنی، ئاسۆڕی، عیبری، عەرەبی‌و تورکی بۆهەموو نیشتیمانان هەیە. زمانە سەرەکی‌یەکان (کوردی، بەلووچی‌و ئازەری) دەکرێ هەر لە قۆناخی سەرەتایی‌یەوە وەک زمانی فارسی کە (زمانی فەرمی‌و هاوبەشی هەموو گەلانە) بخوێندرێن. بەڵام لە زانستگەکان جگە لە ماددەکانی زمان‌و ئەدەبیاتی کەمایەتی‌یەکان خوێندن بەزمانی فارسی دەبێ.

10- بەڕێوەبەرایەتیی ناوچە بۆ نووسراوە نێوخۆییەکان زمانی ناوچەیی بەکاردەبا. بەڵام لە پەیوەندییەکانی نێوان کاربەدەستە ناوچەییەکانو حکوومەتی ناوەندیدا زمانی فارسی بەکاردەبرێ.

11- هەر ناوچەیەک زانستگەی خۆی دەبێ، یان هەرنەبێ بنیاتی خوێندنی بەرزی لێدەبێ. جگە لەوەش زانستگەی تاران کۆلێژی خوێندنی زمانی کەمایەتییەکان دەکاتەوە.

12- هەرناوچەیەکئیزگەی ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنی خۆی دەبێ کە لەڕۆژدا چەند سەعات بەرنامە ناوچەییەکان بەزمانی ناوچەیی بڵاو دەکاتەوە. هەروەها ئازادی بۆئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە دەستەبەر دەکرێ کەدەیانەوێ بەزمانێکی جگە لە فارسی بنووسن.

13- شورایناوچەیی بەپێیگرنگیی ژمارەیی؟ خەلکیناوچەو بەشێوەیەکی ڕێژەیی ژمارەی کاندیدانی قوتابخانە میللییەکانی ئامادەکردنی کادر بۆ ئەرتەشو پۆلیسو ژاندارمری دیاری دەکا.

سەبارەتبەونووسراوەیە سکرتیریگشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: ئەونووسراوەیە هەرنەبێ هەیە هەرچەند کە لەوفۆرمەی ئێستایدا جێگای قبووڵ نیە لەڕاستیدا ئەوبەڵگەیە زیاتر (لامرکزی)یەکی ئیداری پێشنیاردەکا نەک خودموختارییەکی ڕاستەقینە ئەونووسراوەیە کوردەکانوەک گەلو تەنانەت ڕەگەزیش ناناسێ. جگە لەوەش لە کاتێکدا کوردەکان داوای هەرچوارئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشانو ئیلام دەکەن بۆئەوەی لەژێر دەستەڵاتی دامودەزگاکانی خودموختاریدا کۆیان بکەنەوە، دەوڵەتی تاران دەیەوێ ئەونووسراوەیە تەنیا لەسەر دوو ئوستانی یەکەم بەجێ بگەیەنێ، ئەمەش لەبەرئەوەیدەڵێ دوو ئوستانەکەی ترکوردی شیعە یان لێ دەژی، هەردووبەشی گەورەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە ئازەریی لێدەژین لەناوچەی خودموختار جیا کراوەتەوە، قاسملوودەڵێ: گەلەکەمان ناتوانێ بەوخودگەردانییە ڕازیبێ. ئەوە لەکاتێکدا بۆوەدەست هێنانی خودموختاری خوێنیداوە قبووڵناکا سەرزەمینیکورد بکرێتە ئوستانێکو واحیدێکی ئیداری کەشوورایەکی ئیجرایی هەلقولاو لەمەجلیس هەڵبژێراو بەدەنگدانی گشتییخۆی نەبێ.



ئایا کاربەدەستانی تاران دەیانەویست کێشەی توندی سنووره جوغرافیاییەکانی ناوچەی خودگەردان بۆ وتوویژەکانی 17و18ی دەسامبر هەڵگرن!؟ قاسملوو بەنیازپاکییەکی زۆرەوە لەگەڵ ئەوەداکە ماوەی ئاگربەس ڕۆژی 14ی دەسامبەر تەواوبوو، بڕیاردەدا چاوەڕوانی دەوری دواییوتوویژەکان بێو دەڵێ: ئەوە حکوومەتبوو لەمانگی ئووتی ڕابردووڕا شەڕی بەسەردا سەپاندینو ئەوەش ئێمە بووین کە ئاگربەسەکەی ئێستامان سەپاند. ئێمە دڵنیاین کە شەڕ هیچ گیروگرفتێک چارەسەرناکا، لەنێوان دووگەلیبرادا کە بەشەڕچووبن سەرکەوتووو دۆڕاونیە.

لەڕاستیدا لێکدانەوەی قاسملوو هەرئەوەیە کە لەکۆبوونەوەی ڕۆژی20 نوامبری 1979دا لە مەهاباد خستبوویەڕوو. ئەو هەر پێیوایە خومەینی بۆوی باشترین کەسە ڕوویتێکا، لەحاڵێکدا ڕێکخراوە چەپە توندڕەوەکان کۆمەلە،فیدائیان پێیان وایە کە ڕێژیمیخومەینی لەبنەڕەتەوە (کۆنەپەرستو بەدرۆ دژی ئیمپریالیست)ە. هەربۆیە پێیانوایە ناکرێ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لەو ڕێژیمە هەبێ. بەبڕوایوان وتوویژەکان ناگەنە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ کە کوردەکان بتوانن پێی ڕازی بن. بەڵام قاسملوو دڵنیایە کە شەڕی کوردستاندەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیمیخومەینیو هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی پاریزگار (محافظەکار) کە هێندەی دیکەش دژی داخوازەکانی کوردبێ. قاسملوو دەڵێ: چارەسەری مەسەلەکە زیاتر بەپارسەنگی هێزەکانەوە بەستراوەتەوە هەتا بەئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی خومەینی.... من پیموایە ڕێک کەوتنێکی جێگای قبووڵ ئیمکانی هەیە.

دواتر ڕووداوەکان دەری دەخەن کە قاسملوو لە لێکدانەوەکانی خۆیدا سەبارەت بەپارسەنگی هێزەکان بەهەڵەچووبوو.

## گەڕانەوەیهەڵاتوانیسیاسییکورد بۆکوردستانی ڕۆژهەڵات

لەپاش 14ی ژوئیەی 1958 دەرگای کوردستانی خواروو لەڕووی ئەوکەسانە کرایەوە کە لەدوایی کۆماری مەهاباد (1947) پەڕیوەی هەندەران ببوون یا لە 28ی گەلاوێژی 1332ی کودیتای شا، دژی موسەدیق لە ژێر چاوەدێری ڕێژیمی پەهلەویدا

بوون جگە لە بەشێک ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە 1338 خرابوونە زیندانو سێ کەسیش مەحکووم بە ئێعدام ببوون بەوناوانە:

1- کاک عزیز یوسفی
2- کاک غنی بلوریان
3- کاک ڕحمت شریعتی

هەرچەند زەبروزەنگی ئەوکاتی ساواک بەردی دەقەڵشاندو ئەوەی سریوەی لێهاتبوایە دەمکوت دەکرا، سنوورە دەستکردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەکردەوە بەزێندرابوون، بەڵام ژەنەراڵ عبدالکریم قاسم لە1961دا لەو وادەو بەڵێنیيانەی بە نەتەوەی کوردی دابوون پاشگەز بۆوە. بارزانی دەستی بۆچەک بردو شۆڕشی دەست پێکرد. شێخ ڕەشیدی لۆلان کە دوژمنایەتیی کەونارای لە گەڵ عەشیرەتی بارزان هەبوو چەکی جاشەتیی بۆ قاسم هەڵگرت. چونکە خێلاتی فەتاحو مەحموودبەگی خەلیفەی کە زاوای شێخبوو لەڕێژیمی نوری سعید، گەرمێنو کوێستانیاندەکرد. بە هۆی ئەوە کە سەر وەشێخ ڕەشیدبوون کەوتبوونە تەنگەژە. لە لایەکی دیکە هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستانیئێران نیشتەجێ لە ناوچەی دەشتەبیڵ، سۆما، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ جگە لە وەی مریدی شێخ ڕەشید بوون، بە خزمایەتی دەگەینەوە فەتاحو مەحموودی خەلیفە، هەرکی، کە بریتی لە: ئەو 4کەسە بوون:

1- محمدامین حاتەمی ناسراو بە (چیۆ) لە ناوچەی مەرگەوەڕ
2- حاجیقادر هێشماوێ
3- ئەحمەدبەگی نیعمەتی کوڕی تەیارئاغای هەرکی
4- سمایل خانی بەرازانی هەرکی

کە لەلایەن حکوومەتی شا، چەکدار کرابوون، لە چەند شەڕاندا، لە ڕێگەی چۆمی گادەر خۆیان گەیاندبووە ئەودیوو دژی پێشمەرگەی بارزانی شەڕیان کردبوو، کوژراوو بریندارییشیان هەبوو. یەک لە بریندارەکان سمایلخانی بەرازانی بوو. لە ساڵەکانی 1337-1342 لە وەرزی هاویندا خێڵاتی ئەودیو کە ئاماژەم بە ناوی سەرۆک عەشیرەتەکانیان کرد بە دەیان کەرتە پەزو چادرو چیخو کۆچو کۆچباریان لە گەرمێنڕا دەهێنا کویستانی کوردستانی ئەمدیوە کە یەکێک لەوان کویستانی کیلەشین بوو. بازاڕی شاری شنۆ بەهاتنی ئەو خێڵاتە دەکەوتەبرەو. چونکە هەموو



پێداویستیی ژیانیان لە شنۆو نەغەدە دابیندەکرد. خوریو لواو ڕۆن سەرجەم بەحاجی سوڵتانی بەزاز دەفرۆشرا. ڕۆژێ سەدان باری ئێسترخوێ لە میرزامحمدامین فرخی کە نوێنەری خوێی گۆلی ورمێبوو. - دووکەس بە ناوی بێڕەنگو ئومێد زاواو خەزوور بەئیجارەیان گرتبوو. - دەکڕا.

مەحموودبەگی خەلیفەو فەتاحی هەرکی لەناوچەی دەشتەبێڵ لەماڵی طه دەمانەوە. عەشیرەتە خێلاتیەکان یەکجار دەوڵەمەند بوون. دراوو قورسەی زێڕیان بەپشتی یەکسم دەگوێستەوە. یەک لەوان حاجی سۆرێ دانکەکی گوندی دوربەی کڕی. ئەو کات دیناری عێراقی لەبڕەودا بوو. هەر دینارەک 20 تومەن پارەی ئێران بوو کە دەبوو بە4دۆلاری ئەمریکایی. ئەو سەردەم شاری شنۆ مەرزەبانی هەڵی دەسووڕاند. کاروباری ئەو خێلاتەش هەر مەرزەبانی ڕایدەپەڕاند. هاتوچۆی ئەو خێلاتە بۆ شارەکان بە پسوولەی مەرزەبانیبوو. خاڵەهەیبە کویخایشنۆو پیاوێکی یەکجار پیاوانەو ماقووڵو بەدەمارو زیپک بوو. سەرپەرشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەوکات کاک عەولا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تەوفیق بوو کە لەساڵی 1962 سەرجەمی یارمەتیی کوردەکانی کوردستانی لە ئیختیاری شۆڕشی بارزانی نابوو، کە لەتەیارکردنی ئەوکاتی شۆڕشدا یەکجار شوێندانەربوو. حکوومەتی گەندەڵێ شا کە دوژمنی نەتەوەی کورد بوو، سووسەی بەو مەسەلە کردبوو. گوێستنەوەی هەر شوێنپێیەک لەودیو گوێچکەی حکوومەتی ئێرانی سڵ دەکرد. لەهاوینی 1962 پاش چەند وردەشەڕ لەنێوان مریدی شێخو پێشمەرگەی بارزانی لە چیاکانی هەواربایز، سیاکێوو کێلەشین، ئەرتەش کەوتە گوێزەگوێز. لەوسەروبەندەدا خەفیەی ڕێژیم لە ژێرچەتری مریدو شێخایەتی کەوتنەڕایەڵکە. ئەوکات چالاکیی ڕوکنی2ی ستادی ئەرتەش لە ساواک جیا بوو. واتە ئیدارەی روکنی2 ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەدەربارەوە بوو، بەڵام ساواک سەروە سەرەکوەزیری بوو.

لە هاوینی1962 لەتاران دەستوور بەتیمسارکوشش فەرماندەی لەشکری 64ی ورمی دەدرێ سنووری کێلەشین بخاتە ژێرچاوەدێریو بە ناردنی دەستەیەکی نوێنەرایەتیی نەهێنی تێکەڵاو لە عەشایری ناوچە بەهەردوولا واتە شێخڕەشیدی لۆلانو بارزانی ڕابگەیەنن نەیەنە ناوخاکی شاهەنشاهی بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی دەوڵەتی ئێران پەیوەندی گرتن دەگەڵ بارزانی بوو. ستادی ئەرتەش لە

ورمێ لەمبارەوە لە گەڵ چەند سەرەک عەشیرەتی ناوچە، وەک کاکعەوڵای قادری جەڵدیان، دوکتۆر بەهمەنی قەرەپاپاغ کوڕی ئەمیرتومانیچیانەو مستەفا خانی زەرزا کوڕی قەرەنیئاغا، دەکەویتە ڕاویژ. ئەوکات سەرهەنگ هما زاوای تیمسارموزەفەری لەورمی بەرپرسی ستادی روکنی2بوو. لە ئاکامدا مستەفاخان بە پشتیوانیی ژەنەرال کوشش‌و پەیوەندی لەگەڵ ئەرتەشبود جەم، ناردنی ئەودەستە نوێنەرانە وەئەستۆ دەگرێ. لەڕاستیدا ناوبراو حەزی لە بینینی ژەنەراڵ بارزانیبوو کە لە کۆماری مەهاباد ناسیارییان پێکەوە هەبوو. کریسکۆچێرا نووسەری کتێبی جنبش‌ملی کە ئیبراهیم یونسی وەریگێڕاوەتەوە سەرفارسی، دەڵێ:

لە چوارەمی سیپتامبری 1942 تەواوی مەزنەکانی کورد لە ناوچەی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، باکووریکوردستانی ئێران بۆماوەی چەندرۆژ لە شنۆ کۆنفەڕانسێک پێکدێنن. ڕاپۆرتێکی پڕمەترسی کە بە دیپلۆماتە ئینگلیسەکانی دانیشتووی تەوریز دەگات، وا دەگەیەنێ کە دانەری ئەو کۆبوونەوەیە شەورەوییە. ئەو داوای لە ڕێبەرانی کورد کردووە بۆ یەکێتی شەوڕەوی دۆستی بەوەفا بن‌و پێکەوە بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن. بەڵام لە ڕاستیدا یەکێتیی سۆڤیەت چ دەورێکی لەو کۆبوونەوەدا نەبوو. هۆیەکەی شایی کوڕی قەرەنی ئاغا یەکێک لە سەرۆکە کوردەکانی بەهێزی ناوچە بوو. بەڵام دوو مەسەلەی بنەڕەتی سەرنجی گەورەپیاوانی کوردی بۆلای خۆ ڕادەکێشا: یەک، نەبوونی یەکگرتوویی پتەو لەناویاندا، دوو، دڵنیایی بە پشتیوانیی زلهێزەک.)

دەستەی نوێنەرانی حکوومەتی شا لە ساڵی 1962 بریتی بوون لە:

1- سەرهەنگ نەوتاش
2- سەرگورد فەروەردین
3- مستەفاخانی زەرزا
4- عیسمەتی زەرزا
5- مام جەلیلی بەگزادە
6- نووسەری ئەم دێڕانە

و4 چەکدار بۆ پارێزگاری:

1- ڕەسووی هەمزە جەژنی شاوانە
2- خورشید موهاجیری گردکاشان



3- سمایل موهاجیری گردکاشان
4- ڕەسوول شەکری نەڵیوان

بەپێویستدەزانم ئاماژە بەوەیبکەم، ئەوکات هێندێک سەرۆک عەشیرەت چەند تفەنگی برنۆیاندرابۆیە، لە سەریاننووسرابوو (عەتای شاهانە) خەڵاتی شا بەوکەسەیڕا کە لەگوندی دروو ڕا ڕەگەڵ خرا بووینە 11 سوار.

لە قەمتەرێ سیوەدین ئاغا خوینی ڕژاو قابخی بەتاڵ (پووکە) شاهیدیی شەڕیدەدا. سەرهەنگ نەوتاش، سەرگورد فەروەردین‌و مستەفاخان لەگەڵ تاکە سوارەی دروو لەو حاستی مانەوە. ئێمە حەوت سوار بەرەو کێلەشین هەڵکشاین. زەلامێکی ڕانکوچۆخەڵە سپی لە بەرپاڵی چیای سیاکێو بانگی کردین‌و دەستی لێڕاوەشاندین. مامجەلیل‌و ڕەسوولمان نارد لەگەڵیان بدوێن. چونکە دڵنیانەبووین هیکاملایەنەن. زۆرمان چاوەڕێکردن سەرو سۆراخیاننەبوو. لەپڕ تەقە لە خوارەوە دەستیپێکرد. لەناکاو خۆمان لەگەمارۆی چل‌پەنجا چەکداردادی. هەرچەند گوتمان ناردراوی ئێرانین، هەڵیان کوتایە سەرمان‌و ئەسپەکانیان لێ ئەستاندین‌و چەکەکانیان لەملی چەکدارەکان داڕنی‌و بەرەوچیا وەپێشەخۆیاندان. ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە هەرلەکاتی پێهەڵگەڕانمان، بەرەو بەرزاییکێلەشین، ئەوان بەدووربین ئێمەیان خستبووە ژێرچاوەدێری. وێدەچوو لەدروو ئەو خەبەرەیان وەرگرتبێ. وەک ئاماژەم پێکرد چونکە سۆفیی شێخ ڕەشید لە کوردستانی ئێران ڕا یارمەتیی شێخیاندەدا، ئەوگومانەیان بۆ هاتبووە پێش کە ئێمە مریدی شێخی لۆلانین. فەرماندەری ئەو دەستە پێشمەرگەی میرکەی خەیلانی بوو. خەیلانی عەشیرەتەکی بەوەجی کوردستانی خواروون. لە ترۆپکی کێو ڕایانگرتین. پیاوێکی گەنج پرسیاری لێکردین. گوتیان ناوی حامید ئەفەندییە، مامۆستای قوتابخانە بووەو لەناو حکوومەت ڕا ڕایکردووە. ئەو کابرایە پاشان لە پارتیدا پلەی بەرز بۆوەو هەتا کۆمیتەی ناوەندی ڕۆیی. کویستان گەلەک ساردبووو ئێمەش جلکیگەرم‌و پێڵاوی باشمان لەبەردا نەبوو، پێشمەرگەش بێ ماندوو بوون بۆ ئەولاو ئەملا دەیڕەتاندین. شەودرەنگان لە کۆمەڵە ئاگرێک ڕایان گرتین. پیاوێکی بەسەروسیما بەڵام دەنێوەچوو گاسی کردێنە لای خۆ. بە پێچەوانەی ئەوەیبەرێ، یەکجار لەسەرەخۆو ئەهوەن‌بوو. زۆری دڵخۆشی داینەوەو گوتی: ئەگەر تاوانتان نەبێ، سەرۆک بارزانی ئازادتان دەکات. پاشان گوتیان ئەو حاجی بێرۆخی یە. یەکێک

لەو520پێشمەرگانەبوو کە لەپاش جوانەمەرگ بوونی کۆماری مەهابادو شەڕێکی بەناوبانگ لە گەڵ حکوومەتی ئێران، لە 1947وێڕای ژەنەڕاڵ بارزانی پەڕیوەی شەوڕەوی بووو لەساڵی 1958 گەڕابۆوە عێراق. لە شەو شەق بووندا لە بەرزایی کێوی سەقەر شۆڕبووینەوەخوار. لە میرگەمیریسەید تەها50 کەسێک کە هەموو ئاغابانووو (جەمەدان)ی سووریان دە مامکەدابووو لەدەوری ئاگر کۆڕیان بەستبوو. دووکەس لە ئێمە کۆماری مەهابادیان دیبوو، سەرۆک بارزانی‌یان ناسیەوە. بارزانی یەکجار تووڕە بوو. پاشان کە مەسەلەکەمان لەبنەڕەتدا بۆ شی‌کردەوە، گوتمانئەوانەی تەقەیان لێکراو بەپاشدا گەڕانەوە، بریتی بوون لە سەرهەنگ نەوتاشو سەرگورد فەروەردینو کاک مستەفاخان، کە لە لایەن ستادو ڕوکنی2ی ئەرتەش هاتبوون، هاتەوە سەرەخۆ، هێندێک باسی لەمەڕ بارودۆخی ئێران لێپرسین، کە بەپێی ئاگاداری وەڵامەمان دایەوە، پاشانگوتی: کەوایە یەکتان هەڵگری نامەبن. مرۆیەکی جلو بەرگ سولەیمانی لەلای دانیشتبوو. نامەکەی نووسی. پاشان زانیمان کاک عومەردەبابەیە. نامەکەمان دا بە مام جەلیل بەگزادە، بەرەوئێرانگەڕایەوە. شەوی پاشتر بارزانی گەلاڵەی بەردەستکردنی گوندی لۆلانی داڕشت، کە بنکەی شێخایەتیی شێخ ڕەشید بوو. سەدان مریدی لێ کۆببوونەوە وببوو بە بنکەی شەڕ. وەک وەبیرمبێت، بەپێشمەرگەی ئەسپارد پاش بەردەست بوونی لۆلان، زاد لەوگوندە نەخۆنو ڕێگەی‌دەربازبوون بۆئەوان بهێڵنەوە. شەودرەنگانبەبێسیم خەبەری ئاگرتێبەردانی لۆلانمان بیست. هەروا دەرپەڕاندنی جاشی شێخ ڕەشیدو ئاوابوونیان لە سنووری‌دەستکرد بەرەوکوردستانی ئێران. هەرئەو شەویش ئەرتەشی ئێران لە مۆڵگەی نەڵیوان بەرەو بەرزایی تخووب تێهەڵکشابوو و لەکێلەشین دامەزرابوو. خیوەتیان لیهەڵدابووو هەردوو ئەفسەرەکانیان لەگەڵ بوون. پاشنیوەڕۆ کە تازە پێشمەرگە لە شەڕی لۆلانڕا گەڕابوونەوە دیتمان کاک مستەفاخان زەرزا،لە گەڵ پۆلێک پێشمەرگە هاتنە ئەوشوێنەی بارزانیی لێبوو. بارزانی یەگجار قەدرو ڕێزی لێنا. پێکەوە نیزیکەی دوو سەعات دانیشتن، پاشان فەرماندەکانی بە ئێمە ناساند، کە ئەمن ناوی ئەوچوارکەسەم لەبیرە:

1- کاک عومەر مستەفا، ناسراو بە عومەر دەبابە.

2- مینەی عەلی‌ئاغای ڕایەت.



3- عوبەیدوللای کوڕی.

4- مارگرێت.

پاشانئەسپو چەکەکانیان وێداینەوە. ئەوەندەی لەو دەمو دەستەدا لە پێشمەرگەکان گوێبیسبووم، کە پاش 46ساڵ هەرلە بیرم ماوە، دەیانگوت: محەمەدمیرخان لەشەڕکوژراوە، مەلا ماتۆڕ چەند عەمەلیاتی بەوەجی لەشارەکان بەڕێوە بردووە. ئەوەش بڵێم فیشەکی تفەنگ عەتای شاهانی لە شەڕی لۆلان تەقاندرابوون. ئەوکات پێشمەرگە ئەوها پۆشتەنەبوون. چەکەکانیان بریتی بوون لە: 11خۆری ئینگلیسی، پۆلۆنی، برنەو، سیتیر، پێنجتیر. سەرۆک بارزانی بۆخۆی تفەنگەکی برنۆی چێکی پێبوو. بە بەردی هەڵپەساردبووو خەنجەرەکی لەبەر پشتێندی‌دابوو. تەنیا ڕەشاشەکو تەنتریۆفەکو سێ سمینۆفم بەرچاو کەوتن. دووکەسی بیانیش لەبن گاشە بەردێک کاریان لەسەر بێسیمەکی گەورە دەکرد. وەک دەیانگوت بارزانی تازە لە شەڕی خاکوورک گەڕابۆوە. زۆرماندوو دیاری دەدا. فەرماندەی پێشمەرگە ئەوکاتی عوبەیدیللا بوو. دەتگوت سێوێکە لەگەڵ بارزانی قاش کراوە. بەداخەوە لە1964لە بابی هەڵگەڕاوەو ڕەگەڵ ڕێژیمیعێراق کەوت. هەرچەند بۆ ماوەیەک کرایەوەزیر بەڵام لەدوایی‌دا لەگەڵ 8000 کوردی بادینی،بە خاووخیزانەوە بەدەستی سەددامی فاشیست بێسەروشوێنچوون. هەرچەند پاش ڕووداوی 1962 جاشەتیی شێخ ڕەشیدی لۆلان بەیەکچەلی کۆتایی پێهاتو شێخ قەدەر عەیامێک لە سنووری ئێران مایەوە پاشان ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە ئەودیوو ناوچەی برادۆست کەوتەدەست پێشمەرگە، بەڵام جاشەتی لە کوردستانی خوارووی بندەستی عێراق بوو بە نەریت. کریس کۆچێرادەڵێ: پەیوەندی لە نێوان ژەنەراڵ بارزانیو حکوومەتی ئێران لە 1964 سەری گرتووە، بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد، لەسەر ئەوە سوورم کە ئەو پەیوەندی‌یە لە سەرەتای 1962گەرای بەستووە، بەڵام ویدەچێ لە 1964 پتەوتربێ چونکە بارزانی سابیقەی زەینی لە سەرهەنگ نەوتاش هەبوو، بۆ ئەوە هیچم لەوڕووداوە پاشقولنەدابێت، ئەفسەرە ئەڕشەدەکان کە لەتاران ڕا دهاتنە ناوچە، زۆربەیان میوانی مستەفاخانو عیسمەت زەرزا دەبوون. لەوبارەیەوە زانیاریی بەنرخ لەگۆڕێ بوو. بیگومان ئەمن لێیان نامۆ نەبووم. هیچ نەبێ گێڕانەوەیان بۆ مێژوو سەرنجڕاکێشە.

شەڕی نەغەدە

شەڕی داسەپاوی نەغەدە لە31ی خاکەلێوەی 1358 نوختە گۆڕانێکی نوێی لە بۆچوونی خەڵک لە مەڕ کۆنە پەرستیی کۆماری ئیسلامی بەدیکرد، کە هەتا ئەو کات لە مێشکی چ کەسدا نەگووڕابوو. ئەو براکوژیە بوو بەگریمانەیەکی قەرەبوونەکراوو هەموو کوردو تورکەکی وریاو تێگەیشتووی لە ڕێژیمی خومەینی داخ لە دڵ کرد. لە ڕۆژی دووهەمی شەڕدا خەڵکی چەکداری شنۆ وێڕای پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات بەرەو نەغەدە وەڕێ کەوتن، بەڵام بە بێ دیسیپلین. لەڕاستیدا کەس نەیدەزانی دەبێ چ بکا! هێندێک چەکداری ناوچەکانی دیکەش کە بۆ میتینگی نەغەدە هاتبوون، پەڕیوە ببوونو بە سەرلێشێواوی وەدوای خەڵک کەوتبوون. ئەوکات پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات هێشتا بە دروستی بەشێوەی لکو پەل ڕێک نەخرابوون. هێزی سیاسیو نیزامی پێکەوە بوونو ئەرکیان جیا نەکرابۆوە. وەک لە بیرم بێت ئەوکەسانە بەرپرسی حیزب بوون:

1- نەبی قادری
2- مراد قادری
3- سالْح زەرزا
4- مەلامحەممەد بەگزادە
5- مەلا چوارژن

ئەوچەند کەسەش هەر لەکۆمیتە بوون:

1- سمایل خان زەرزا
2- کازم خان زەرزا
3- مەلاحەکیمی - کە پاشان لەناوچەیسەڵماس بوو بەجاشەکی بەناوبانگو کوردفرۆش .

بنکەی کۆمەڵەش ئەو چەند کەسەی وەک بەرپرس لێبوون:

1- موحسین ڕەحیمی
2- خالید عەزیزی
3- سەید حوسەین مووسەوی



4- سولتان خوسرەوی
5- جەماڵ ڕەحیمی

بەڵامکۆمەڵە چ هەنگاوێکی لە شەڕی نەغەدەدا هەڵنەهێناوەو پاشانیش مەحکوومیکرد. نووسەری ئەودێڕانە لەگەڵ جەعفەر بایەزیدی کوڕی حاجی ڕەحمانی کەرێزە کە پێکەوە لە22ی ڕێبەندانی1357لە زیندانی گۆلی ورمێ ئازادبووین، بەسواری ماشینی پەیکان لە گەڵ خەڵکیتر بەرەو نەغەدە ڕۆیشتین. ماشینەکانمان لە دوورو نزیکی سێڕێیان ڕاگرت. هەردووسەد شەقاوێک دوور کەوتبووینەوە، دوو تانگ لە نەغەدەوە بەرەو سێڕێیان هاتنو تەقەیان دەست پێکرد. خەڵک لێک ترازان. بە زەحمەت خۆمان گەیاندە دانە بەردەکانی بەرقەد. تانگەکان بەرەو بەرزایی هەڵکشان، بەڵام چونکە تەپکەکان بەهۆی گاشەبەرد لێهەڵقەندن کەنداڵ کەنداڵ ببوون، نەیانتوانی وەسەرکەون. بارانەش قوڕو چڵپاوێکی دروست کردبووو ڕاوی بۆکساواتی بۆ دانابوونەوە، بەڵام هەموولایەکیان بە ڕەشاش دەکوتا. پاشان دوو هیلیکۆپتێری شنۆک لە ئاسمان پەیدابوون. تەقەیان گەرمترکرد. بەشێک لە ماشینەکانوەبەر ڕەهێڵەی کالیبر50 کەوتن، پەیکانەکەی من یەک لەوانبوو. لە وێ شەهید محەممەدی عەلی پیرێژن (کوردنەژاد)و شەهید قادرە سوورو چەند کەسی دیکە وەک شیخ محەممەد ڕەسووچاوشینی ئالیاوی. کوڕەکەی مەحموودمدی. لە ئاکامدا نەمانتوانی چیدی خۆ ببوێرین. لەڕاستیدا مەترسیی ئەوەمان دەکرد، کاتێک دەریان پەڕاندین، مجاهیدی نەغەدە وەسەر کەوتبن لە پشتەوەڕا گەمارۆمان بدەن. چیا وەک بەریدەست بوو. حاشارگەمان لەو نەرمانە گڕاڵکی وشترخۆرکە بووو بەس. هیلیکۆپتێرەکان تەقەیانتوند کردبوو. لە نەغەدەشڕا بەتۆپی دوور هاوێژ لە دەورویشت بارستایی خۆڵیانهەڵدەداوە. بەڵام لێک بڵاو بووین. نەیانتوانی کۆمانکەنەوە. لەخوارەوە، حاجی محەممەدی خوازێ، مەجید خانی بێمزوورتە، مەحموود خانی بیمزورتە،و هێندێک کەسی دیکە لەبەر تەقە خۆیان لەناو دۆڕگەیپشت سێ ڕێیان حاشار دابووچاوەڕوانی مجاهیدیان دەکرد کەنەوەک بەرەوچیا وتەپۆلکی سێ ڕێیان بێن. پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات تخوون نەغەدە نەکەوتن، هەر لە خنخنەبوون. ئەوپیلانە مەلاحەسەنی ئاخوندو مرادقەتاریو مەعبوودی 3 کۆنەساواکیو سەرهەنگ زەهیرنەژاد ئەفسەری زەمانی شا، دایانڕشتبووو ڕەشوو ڕووتیچەکداریکۆمیتەو شارەوانی لە نێوشار لەهەموو

شوێنەکان بۆسەیان دانابۆوەو لێی دامەزرابوون. کەسیش لە کوردەکان بەو فیتەیﻧەزانیبوو. سەرۆکی شارەوانیی نەغەدە سەرگوردتیموری لە سەر قەڵاتی شار کە بەسەر هەموو شاردا زاڵ بوو، لە شوێنێک لە سەر مەنبەعی ئاو دامەزرابوو کە هەموو گەڕەکەکانی کوردانی لێوە دیاربوو نزیکەی 30 کەسی لە کوردی بێچەکی شار بە قەنناسەی دووربینداریان شەهیدکرد. دەپێشدا حاجیڕەحمانی چەکان لەناو دەرگای ماڵی خۆی لە کووچەی دوکتور لوتفی گوللەیەکی وەنێوچاوانی دەکەوێ. عەولاّی زاوای دەچێ کەلاکەکەی ڕاکێشی، دەئەنگاوترێ. کچەکەشی گوللەی قەنناسەی وەسەری دەکەوێ. ئەوکەسانەی لە گردی حەسەنیڕا بەرەو باڵخچی ڕۆیبوون هەموو گوللەی قەنناسەیان وەنێوچاوان یا پاشەسەری کەوتبوو! لەسەریەک شەڕی داسەپاوی نەغەدە 350 شەهیدو ژمارەیەکی زۆر بریندارییشیدا. سمایلی مەولوود نەژاد لەسێ ڕێیانیﻧەغەدە بە تانگ گیراو بردیان لە نەغەدە شەهیدیان کرد. چەندین کەسی دیکە لە کوردانی نەغەدە یادۆستانی کورد لەوشارە لەوشەڕەدا یا چەندین ڕۆژ دوای شەڕەکە گیرانو ونکران. لەوانە محەممەدی حاجی بابۆ کە کۆمیتەچیگرتیانو ئێستاش کە ئێستایە کەس نەیزانی چی بەسەر هاتو دایکو بابی پیری لەئێراندا جێگە نەما کە لێی نەکەن. بەڵام هەردووکیان مردیشن هەر بەپێوشوێنی کوڕەکەیان نەزانی. هێندیک لە ئاغاکانی حلبی کۆیک لە نەغدە بە دەست ڕەجاڵە لە ماڵی دەخۆیاندا، بێ غانی غەرزکوژران.

کوردی فەیلی

دوو لەت بوونی کوردستان لە نێوان ئێرانو ئیمپەراتووریی عوسمانی لە شەڕی چاڵدران (1514)، جگەلەوەی ڕێگەی بۆ پەیمانی1923ی لۆزان خۆشکرد، هەستی مەزهەبی ڕووکەشیش لە ناویدا هەستی نەتەوایەتیی وەبنخۆداو دەرەتانی لەباری بۆ سەربەخۆیی کوردەکان تووشی خوارەپێچە کرد. کوردی فەیلی(شیعە) یەکێک لەو دەستانەن کە بەهۆی تەرە بوون لە کوردستانەکانو نیشتەجێبوونیان لە بەغداو کەربەلا کەوتنەبەر تەوژمی ئەوپیلانە. لە1970 کە کوردستانیخواروو ڕەنگی ئۆتۆنۆمیی بەخۆوەگرتبوو، (حەبیبکەریم) سکرتێری گشتیی پارتی



دێمۆکراتی کوردستان کە کوردی فەیلی بوو لە سەرقسەی بارزانی داوای سەرژمێریی 100هەزار کوردی فەیلی لە سەددام دەکات، بەڵام حکوومەتیعێراق ناچیتە ژێرباری ئەوداخوازەو تەنیا دان بە بوونی 15هەزار کوردی فەیلی دادێنی. لەحاڵێکدا حکوومەتی عێراق لە 1970 هەشتا هەزار کوردی فەیلیی نیشتەجێ لە بەغدا کە خاوەنی دەیان کارگاو کارخانەو سامانێکی پتەوی ئابووری بوون، بە ڕووتو قووتی دەکامیۆنی دەنیزامی داوێ و لە سنووری ئێران هەڵیان دەڕێژی. حکوومەتی ئێران ئەودەرکراوانە بە ناوی شیعە وەردەگرێو بێ ئەوەی بە کوردیان لە قەڵەمدا بەسەر شارەکانی قوم، ئەراک، قەزوینو ئوستانی ئیلامدا دابەشیان دەکات. لە1980 سەددام جارێکی دیکە20هەزار کوردی فەیلی بە دوو کەڕەت لە بەغداو کەربەلا دەردەکات، کە خاوەنی گرنگترین سەرمایەی ئابووری لە پێتەختی عراق بوون. ئەودەستەیەش بەشەو دەکەونە گەمارۆی هەزاران عەسکەری عارەبو بەکراسی بەری دەنێو کامیۆنی نیزامییان داوێنو لە سەر پردی زەهاو هەڵیاندەڕێژن. حکوومەتی ئێران پاش بڵاوکردنەوەی پڕوپاگاندا بە سەر شارەکانی پێشوودا دابەشیان دەکات بەومەرجەی ئەوانەی لە1970 نیشتەجێبوونە ببنە دەستەبەریان. لەوانە350 بنەماڵە دەکەونە شاری (قەزوین)و هێندێک لەوان لە 1999بەڕێگەی دەریادا خۆیان دەگەیەننە ئوستەرالیا. کە لە وانە کاک قەحتانو شیرین خانمی خیزانیو کاک موحسینو کاک محەممەد لە شاری گاتن دەژین. بەقسەی ئەوان تایفەکانی بەناوبانگی ئەو بنەماڵانە لە قەزوین نیشتەجێن، کە تایفەی حەسەن بەگیو عەلیبەگی لە هەموان ناسراوترن. هێندێکیتریان (نەزەری، بادپا) بە عێلاتی کوردی فەیلی دەژمیردرێنو بە زاراوەی کوردی ئیلام قسەدەکەن. بەشی زۆری ئەو بنەماڵانە چ ئەوانەی لە1970و چ ئەوانەی لە1980پێناسی عوسمانییان لایە. دیارە ڕابردوویان دەگەڕیتەوە پێش پەیمانیی لۆزان، کە بەداخەوە هێندێک خەڵکی ئاسایی دوورەپەرێز لەمێژووی کەونارای کورد بە هەڵە ڕەوتی مەزەبی دەکەنە بنەمای ڕەگەزو لەسەر ئەو بۆچوونە پێیان وایە یەکێک لە بەڵگەکانی کورد بوونمەزەبی (سوننی)یە، بە زمانی سادەتر ئەوەی (سوننە)نەبێت بەکوردی ناناسن. لە سەر ئەو لێکدانەوە بێ بنەمایە تورکی (کوێرە سوننی) بەکورد لە قەڵەمدەدەن کە خەڵەتێکی گەورەیە. بێگومان ئەو فکرە دوور لە زانستە زەربە

لە بەدەنەی یەکیەتیی میللەتی کورددەدا، کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ پیلانی تواندنەوەی کوردو کوێرکردنەوەی هەستی کوردایەتیو کەم کردنەوەی سەرژمێریی کوردەکان لە خاکی کوردستان هێناویانەتە سەر شانۆی کردەوە. پێموایە جگە لە ئەرکی بەرپرسایەتی حیزبە کوردستانیەکان کە ئالای خەباتیان هەڵگرتووە بۆشیکردنەوەی ئەوبابەتە، ئەرکی سەر شانی مامۆستایانی ئایینیشە کە سەرنجیخەڵک بۆ مێژووی کورد ڕەکیش کەنو بۆجیاکردنەوەی مەزەب لە ڕەگەزو نەتەوایەتی ئەو ئەسڵەگرنگە بدەنە بەرباسو بۆ یەکگرتنەوەی کوردەکان ئەنگوست لەسەر خاڵی موسبەت دانین. بەڕاستی میللەتێ کورد کە ئێستا لە چلمیلیۆن تێپەڕیوە، نیزیک 5 میلیۆنی کوردی (شیعە)یە کەبەشی زۆری لە کرماشانو ئیلامو بیجارو قوروە لای خوارەوەی کوردستانی باشوورو بەشێکیشی لەکوردستانی باکووردایەو بەشێکی زۆریشیان بۆ دەرەوەی کوردستان ڕاگوێزراون.

داوای ڕاستەقینەی کورد

لێرەدا بەباشی دەزانم بە ئاماژەکردن بە چەند بەڵگەنامەو ڕووداوی مێژوویی باسێکی کورت لەسەر داوا ڕاستەقینەکانی کوردو ڕەوتی پاشەکشەی شۆڕشگێڕانی کورد لەوداوایانەو لەکزیدانیان لە سەدەی بیستەمدا بکەم. ئەوەی لەخوارەوە دا دەیبینن نیشاندەدا کە چ شێخ مەحموودی قارەمانو چ پێشەوای نەمر قازی محەممەدو چ زۆر ناوداری شۆڕشگێڕی کورد سەرە ڕای هەڵایساندنی شۆڕشەکەیان لە ناوچە یا پارچەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا، خوازیاری کوردستانێکی گەورەی سەربەخۆ بوونو چارەنووسی هەموو کوردیان بەیەک زانیوە.

نامەی شێخ مەحموود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان (وەرگیراو لەکتێبی سەردەمی قەڵمو موڕاجەعات 1928– 1931

پاریس 21ی مارسی 1931

بەڕێز جەنابی سەرۆک



شانازی ئەوەم هەیە ترسو شکاتی نەتەوەیەکتان پێڕاگەیەنم کە خودی خۆتان خستووتانەتە ژێر ئینتدابو پاراستنی خۆتانەوەو دەشگوتری ئەوەی ئینتداب دەکات، پارێزەریشە. ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە من شانازی بەوە ئەکەم بە یەکێک لە وان دەژمێرێمو ئێستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشووری وڵاتی گەورەی کوردان کە بەعێراقەوە لکێندراوە، نیشتەجێیە.

من بە ئەرکی خۆمیدەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشم کە خاکی کوردستانی لکێنراو بەعێراقەوە، بەهیچ شیوەیەک وەک (بینالنهرین) نەکەوتۆتە ژێردەستی هیچیەک لە هێزەکانی دەوڵەتە یەکگرتوەکان یانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە1918دا چەکیان هەڵگرتو تورکیان ناچارکرد خاکەکەیان چۆل بکەن، سەربەخۆییان ڕاگەیاندو دەوڵەتێکیان دروستکرد کە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی بەناوی (دەوڵەتی کوردستانی باشوورگرتە دەست. لەو سەردەمەدا عێراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو (متحد)و هاوپەیمان (متفقین) لەناویدا جەنگیان دەکرد. پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە عێراقەوە لکێندراو ئەوڕوپاش کەلافی ئەوەی لێدەدا بۆبەرگریکردن لەمافو دادپەروەری چەکی هەڵگرتووە، لەبەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێدەنگ بوو. ستەمێکی کە داهاتووو چارەنووسی نەتەوەیەکی ئەگەرچی نەک بەفەرمی بەڵامبەکردەوە بووبوە خاوەندەوڵەتی خۆی بەستەوە بەچارەنووسی نەتەوەیەکی دییەوە، کە نەژادو دابونەریتو مێژووو زمانو سیمایان لە یەک جیاوازە. گەرچی هێشتا جێی سوپاس بوو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەڵێنە کەمبۆوە کە(کۆمەڵەیگەلان) سەبارەت بە بەخشینی خودموختارییەکی تەواو بە کوردستانی باشووردابوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندانساڵ بەسەرئەو بەڵێنەدا تێدەپەڕی کەچی نەکهەر بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە بەڵکوو بە پێچەوانەوە ژیانی خۆمانو ژنو منالو باوکانمان لەژێر هەڕەشەی ئاگری تۆپو فڕۆکە بۆمباهاوێژەکانو ڕەشاشدایە. بەوتاوانەی ئامادەنین ببین بە عەرەبو چاو لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵینانەین کە پێمان دراوە.

دەوڵەتی عێراق هیچ دوودڵ نەبووە لەوەی شاری سلێمانی - پایتەختی کوردستانی باشوور- بۆمباباران بکاتو کوردەکانی ئەم شارەی کوشتووە بەتاوانی

ئەوەی ئامادە نەبوون بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە ئەو دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەبارەت بە بڕیارێک ئەنجامی بدات کە هەموو مافە ڕەواکانی کوردان پێشیل دەکاو کۆشکی ئومێدو ئارەزوویان بۆ ئایندە دەڕمێنی.

ئێمە بڕوامان وایە ئەم تۆپو گوللانەی بەسەر قوربانیانی کوردی دانیشتووی کوردستانی باشووردا دەبارێ لەبنەڕەتدا هێرشێکێشە دەکرێتە سەر حەیاو ئابڕووی (کۆمەڵی گەلان) چونکە کوردەکان لە ژێر ئینتدابی ئەو (کۆمەڵە)یەدان، لە ژێر پارێزگاری ئەودان. ئەگەر هێزەکانی دەوڵەتی عەرەبی عێراقی پشتیان بە فڕۆکەو سوپاکانی دەوڵەتی ئینگلیز نەدەبەست کە (کۆمەڵەی گەلان) ئینتدابی ئەم سەرزەمینەی بەوان سپاردووە تا بەناوی (کۆمەڵەی گەلانەوە) بەڕوەیبەرن، ئەوامێژوو دووبارە دەبۆوەو هێرشکردن بۆ بەغداو داگیرکردنی بۆ کوردەکان وەک کاری ڕۆژانە ئاسان دەبوو. ئێمە ئامادەینو هەمیشە ئامادەدەبین لە بەرامبەر عەرەبەکاندا، بەرگری لەوڵاتەکەمان بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێت تووشی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی چەکداری بین لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو (کۆمەڵە) بەڕێزەوە هەنگاو دەنی، ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن ڕوو بکەینە (کۆمەڵی گەلان)و داوای جێبەجێکردنی مافو دادپەروەری بکەین.

بێگومان داواکاری ئەوەی وڵاتی ئێمە بەعێراقەوە بلکێنرێو هەوڵدان بۆ ڕازیکردنمان بۆ قبووڵکردنی ئەولکاندنە بەزۆری چەک، بە هیچ شیوەیەک ئەوئاشتیو ئاسایشەی (کۆمەڵیگەلان) دەیەوێت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابیننا‌کرێت. تائەوکاتەی چارەنووسی وڵاتی کورد بە دەستی ڕۆڵەکانی خۆی نەسپێرێو تا ئەو دەمەی دەوڵەتێکی کوردی بەڕێوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتەدەست، ئومێدێک بە ئاشتیو ئاسایش لەم ناوچەیەدانیە. کورد کە خاوەن مێژوویەکی هەزار ساڵەنو هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانیمێژوودا زانیویانەو توانیویانە بەرگری لە ژیانو وڵاتو مێژووو دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستا بڕیاریانداوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کۆیلەتی عەرەبەکانی عێراق، کەچ نەکەن. ئێمەیکورد دەمانەوێت لەگەڵ هەمووگەلو نەتەوەکاندا دۆست بینو بەرامبەر بەهیچ گەلێکیش ڕقمان لەدڵدا نیە. بەڵام لەکاتێکدا کە سەربەخۆیی تەنانەت بەهەندێ گەلی سەرەتایی ئەفریقا وەک لیبریا دەدرێتو لە گەڵی وەک ئێمە زەوت دەکرێت کە توانیوێتی



بەشەرەفو ئازایەتیو قارەمانیتیو غەریزەی پاڵەوانیو هۆشو زیرەکی خۆی پایەیەکی مەزن لەمێژوویگەلاندا بەدەستبهێنی، ئیدی ستەمێکە کە ناتوانین لێی بێدەنگبین. بە تایبەتی کەپێش ماوەیەک دەوڵەتی عێراق کە تووشی نەخۆشی دەمارگیری توندڕەوی نەژادی بووە، هەوڵ دەدا بەپشتیوانی دەوڵەتی ئینگلیزو بە هۆی خویناویترین هەنگاوی جەنگیەوە، بەرگریکردنمان تێک بشکێنێ.

خوینو ئاگر هەرگیز نەیانتوانیوەو ناتوانن ڕاستیە مێژووەیەکان بگۆڕنو سەدانهەزارکوردی وەک سەلاحەدینو کەریمخانی زەند بکەن بەعەرەب. نەتەوەیمنو خودیخۆشم بەهیچ شێوەیەک دەمارگیری ئاینزانی(مەزهەبی) مان نیەو تینووی خوێنڕێژی نینو ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتووە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناچاریان کردووینو بەسەریاندا سەپاندووین.

ئێمە خواستی دەستەڵات بەدەستەوەگرتن بەسەر هیچ نەتەوەو هیچ وڵاتێکماندا نیەونامانەویت ئاغاوسەرداری هیچ کەسێک بین، بەڵام ئەوەش قبووڵناکەین کە خەڵکانیدی بەسەرماندا زاڵبن یان جگە لەخۆمان سەردارو ئاغایەکمان هەبێت. ئەمەشخۆی ئامانجو ئایدالێکە کەچەندان هەزارکەس لە کاتیئەم جەنگیدوایدا، لە پێناویداگێیانی خۆیان فیداکرد. ئەمە جگەلەوەی ئەمە مافێکە کە خودی (کۆمەڵیگەلان) هەر لەوڕۆژانەی دوایدا بۆی سەلماندووین.

ڕێگەم بدەن بە دڵنیاییەوە پێتان ڕابگەیەنم ئەم دۆخی شۆڕشگێڕیەی کە کەسوکارەکەیدەگەڕیتەوە بۆبەدنیەتی دەسەڵاتدارانی عێراق، کۆتایی پێنایەت ئەوکاتە نەبێت کەهەموو مافە ڕەواکانی کورد بە فەرمی بناسرێ و لەبەرچاو بگیرێ.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داننانە بەسەربەخۆییوڵاتەکەماندا... وڵاتە (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیباشوور) داو بڕینو لە ناو چوونی هەموو پەیوەندیەک بەدەوڵەتیعەرەبیعێراقەوە. جگە لە مەش پێمانی تازەینێوان ئینگلیزو عێراق کە کۆتایی بە ئینتدابی ئینگلیزی بە سەر عێراقدادینی، ئەو ڕاستیەدەردەخات کە ئەو ڕێگە چارەیەی پێشنیارمانکردووە بە تەواویلوژیکیەو هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی لێنیە. کۆمەڵی گەلان کەدەبێ گەر بە سەرنجدان لە کرۆکی ڕووداوەکانیش بووە، بگەڕیتەوە بۆ بڕیارەکەی خۆی لە 1925 داویەتی.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا

شێخ مەحموود بە نوێنەریی دانیشتوانی کوردستانی باشوور.)

ئەوەش بەشێک لە قسەکانی خوا لێخۆشبوو سەیدعەزیز گەیلانیزادە لە ڕۆژیکۆماری مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. وەرگیراو لە کتێبی 50ساڵ خەبات، نووسینی کاک جەلیلی گادانی:

براکانم دەزانن کە زۆر برای دیمان هەن ئێستاکەش لە ژێر زنجیری ئیستیسمارو ئەسارەت دەناڵێنو بەچاوێکی زۆربرسیوە چاوەڕێی هیمەتو پیاوەتی ئێوە دەکەن. لەبەر ئەوە نابی هیچ کوردێکی بەشەرەف بەم ئازادیە کەمە ڕازی بێ، بەڵکۆو فەرزو پێویستە لە سەر هەرکوردێک مازیو ڕابردووی ڕەشی لەبیرکاو بەهۆی عەزمو برایەتیو یەکێتیو هێزو هیمەتی خۆیان لە ژێر ریسالەتو سەرپەرستی ڕەئیس جەمهووریمان قازی محەممەد ئامادە بین، ئەوبرا کوردە ئەسیرانەی دیمانکە حاڵیحازر لەژێر ئیستسمارو ئەسارەتدا دەناڵێنن، دەربێنینو خوێنی خۆمان لەو ڕێگایەدا برێژینو بەخۆمان نەڵێن ئازادین تاوەکوو کوردستانی گەورە بە تیشکی ئازادی ڕووناک دەکەینەوە، ئێمەش هەرفەردێک لە خانەوادەی نەهری حازرو ئامادەین بەروحو گیانو سەروماڵمان بەروحێکی زۆر ئیحساسەوە لەو ڕێیەدا خزمەتو فیداکاری بکەین. لە دوایەدا لەخوای عەزەوەجەل دەپاڕێینەوە کە خوا بەگەورەییو عەزەمەتیخۆی عومری ڕێبەرو ڕەئیس جەمهوورمان قازی محەممەد درێژو پایەدارکا، بتوانێ ئەو ڕەسالەتە موقەدەسە گەورەیە کە دەستی پێکردووە تەورووو بەرقەرارکاو کوردستانی گەورە ئازاد کا. بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەینو دەڵێین هەر بژی ڕەهبەرو ڕەئیس جەمهووری کورد قازی محەممەدو هەر بژی کوردستانی گەورە...)

ئەوەبوو ویستی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕانی پێشوومان. بۆیە لە هەڵسەنگاند تای تەرازوو بەلای ڕێبەرانی پێشوودا قورسترە. جاکەوابوو ئایا چاوپۆشین لە کوردستانی گەورەو داوای خود موختاری، لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا پاشگەز بوونەوە لەو ئامانجانە نییە؟ ئایا بەڕاستی خودموختارییەکی کەم ڕەنگو ساکار نرخی ئەو



هەموو فیداکارییەو ئەوشەهیدە گەورانەی هەیە؟ ئایا ئەگەر داوای سەربەخۆییشکرابوایە لەوە زیاتریان دەگەڵ دەکردین یا لەوە زیاترمان بەسەردەهات؟

## تیرۆری دوکتۆر قاسملوو

سەرنجێک بدەنە ئەو کارەساتە دڵتەزێنە کەوەک خۆی لە تێکۆشەر نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەرم گرتووە:

13ی ژوئیەی1989، عبدالرحمن قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیئێران، بە زەبری دوو گوللە کە وەسەری کەوتبوو وێڕای دووکەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ناوبینایەکیشاری ڤیەن پێتەختی ئوتریشدا، کوژرا. ئەو کاتە 10ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تارانو پێشمەرگە کوردەکاندا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری 1988و ژانویەی 1989دا،. قاسملوو سەرلەنوێ ئەوچاوپێکەوتنانەی لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی تاران دەست پێکردەوە. یەکێک لەونوێنەرانە محەممەد جەعفەری سەحرا روودی، جیگری سەرۆکی ئیتیلاعاتی نێوخۆیی پاسدارانی شۆڕش لە کوردستان بوو، کە لە تەقەکردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحراروودی کە لەیەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونەدەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانی پەنا بۆسەفارەتی ئێرانببا. ناوبراو لە22یژووئیەدا لە ئوتریشەوەدەرکەوت. پاریزەرێکی دیکەی ئێران بەناوی بوزورگیان بۆ ماوەیەک لە ئیدارەیپۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کە پێشتردرابوو هەڵوەشێندراو ئەویش توانی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەوی لاجەوەردی سەرۆکی ئیتلاعاتی نێوخۆیی لە کوردستان، بە ئازادییەکی تەواوەوە توانی لە ئوتریش بچێتەدەر. وتوێژەکانی ناردراوانی تارانو ڕێبەرانی کورد بە هۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لە سەر کاسێت تۆمارکراوە. ئەو نەوارانە لە

دەستی پۆلیس‌دا بوون، سەرەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەم بەڵگەنامە دەگمەنانەی پێداین، عبدالرحمن قاسملوو قەت بەم وردبینی‌یە دەروونناسی‌یانەیەوە بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە. پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانی‌یەکان (نوێنەرانی ڕێژیمی‌ئێران) کە پێیان وانەبوو ڕۆژێک لەڕۆژان قسەکانیان ئاشکرادەبن، زۆر بەباشی ناتەبا بوونی بۆچوونەکانیان‌و ڕووحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەنێوان بڕواهەبوون بە ڕوانگەو دیاردەسیاسی‌یە مۆدێرنەکان‌و بیرو بۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلی‌دا نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بی‌کوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەستپێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان‌دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو: دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامی‌یەکانی ڕێژیمی ئێران‌و لەت بوونێککە ساڵی 1988 ئەم بزووتنەوەیە بەخۆیەوە دیت، زۆر لاواز بووەو هەروەها دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو پێی‌خۆشە کێشەکە لە ڕێگای‌وتوویژەوە چارەسەرببێ، هەربۆیە هومیدی ئەوەیان هەبوو لەوانەیە بەنیوەی داخوازەکانی، وڵاتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی، ڕازی‌بێ، بەڵام پاش‌ئەوەی قاسملوو لە سەرئەوە پێدادەگرێ کە ڕێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە 4ی ژووئەنی 1989دا مردبوو) دەبێ ڕابگەیەنن کە داخوازی خودموختاری‌یان قبووڵە، ناردراوانی تاران بەدوای یەکەم چاوپێکەوتن‌دا، لە گەڵ بەرپرسانی خۆیان پەیوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێ‌دەدرێ: بیکوژن.

سەحراروودی ڕادەگەیەنێ کە ئێمە پێکەوە ڕێک کەوتووین کە ئەم چاو پێککەوتنانەمان بە تەواوی نەهێنی بمێننەوە چونکە دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەم گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن  ئەو پێ لە سەرئەوە دادەگرێ: تەنانەت لە نێو حکوومەتی ئێرانیشدا، کەسانێک هەن کە دژی هەرجۆرە چاوپێکەوتن‌و پەیوەندی‌یەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵاتدا تەنانەت قسە کردنی ڕاشکاوانەش لە بارەی ئەو مەسەلەیە مومکین نیە.



عبدالرحمن قاسملوو دێتە سەرکاکڵەی مەسەلەکە: لەدوو چاوپێکەوتنی پێشووماندا ئێمە لەبارەی دووخاڵی ئەسڵی‌یەوە قسەمان کرد: قبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاری‌و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا. ئێوە وەڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لە گەڵ قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری‌دا نین. لە بارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسیدا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لە ئەو مەسەلە بگەن کە پاش دەساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانی دانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکاربێنین؟ ئەگەر نێوەرۆکی خودموختاری قبووڵ دەکەن، چلۆن لە وشەی خودموختاری دەترسین؟ قاسملوو هەر لەوکاتەدا کە خۆی وەک پیاوی خودموختاری ناودەبا، دەڵێ: ئەسڵی من، ئەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختاری‌یە. پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: دڵنیابن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیایی خوازی......

سەحراروودی: ئەوەیەکەمجارە کە لە نێومان‌دا لە سەرئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی‌دەکا، باسدەکەین. ئێمە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بەقسەی کەس نادەین، نە ڕۆژهەڵات‌و نەڕۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بەقوربانی بیروباوەڕمان.

قاسملوو:  من دەمەوێ شتێکتان عەرزبکەم، من لەوهەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی خودموختاری‌دا، ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی‌و ڕەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی‌تاران بەڕێوەدەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاری کوردستانەوە بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن.  قاسملوو پاشان ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لەبارەی خودموختاری‌یەوە بە درێژی شی دەکاتەوە:  بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لە گۆڕێ‌دان: خودموختاری؛ بەمانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند؛ دووهەم خاڵی بنەڕەتی‌بۆ ئێمە زمانی کوردی‌یە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی فەرمیی ناوچەکوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاری‌کردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ

فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووری‌و بەتایبەتی ویستی ئەوخەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد: دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی کوردەکانەوە بەڕێوەبچێ... ئێمە شتێکی لەوانەزیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بەوەدیهاتن‌و جێبەجێ بوونی ئەو داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لە سەردیاری کردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکی‌و کێشەی چووک دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەنین لەسەر ئەم شتە چکۆلانە بەشەڕ بێن، بەمەرجێک کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ.

قاسملوو بەوجۆرە ئاکام لە قسەکان وەردەگرێ:

ئەوەیان مومکین‌نیە کەوشەی خودموختاری چاوپۆشیی لێبکرێ. ئەو وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی‌و مێژوویی هەیە. ئەو وشەیە سەمبولێکە. منوا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمەواز لەوشەکە بێنین. لە ئیسلامدا هەر کاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بەبێ گوتنی بسم‌اللەالرحمن‌الرحیم دەستپێبکرێ. ئەوەش ڕاست وایە. ئێوە نێوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بەبێ بسم‌اللە الرحمن الرحیم.

ئێرانیەکان (ناردراوانی ڕێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندووە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی‌بگرن. بۆ سبەینێ ڕۆژی13ی‌ژوئیە سەحراروودی دەڵێ دەگەڵ برادەران پیوەندیی گرتوە: ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی‌دا لە بارەی خودموختاری‌یەوە قسان بکەن... هێندێک مەسەلە هەن کە بەرپرسان وەک ئیمام جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن. بەڵام دەبێ بزانن لەسەر هێندێک مەسەلە، بۆچوونی جیاوازمان هەن.

سەحراروودی باسێکی دوورودرێژ دەستپێدەکا کە هیچ پیوەندی‌یەکی بە مەسەلەکەوەنیە... ئێستا دێینە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەوە دووفکرهەن. یەکێک لەو فکرانە دەمانگێڕیتەوە بۆ زەمانی حەزرەتی‌عەلی‌و ئەویش ئەوەیەکە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبوو و حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی ولایەت (ئوستان) کە حاکمەکان (والی‌یەکان)دەسەڵاتی ئەوێیان بە دەستەوەبووو لە چاو ناوچە خودموختارەکان



سەلاحییەتێکی بەربڵاوتریان هەبوو. لە لایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆهەن کە ئەم‌فکرە بەهی سەردەمی عەلی‌دەزانن‌و لە سەرئەم باوەڕەن کە هەل‌ومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چواردەورەی ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتێک کە ئەندامانی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی‌داوەمێنێ، ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تاسەرەنجام دەگا بەسەربەخۆیی. کەوابوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بەیەک دوو بەیاننامە لە نویژی هەینی‌دا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی‌دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلوجەرجی پێشوو بپارێزێ‌و هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوویژ بکا، بەڵام من دڵنیام ئەوەی لێ قبووڵ ناکرێ.

سەحراروودی درێژەی قسەکان بە حاجی مستەفەوی دەسپێری. ناوبراو دەڵێ: بسم اللەالرحمن‌الرحیم... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆری ئێستالین‌دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوەنەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیەو ئەویش کە پیوەندیی بەحیزبە ئیسلامی‌یەکان‌و کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شی‌کردنەوەو لێکدانەوەیەکنەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری‌ئیسلامی بەجیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک‌بێ‌و تیئۆریزەی‌بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆرگەورە دەبێ. لە ئیسلامدا، گومانی تێدانیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی ڕێو شوێنی تایبەت بەخۆیان هەبووە. هیوادارم ڕێژیم مل بۆ ئەم‌جۆرە مەسەلانە ڕابکێشێ‌و لەنێوان ڕێ‌وشوێنە سوننەتی‌یەکان‌و ئەوەی ئێوە داوای‌دەکەن، بتوانی شتێک لەنێو ئەو دووانەدا بدۆزیتەوە.

قاسملوو: ئێوە دەڵێن کە لەهەل‌ومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارە سەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسلی‌یە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێبکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن. ئەو هەوڵ دەدا کە مافی دیاری‌کردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

قاسملوو لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەڕاستی دەیەوی کێشەی میللەتەکان لە ئێراندا

چارەسەربکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێیە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کەدەیەوێ چۆنی چارەسەربکا؟ ئایا بەشێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خود موختاری؟ ئێمەکوردەکان لانی‌کەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێم بەبڕوای من بەو هۆیەوە کەکاتی‌خۆی لەئیسلامدا جۆرە فیدرالیزمێک هەبووەوا باشترە کە فیدرالیزم هەڵببژێردرێ‌و بۆیەکێتی کۆمارەفێدرالەکانی ئێران پێک‌بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نەسەربەخۆیی‌تان قبووڵ‌بیێ، نەفێدرالیزم‌و نە خود موختاری، ئەوە بەومانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللەتەکان لەئێراندا چارەسەربکەن.

قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە: لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری‌خودموختاری بێ دەبێ ئەو ئازایەتی‌یە هەبێ‌و بە ئوسول‌و پرینسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران چارەسەربکرێن کە هەموولا قبووڵیان‌بێ. هەم‌عەرەبەکان، هەم‌بەلووچەکان، هەم‌تورکەمەنەکان‌و هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین، دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان.

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆدرێژەی وتوویژەکان دیاری‌دەکەن. فازل ڕەسوول، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیکەری هەیە لە قسەکانی هەردوولا ئەو ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک ڕێککەوتن‌و درێژە بەوتوویژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕڕابوەستێ، یان بێئەوەی شەڕ بوەستێ، وتوویێژەکان درێژەپێدەدەن. بەڵام‌لە هەرحاڵدا باشترە ئەمڕۆ کە هەل‌ومەرج لە بارە بگەنەڕێککەوتن‌و ئاکام. 3ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ‌و موعادیلەکان‌و هاوسەنگیی‌هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ‌و هەل‌و مەرجی ئەوکات شتێکی‌دیکەببێ.

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی‌جووڵانی کورسی‌و مێزەکان دێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی‌کپ کە دیارە بەچەکی تەیار بەئامرازی دەنگ کپ‌کەر کراو،ە، دێنەگۆڕی. ئینجا بیدەنگیی تەواو. - ڕۆژنامەی لوموند 1ی ژانویەی 1998 )

سەیر ئەوەیە ئێمەی کورد کە بە سەدان نموونەی دڵتەزێنی ئەوتۆمان لە مێژوودا تۆمارکردووە دیسانیش پەندوەرناگرین‌و لە تاکتێک‌دا نەک هەرناچینەپێش بەڵکوو نیزیک بەسەد ساڵ گەڕاوینەتەوە دواو بەشێوەی هەمزاغای مەنگوڕ (زەمانی ناسرەددین شا) دەکەوینە داوی‌مەرگی دوژمنانی فیڵبازو سەیرتر ئەوەی لە دونیای پێشکەوتووی ئەو ڕۆو لە لایەن‌وڵاتێکی بەناو دێمۆکراتی ئوروپادا واتە ئوتریشەوە بۆخاتری هەندێک بەرژەوەندیی ئابووری سەت ساڵێک پێش ئێستا بەبەشداریی تۆپخانەو ئەفسەرانی ئوتریشی بەقازانجی حکوومەتی ئێران (زەمانی ناسرەددین‌شا) و لە شەڕ دژی کورد دا ئێستاش بە شێوەیەکی زۆر ناحەزترو پڕشوورەیی‌تر، خەیانەت بەگەلێکی بەشخوراو دەکرێ. ئایا ئەو ڕێبەرە بلیمەتەی کورد ئەگەر دوو پۆلیسی کەڕو کوندی ئوتریشیی کە هیچیان لە زمانی‌وتوویژەکە تێنەدەگەیشتن دەگەڵ خۆ بردبوایە کە تەنانەت لە پشت دەرگاش ڕاوەستن ئەو کارەساتە دەقەوما؟

هەرچەندە کەمترین داوای میللەتی کورد خودموختاری یا ئۆتۆنۆمی‌یە، بەڵام داگیرکەران ئەوەشمان پێ‌ڕەوانابینن. هەرکات مەسەلەی مافی گەلی کورد دێتەگۆڕ، ئەو چوار دەوڵەتە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش‌کراوە، یەکگرتوو دەبن‌و بۆ تۆمەتی جیاوازی خوازی هەموو دەزاری یەک تفیون، کوشت‌وبڕی گەلی کوردو ئێعدامی پێشەوایانی دەکەن بەدەسمایەی هەرەس هێنانی شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکانی‌و یاتێیدا گەرا دەبەستن. هێشتا لەوەیان پەند وەرنەگرتووە کە میللەتێک بەگوشتن‌و لە قەنارەدان‌و دە بەندیخانە کردن نافەوتێ‌و لەمافی‌ڕەوای خۆی پەژیوان نابێتەوەو ناتویتەوە.

(بۆ هەڵسەنگاندنی خودموختاری‌و ئۆتۆنۆمی دەگەڵ سەربەخۆیی (ئیستقلال).

یانی (تەجزیەتەڵەبی) قسەکانی داریووشی هومایوون بە کوردی دەگێڕمەوە: ناوبراودەڵێ: تەرحی حکوومەتی ناوچەیی کە لە کۆنفرانسی‌فرانکفۆرت ڕاسپاردەی 1997 لەکۆنگرەی 1998ی بێرلین پەسندکرا لەنێوان حاکمییەت (sovereignty)و حکوومەت (government) لە لایەک‌و حکوومەتی ناوەندی‌و حکوومەتی سەقامگیر لە

لایەکی دیکەوە جیاوازیی داناوەو دەڵێ: حاکمییەت بەشناکرێ چونکە بە مانا سەربەخۆیییە، بەڵام حکوومەت دەکرێو دەبێ لە نێوان ئوستانەکانو شارەکانو گوندەکاندا هەریەک بەگوێرەی خۆی بەش بکرێ، چونکە حکوومەت بە مانای ئیدارەکردنو بەڕێوەبردنە. مافی هەرجۆرە دابەشکردنێکی جوغرافیایی هەیە، سا چ پەیوەندیی بەخۆیو چ پەیوەندیی بە ئۆرگانەکانی هەڵبژاردراوی خۆی بۆ بەڕێوەچوون هەبێو دێمۆکراسیو بەرفرەوانی ئەوجۆرە دابەشکردنە لە حکوومەتدا بۆ بەڕێوەبردن بە پێویستدەزانێ. بەو دەلیلەوە ناناوەندی کردنی حکوومەت لە ئوستانەکان بە مانای لە نێوبردنی حکوومەتی ناوەندی نیە.)

ئەوەش بەشێک لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ خودموختاری کە بۆ نموونە باسیان دەکەم:

ماددەی(1)کوردستانیئێران سەرزەمینێکە لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێراندا کە لەباری مێژوییەوە شوێنی دانیشتنی هۆزەکانی کورد بووەو ئێستاش زوربەی دانیشتوانی لەنەتەوەی کورد پێکهاتووە. ئەو سەرزەمینە هەموو ناوچە کورد نشینەکانی ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە.

ماددەی(2)کوردستانیئێران بەشێک لەوڵاتی کۆماریئیسلامی ئێرانە کە پیوەندیی قووڵی مێژوویی، ئابووری، سیاسیو فەرهەنگیی هاوپێوەندیی نەتەوەی کوردی دانیشتوویێی لەگەڵ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێراندا پتەوکردووە.

ماددەی (3) دەسەڵاتی نەتەوەی کورد بەسەر سەرزەوینی کوردستانی ئێراندا بەشیوەی خودموختاری لەچوارچێوەی یەکیەتیی سیاسی، ئابووریو نەتەوایەتیی خاکی وڵاتی ئێراندا بەکاردەبرێ.

ماددەی (4) دەوڵەتیناوەندییکۆماریئیسلامیی ئێران بۆدابین کردنی یەکیەتیی سیاسیو نەتەوایەتیی خاکی وڵات دەسەڵاتی پیوەندیدار بەم مەسەلانەی خوارەوە لەسەرزەوین خودموختاری کوردستاندا بەڕێوە دەبا.

(الف)کاروباری پێوەندیدار بەدیفاع لە سنوورەکان، سەربەخۆییو تەواوتیی خاکی ئێران لەبەرامبەر دەسدرێژیی بیگانەکاندا کەبەهۆی هەرسێک هێزی



زەمینیو هەواییو دەریایی سوپاوە بەڕێوە دەچێو بەهۆی ئۆرگانەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە سەرپەرستی دەکرێ.

(ب) کاروباری پێوەندیدار بەسیاسەتو پیوەندییەکانی دەرەوەو هەروەها پێوەندی دەگەڵ کونسوولگەرییەکانی دەرەوە کە لە سەرزەوینی کوردستانی ئێران جێگرن، لەسەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندیدایە.

(ج) بازرگانیی دەرەوەو گومرکەکانو ئەو سیاسەتە گشتییانە کە پێوەندییان بەم مەسەلانەوە هەیە، بەهۆی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوە دەبرێنو سەرپەرستی دەکرێن.

(د) بەرنامەدانانی درێژخایەنی ئابووری، کەپێویستیی بەدەسمایەی زۆرو زەوەند هەیەو ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی سیستمی دراویو ئەرزیی وإت لە سەلاحییەتی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دادەبێ.

ڕوونکردنوەی (1) لە باری کاروباری دیفاعییەوە، دەبێ هەمیشە ئەم ئەسڵە لەبەرچاو بگیرێ کە پادگانەکانو دامو دەزگانیزامییەکان دەبێ هەمیشە لە سنوورەکانو دوور لەشارەکان بن. بەجۆرێک کە بەبیانووی پیداویستییە نیزامییە کانو شتی لەو بابەتە هیچ کارێک نەکرێ کە بکێشێتە دەست تێوەردان لەکاروباری تیوخۆیی سەرزەمینی خودموختاری کوردستاندا.

ڕوونکردنەوەی(2)لەو ئیدارەناوچەییيانەدا کە پێوەندییان بەبازرگانیی دەرەوەو گومرکەکانو بەرنامەدانانی درێژخایەنی ئابووریو بەڕێوەبردنی سیستمی دراوی لەسەرزەمینی خود موختاری کوردستاندا هەیەدەبێ لە کارمەندانی خۆوإتی کەلکوەرگیرێ.

ماددەی(5) جگە لەو شتانەی لە ماددەی(4)داباسکراون، بەکاربردنی دەسەڵات لەهەموو کاروبارێکی سەرزەمینی خود موختاری کوردستانیئێران دەبێ هیچ هەڵاواردنێک لە سەلاحییەتی خودموختاردا نەبێ.

ماددەی (6) ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی دەسەڵاتداری نەتەوەی کورد لەسەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێراندایە. ئەمئەنجومەنە هەردووساڵێک جارێک لەڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕاستەوخۆ، نهێنیو گشتیی هەموو دانیشتوانی کوردستانی ئێرانەوە هەڵدەبژێریو پێکدێ.

ماددەی(7) ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان هەموو ڕێو شوێنێکی پێوەندیدار بەپێڕەوی نێوخۆییو هەروەها بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارودی دادەنێو پەسند دەکا.

ماددەی(8) ئەنجومەنی‌نەتەوایەتییکوردستان بەلەبەرچاو گرتنی قانوونە گشتی‌یەکانی وڵات هەموو قانوونو ڕێوشوێنێکی بەکاربراو لەدەزگاکانی خودموختاری‌داو هەروەها بۆدجەی تایبەتیی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان پەسنددەکا.

ماددەی(9) ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، نیزامی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان هەڵدەبژێرێ.

ماددەی(10)حکوومەتی‌خودموختاری‌کوردستان لەبەرانبەر ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستاندا بەرپرسایەتیی هاوبەشی دەبێوهەرکاملەئەندامانی حکوومەتی خودموختاریش بەتەنیا بەرامبەر بەئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرپرس دەبن.

مادده(11) ئەنجومەنی‌نەتەوایەایی‌کوردستان مافو ئەرکی سەرشانیەتی کەهەل‌ومەرجی تێکۆشانی ئازادو دێمۆکراسی ژیانی کۆمەإیەتی لەبوارەکانی ئازادیی حیزبەکانو کۆبوونەوەکانو بیروباوەڕو مەزهەبو ئەنجومەنە دێمۆکراتی‌یەکان چاوەدێریی بەڕێوە چوونی ڕێوشوێنەکان لەلایەن هێزی ئیجرائی‌یەوە بکا.

مادده(12) بۆدجەی‌خودموختاری کوردستان بەهۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانەوە ڕێکدەخرێو بە ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان پێشنیار دەکرێو پاش پەسند کردن بەڕێوە دەبرێ.

مادده(13) سەرچاوەکانی دابین‌کردنی بۆدجەی کوردستانی خودموختار بریتین‌لە:

(الف) ماڵیاتو باجو داهاتە ناوچەیی‌یەکانی دیکە.

(ب) بەشێک‌لەبۆدجەی گشتیی وڵات کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی‌یەوە دەدرێ بەحکوومەتی خودموختاری کوردستان.



## تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی

بەدوای‌ڕووداوی تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا دوکتۆر شەرەفکەندی بوو بەسکرتیری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی‌ئێرانو دەستووری هەزار عەمەلیاتی بەتۆڵەی خوێنی شەهید دوکتۆرقاسملووو هاڤاڵانی بەپێشمەرگەکان دا. کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا بەچالاکیی خۆیان زەبری زۆر گورچووبڕیان لەهێزەکانی ڕێژیم وەشاند. بەڵام بەداخەوە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی توانیان لە شاری بەرلین دوکتۆر شەرەفکەندیو هاڤاڵانی لە کاتی وتووێژ لە ڕەستۆرانێکدا شەهیدکەن. بەڵامپۆلیسی ئالمان بەپێچەوانەی پۆلیسی‌ئوتریش بەجیددی لە مەسەلەکەی کۆڵیەوەو تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی خستە بەردەستو تەسلیمی قانوونی کردنو دادگای میکونوسیش، سزای بۆکاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دیاری کرد. ئاغای بەنی‌سەدر سەرکۆماری پێشووی ئێران زۆر بە شەهامەتەوە بەڵگەو دەلیلی ئەو جینایەتانەی داوەتە دەست دادگای ناوبراوو خۆشی‌وەک‌شاهید ڕاستەوخۆ لەدادگادا ئامادە بوو.

لەم بارەوە کاک سەلامی‌عەزیزی لەکتێبی (سەفەری بێ گەڕانەوە) دا ئاوا دەگێڕێتەوە:

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە17ی سیپتامبری1992کونگرەی (ئەنترناسیۆنال) کۆتایی بەکارەکانی دێنێو بەشدارانی کۆنگرە بڵاوەی دەکەن. هەیئەتی نوێنەرایەتی بەمەبەستی بەشداری‌کردن لەو کۆبوونەوەی‌دا کە باسی‌کرا بەرەورەستوورانی (میکونووس) وەڕێدەکەونو سەرجەم 9کەس بەچەشنی خوارەوە کۆبوونەوە.

1- دوکتۆرصادق شرفکندی، سکرتێری جیزبی دیموکراتی کوردستانی‌ئێران

2- فتاح عبدلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئوروپا

3- هومایون اردەلان کادری حیزبو نوێنەری حیزب لە ئاڵمان.

4- نوراللە محمدپور دهکردی (نوری دهکردی) دۆستی حیزبو سەربە بزووتنەوەی چەپی سەربەخۆ.

5- پرويز دستمالچی سەر بە کۆماریخوازانی میللی
6- مهدی مجتبی ابراهیمزاده اصفهانی ئەندامی شورای ناوەندی سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێران (اکثریت)
7- مسعود امیرارشد کادری سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێران
8- عزیزغفاری ئەندامی سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێرانو خاوەنی رستورانی (میکونوس)
9- اسفندیارصادقزادە دۆستی (عزیزغفاری)

لەحاڵێکدا ئەوان لەسەرباسی سیاسی پێکەوە قسەدەکەن، چەند دەقیقە پێش سەعات 11لەنەکاو دووکەس چەکبەدەست کە دموچاوی خۆیان داپۆشیوە لە رستورانەکە وەژوور دەکەونو یەکراست دەچن بۆ ئەو شوێنەی کە کۆبوونەوەکەی لێدەبێت. پاش ئەوەی یەکێک لەو دووکەسە بەزمانی فارسی جنێو بە بەشدارانی کۆبوونەوەکەدەدا (مادرقحبەها) دەست بەتەقەو دەستریژ دەکەن لە ئاکامدا هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لەخوین شەلاڵ دەبنو دەکەونە سەر عەرزو ئەو نەفەرانەی کە گوللەیان وێناکەوێ لە بن میزو سەندەڵیەکاندا خۆبەعەرزەوە مەلاسدەکەن. تیرۆریستەکان بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی مەئموورییەتەکەیان بە دەمانچە تیری خەلاس لەکاک دوکتۆر سەعیدو کاک فەتاحو کاک هومایون دەدەنو پاشان لە رستورانەکە وەدەردەکەون. بێجگە لەو دووکەسە لەکاتی ئەنجامدانی تێرورەکەدا تێروریستێکی دیکەش لەبەر دەرگای رستوران کێشک دەبێو چاوەدێری دەرەوەی رستورانەکە دەکات. هەر سێک تروریست هەڵدێنو لە شوێنەکە دوور دەکەونەوە. تیروریستەکان لەکاتی هەلاتندا وەسایلی بەریوەبردنی تاوانەکە لە کیفێکی وەرزشی دەنێنو کیفەکە لە شوێنی پێشانگایەکی ئوتومبیل لە 3کیلومیتری (میکونوس) لەبن ماشینێکدا بەجێ دێڵنو پاشان ماشینە B.M.W کەش کە پێی هەلاتبوون لە یەک کیلومیتری ئەو پێشانگایە پارک دەکەنو بەجێدێڵن.

رۆژی 23ی سیپتامبر پۆلیس ئەوکیفەوەرزشی‌یە دەبینێتەوە کە ئەوشتانەی خوارەوەی تێدابوون:

1- کلاوێکی رەشی چندراو لەگەڵ شالگەردنێکی خەتداری قاوەییو دەسکێشێکی چەرمی.



2- یەک قەبزەمسلسلی دەستی مودیل یوزی کالیبر 9 میلیمیتری بەدەنگبڕەوە (صداخفەکن)
3-یەکقەبزەدەمانچەی مودێلیایکس آی کالیبر65 /7 میلیمیتری بەدەنگبڕەوە.

پاشماوەیەکی کەم ماشینی B.M.W کەش دۆزرایەوە. ماشێنەکە مودێلی Vو ژمارەکەشی B.AR5503 بوو. تەحقیقاتی پۆلیس سابێتی کرد کەهەموو ئەو شتانە وەسیلەی بەرێوەبردنی میکونوس بوون.

لە ئاکامدا رۆژی 4ی ئۆکتۆبر 71/7/12 دووکەس بەوناوانەی خوارەوە لە یەکێک لەشارەکانی رۆژئاوای ئالمان دەسگیر دەکرێن.

1- یوسفامین 24ساڵە خەڵکی لوبنان.
2- عمادراحل 25ساڵە خەڵکی لوبنان. ناسراو بە عمادعماش

ئەو دووکەسە لەماڵی برای امین لەرانیە خۆیان شاردبۆوەو هەرکامیان حدوودی 15هەزارمارکو پاسپۆرتێکی جەعلی پێدەبێو ئامادەی هەلاتن بۆدەرەوەی ئالمان دەبن.

(یوسفامین) رۆژی 7ی ئوکتوبر لە زیندان وەقسەهاتو دەستی کرد بەئیعتیرافکردن. بەدوای ئەودا رۆژی 9ی ئوکتوبر پۆلیس 3کەسی دیکەی بەوتاوانەی خوارەوە لە بێرلین دەسگیر کرد:

1- کاظمدارابی کازرونی خەڵکی ئێران.
2- عطاالله‌ایاد خەڵکی لوبنان.
3- محمدعطریس خەڵکی لوبنان.

بەگرتنی ئەونەفەرانەو بەتایبەتی ئیقراری یوسفامین پەردە لەسەر تاوانی (میکونوس) هەڵدراوە.

لەهەواڵو دەنگو باسی ڕاگەیەنە گشتییەکانی دوای گیرانی تیروریستەکاندا دەرکەوت کەامآی6 دەزکای اطلاعات خارجی ئینگلیس کە بە انتلیجنت سرویس بەناوبانگە، زانیاری دەقیقی لەسەر تروریستەکان داوە بە پۆلیسی ئالمان کە بۆتەهۆی گیرانیان.

مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێک کە شاری برلین لەژێر کۆنترۆلی چوار دەوڵەتی ئامریکا، ئینگلیس، فەرانسەو روسیەدا بووو هەرکام لەودەوڵەتانە کاروباری خەڵکی ژێردەستەإتی خۆیان کۆنترۆڵدەکرد. بەوجۆرە کاظم دارابی لەژێر چاوەدێری امآی6

دابوو تەلەیفونەکەشی کۆنترۆڵ کراوە، چونکە ~امآی6 کاظمدارابی بەئەندامیفەرمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران زانیوە کەخەریکی کاری جاسووسیو پێکهێنانی شەبەکەیتیروریستییە. پاش ڕووخانی دیواری بێرلینو یەک گرتنەوەی دووبەشی ئالمانو کۆتایی هاتنی ئیشغالی بێرلین امآی6پێشئەوەی کە بێرلین بەجێبێڵێ تەواوی زانیاریو بەڵگەیەکی کە لەسەر تێکۆشانی تیروریستی کاظمدارابی و هاوکارەکانی هەبوو تەحویلی پۆلیسی ئالمانیدەدا. بەشێک لەو بەڵگانە بریتی بوون لە دەیان نەواری کاسێتی وتووێژی تەلەیفوونی کاظمدارابی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ:

1- کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی
2- کاربەدەستانی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە بون
3- کاربەدەستانی کونسولگەری ئێران لە بێرلین

امآی6تەنانەت دوای بەجێهێشتنی بێرلینیش پۆلیسی ئالمانیئاگادار کردنەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پیلانێکی بۆ کوشتنی ڕێبەرانی کورد بەدەستەوەیە کە بەرنامەی ئەوپیلانە بەرەمزی بزرگعلوی لە سەفارەتی ئێران لە بونداڕێژراوە.

لەئاکامدا دادگای میکونوس کەسەرجەم 247 جەلەسەی هەبووو 167 کەس بەعینوانی شاهید لەدادگادا شاهیدیاندا. لە 28ی مانگی ئوکتوبری 1993 دەستی بەکارکردبوو لە 1997/4/10 حوکمی سادرکرد، جگەلە حوکمیجەلبی فەلاحیان وەزیری واواکی ئێران لەلایەن دادگای میکونوس دەرچوو، ئێران تاوانبارکرا، ئەوکەسانەش مەحکووم بوون

1- کاظمدارابی مەحکووم بە حەبسی ئەبەد
2- عمادراحل مەحکووم بە حەبسی ئەبەد
3- یوسفامین مەحکووم بە 11ساڵ
4- محمدعطریس مەحکووم بە 5ساڵ
5- عطاااللەایاد ئازادکرا

چەندسەعات دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونوس دەوڵەتی ئالمان لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا ڕایگەیاند کە دەخالەتی ڕێبەرانیحکوومەتی ئێران لە مەسەلەیتیرۆری میکۆنوسدا پێشیلکردنی ئاشکرای یاساکانی نێونەتەوەیییە،



ئالمان ناتوانێ کردەوەیوا قبووڵبکات، لەوپەیوەندیەدا حکوومەتی ئالمان بڕیاریدا کە:

1- سەفیری ئالمان لە ئێران فەوری بانگبکرێتەوە بۆ ئالمان.
2- بەسیاسەتیدیالۆگیرەخنەگرانەی خۆی لەبەرامبەر ئێراندا کۆتاییبێنێ.
3- چوارکەس دیپلۆماتەکانی ئێران لە ئالمانوەدەرنێ.

## بزووتنەوەکانیچەکدارانەی کورد دوای کۆماری کوردستان تا زەمانی شا

وەک هیدێک ئاماژەم پێکردووە لە ساڵی 1343 بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی چەند قۆڵی بەڵام نەحیزبی لە کوردستانی ئێران دەستی پێکردبوو. ڕێژیم بۆبەرپەرچ دانەوەیان هێزێکیپۆشتەی لە چریکی خۆماڵیو ژاندارمی مووچەخۆری بۆ تەرخانکردبوو. تیمسار ئەرتەشبود ئەوەیسی مۆڵگەکانیلە: سندووس، لاجان، شاهپوور، سەردەشت، سەقز، سنە، بانەو ورمێ دانابووو دەستکیسی خۆماڵیشی لە لایەن ساواکەوە لێکردبوونە گوێقولاغ. ئەوچەند ڕاپۆرتچییە کە ناوم وەبیر ماون بریتین لە:

1- لە گوندی گۆزەگیرانی سندووس، زاوای حوسینە هارە کە لەساڵی 46 بەتاوانی کوشتنی خەزووری دەگەڵ دووبرای خرانە زیندانی گۆلیورمێ.
2- لەگوندی شاوانەی ناوچەیشنۆ، کوڕەکانی شەریف دەوڵەت. لە سەرئەو ڕاپۆرتە لە هاوینی 44 ڕەسوو بەدەستی (قادرفەتحی ناسراو بە زەرزا)و (هیدایەت) کوژراو براکانیدیکەی بەناوی محەممەدو ئەحمەد برینداربوون. لە قاچاغەکانیش کەسێک بەناوی کەماڵ بەردەکەشکی بریندار دەبێ.
3- لە ناوچەی لاجان کویخای گوندی خراپەی کە چاپەزی علی ئاغای ئەمیرعەشایری بوو، بەو تاوانە لە ساڵی 46 بەدەستی قاچاغەکانی ناوچەی لاجان کوژرا، بەڵام ئاغای گوندی خراپەو گردەبنو کاک ئاڕەحمان بەو تاوانە لە لایەن ساواکەوە گیرانو بۆ لێپرسینەوە ناردرانە تاران. هەریەک لە10 تا 15ساڵ حەبسیان بەسەردا سەپاو سەید باپیر کە پاشان بەئاشکرا چەکی جاشەتیی

هەڵگرتو لە شەهیدکردنی کاک مرادشیرێژو کاک عەلی عەجەم دا ڕاستەوخۆ دەوری هەبوو، یەکێک لەو ڕاپۆرت چی‌یانەی ساواک‌بوو.

هەر لەوسەروبەندەدا چەند کەسێک لە هەوادارانی کاک ئەحمەد تۆفیق کە بەڕواڵەت چەکی حیزبیان دەشانی‌کردبوو، دەگەڵ پێشمەرگەی ئەودیوکە شەرعیەتیان بەوە دابوو دەگەڵ ژاندارم پێو شوێنی ئەو قاچاغانە هەڵگرن، لەڕاستی‌دا بەساواک پشت ئەستوور بوون‌و لەوخول‌و سووڕەدا دەست‌دەکەن بەکاری چەوت، بەڵام تۆماری ئەوکارە ناحەزانە بە ناوی قاچاغەکانەوە دەنێرنەوە بۆکاک‌ئەحمەد. بۆ شایەدیی ئەوم باسە بە پێویست دەزانم بگەڕێمەوە سەرمەتڵەب. لە پایزی1344 ئەوتاقمە لە کوردستانی خواروو بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێنەوە. لە گوندی شاوانە، دەچنە ماڵی محەممەد شەریف دەوڵەت کە دەسکیسی ساواک‌بووو چەند ڕۆژ لە ئەشکەوتی گەڵی بەرداشی گردکاشان خۆ حاشار دەدەن. دەو بەینەدا دوو پیاوی (یەکانی) کە تووتن لە گردکاشان بۆ ورمێ بەقاچاغی دەبەن، ڕووت دەکەن‌و ئەسپەکانیان لێ دەستینن. شوانەکانی خانلەر دوو کەسیان لێ دەناسن. لە ڕێکەوتی 7/14/ 44 قاچاغەکان بەهۆی ڕاپۆرتی ئەو بنەماڵە لە گوندی گردکاشانی شنۆ بەشەو دەکەونە ئابلۆقەی ژاندارمەری. سەرهەنگ فەراسەت‌و سەرهەنگ ئەحراری‌و دوو ئەفسەری دیکە بەناوی سەروان سەمەدی‌و وەلی‌زادە لە گەمارۆیەدا بەشداردەبن. قاچاغەکان بەهۆی خەڵکەوە لە سەعات 3ی شەو بە مەسەلەکە دەحەسێن‌و لەماڵ وەدەردەکەون، تەقە دەست پێدەکا. لە شەڕێکی تونددا ژاندارم کوژراوو برینداریان دەبێت کە هەر بەشەو ڕادەگوێزرێن بۆورمێ.  چەکدارەکان خۆ دەربازدەکەن‌و بە کەندەباس دا بەرەو دوربە هەڵدەکشێن. پیاوێکی خەڵکی دێ بە ناوی مام ئۆمەر کەڵاشێکی ئۆردۆنیی بێخەشاب‌و فیشەکی قاچاغەکانی لەلادەبێ. ترسی ڕێدەنیشێ نەوەک عەجەم ماڵان بپشکننەوە، کەڵاشەکە دە لاتێڕی گوێدرێژداوێ‌و بەرەوچیادەهاژوێ. زەردەی بەیان دەدینێ ژاندارم ئەوە بە چیاکانی دەوروپشت هەڵگەڕاون، خۆدەبوێرێ. پاشان کە ئەوان ئاوادەبن خۆ دەگەیەنەتە دوو بەندان، لووت‌و بزووت دەپێنج زەلامی چەکدار هەڵدەنگوێ. پێی وادەبێ چریک (جاش)ن، بەڵام ڕێی دەربازبوونی نابێ. لێی‌دەپرسن، دەڵێ شوانم. تێڕەکە دەکۆڵنەوە کەڵاشەکەی دەردێنن. تێروپڕی لێدەدەن. کابرا پاشان ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە، بەڵام کەس باوەڕی پێناکات‌و



قاچاغەکان پێیان‌وادەبێ فرۆشتوویەتی.  هەر دەو ساڵەدا چەکدارەکان بەدەهۆی ئەحمەدبەگی نیعمەتی‌و محەممەدئەمین حاتەمی ناسراو بەچیچۆ کە جاش‌بوون دەکەونە زیندان. هەرلە ساڵی44مام ئۆمەریش بەڕاپۆرت دەگیرێ. لە ساڵی 1345 پێشمەرگەیەکی حیزبی بەناوی خانە لەیتان کەریمی خۆ تەحویل دەداتەوەو دەنێردرێتە بەندیخانی ورمێ. مام ئۆمەر دەیناسێتەوە.  مەسەلەکە گەورە دەبێتەوە. کاک خانە، بە شاهیدیی ئەو چەند کەسە: میرزا سمایلی عەکاس، عەلی کاکەسوور، سوارەسەکر، مەلا ڕەحمانی کاڕەش (لاجانی)، دەڵێ: ئێمە گوێڕایەڵی ئەحمەد تۆفیق بووین. دەگەڵ پێشمەرگەی ئەودیو بەدوای ئەوکەسانەدا دەگەڕاین کە ساواک لێیان دەخەفتا. لە ناوچەدا بەناوی قاچاغەکان، زۆر کارمان دەکردن‌و ڕاپۆرتمان دەنووسیەوە. کاک خانە ناوی چەند کەسی هێنا بەڵام بەداخەوە ئەمن هەر ئەو چەند ناوەم لەبیرن:

1- کاک خانە کەریمی بەناوی نەهێنیی شێرکۆ،
2- سمایل کەریمی بەناوی نەهێنیی شێرزاد،
3- کاک سەعید کویستانی (زڕبرای کاوە ئاهەنگەر) بەناوی نەهێنیی شیروان، کە بە سەعیدەکوێری دەناسن.
4- برای حەمەدە کوێری خانلەر کە بەداخەوە ناوەکەم لەبیر نەماوە.

خانە دوایی چەند مانگ لە بەندیخانە ئازاد کراو لە ئیدارەی پۆستخانەی نەغەدە کاری درایە، کە هێشتاش هەر لەوێیە، بەڵام دیارە ئەوە ناتوانێ ببێتە پەڕۆشینکە لەسەر شانی بنەماڵەی لەیتانەکان، کە لە ساڵی1332ڕا تێکەڵاوی هەموو ڕاپەڕینێکی کوردستان بوون.  بە تایبەتی میرزا مەولوودی ڕەحمەتی‌و کاک میرزاکەریمی لەیتان بەشی زۆری تەمەنیان لە زیندانی شادا لە ژێر ئەشکەنجەدا ڕابواردو لە ڕاپەڕینی 1357 ڕەگەڵ حیزبی دێمۆکرات کەوتن‌و لە شەڕی نەغەدەدا چەند شەهیدیان‌داو پێشمەرگەی بەوەجیان لێ هەڵکەوت.  بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە هێندێک کەس وەک کاک سەعید کویستانی بە نووسینی بیرەوەری‌یەکانیان لە دەرەوەی‌وڵات دەیانەوێ ڕابردووی خۆیان خاوێن کەنەوە. هەر کوردێک گوللەیەکی بەداگیرکەران‌وەنابێ حەیفە ناوی چرووکی وەک (دزو چەتە)ی لێ‌هەڵدەن.  ئەوە لاساکردنەوەی ڕێو شوێنی ڕێژیمی پەهلەوی بوو کە بە هەموو کەسی دەکوت (اشرار مسلح)، (راهزن)،.. هەروەک کۆماری ئیسلامی بە هەموو

خەباتگێڕێک دەڵێ (ضد انقلاب). ئەو درۆ هەڵبەستانە بۆ شەهیدانی کوردستان لەلایەن نووسەرێکی کورد بەمانای تف لەخۆ کردنە. با بزانن بەوە قەبە نابن.

(خەیانەتی شا)

محەمەد ڕەزا شا"دوایی هەرس پێهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، نەمر بارزانی ڕاستەخۆ خستە ژێر چاوەدێری ساواکەگڵاوەکەی. هەتا بارزانی نەیدەتوانی جلو بەرگی کوردی لە بەر بکات. لە تەواویی وتوو ویژ لەگەڵ هاواڵدەرانی دەرەکی مەئموری ساواک لە قەراخی دادەنیشتن. لە هێنانەگۆڕی هەموو مەسەلەیەکی سیاسی قەرەقەپی پێکرابوو. تەنیا جارێک حوسین هەیکەل هەواڵدەری بەناوبانگی میسری بە تاقی تەنیا دەچێتەلای لەمەڕ شورشی کورد لێێ دەپرسی؟ نەمر بارزانی بەڕاشکاوی پێی دەڵێت:کوردو خەباتی کورد هەروەکوو خویەتی‌و بەردەوامە سەرئەنجام بارزانیان بۆ ئامریکا دوور خستەوەو قەولو بەڵێنی (کیسەنجێر) وەزیری دەرەوەی ئامریکا هەروا سازمانی سیا،لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو کاتی ئامریکایەکان یەکی نەدەگرتەوە. نەمر بارزانی لە1357ی هەتاوی کە ڕێژیمی گەندڵی پاشایەتی بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕوخاندرا،"شای خاین "بۆ دەرەوە دەرپەڕاندرا، دەیەویست بۆکوردستان بگەڕیتەوە بەڵام ئەجەل مۆڵەتی نەدا .
(جاناتان ڕندال)لە کتیبێک دابەناوی
AFTER SUCH KNOWLEDGE? WHAT FORGIVENESS

نووسیوە کەئیبراپم یونسی بەفارسی وەرگێڕاوەتەوە(باین رسوائی چە بخشایشی؟) و ئەمن ئەوبەشەم کردوە بەکوردی،:
لە دوایین ڕۆژەکانی فۆریەی 1979ی زایینی، بارزانی بێ وازو بێ حەوسەلە لە نەخۆشخانەی (دانشگای جورج تاون) لەنێوجێدا ڕاکشابوو. بنەماڵەی شەوو ڕۆژ لەڕەخ جێوو بانەکەی کێشکیان دەدا. بارزانی دەیەویست لە گوندی بارزان بەخاک بسپێردرێت، کە سەردەمێک بوو لە لایەن هێزەکانی تۆڵە ئەستینی ئێراق کە بڕیاریان دابوو بەردەکیان بۆ لەسەر بەردەکی دانەنین، وێران کرابوو. ئێران لە



وەزعە دانەبوو لەم بارەوە چ ئاریکاری بکات. هەڵبژاردنی دووهەمی شاری شنۆ هەڵکەوتوو لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات بوو. هەتاکوو لە باوەشی بنەماڵەکەی بشاردرێتەوە. بارزانی نەساختر لەوە بوو کە بەفرۆکەی ئاسائی سەفەر بکات، لە بەرئەمە باڵەفرپەکی تایبەتیان بۆ گرت. کە کەرەسەی ئۆکسژینی تێدا بوو، لە2ی مارس بۆ تاران بەرێ بکرێت لەیەکی مارس کە بارزانی دەیەویست دانیشێت، دۆسکی هەڵدەستێ باڵنجەکی بۆ دێنێت. بەڵام بارزانی پێی دەڵێ دەیەوێ لە سەر کورسی دانێشێت‌و پاڵبداتەوە. دۆسکی دەڵێ: (سەری بۆ پێشەوەخوار بۆوە وەفاتی کردبوو.) تەرمی بارزانی بەفرۆکە ناردرا بۆ تاران لەوێرا بۆ ورمێ‌و لە ورمێ بە هێلیکۆپتەرهینایانەوە شنۆ کە نەمرماموستا هەژار، نەمرکاک ئیدریس بارزانی‌و بەڕیزکاک مەسعوود بارزانی لەگەڵ بوون. جاناتان رندڵ ئەوهادەگێڕێتەوە: لە شنۆ تەرمی بارزانی بە، بەشداری دەیان هەزارکەس لە خەڵکی شارەکانی کوردستان، وەک سەنەندەج، هەڵکەوتوو لە باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانو بادینان هەڵکەوەتوو لەباشووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران بەخاک ئەسپاردرا چ شتێک ڕووی نەدا. لەسەرەتای 1980ی زایینی مارکسیستەکانی توندڕۆی کورد حوڕمەتی گڵکۆی ئاسایی باررزانیان ڕانەگرت تەرمی ئەویان هێنادەر. پاشان سەرلە نوی تەرمی بارزانیان بردەشارۆچکەی زێوە کە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژ هەڵاتە، کەوتۆتە سنوور، لەوێ بە خاک ئەسپاردرا، لەپاییزی 1993ی زایینی جارێکی‌تر تەرمی بارزانیان بە هێلیکۆپتر بردەسنوورلە وێ بەڕێگای عەرد دا بردیانە گوندی بارزانو یەکێک لە بەشدارانی تەرمی بارزانی جەلال تاڵەبانی بوو کەلە سەرەتا شاگردو مریدی بارزانی بوو دوایی بوو بە دوژمنی ئەو...مەسعوودبارزانی کوڕی ئەو هەر وەک بارزانی بۆ خۆی ویستبووی لە گوندی بارزانیان ناشت. دوو هێلیکۆپتری ئامریکایی لە عاسمان لەسەر مەزاریان خولو سوڕ داو، دوو فڕۆکەی جێتی ئێف 16ی ئامریکائی بۆ ڕیزوحوڕمەت دوو جار بۆ سەر گڵکۆی بارزانی لوور بوونو هەستانەوە. ئامریکا سەرئەنجام کەوتە قەرەبۆی ئەو خەیانەتەی کەلەساڵی 1975ی زایینی دەر حەق بەئەو کردبووی.

(دووهەمین شەڕی کەنداو یان خەلیج)

بەر لەمە لە شەڕی دووهەمی کەنداو بدوێین پێویستە هۆیەکانی بدەینە بەر باسو شیکردنەوەو ئاماژە بەو شتانەبکەین کە بواری ئەوشەڕەیان ڕەخساندو ڕیگایان بۆ تەخت کرد ...هەرچەند بەرژەوەندی زلهێزەکان هەوینەکەیەتی، بەڵام لە خۆباییبوونو هەستی دەمارگرژیو کردەوەی چەوتو نائینسانیەتی ڕێبەرانی ئێراق لە سەروی هەموان سەدام حوسین کارتێکەر وکاریگەر بوو. سەدام کە لەدوایی کۆدتای ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر کرابەوەزیر، ناوی هاتە ناونێوان هێندەی پێ نەچوو لە1969 بوو بەجێگری سەرکۆمارو لە ساڵی 1970بەڵێننامەی ئۆتۆنۆمی پارچەکوردستانی باشووری لەگەڵ نەمر ژەنەڕاڵ بارزانی لە قوتابخانەی شارۆچکەی ناوپردان ئێمزا کردو دوایی پیلانی کوشتنی بارزانی داڕشت. چوونکە بیرو بۆچوونی حیزبی بەعسی ئەفلەقی لە گەڵ خوینی تێکەڵ ببوو دەمارگرژی عارەبی دەمێشکی دا گوورا بوو لە ماوەی پێنج ساڵ کەبۆ دابەزینی یاسای خودموختاری کوردستان دانرابوو چ هەنگاوی بەکردەوە هەڵنەهێناو ئەو ماوەیەی بۆ تەیارو پۆشتە کردنەوەی هێزی عەسکەری تەرخان کردو بەگریدانی پەیمانی 15ساڵە ی نیزامی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤێەتو وەرگرتنی چەکو چۆڵی جۆراجۆرو کۆمەڵکوژی لە ئەڵمانیاو فەڕانسەو شوورەوی کە تارق عەزیزی سەرۆک وەزیران بۆ ئەو مەبەستەگڵاوە دەیان سەفەری بۆ وڵاتانی دەرەوە کرد. پیلانیان بۆ پووچەلکردنەوەی خودمووختاری هێنایەکایەو محەمەد ڕەزاشاە کەدوژمنی کوردبوو لە ساڵی 1964دەستی خستبووە ناوشۆڕشی ئەیلول بە نهێنی خەریکی وتووێژ بوو. لە ئاکامدا بەهۆی بۆمێدیەن لەساڵی 1975 ی زایینی سەدامو شا، لە ئەلجەزایر چاویان پێکدی کەوتو پەیمانی گڵاوی ئەلجەزائێریان بۆ خاشەبڕ کردنی شۆڕشی ئەیلول واژۆکردو پیلانەکە مسوەگەربوو! پاش ڕووخانی ڕێژێمی گەندەڵو فاشستی شاهەنشاهی لە1357ی هەتاویو دامەزراندنی کۆماری سەرەڕۆی ئیسلامی، سەدام حوسین بوو بە سەرکۆماری ئێراق. کە کزولەڕ بوونی ئەڕتەشی ئێران وای لێکرد ئەوەی لە بەرامبەر تێشکانی شۆڕشی کورد بەشای دابوو، لێی بستێنیتەوە، کە پەیمانی دووڕگەکانی یەک لایانە بێبایەخ ڕاگەیاندو لە22ی سیپتامبەری1980ی زایینی هەڵیکوتا سەر ئێرانو شەش لەشکری (بریتی لە400هەزار سەرباز) واردی خاکی ئێران کرد. ئەوکات ئێراق 600فڕۆکەو دوازدە هەزار تانگو یەک ملوین عەسکەری هەبوو.



(هۆی لەبەریەک کشانەوەی شەڕی ئێراق)

هەرچەند ئێراق لە22ی سیپتامبەری 1980 هێرشی کردبووە سەر ئێرانو بەتاوانبار دەناسراو بەشیکی زۆری لەوڵاتی ئیران داگیر کردبوو کەبوو بەهۆی وەکوڵ هاتنی هەستی خەڵکی ئێران دەنەو هاندانیان بۆ مەیدانی شەڕ بۆدیفاعو بەرگری لەکەڕامەتیان. بەڵام ئاخوندەکان بۆ داڕژتنی پیلانی خۆیانو سەقامگیر کردنی (ولایەتی فەقیە)، ئەو شەڕەیان گەرم ڕاگرتو بەهیچ جۆر حازر نەبوون بێکوژیننەوەو بە ناوی ئەوە کە ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ تەشکو داوێنیان هەڵکردو هەموو کۆسپو لەمپەری دژی ولایەتی فەقیهیان بەدنەدانی جەماوەری ڕەجاڵەو خەرافاتی لە سەرڕێگا هەڵگرتو حیزبەکانی ئازاد کراویان هەر یەک بە بەیانوویەک بەرچەسپ لێدا، هەموو تێکۆشانەکانیان لەچوار دیواری بەرتەسکی (وەلایەتی فەقیەی ) کۆکردەوەو شەرعیەت پێداو نەیان هێشت ئەوشەڕە ماڵوێرانکەرە بکووژێتەوەو بە قەڵاشکەری پڕوپاگەندە ی مەزەبیو کۆنە پەرستیو درۆو دەلەسەی مزگینی زاهیر بوونی مێهدی خەلکی ساویلکەو ڕەشە مەسڵمانیان پێ فرچک دەدا. جگە لەوەش ئیمامی جەماران ئاچەری بەهەشتی لەگەردنی هەموو حیزبوڵلاو ثارولڵلاو پاسدارو کۆمیتەچیو بەرەڵلایەک کردبووو حەوت دەرکەی جەنەتی وەسەر گازی پشت گێڕابوو. لەگەڵ هەفتا حۆری ناسکو تەنک!

ئەڕتەشی ئێران کە بە فتوای خومەینی بە دەستی خەڵک تەفروو تونا ببوو ئاداری لە سەرپاداری نەمابوو مەلاکانی مەندیل بە سەری بە دەماخ کردبوو. لێشاوی جەماوەری خەڵکی ئاسایی لە مەیدانی شەڕ وەک مێشو مەگەز بەو دەرمانەی سەدام دەیپڕشاند دەکوژران. لەوکاتەدا خومەینی حیزبی دێمووکڕاتی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندبوو و فتوای خەزای کوردی کوردستانی ڕۆژ هەڵات لە28ی گەلاویژی 1358 جاڕکێشابوو. سەرکۆماری کاتی ئاغای بەنیسەدر سوێندی خواردبوو هەتا کوردستان لە دژی ئینقلاب یانی (کوردەکان) خاوێن نەکاتەوە، پۆتین لەپێ دانەکەنێتو سەرلەشکر محەمەد وەلی قەرەنی کە سەردەمی شا، قایشی

قووتدابوو ئێستا ببوو بەرپرسو سوپاسالار هەردەیکێلا. بەڵام هێشتا پێشمەرگە هەرلە سەنگەر دابوون شاڵاوی ڕەجاڵەیان بەرپەرچ دەداوە. لە گەرمەی ئەو بێنەو بەرەیەدا بەرپرسی دادگای ئینقلابی گشتی لە تاران (مووسەوی ئەردەبیلی) دەستووری گرتنی سەرکۆمار دەرچوواند. جەنابی سەرکۆمار بە ئاریکاری ڕەجەوی‌و بەکوشتە کوشت دەلاقانی وەرێناو بەجل‌و بەرگی عافرەتان تێی تەقاندو لەپاریس خۆی گرتەوە. ئەوجار ڕێژیم بەدورشمی قودس‌و دورست کردنی مێهدیی ساختە، کە بە جل‌و بەرگی سپی سواری ئەسپی دەکراو تاریک‌و روونی بەیانی بە بەرچاوی مریدانی بەهەشتی بە هەلینگدان دەڕۆیی‌و بۆ وەسەر مین پەڕین هانی‌دەدان. زوریش لەو مێهدیانە بە دەستی عەسکەری سەدام گیران‌و کوژران کە بە گشتی کەچە ئاخوندی فریودراو بوون‌و بۆ هەڵخەڵەتانی ئەو هەژارو ڕەشو ڕووت‌و مێشک شووراوانە کایەیان بەگیانی خۆشیان دەکرد. سەرئەنجام دوای هەشت ساڵ کە خومەینی بەچۆکداهات بڕیاری 598ی نەتەویەکگرتوەکانی بەناوی(جامی ژەهر) نۆشی‌و لە18ی ژوئیەی 1988 شەڕی نێوان ئێراق‌و ئێران دوایی هات. ئەوشەڕە بۆ ئێران یەک ملوین کوشتەو حەوسەد هەزار نوقوستان‌و چەند میلیۆنێک ئاوارەو هەڵاتوو نزیکەی هەزار میلیارد دۆلار زەرەرو زیانی بەدواوەبوو بارودۆخی ئابووریی ئێرانی هێنایە سەرسفر، ئی ئێراقیش بێگومان لەوە باشتر نەبوو. بەهەزاران دیل لە هەر دووک‌لا گیران‌و لەزیندانەکان مانەوە. هەزاران بنەماڵە لە ڕەگ‌و ڕیشە هاتنەدەرو کاول بوون. کە هەمووی ئەوانەش بەرهەمی کورسی دەسەڵاتی سەدام حوسین‌و پاوانخوازی ئیسلامی‌و فرەوانخوازیی مەزەبی شیعەی دوازدە ئیمامی بوو.

(کارەساتی کیمیایی هەلەبجە)

سەدام حوسین کە لەشەڕی ئێران بۆوە، لە کوردان داخ لە دڵبوو. بە لاساکردنەوەی ئەتاتورکی فاشست بۆ تواندنەوەو لە ناو بردنی کوردی باشوور پیلانی داڕشت. عەلی حەسەن مەجیدی کوڕی مامی کە لە خۆی خوێنڕێژتر بوو کردە هەمووکارەی فەوتاندنی کورد. عەلی حەسەن مەجیدناسراو (بەعەلی کیمیاوی) لە16ی مارسی 1988ی زایینی بەچەند فڕۆکەی میراژو هێلێکۆپتەر هیرشی بردە سەردانیشتوانی



بێتاوانی شاری هەڵەبجە. گازی خەردەلی پێدا ڕژاندن کە5000کەس دەستەوجێ شەهیدو 25هەزار سوتاو کۆڵەوار کۆێر وشەل بوون. ئەمە هیرۆشیمای دووهەم بوو لەجیهان دا. بەڵام زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بەهۆی بەرژەوەندی نەوتی کوردستان‌و قازانجی خۆیان دەمیان نەکردەوەو خۆیان لێ بواردوو ئەو کارەساتەیان وەک پێویست بوو لەقاو نەدا. سەدام حوسین کە حەول‌و تەقەلای تواندنەوەو فەوتاندن‌و لە ناوبردنی ڕەگەزەی کورد بوو بە هەڵەبجەی بڕ نەشکا، دەستووری خەزای بۆ کوردی کوردستانی باشوور ڕاگەیاند. دەیان بۆڵدزێر بەداکۆکی فڕۆکەکانی میراژی ساختی فەڕانسەو سیخۆی شوڕەوی‌و تانگ‌و تۆپ بە فەرماندەری عەلی کیمیاوی ڕویان لە ئاواییەکانی کوردستان کرد. سەرەتا بۆ مباردومانیان دەکردو دوایی چۆل بوونیش وەبەر خورتەمی بۆڵدزێریان دەدان‌و لەگەڵ هەردیان ڕاست دەکردنەوە. هەر فەرماندەرو فەرمانبەرێکیش ناوی بەزەیی هێنابوایە دەستوجێ ئیعدام دەکرا. بەم جۆرە4500گوندیان خاپوورو سەرچاوەی ئاویان چیمەنتۆ دەکردن. دوای ئەمە خەڵکەکەیان بە وردو درشت لە چەند شوین کۆدەکردەوەو بە لۆریە دەیان گوێزتنەوە گرتووخانە. کە بەشێک ساڵبووری و زارۆک لەودۆخەدا هەڵیان نەکردوو مردن. ئەوەی مابوو یانی( 182) هەزارکەس خڕو پتوون گەورەو گچکە پیرو جحێڵ ژن‌و منداڵ کەلەپچە لە دەست‌و زنجیر لەپێ بە کۆمەڵ ڕەپێچەکی ناوزیل‌و لۆریەکان دەدران دەبردران بۆ شوێنی نادیار. وەکوو تکریت، فلووجەو ... لەوێ کارسازی بۆ کرا بوو بە سەدان بۆڵدووزێر گرێدێر بە دادڕینی عەرد خەندەقی قوڵیان وەدی هێنا بوون. ئەو لۆریانە ئەوخەڵکەیان بەگریان وزێڕو هۆڕ بە دست‌و لاق بەستراوی هەڵدەڕژاندە ناو ئەو خەندەقانە کە لە ڕاستیدا هەرد بۆ قوتدانیان دەمی خۆیان داپچڕیبوو. گاردی سەدام دەست بەشێستریرو مەتڕالووزو کەلاش لە لێواری خەندەق ڕاوەستابوون وێڕای ئەو چەکدارانەی ڕەگەڵیان کەوتبوون دەستڕێژیان لێدەکردن‌و خۆڵیان بەسەردا دەکرا. جنایەتێک کە هێتلەر قەت بەفکری دانەهاتبوو. بەڵام ئەوهەش لەناوخۆدا لەژێر دەنگ بڕی ئیستخباڕات پەردەی ئەستووری بەسەردا کێشرابوو لە دەرەوەش قازانخی نەوت زلهێزانی کوێروکەڕ کردبوون. جارێکی تر بازاری چەک‌و تەقەمەنی لە ئاڵمانیەو فەڕانسەو شووڕەوی هەتا لە ئامریکا بەردەوام بوو. بەڵام لە سازمانی ملل لێی کۆڵدراوە بەنهێنی لێیان لەقاو درا.

(شەڕی کەویت 1990یان شەڕی ئەکەمی خەلیج)

کوەیت وڵاتێکی شیخ نشینی دەوڵەمەندەو لە 9ی ژوئیەی 1961ی زایینی بە ڕێبەری (عەبدوڵاسالم الصباح) سەربەخۆیی وەدەست هێنا. ئەو وڵاتە لەلایەن ئێراق بە درەنگەوە یانی دوایی ڕوخانی ڕێژێمی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لە سەردەمداری عارف لە1963بەفەرمی ناسرا. چونکە هەر بە بەشێک لەخاکی ئێراقیان دەزانی. ئێراقیش بۆخۆی لە1962 لەلایەن ناونەتەویەکان بە فەرمی وەرگیرا. سەدام کە ئەوهەموو جنایەتانەو خوینڕێژیەی کرد بوو زلهێزەکان چ دژ کردوەکیان نەنواند بوو چەلاخو سەرکێش ببوو هاویشتبویە سەرکەڵپانو لەچەکو چۆڵ کرین لە ئۆڕوپا بەردەوام بوو. دیارە کوەیتو سعودیە لەشەڕی 8ساڵەی ئێرانو ئێراق بەسەدان ملوین یارمەتیو ئاریکاری ئێراقیان کردبوو. سەدام کە نیازی قەرز دانەوەکەی نەبوو. کردی بەهەجەتو لە1990 هێرشی نیزامی کردە کوەیت دەستو جێ بەردەستی کرد. خەزینەو دەفینەو پارەی بانگەکانیشی لەگەڵ سامانەکەی خەڵک بە تەواوی تالان کردو گەسکی لێدا. خۆی کرد بەحاکمو برایەکی لەجێیی ئەمیر دانا. بەڵام ئیدی ئەمە بۆ زلهێزەکان جێگای چاو پۆشی نەبوو. ئەمە کوشتاری بە کۆمەڵی کوردو خاپوور کردنی کوردستان نەبوو کە کەس پەکی پێ نەکەوێ ئەمە مەسەلەی ئابووری بوو قەبەزەی پشتی شکاند بوونو ڕەگی حەیاتی قەتاندبوون. ئەمریکاو ئینگلیزو فەڕانسە ڕێککەوتن (بووشی باب) سەر کۆماری ئامریکا بوو. تێی ڕۆهاتنو خڕیانکردەوەو چەکی تێکنۆلۆجی نەیهێشت سەدام سەر هەڵکات. فڕۆکەکانی نەیانتوانی لە فڕۆکەخانە وەعاسمان کەون ڕادارەکانیان ڕەش دەبوونەوە دەکەوتنە خوار. دوایی بەکۆژدانی 6000 سەرباز هەر ئەوەندەیان پێکرا ڕایان گوێزن (120) فرۆکەیان ناردە ئێران کە بۆیان تاقەتکەن، بەڵام ئاخوندەکان دەستبەجێ قوتیان دان. هێزەکانی ئێراق کەوتنە بەر هێرشیکی قورسو ناچار بوون بە شپرزەیی کوەیت بجێهێڵنو بەروبەغدا بگەڕێنەوە، ئەگەر زلهێزەکانو یستبایانو سەریان دەدوونابانە ئەوکات دەستیان بە سەر ئێراق دادەگرت. بەڵام چونکە لە بەرژەوەندیان دانەبوو ڕاوەستان هۆیەکەشی پاوانخواری شێعەگەری کۆماری ئیسلامی خومەینیبوو کە دەیەویست مەزەب بکاتە ماڵوتوجاڕەو



بەستەبەندی بکات بۆ وڵاتانی دیکەی ئێسلامی. دیارەپاشان هەرواشی کردو تاقمەی توندڕەوی لە لبنان، ئەفغانستان، سعودییەو میسرو ئەڵجەزایرو ئێراق لێ پێک هێنانو لەشکری بەدری بۆ ئایەتووڵڵا حەکیم کەلەنەجەف ڕایکردبوو ساز دا. کە پاشان بۆسۆیەکەی ئەوبەهێزکردنەی تاقمەئسیلامیەکان چووەچاوی ئامریکاو لە11ی سپتامبەری 2001 پێنتاگۆنو تووین هاوسی پێ هاتەخوار! لە ڕاستیدا ئامریکا لەوە گەیبوو کە ئاخوندەکانی ئێران گەرەکیانە ڕێژێمیکی کۆماری ئێسلامی لە ئێراق پێکبێنن. کە لە بەرژەوندی واندا نەبوو. بۆیە وازیان لە سەدام هێنا. لەلایەکیشەوە نەبوونی جێگرێکی دڵخوازی ڕۆژئاوا بوو بۆ ڕێژیمی بەعس هێندەی دیکە ئامریکاو هاوپەیمانانی هاندا کە زیاتر ددان بەجەرگی خۆیاندابگرن تا هەلی لەبار دێتەپێش. ئەمما سەدام کە ئەو هەموو خوینڕێژییەی کردبوو (دەباخودا گرتبای) وازی لە خۆی نەهێنا کە لە کوەیت گەڕاوە بایداوە سەرکوردەکان. دەستی بە قەلاچۆیان کرد. بەو زستانە ساردوو سڕە یەک ملوین کوردی بەدرشت وورد وەسەر بەفر پەڕاندن. کە بە دەیان منداڵوساڵبۆری لەبرسان یان لە سەرماو کڕێوە ڕەق هەلاتن. دونیا هەڵویستی سەدامی لە قاو دا، وڵاتانی خێرخواز بە پیریانەوە هاتنو چادرو خواردەمەنیان بۆ هێنان. زۆریاینیش ڕووی لە ئێران تایبەت کوردستانی ڕۆژ هەلات کردو بەباوەش هاوەڵایی وەرگیران بەڵام تورکیەی فاشست لەم حاڵەدا سەرکوتی دەکردنو پێش پێگرتنیان لە سەر سنوور بوو بە کارەساتێکی ئەوەندە دڵ تەزین کە دنیای هەژاند. ئەوجار ئۆڕوپاو خێرخوازان هەستی ئامریکایان هڕوژاند دوایی ماوەیەک ئامریکاو ئینگلیزو فەڕانسە هێلی 63 دەرەجەیان بۆ کوردستانی باشوور دانا کە لە93 هەزار کێلۆ مێتری خاکی کوردستانی پارچەی باشوور (40) هەزار کیلۆ مێتری دەباوەش دەگرت یانی (جیالە کەرکووکو خانەقینو خورماتۆزو ژەنگارو موسڵ). ئەو جار کوردەکان هەلیان بەدەرفەت زانی هەریمیان لێ دامەزراند. بەڵام بوو بە شانەزەرگەتەی ئێرانو تورکیەو سورییە هەتا دەستەو بەستەی سدامیش هێلانەیان تێدا سازدا. لە ئاکامدا شەڕی براکوژی لێ کەوتەوە. پاشان دنەی تورکیە لە لایەکو هەڵوێستی نابەرپرسانەو توندوتیژی (پەکەکە) لە دژی حکوومەتی هێشتا دەڵەمەی هەریمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە بوو بەهۆی هێرشی دووحیزبی سەرەکیی کوردستانی باشوور بۆ سەر حیزبی ناوبراو ڕاوەدوونانی. دوایەش یەکێەتی نیشتمانی لە ژێر

گوشاری ئێراندا ڕادیوی دەنگی کوردستانی ڕۆژهەڵاستی داخست. شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتیو یەکێتی ئەوبەشەکوردستانەی کردە دووبەشو سنورو تخوبیان لێ کێشا (سۆرانیو بادنیان) لێ پێکهێنا. ئێرانو تورکیە خۆیان تێڕۆکردو بوو بەجێگای سەوداو مامەلە. شەڕی ناوخۆیی ئەوەندە پیسبوو کە تەنانەت ئێرانو سەددامیش توانی خۆی تیخزێنێنو لەو ئاوە قوڕاوە ماسی بگرن. بەلام دیسان بۆ کورد ئاسۆیەکی ڕوون لە بەر چاوبوو! ئامریکاش هەڵوێستی گرتو تێی گەیاندن کەگەمە بە ئاگرمەکەن. دوایی سەرۆکی ئەو دووحیزبە بۆ ئامریکا گاس کران چەند دانیشتنیان لەگەڵ گەورە پیاوانی ئامریکا پێکهێنا، بەڵام ئێرانو تورکیە حازرنەبوون دەست لە هەریم هەڵگرن هێلانەیان تێداسازدابوو. تایبەت تورکیە دوو لەشکری تێدا ییخ دابوو تورکەمانەکانیشی چەلاخ کردبوو.

(کارەساتی 11ی سپتامبەری1 200 )

ڕێکەوتی 11ی سپتامبەری 2001 سێ فڕۆکە وانی تێرۆریست سەر (ئوسامەبن لادێن) سێ فڕۆکەی موسافیربەری پڕ لە موسافیریان بەرەو سێ بنکەی ئامانج فراند. دوویان خۆیان بە دوو ئاپارتمانی 110 تەبەقی ئامریکا بە ناوی (پێنتەگانو تووین هاوس) دادا جگە لە موسافیرەکان 3000کەس لە ئابووری زانانی ئامریکاو دەوڵەتانی دنیا کوژران. فڕۆکەی سێهەم بەرەو کۆشکی سپی دەڕوا بەڵام بە مووشک هێنرایە خوار. ئەو کارەساتە لە مێژووی بەشەر بەخۆ پێدادانی تەیارە یەکەمین جاربوو کە ڕویدەداو کەرامەتی ئامریکای پێشێل کرد. ڕێبەرانی ئامریکا ماوەیەک تاسان، ئیستخباراتی گەورەی ئامریکا لەبەر چاو سووکو بێبایەخ بوو. لە لێکۆڵنەوەدا دەرکەوت کە ئەفغانستان ڕاستەوخۆ ئاگادار بووە. دەستی هێندێک دەوڵەتی خاوەرمیانەی تێدا بووە. هەرئەوکات بۆوش سەرکۆماری ئامریکا کە بە پۆشەکاوییو تاساوی قسەی دەکرد گوتی: ئامریکا تۆڵەی خۆی دەکاتەوە ئەو وڵاتانەی ئەوهەیان ڕێکخستووە بەتوندی سزا دەدرێن. ناوی ئەفغانستانو ئێرانو



ئێراقی هێنا، پەڕلەمانی ئامریکا هەموو جۆرە دەسەڵاتێ بەرفراوانی دایە. پاش چەند حەوتوویەک ڕێبەرانی ئەفغانستان وەک تاڵەبانو مەلاعومەر کە ئەو هەڕەشەی ئامریکایان بە فشەو گەمە لێکدابۆوە بەڕاشکاوی داکۆکیان لە ئوسامەبن لادێن کرد. ئامریکا هێرشی کردوو دەمودەست ئەفغانستانی داگیرکرد. دەمو دەزگای تاڵەبانو مەلاعومەر کۆ کرایەوە. دوو ڕێبەری توندڕەوی ئیسلامی بۆ چیاو ئەشکەفتەکانی شاخاویان فیزراندو هەڵاتن. ئەفغانستانی کاول کراو بەخەڵکەکی جاهیلو نەزانو خەڕافاتی دنیای ڕەشو ڕووتو چڵکو چەپەر! بۆ حکوومەتێکی تازەدامەزراوی دەڵەمە مایەوە.

(سووکە ئاوڕێک لەئەفغانستان)

باشە مەلاکانی عەبالەبەرو مەندیل بە سەری سوننە کە ئەفغانستانیان کردبوە هێلانەی فتنەو فەسادو دەقوونو هونەری خۆیان دەگەیین، ئەو هێندە گەفو گوڕەیان لەچ بوو!؟ بۆچ دەستیان ڕۆکردە کونە ژەنگە سوورەو ورۆژاندیانو لە هیچو خۆڕایی دۆڕاندیان. ئەوڕێبەرە خەڕافاتپەرستانە بەشیرو گورزو خەنجەر شەڕی تەیارەو مۆشکیان دەکرد. لە سەرشاشەی تەلەفزیون دیتمان کاتیک فڕۆکە بۆماردومانی دەکرد کابرایەک بەشیری ڕووت هەڕەشەی لەئامریکا دەکرد. مەلا عومەرو تاڵەبان لەکاتی وت ووێژ لەگەڵ هاواڵدەرانی بێانی ئەوها بە دڵنیایی دەئاخافتن وزەردە خەنەیان لەسەر لێو بوو پیاو دەیگوت دەبێ بەچ پشت ئەستووربن! کەچی چەکەکەیان تێ تەقاندنو فیزراندنو دەلینگان وەرێنانو هەڵاتن بوو. هێشتا ئەمریکا بەرێوەبوو ئەوان بەچیاهەڵڕوسکابوونو خۆیان گەیاندە قوڵایی ئەشکەفتەکان! ڕیبەرانی ئەفغانستان ئەوها بەچوارناڵ بەرەو خەرافات دەوریان گرتبوو کە ڕووی ڕەشی ئاخوندە شێعەکانی ئێرانیان کە لە بنی مەنجەل پاساوی تربوو سپی کردبۆوە! تەلەفزیونیان ئیعدام دەکرد! بنەڕەتی قانوون ئەساسی یەکەیان ڕدین هۆندنەوەو عەبا لە بەرکردن بوو. حیجابی ئێسلامیان بۆ ژنان لە ناوتەلیس نان بوو. کیژ بۆ قوتابخانە یاساخ کرابوو یانی دژی ئازادی دژی بەشرێت وئیخلاق بوون. ببوون بە شەمشەمەکوێرە! لە جیاتی حەول دان بۆ ئاوەدان

کردنەوەی وڵات لە جیاتی تەقەلا بۆدابین کردنی خیروخۆشی ئەوخەڵکە ڕەشە موسڵمانە بەرەو کۆنە پەرستیو خەڕافات پڕتاویان گرتبوو. بە قولی خۆیان ئێسلامی نابی محەمەدیان دادەبەزاند. بەڵام تێ نەگەشتبوون ئەوەی محەمەد کردویەتی لە سەردەمی نەزانی و1400 ساڵی لێ تێدەپەڕێ دەجا هەموو پەڕی قورئانی پیرۆز سەروبن کەی شتێکی ئەوهای تێدانیە ئەوانە بۆختان بە کەلامی خواو بەپێغەمەرو ئەولیایەکان دەکەن. هەنۆکە سەدەی بیست ویەکە، دەوڵەتانی پێشکەوتە مانگو ئەستێرە دەپشکننەوە ئیسلام ڕدێنو هەڵدەتەکێنێت! ئەوانە ئامازەیەک بەو شتانەبوون کە بوون بەهۆی لەشکرکێشی ئامریکا بۆ سەر ئەفغانستانو ئێڕاق. ئامریکا لەکاتێکداکە خەریکی هێرش بۆ سەرئەفغانستان بوو ناوەکانی جەنگی بۆ خەلیج بەڕێ دەکرد. کەلە یەکاوی عاڕەبان لەنگەریان دەگرت. ئەوە نیشانەی پڵانێکی نوێ بوو کە دوایی بووش پەڵپی بەئێراق گرت وڕایگەیاند کە چەکی کۆمەڵ کوژی هەیە. کە هەڵەبجە نموونەی بوو. لە شەڕی لەگەڵ ئێرانیش کەڵکی لێ وەرگرتبوو. لە سەرپێ داگرتنی بووش دەیان کەڕەت پسپۆرانی چەکی شیمیایی ناونەتەویی چوونە ئێراقو دەستیان بەپشکنینەوە کرد. بەڵام نەیاندە دۆزیەوە بووش دەیگوت شاردووەتەوە دەوڵەتانی گەورەی وەکوو چین، ئاڵمانیا، شووڕەویو فەڕانسە دژایەتی خۆیان لە مەڕ پێ داگرتنی بووشو شەڕی نیزامی لەگەڵ ئێڕاق بەڕاشکاوی دەربڕی. دنیایان لێ جاڕدا. بووش بۆ شیکردنەوەی مەسەلەکە چووە (سازمانی ملل). پاوەڵ وەزیری دەرەوەی ئامریکاو (دۆناڵدڕامسفێڵد) وەزیری بەرگری ئامریکا بەڵگەکانیان ڕووکردن. بەڵام لە گەڵ دژایەتی دەوڵەتانی گەورە کە ئامازم پێکردن بەرەو ڕوو بوون. مەترسی (ڤیتۆ) هەستی پێدەکرا وایلێهات ئەو دوڵەتانە کە بەنهێنی لەگەڵ سەدام ڕێککەوتبوون پەیمانی چەندساڵەی نەوتیان لە گەڵ بەستبوو بەپڕوپاگەندە، خەڵکی سەرکورەی عەردیان لێ دەنگدان. لە هەموو وڵاتێک خۆپێشاندان دژی شەڕو بووش دەکرا. سەدامو دەوڵەتانی نەوتکڕ کە چەکی شیمیایییان پێفرۆشتبوو دنەی خەڵکیان دەداو سەرەڕای ئەوەش عاڕەبی دەشتەکیو پڕو پاگەندەی ئێران. لە خۆپێشاندانەکاندا وێنەی گڵاوی سەدام بەدەست خەڵک بە زەعیمو گەورەپیاوی عاڕەب پاڵەوانی قادسییە ناولێ دەبردراو کاریکاتۆڕی دەبلیۆ بووش جانهاوێردی سەرۆک وەزیرانی ئوستڕالیاو تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی ئینگلیز لە شەقامی ناوشارەکان بەناوی شەیتان ئاگریان



تێبەردەدرا. بەڵێ لە بەربۆنی نەوت کەس بۆنی ماکە کیمیاوییەکانی دەکارکراوو مەیتی سەدان هەزار خەڵکی زیندە بەچاڵکراوی عێراقیان بەکوردو شیعەو تەنانەت سوننە دژکارەکانیشەوە نەدەبیستو حیسابی لەسەر ئەوهەموو جنایەتەی سەدام نەدەکرد. زیندەبەچاڵی 182هەزار کوردو شیمایی بارانی هەڵەبجە کە5000کوشتەو25هەزار ئاوەکوڵ کراوەی لێ کەوەتبۆوە لەگەڵ بێ سەرو شوێنی0 700هەزاربارزانی 7000کوردی فەیلی ونزیکەی 60000هەزار شیعەی ئێراقی لەکۆلەکەی زینی بەشەردۆستان ون ببوو. نۆکەر سیفەتو خۆفرۆشو دۆڕاو بەپارە سەمایان بۆدەکرد. هێندێک ڕۆژنامەوانی گەورەی دنیاش ماستاویان بۆگرتبۆوە. لەوکاتە دا سەدام حوسینو دارودەستە خوینمژەکەی لەژێر دەسەڵاتی سەرنیزە سندووقی دەنگدانیان لە ناو ئێڕاقدا دەگێڕاو بە قەولی خۆیان سەدام بە99دەرسەت بۆ حەوت ساڵی دیکە بە سەرکۆمار هەڵبژاردراوە. دیارە لەهەموو مێدلیست بەتایبەت لە ئێران ئەو جۆرە دەنگ دانە لەگۆڕێدایە. لە ناو ئەوپیلان داڕژانو هەراو هوریایە کەوەشەق شەقەی مندالان دەچوو، بوسێر دەبلیۆ بووش هاتەسەر شاشەی تەلەفزیونو ڕایگەیاند: دەبی سەدام ئێڕاق بەجێهێڵێت دەنا بەزەبری نیزامی دەری دەکەم. دەبێ دێموکراسی سەقامگیر ببێت. دیسان دنیا شڵەقا زڵهێزەکان خەڵکی ناحاڵیيان دنەدا ڕژانەشەقامەکان، هەتا لە ئۆستڕاڵیا شەقام نەیدەکێشان دەنگۆی شەڕی سێهەمی دنیاگریان بڵاودەکردەوە. داوەڵی بووشو جانهاوێردیان بەکۆ ئاگردەدا. حیکایەتی شەری ڤیتنام یان باس لێوەدەکرد کە ئامریکا شێست هەزارگوشتەو 300هەزار بریندارى دا بەڵاسم دەبلیۆبووش لە12ی مارس گوتی: 17ڕۆژ بەسەدام ودارو دەستەکەی فورسەت دەدێن بڕۆن جارەکی دیکە 24ساعاتی بۆ نوێ کردەوە.

(هەڵسەنگانی هێزەکانی ئێڕاق)

ڕێکەوت 2003/3/3ی زایینی.ئێراق( 260)فڕۆکە (2600)تانگو نزیکەی ( 450000)عەسکەر (170000) گاردی تایبەتی هەبوو. پێویستە بگوترێت لەکاتی شەڕ لەگەڵ ئێران یانی 18ی ژوئیەی 1980ئێراق خاوەنی (600)فڕۆکەو (12000)تانگ ویەک ملوین قازاخ بوو.

(هەڵسەنگانی هێزی زلهێزەکان )

بودجەی نیزامی سالانەی زلهێزەکان: بۆ نیزامی: ئالْمانیە (38)میلیارد دۆلار(ئینگلیز(35) میلیارد دۆلاڕ فەڕانسە(39) میلیارد دۆلارهەروا ئێران (5) میلیارد دۆلار تورکیە(7) میلیارددۆلار. بەلام ئامریکا سالانە(368) میلیارد دۆلار یانی بەقەرا هەموودنیا. بەوتەی چازانانی دنیا هەر یەک لە زلهێزەکانی مەزن وەکوو ڕووس، چین، فەڕانسە، هێندوستان، خاوەنی دوو هەتاسێ ناوی گەورەن بەلام ئامریکا 12ناوی گەورەی هەیە کەهەر یەک دوو هەتاسێ قاتی ناوی دەوڵەتەکان ناولێ بردوون. وهەرکام لە وناوانە هەڵگری هەزاران عەسکەروتانگ وتۆپ وجەبخانەو قۆڕخانەو هەڵگری هەزار فڕۆکەی شەڕ بۆعەمەلیاتی نیزامینو هەرکامیان 50هەزارناوی گچکەیان لەسەرەو فڕۆکەکان لە200مایل ئامانج دەپێکن هەریەک لەوناوانە پۆشتە بەسەدان مووشەکی دوورهاوێژی ئالکترنێکیو سەدان تۆپی هەوایی کەلە200 مایل دوژمن دەنگێونو ئەگەر ئەوانە هەموویان بەدەلیلی فەڕزی فەنی لەکاربکەون وفڕۆکەی دوژمن بگەنە سەر ئەم ناوانە کەهەریەک لەم ناوانە لە سەدهەزارتۆن پۆلای خالس کەڵەکەکراو بەتۆکمە داڕێژراون. کەدەبی لەفڕۆکەوانەکان پسیاربکرێت ئاخۆ چ بۆمبێک هەیە لێی کارتێکەربێ.
ولە مەڕ ئابووری هەر یەک لەم زلهێزانە دەتوانن 100هەتا150هەزار سەرباز بەهەمووچەک وتەقەمەنی بۆماوەی یەک هەتاشەش حەوتوو بۆڕێگای 1000کیلۆ مێتر بنێرن وبە خێوکەن. ئەمما ئامریکا دەشێت نێومیلوین سەرباز بەتانگ و تۆپو



قۆڕخانە لە مانگێک هەتا شەش مانگ بۆ ڕێگای دەهەزار کیلۆمێتر بەڕی بکات. ئامریکا لە شەڕی دووهەمی دنیاگر سالْیانە 120 هەزار تانگو چل هەزارفڕۆکەی دورست دەکرد هەنۆکە کەیەکەمین قودرتمەندیو دەسەلاتداری ئابووری دنیایە هەرخودا بۆخۆی دەزانی هێزوتوانایی چەندە.

(فەرمانی دەبلیۆ بۆش بۆهێرش بۆسەر ئێراق)
ڕۆژی پێنجشەمبە کاتژمێر30/1دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بە وەختی بریزبوون لە ئۆستڕالْیا ڕێکەوەت 2003/3/20ی زایینی سەرکۆماری ئامریکا جۆڕج دەبلێۆ بووش، دوایی خویندنەوەی وتارێکی کورتی تەلەفزیۆنی، فەرمانی هێرشی بە فەرماندەری گشتی هێزەکانی یەکگرتوو داکەئەوکات (ژەنەڕاڵ تۆمی فڕانکس) بوو هێزەکانی ئامریکا، ئینگلیز ئوستڕالْیا کە لە کوەیت جیگرببوون وەڕێکەوتن (ئوستڕالْیا 2000 کۆماندۆی ناردبوو لەگەڵ ئیسکاردانێک فڕۆکەی اف 18) هێزەکانی هەوایی لە خەلیج لە سەر ناوەکان چاوەنواری دەستووریان دەکرد. عەمەلیات دەستی پێکرد شاری بەغدا کەوتە بەربۆمباردومان. هەموو هاوەڵدەرەکانی دونیا بەشداریان تێدا کردبوو مەترسی وەشاندی بۆمبی شیمیایی لە ئێراق دەکرا. هەمووسەربازەکان ماسکی دژی گازی شیمیایان لێدابوو. هەتا هەوالْدەرەکانی (بی بی سی) وئەوانیتر، لەو(220) هەزار سەربازەی ئامریکا کە لە کوەیت بوون 120 هەزار لەگەڵ 22 هەزار سەربازی ئینگلیزی بەرەو بەغدا کەوتنەڕێ!2000 کۆماندۆی ئوستڕالْیایی مەعموریەتی دەریایان پێ ئەسپاردرابوو. کە دەستوجی پاپۆڕێکی پڕ لەمینی شناوەریان گرت کەلە ڕووس ڕادزەی کردبوو بۆ ئێراق دەهات. ئەو کات بووش بەتەلەفوون پەیوەندی لەگەڵ سەرکۆمارکاتی ڕووش (پۆتین)گرت ئیدی کۆنتڕۆڵ کرا. هەرسەرەتای ڕۆژی یەکەمی شەڕ هێزەکانی هەوایی فڕۆکەخانەی بەغدایان بە گوێرەی .بۆمباردوومان کرد بەشی زۆری فڕۆکەکانیانی ئێراقیان ئاگر تێبەردا دەنگۆباس سەدام حوسین ئەوێ ڕۆژێ 18فڕۆکەوانی گوللەباران کرد کە هێندێک خەڵکی تکریت بوون. هێزەکان زەوینی ئامریکاو ئینگلیز بە دوو ڕێگادا

هێرشەکەیان بەرەو بەغدا دەست پێکرد، و شارەکانی سەرڕێگا وەک ئۆمولقەسر، ناسرییە، نەجەف، کەربەلا، بۆلای بەغدایان با داوە. هەرچەند سەدان تانگ و زرێپووش سەربازی وەڕێکەوتبوون بەلام تاکتیکیان ئەوهابوو کە تووشی هەربەرگریەک دەهاتن هێزەکیان بۆشەڕ لەگەڵ ئەوان دەرگیر دەکردو بەجێیان دەهێشت. هێزەکەی دێکە بێ وچانو وەخت فەوتاندن بۆ تێکشان بەروبەغدا بەردەوام دەبوون. هەڵبەتە بەربەرەکانی سەربازانی ئێراق وەک چاوەڕوانی لێدەکرا وانەبوو. ئەوەش دەگەڕاوە سەر ئەمە نەفرۆکەوانەکان فرۆکەیان بۆ هەڵنەدەفڕاو تانگەکانیان لە بەرامبەر تێکنۆلۆجی ئامریکاو ئینگلیزدا دەیانتوانی بەئاشکرا وەجۆڵێن. لەڕاستیدا شەڕی دەستەو یەخەبوو سەدامو لەشکرەکەی ببوون بە پارتی زان. ئەویش لەوپانەگۆڕایەدا ،هەرجێگایەک تەقەی لێهاتبوایە فرۆکەکانو هەلیکۆپتەرەکانی کۆبڕاو شنۆکو هیتر دەیاندانە بەر وێڕەو ویزەی ڕاکێتو بۆمباردومانیان دەکرد. هەرگوللە ساڕوخێک چەشنی تەقاباوە خێرا تەفرو تونایان دەکرد. هەتا ڕیکەوت2003/3/26نزیکەی 20هەزار سەربازی ئێراق بەدیل گیران سەدان کەسیش کوژران. لەوسەرو بەندەدا سەدام حوسین بەجلو بەرگی ژەنەڕاڵی دەهاتە شەقامەکانو جگە لە سێ چوار چەکدار لە گەڵی نەبوون. حەشیمەت قسەیان لەگەڵ دەکرد. بەڵام ئامریکا دەیگوت ئەوە سەدام نیە زاپاسەکەیەتی. ئامریکا دەیان وێنەی سەدامی ئەسڵیو تەقەلبووبی، بڵاو دەکردەوە. چەندجار ڕایانگەیاند کە سەدام کوژراوە بەرپرسی پڕوپاگەندەی تەلەفزیونی ئێراق (ژەنەڕاڵ محەمەد سەعید سحاف) بوو. زۆر بەڕێکو پێکی لە بەربەرەکانی ئەڕتەشی ئێراق دەدوا. وێژەر بێ ئەوەی شلوێ ببێ، لە حاڵێکدا سەربازی ئێڕاقی تێدەشکانو بەدیل دەگیران، ڕاونانی سەربازانی ئینگلیزوئامریکای بە تاموو خوێو بە پێکەنین دەخۆیندەوە. هەرچەند بەدەیان هاواڵدەر لە نێزیکەو قسەکانیان لێ وەدرۆ دەخستەوە. بەڵام ژەنەڕاڵ بە حەقیقەت هونەرپێشەبوو. هەتا کاتێک کە شوینی دانشتنی خۆی کەوتبوو بەردست سەربازانی ئامریکا، ئەو لە خۆڕا بە شانو باڵی ئەڕتەشی ئێڕاقی هەڵدەکوت. هاواڵدەرەکان کە کەیفیان بە درۆیەکانی دەهات لە شەقامی بەغدا دەورەیان دابوو.

لە حاڵیکدا بەشیک لە شاری بەغدا کەوتبوو دەست ئامریکا ئەودەیگوت: هێشتا 200کیلۆ مێتر دوورن زۆربە شێنەیی وەڵامی هەواڵدەرانی دەداوە. لە



کوردستان پێشمەرگە بەرو کەرکۆکو مووسڵ تێکشان خێرا پێگەکانی سەدامیان لە سەرڕێگا هەڵگرتن. لەڕێکەوتی 2003/3/27 ئامریکا 1000 پەڕەشووت (چەترباز) ی لەکوردستان دابەزاند. تۆرکیە بەناردن هێز بۆ سنوور لە کوردانی هەڕەشە دەکرد. لە بەرامبەر ڕەخنەی ئۆڕۆپاش دەیگوت: یارمەتی پەنابەرو غەوارە دەدا. بەڵام ئەو هەموو لەشکرو قۆشەنو جبەخانە چ پەیوەندی بەئاوارە نەبوو. ئەوە پیلان بوو.

کاک مەسعودو مام جەلالیش 60 هەزار پێشمەرگەیان بۆ بەرەنگاری گەفو گۆڕی تورکیە ناردە خاڵی بەرگری. ئامریکاش بە توندی پێی ڕاگەیاند کە ئەگەر سنوور ببەزێنێت لەگەڵ سەربازی ئامریکا بەرەو ڕوودەبێ. لەو لاشەوە ئێران بەو ئەرتەشەی کە بۆ ئایەتوڵڵا حەکیمی دورست کردبوو دەیەویست دەست بەسەر نەجەفو کەربەلا دابگرێت. لە سەریەک تورکیەو ئێرانو سووریە کەلکیان لێکهالاندبوو، لە ئانکاراو دێمشقو تاران خەریکی وتوویژو بەندو فێڵ وتەڵەکە بوون.

کە ئەوانە هەرکام چێڕۆکێکی مێژوویو گێڕانەوی دەوێ. چونکە بەر لەوەی ئامریکا لە ڕێگای خەلیج هێزەکانی بەرێتە نێو ئێراق، لە گەڵ تورکیە ڕێککەوبوو کە60 هەزار سەربازبەخاکی تورکیە دا بنێریت. بەڵام تورکیە بەهۆی بەندوو بەست لەگەڵ ئێرانو سووریە لەو قەرارە پاشگەز بۆوەو ڕێگای بە ئەمریکا نەدا بە تورکیە داوەپەڕێ. بەڵام ئەوسیاسەتە بە قازانجی کورد تەوابوو. لە ڕێکەوتی 4/4یانی 4ی ئاپریلی 2003 لەشکری ئامریکا تڕمیناڵی بەغدای گرتو لە ڕێکەتی 4/6/ قۆشەنی ئامریکا دوایی داگیرکردنی فرۆکەخانەی(ئەڵڕەشید) خۆیان گەیاندە شەقامەکانی ناوەندی شاری بەغدا. (پێتەختی ئێڕاق)و فرۆکەکانی یەکگرتوەکان لە بۆمباردومانی شاری بەغدا بێ پسانەوە بەردەوام بوون. تەواوی بنکەکانی ئابووریو نیزامی لە ژێر بۆمباردومان دابوونو سەدان هاواڵدەرو ڕۆژنامەنووس لە بەغداو دەوروپشت بە سواری تانگەکانی ئامریکاو ئینگلیز خەریکی ڕاپۆرت کۆکردنەوە بوون. بەداخەوە گەلێک لەو هاواڵدەرانە کوژران. بنکەکانی نیزامی ڕێژیمی بەعس لە کوردستانیش بە توندی کەوتنە بەرشاڵاوی بۆمباردومانی یەکگرتوەکانو لەبەر یەک هەڵتەکاندران. بەڵام بەعسیەکان لە هەموو شوینەکان لەکاتی دەرپەڕاندن ئاگریان لە بیرەکانی نەوت بەردەدا. هەتا بناخەی ئابووریی وڵات کاول کەن. خێرا هەموو کۆشکەکانی سەدام کەوتنە بەردەست. یەکەمین کۆشک لەڕێکەوتی 4/8بەدەستی سەربازانی ئامریکایی داگیرکرا. وەک لە سەرشاشەی تەلەفزیون دەدیترا

سەربازانی ئامریکایی لە کۆشکەکەدا، لەسەر کورسیلەی ماڵی سەدام بەقەتارە داشتبوون. هەرچەند پرۆپاگەندەی تەلەفزیونی ڕایدەگەیاند کە خەڵکی ئاسایی بۆبەرگری بەگشتی چەکداربوونەو شوێنی مەتەرێزی بەتەلیسی ئەوانی لەکووچەو گەڕەک نیشان دەدا. بەڵام وەک بڵقی سەرئاو پوچانەوە ئەمما ئی واش کەم نەبوون کە دەیانوت بەغدا دەبیتە ستالینگراد! لەڕێکەوتی 2003/4/10شاری بەغدا بەتەوای خۆی بەدەستەوە دا. ڕێژێم ڕووخاندرا. ئەو سووکە بەر بەرەکانیەش دوایی پێهات. خەڵکی شار کەلەدەست ڕێژیم وەتەنگ هاتبوون ڕژانە شەقامەکان. سەربازانی ئامریکایان گوڵباران کرد. یەکەمین پەیکەری سەدام لە شەقامی ( بەهەشت زهرا) لە ناوەندی شاری بەغدا کە بەرزایەکەی 12مێتر بوو بەتراکتۆر کێشرا خوار بەکوتکان شکاندراو. کەلە سەری سەدام بوو بەگەمەی لاوان، وەبەرشەق درا بەگەڕەکاندا گێردرا. وینەکانی لە دەرو دیواردەکرانەوەو دەدڕاندران‌و تفیان لێدکرا. ئەوجار خەڵکەکە کەوتنەتاڵان کردنی بنکەکانی ئەرتەش‌و پۆلیس‌و ماڵی دەسەڵاتداران. بەوەش ڕانەوەستان دەستیان بەدزی بانکەکان کرد. وەهەموو ئیدارەکان کەوتنە بەر هێرش، سەبازی ئامریکایی دزی بانکەکانیان، بە تەلیسی تەژی لە پارەو دەگرت. ئەوجاردیناری سەدامیان دێنا وەک جۆخین هەڵیاندەداوە ئاگریان تێبەردەدا. بەڕاستی خەڵکەکی ناحاڵی‌و نەزان ئەوکەڕەت هیرشیان دەبردە نەخوشخانەکان مەلافەکانیان لە بن بریندارەکانی خۆیان ڕادەکێشاو دەیانبرد. هەتا سرۆمی دەستی وانیان کە چ کەلکی بۆکەس نیە دەپچڕاندو دەبرد. هەر ئەودەم نیشانی دەدا کە چەندە بێ بەزە وەحشین. لەڕێکەوتی4/21/ گەلێک دزی بانگەکان بەدەست سەربازانی ئامریکایی گیران. شاری کەرکووک لە 4/10/کات ژمێری 5ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی ئوستڕاڵیا کەوتە دەست پێشمەرگەو ئازادکراو لە2003/4/11 یانی سەرەتای بەهاری کوردستان پێشمەرگە چوونە ناوشاری کەرکووکو لە دەست داگیرکەران ڕزگاری هات. لە4/13 شاری مووسڵ کەوتە بەر دەست پێشمەرگە. بەڵام فرۆکەکانی ئامریکایی بەهەڵە موشەکەکیان لە ناوهێزەکانی خۆیی دا کەبوو بەهۆی شەهیدبوونی 18 پیشمەرگەو 25ی بریندار کە برای کاک مەسعود یەک لەوان بوو هەر واکوژرانی 4سەربازی ئامریکایی لە4/16/ زڕبرای سەدام بەناوی (وەتبان) کەلە وەزارەت ڕا خرابووە زیندان کەوتە بەردەستی



سەربازانی ئامریکا. وزاوەکەشی لە سووریە ڕێکەوت 4/20 خۆی تەسلیمی ئامریکاکرد. گەلێک ژەنەڕاڵ‌و ئەفسەریش گیران.

(لێڕوانینێکی نیزامی )
وەرگیراو لەڕۆژنامەی پارسیان،
بەشی یەکەم: هێزەکانی ئینگلیزو (لینگدەرانی) هێزی دەریایی ئامریکاولەشکری 3ی پیادە. بەشی دووهەم: تابووری(هەنگ)64ی تانگ ئامریکاو لەشکری 101ی هوابڕ.
خولی یەکەم: هێزەکانی ئینگلیز لە سەرتا جەزیرەی فاو(هەڵکەوتو لەزاری چەمی ئەڕوەند) یان داگیر کرد. پاشان بۆ بەردەست کردنی (بەسرە) تووشی شەڕبوون. ئەو شارە بە دووملوین دانیشتوو، دووهەمین شاری ئێراق دێتە حیسابو بەهۆی بیری دەنەوت هەڵکەوتوو لە ناوەندی چوارڕێیان بۆ لای بەغدا، هەروا دیوار بەدیوار لەگەڵ ناوچەی نەوتی ئێران، گرینگایەتی ئابووری‌و نیزامی‌و سیاسی هەیە.
سەرەتا هێزەکانی ئینگلیز لەم شاردا، لەگەڵ بەربەرەکانی توندی گاردی کۆماری ئێراق ڕوو بە ڕوو بوون. بەڵام بە بوێری لە دەڕۆژی هەوەڵی شەڕ سەرکەوتوو بە کەلین‌و قەڵشت تێکردن لە شار وە پشتەوەکەوتن. دوایی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی شەش ڕۆژە، بەرگریکەرانی(بەسرە)یان سەرکوت کردو بەئاریکاری هێزی تانگ‌و تۆپخانەی قورس‌و داکۆکی هێلیکۆپتەرەکان‌و هێزی عاسمانی، بەشێکی زۆریان لە شار داگیرکرد. کە کۆشکی سەدام یەکێک لەوان بوو. لەخولی یەکەمی عەمەلیات بەچوونەپێشی لەشکری 3ی پیادەی ئامریکا لە سنووری باشووری کوەیت بۆلای بەغدا دست پێکرا.
پێشڕەوانی ئەو لەشکرە لە گوندی(ناسرییە) توشی تەقەو لێکدان لە گەڵ گاردی کۆماری ئێراق بوون، کە بەرگری ئەوانیان بەرپەرچ داوە لە سەر ڕێگای (فووڕات) بە ئامانجی داگیرکردنی شاری (نەجەف) لە بەرەوپێش چوونی خۆیان بەردەوام بوون. شاری نەجەف لە200 کیلۆمێتری باشووری کوەیت هەڵکەوتوەو لەباری دینی‌یەوە

جێگای زیارەتی موسڵمانانی شێعەیە، بەم بۆنەوە هێزەکانی هێرش بەر تەقەیان ڕاگرتو بێ خەسارەت ئاڵقەیان لە شاردا. وەبەرو پێش چوونی خۆیان بۆ شاری مەزەبی(کەربەلا) کە لە سەرڕێی ڕووباری (فوورات) هەڵکەوتوەو شوێنی زیارەتی زوربەی شێعەکانە، بەردەوام کرد. ئەوشارەش بەهۆی متمانەی دینی زوربەی شیعەکان دوایی تەقەیەکی کورت ئاڵقەدراو بەرەو ئامانجی ئەسڵی یانی فڕۆکەخانەی نێو نەونەتەوەیی(بین المللی) هەڵکەوتوولە20کیکۆمێتری بەغدا چوونە پێشو ڕۆژی شانزدەهم لەدوایی بەرپەرچ دانەوەی هێرشی نیزامی ئیراق، فڕۆکەخانەیان داکیرکرد. لە خولی دووهەم بە کەلین تێکردن لە بەغدالەلای ڕۆژ ئاوا وباکووڕادەست پێکرا، ناوەندی شاروکۆشکی سەدام یەک بەدوای یەکدا دەستیان بەسەرداگیرا. لەلای دیکە لێنگدەرانی (تەکاوەر) دەریایی ئامریکاش لە سەر چەمی (دەجلە) لە ڕۆژهەڵاتو باکووری بەغدا دەستیان بەچوونەپێشو لەناوبردنی تەکاوەرانی ئێڕاقی کردو دوایی یازدە ڕۆژ فڕۆکەخانەی نیزامی (ئەلڕەشید)یان هەڵکەوتوو لە25کیلۆمیتری باکووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا داگیرکرد. دوایی داگیرکردنی پردەکانی چەمی دەجلە لەلای ڕۆژهەڵاتو باکوری رۆژهەڵات، کەلێنیان لە بەغداکردو لەناوەندی شار لەگاڵ لەشکری 3ی پیادەی ئامریکا یەکتریان گرتەوە.

خولی سێ یان خولی دواییین: بەماوی 3ڕۆژ لە6 هەتا9ی ئاوریل داگیر کردنی بەغدا لە هەر چوارلاوە مسوەگەر بوو بە هێنانەخواری پەیکەری سەدام حوسین لە بڵیندایی 12مێتر هەڵکەوتوو لە مەیدانی(بەهەشت)ی بەغدا، وڕەکێش کردنیو لە دوخۆکێشانی بە تڕاکتۆڕ لە گەڕەکو کووچەوکۆڵانو شەقامی سەرانسەری بەغدا هەرواسەرنخونکردنی پەیکەرەکانی لە شارەکانی کوردنشین باشوور کەرکووکو موسڵو بەم جۆرە شەری 21ڕۆژە دوایی پێهات.

(ئیسلامیەکانی تڕوڕیستی دەست پەروەردەی ئێران)



بە هۆی پیلانی گڵاوی حکوومەتی خەڕافاتی کۆماری ئیسلامی ئێران تڕوڕیستەکانی لە کوردستانی باشوورخزاندبوو. ئەوگروپانە لە ناو ئێران لە ژێر چاوەدیری حیزبوڵلا ڕاهینرابوون. ئێران هەمیشە بۆ بێ بایەخ کردنی مافی چارەنووسی کورد کلکی لەکلکی سووریەو تورکیە دەهاڵێنێتو لە سەر دەمی کۆماری ئیسلامی ئێران تاقمەی توندڕەوی لە لبنانو ئەفغانو سوریەو سعودەییەی بۆ ئاژاوەنانەوە بە پارەوچەکی ئیران تەیارکردبوو، کە هەنۆکە لە دنیا بۆنەتە بەرهەڵستکاری ئاسایشو ئەوگروپەی لە هەریمی کوردستانی جێ بۆکردبۆوە، ئەو دەستەودەیارەیە بوون کە دەیان پێشمەرگەیان لە مزگەوت سەربڕیو دەیان پێشمەرگەی کورستانیانی ڕۆژهالاتیان تێڕۆڕکرد. بەڵام لە چاخی هێرشی یەکگرتوەکان وەپەلەقاژە کەوتبوون دەیانەویست بەخۆ تەقاندنەوە کوردستان بشڵەژێنو مەسەلەی چارەنووسی کوردی باشوور بخەنە بن هەوری چڵکن کە سەرچاوەکەی ڕێنوینی ئاخوندەکانی بوو. لە حاڵێکدا ئامریکا 300موشکی کروزی لێداو پێشمەرگەش سەری دەدوونان کە350یان لێ مرداربوو ئەوانی دیکەش بەپڕشو بڵاوی خۆیان دەباوەشی کۆماری نائیسلامی هاویشت. بریندارەکانیان بەنهێنی بردرانەنە نەخۆشخانەکانی کۆماری فیتنەوفەساد.

(داخۆیانی نیزامی(بەیانیەی) ئامریکا)

لە گەرمەی شەڕئامریکا لە گەڵ ئیراق، ئاخوندەکانی ئێران کە لە شکریان بۆ ئایەتووڵلا باقر حەکیم پیکهێنابوو دەیانویست بێگەڕێننەوە ئێراق کە دوایی (بۆخۆیان کوشتیان) بەهەڕەشەی ئامریکا بەرەو ڕووبوون .(دۆناڵدڕامسفیلد) وەزیری بەرگری لەوت ووێژی ڕۆژی 8ی فەروەردینی 1383مارچی 2003)گوتی: لەشکری بەدر، یانی چەکدارانی ئینقلابی ئێراق کە بنکەیان لە ئێرانەو بە پاژێک لە سووپای پاسدارانی کۆماری ئێسلامی ئێران دەناسرین. ڕامسفیڵد لە قسەکانیدا گوتی: ئەگەر بەچەکداری بۆ ناو ئیراق بگەڕینەوە دەکەونە بەرهەڵمەتی هێزەکانی

ئامریکاییی. گوتی: هاتنە ناوخاکی ئێراق لەڕێگای نیزامی ویا کوو ئیستخباڕاتی لە حاڵێکدا ئیراق ڕاستەوخۆ لە ژێرچاوەدێری (ژەنەڕاڵ فرانکس) فەرماندەری گشتی هێزەکانی سێ قۆلی دایە بەناوی هەڕەشە لە هێزەکانی یەکگرتوو دێتەحیساب. وەزیری جەنگی ئامریکا گوتی: لەشکر بەدر بەدەستی سوپا، پاسدارانی ئێران پەروەردەکراوەو پڕچەکو پۆشتە بووە، ئێمە تێکۆشانی هیزی بەدر بەیارمەتیدەر نازانینو لە هەرکوێیی ئێراق وەبەر چاو بکەوێ دەستی لێدەوەشیندرێ. وەزیری بەرگری ئامریکا لە دوایی خویندنەوەی داخۆیانی فەرمی لە مەڕ لەشکری بەدر لەوەڵام هەواڵدەراندا گوتی: ئەگەر بەدر لە ناوچەی تێکۆشانی ژەنەڕاڵ فرانک هاتووچۆ بکات ئەوان بە دژی خۆمان دادەنێین لە بەرئەمە بە(تاران) دەڵێن کە خۆی تێکەڵ ئەوگیچەڵە نەکات!

(کۆتایی شەڕ)

ڕێکەوت 2003/5/2 دەبلێۆ بووش دوایی بەردەست کردنی ئێراق بە فڕۆکەیەک کە بۆ خۆی لێیدەخوری لەکەنداوی فارس بەجلو بەرگی فڕۆکەوانی لە سەر یەکێک لە ناوەکانی ئامریکا دابەزی، وقسەکانی خۆی لە مەر کۆتایی پێهاتنی شەڕ ئەوهادەست پێکردو گوتی: ئامریکا بەئەرکی خۆی دەزانێ ئاسایش لەناوچە دابین بکاتو دژی ئەم حکوومەتانەی کە تڕۆڕێست پەروەردە دەکەنو کیمیاویان هەیەو دەم لە سازدانی ئەتۆم دەدەن یانی ئەوەی زەرەری بۆ ئاسایشی دنیاهەیە ڕاوەسێتت، لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: دەبێ ئەلقاعدەی تڕۆڕێستی ئیسلامی لەناوبچێت.

با ئەوەشمان لە بیر نەچێت. ئەمە تەنیا دەبلێۆ بووش سەرکۆماری ئامریکا نەبوو کەبێ ئیجازەی ناونەتەوەیی هەڵیکوتا سەردیکتاتۆری خوینمژی ئێراق،

1- ویتنام بۆ ڕێژیمی پۆلپۆت هیزی بردە خاکی کامبووج،

2- تانزانیا لەگەڵ ڕیژیمی ئیدی ئەمین لەغەنا



3-ژەنەڕاڵەکانی کۆنگۆ ڕێژیمی موبۆتۆیان سەراوژێرکرد

بەڵام مەسەلەی ئێراق نەوتی تێدابوو کەڕەگی حەیاتی ئۆڕوپا بوو بۆیە کە جەماوەریان بەدژی بووش بۆ خۆپێشاندان دنەدەداو دەڕژاندە سەرشەقامەکان، لە خۆشەویستی نەبوو بەڵکوو ئەوە سوێی نەوت بوو کە ئاوری تێبەردابوون.

(کوژرانی کوڕەکانی سەدام)

لە دووهەمی (مانگی گەلاویژی ساڵی 82)ی هەتاوی دووکوڕی سەدام بە ناوی (قوسەی وعودەی) لە شاری مووسڵ گەمارۆدران نزیکەی 200 سەربازی ئەمریکی بەشداریان کردبوو هێلیکۆپتەریش داکۆکی لێدەکردن. دوایی6ساعات هەر دووکیان کوژران. کەلاکەکانیان لە بینایەکە دەرهێنان دوایی دەرکەوت کە ڕاپۆرتچی یەکێک لە خزمەکانی خۆیان بوو کە سەدام چەند کەسی لێ کوشتبوونو چەند میلیون دۆلاریان لە ئامریکا دەستخۆشانە وەرگرت. عودەی39ساڵەوقوسەی 37ساڵ بوو هەردوو لە سەر پلەوپایەی بابیان مشتو مڕیان بوو. بەڵام لە1369 کە عودەی تەقەی لێکراو سەقەت بوو. ئیدی قوسەی بەرپرسی کوشتو کوشتاری وەئەستۆ گرت، بوو بەمیرغەزەب. پێویستە ئەمەش بە ڕاشکاوی بگوترێت کەلە ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست هەموو ڕێژیمەکان بەهاتنە سەرکارو دەسەلات بەدەستەوە گرتن دەبن بە جەلادی خەڵکەکە. ئەو ڕێووشوێنی گشت دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو شتێکی ئاساییە، دەوڵەتانی پارێزەری مافی مرۆڤیش بەتایبەت ئۆڕوپا بەهۆی نەوت وازیان لە کەڕامەتو شەڕافەت هێناوە! گیانی هەمووخەڵکانی (میدلێست) بە قوربانی چۆڕێک نەوت دەکەن. دەجا ڕێژیمەکان کاریان چەوساندنەوە چش ئەشکەنجەو خنکاندنە!

(گیرانی سەدام حوسین )

سەدام حوسین لە13ی دەسامبەری 2004ی زایینی کات ژمێر 8ی شەوی شەموو بە وەختی بەغدا لە15کیلۆ مێتری شاری تکریت لە مووچەی گوندە چکۆڵەکەی شوینی لە دایک بوونی بەرەو ڕووی یەکێک لە کۆشکەکانی سەردەمی فیرعەونی، بە عەبای عارەبی کۆنو ڕدێنەکی دوورو درێژو سەرێکی ئاڵۆزو قرێژاوی لە کونی حاشارگە کە (ڕەهەندێکی دوومێتر قووڵی چمەنتۆکراوی سەرداپۆشراو کە تەنیا کولاوکەکی بۆ هەوائاڵەگۆڕکردن) تێدابوو بەدەست سەبازانی ئامریکایی ڕاکێشرابوو دەرو لە سەر شاشەی تەلەفزیون نیشان دەدرا. خەڵک لە چاوپێکەوتنی ئەو دیمەنە ڕەچاونەکراوەی قارەمانی قادیسیەو دیکتاتۆڕی سەدەی 20 واقیان وڕما، هەتا دوژمنانی بەزەیان پێدادەهات! ڕەنگ بزرکاوی تیکچرژاوی تۆزاوی بە بیچمەکی چڵکنو بۆر قەلافەت تێک تەپیوی لێوبباری چڕوچاو پڕ لە گنجو پزوی وەکوریشک هەڵاتووی زراوچووی حەپەساو، کە هەرجارێک ناجارێک دەستی بە ڕدێنەکەی خۆی دادەکێشاو دکتۆرێک بۆ فەحس وەکوو وڵاخ زاری پێ داپچڕاندبوو داروشکەیەکی لە ناو زاری وەردەدا، کە هەموو کەڕامەتی قەت نەبووی دەخستە بەرپێ و بۆ خۆشی دەستی لە لالغاوەکانو شەویلکەی دەدا بە (بادی لەنگەویج) حاڵی دەکرد کە بیرازکراو، تێی هەڵدراوە، بەڵام دوایی سەردەمێک وینەی سەدامی هاتە سەر تەلەفزیوونو تێپەڕی کە کەم کەس دیتیان، کە لە حاڵیکدا دوو زەلام بەجلو بەرگی نیزامی، کە دەموو چاوی نیشان نەدەدان، لە حاڵی بێهۆشی داسواری سەرسێنگی ببوونو خوین بەلالغاوەی دادەهاتەخوار، ئەوە مەعلوومی دەکرد کە ڕێکەوتی گرتنی ئەمە نەبووە بەڵکوو دووحەوتوو پیشتر بووە کە سەرۆک بووش بەکتوپڕ هاتە ئیراق بەڵام ئەوکات نەکراوە ئاوا بەبریندارى نیشانی بدەن. لە ڕاستیش دا دەنگۆیە کەش ئەوە بوو کەپێشمەرگە گرتوویانە، بۆیەش چڕوچاوی ئەوانەی گرتبوویان نیشان نەدا. ئەو وینەی دوایی لە شەرشاشەی تەلەفزیوون هات وڕۆیی شایەتی زورشت بوو.



(سەردانی سەدام حوسین)

14ی دسامبەری 2003ی زایینی کاتژمێر چواروسیو پینج دەقیقەی پاش نێوەڕۆ بەکاتی بەغدا چوارکەس لەئەندامانی حکوومەتی مووەقەت لەگەڵ (پل برمر)ی ئامریکائی حووکم ڕانی ئیراقو (ریچاردۆسانچز) فەرماندەری هێزەکانی ئامریکا دەچنە سەردانی سەدام حوسین کە لە لای ئامریکا دەست بوسەربوو. سەربازێ کێشکچی، سەدامی لە خەوهەڵدەستێنێت. ئەو چوار کەسە بریتین لە: عەدنان پاچەچی، ئاخرین وەزیری دەرەوەی ئیراق، لە سەردەمی سەلتەنەتی هاشمی لە1958،کە بە پێی نۆرە لە ئەوەڵی ژانویەی دەبیتە حاکمی مووەقەتی ئیراق. بۆ ماوەی مانگێک2-ئەحمەدچەڵەبی کەسایەتی ناسراوی ئیراقی،کە جاریک هێندە نامێنی هێزەکانی سەدام لە1997لە کوردستانی باشووربیگرن.3-مووەفەق ڕەبیعی دۆکتۆری شێعە، ئەندامی شووڕای حکوومەتی مووەقەتی ئیراق.4-عادل عەبدولمهدی ئەندامەکی دیکەی شووڕای حکوومەتی مووەقەتی ئیڕاق.

سەدام حوسین لە سەر تەختەکەی خۆی لاقی لەسەرلاق دانا بوو وادیاریدەدا کە پشتی هێندێک کووڕ بۆتەوە، 4کەس ئەندامانی حکوومەتی مووەقەت لە سەرتەختی ڕوو بەڕووی وی دادەنیشن یانی لە سەرتەختی سەبازی کیشکچی، پل برمرو ژەنەڕاڵ ریکادۆسانچز لە ڕەخ ئەوان لە سەر پێ ڕادەوەستن. لە سەرەتای ئەو چاوپێکەوتنە دا سەدام حوسین بۆ ئیستێک چرژا ئەو مەترسەیەی دەکرد کە ئەمانە بۆ بردنی وی بۆ ئیعدام کردنی لە یەکێک شەقامەکانی بەغداهاتبن، دەهاتەوە بیری کە ئەو یا مرۆڤی وەکوو ئەو بەچ شیوەیەک ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم یان دوایی ڕوخانی حکوومەتەکەی لە خانووبەرەی ڕادیوو تەلەفزیوون ئیراق دا ئیعدام کرد. کە عەدنان پاچەچی بە خویندنەوەی لیکدانەوەی ناودڵی بەدڵەخورپەی وی دوایی هێنا گوتی: نیگەران مەبە خەفەت دات نەگرێ ئیمە بۆ دوو دەلیل بۆ لای ئێوە هاتووین، یەک ئەوەیە کە دڵنیابین کەئەوهەی گیراوە سەدام حوسین بۆخۆیەتیو دووهەم ئەمەیە بە ئێوەبڵێین کە بە شکڵێکی یەکجار عادلانە محاکەمە دەکریی، دەتوانی پارێزەر (وەکیل)ی ناونەتەوەیی(بەین المللی)یان ئێراقی بۆخۆت دیاری بکەی. ئێمە نەهاتووین ئیحساسی ئێوە داڕوشەکێنین. لەوکاتەدا مووەفەق ڕەبیعی لە سەدام

پرسیار دەکات؟ بۆچ بەوچەکەی لەلات بوو بەرگریت لەخۆ نەکرد؟ سەدام لەوڵام دادەڵێ: ئاخۆ ئەتوو قەت شەڕت کردووە! مەنزووری سەدام ئەمەیە کە ئەمن وڵاتەکەم بەشەڕ وەدەست هێناوە بەڵام ئەتۆ نا! ڕەبیعی پێی دەڵێ: بۆچ سەدری ئەوەڵو دووهەمت کوشت؟ سەدام بە گەمە دەڵێ: کام سەدر! ئەوکابرای پیسو بێ بایەخ! ڕەبیعی زەختەی دەچێتە سەرو بە دەنگی بەرز دەڵێ: ئەدی سەبارەت بەوانەی کە بە کۆمەڵت وەبن گڵ دان چ دەڵێی؟ سەرکۆماری پێشووی ئێراق لەوەرامدا دەڵێ: باشترە ئەوپرسیارە ئاڕاستەی خزموکەس وکاری ئەوان بکەی کە بە تۆ دەڵێن کە ئەوان لۆچێک دزوو خائین بوون. لەم کاتەدا ڕەبیعی لە مەڕ هەڵەبجە لە سەدام پرسیاردەکات؟ سەدام بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئێرانیەکان هەڵەبجەیان بۆمباردومانی شیمیایی کرد. عادل عەبدوالمهدی یەکێک لە مۆرەکانی مەجلیسی بەرزی ئینقلابی ئیسلامی بەرێبەری عەبدولعەزیزحەکیم کە هەتا ئەوکات بێ دەنگی ڕەچاو کردبوو لە سەدام پرسیاردەکات بۆ چ لە کاتیکدا کە هەلت بۆ ڕەخسا بوو فورسەتت لەدەست داو لەکوەیت پاشەکشەت نەکرد؟ سەدام لە وەرام دادەڵێت: کوەیت مێژووی ئێراقە و بەشێک لە خاکی ئێراق! لە دوایی داکە لە سەدامی پرسیارکرد بۆچ عەبدولخالەق سرائیو عەدنان ئەلمەدانیت لە ساڵی 1979ئیعدام کرد؟ وەڵامی داوە ئەوان بەعسین بەتۆ پەیوەندی نیە! سەدام کاتێک لەساڵی 1979سێ ڕۆژ پاش ئەوە کەبوو بە سەرکۆماری ئێراق، جەماعەتێکی زۆری لە پیاوە پایەبەرزەکانی حیزبی بەعسو چەند کەس لە شووڕای فەرمانەدەیی ئینقلابی ئێراق ئیعدام کرد. هەتا شەریکێک بۆ دەسەڵاتی وی لەگۆڕێدا نەمێنێت، ئەم دووکەسە لەو جەماوەرە بوون کە سەدام ئیعدامی کردبوون. وەختێک ئەوان دەڕوون سەدام دەمپاکانی لەپی دادەکەنیو لەسەر تەختەکەی ڕادەکشێت!

(بەشێک لەنامەی کاک پیرۆتی ئەسکەندەری)

بەرێزکاک پیرۆت لە دوایی خویندنەوەی بەشی یەکەمی کتێبی (کورتە باسێک لەسەرچەند ڕووداوی مێژوویی)لوتفی کردبوو ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر مەسەلەی



ڕەحمان کەریمیوکوژران محەمەدەمین حاتەمی ناسراوبە (چیچۆ) لەڕێکەوتی 2003/1/20 لەوڵاتی فینلاند بۆ ناردبووم کە هەر ئەوکات بە تەلەفوون پەیوەندیم لەگەڵ گرت وقەولم پێدا کەلە بەشی دووهەمی کورتە باسێک لەسەرچەند ڕووداوی مێژوویی، جێی بۆبکەمەوە.

ئەوە پاژێک لە نامەی کاک پیرۆت:

(تەنیا ئاماژەیەکی چووکەو خۆمانە بۆ بەڕێزتان دەگیڕمەوە کە خۆم بەڵگەو شاهیدی زیندو لەوێبووم.ل 34-کورتەباسێک لە سەرمێژوو،

لە سەرچیچۆ حاتەمی: بە دەستی پێشمەرگەی حیزبو بەدەستووری حیزب دیموکرات گیرا. ئەو دەم ڕەحمان کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو یەکێک لە مەسئولە بەرزەکانی هەرە خۆشەویستی حیزب بوو. من خۆم لە زیندان پێش کوشتنیان کە بۆ کاری حیزبی لەوێ بووم دیتمو ئیعتیڕازیشم کرد کەبۆ شکەنجەکراوە. شەهیدان محەمەد شیرێژو عومەر عەوتەوانە لەلای بوونوگوتیان قەیدی ناکاتو برای ئێمەی کوشتووە پاشان ڕامانگەیاند کە هەرچی هەیە دادگایی بکەنو پاشان بیکوژن. ئەوجار ئەوکات کە ئەوانیان دەئەشکەوتی شازوقازی کێلەسیپان هاویشتبوو هیچ کەریمی تاقمەیەکی نەبوو، یانی تاقم هی گروهی حەوت کەسی بوو کەریمی خۆی بەرپرسی دامەزراندنی سەنگەرو لە دەورو پشتی دەفتەری سیاسی لە دایی شێخی بوو. من جێگری کاک ڕەحمان کەریمی بووم و ئەندامی تەشکیلاتیش، ئەولکەی زیندانی لێبووو چێچۆش لەوێ بوو، لکی شەهیدان بوو، عومەر حەوتەوانەش سەرلکی بوو، بە هۆی نێوان ساردی کاک سەید ڕەسوول دهقانوکەریمی، حەوتەوانەش ناڕاستەوخۆ لە هێز دابڕابوو. بۆ هەموو شتێک بەرەو دەفتەری سیاسی دەڕۆیی هەتا ئەوەی کە تۆپی گەورە لە بازرەسانی حیزبی حەشاردرابوو، ئیتر پێموایە بۆ ئاماژە بەوشتانە لە زۆرکەسو لە زۆر بۆچوونی جیاواز پرسیارکرابا، باشتر بوون (چونکەئی وەک من شاهید لەوی زۆرهەنە) و لە سەر پادگانی پیرانشار، فەرمانەدەی پادگان بابائی بوو ڕایگەیاندبوو بە ئەفسەرێکی کوردی سنە، سەروان حاجی ڕەسوولی کە ئەگەرئیزنی بدەن، بێ موشکیلە منو حاجی ڕەسوولی لەگەڵ چەند پێشمەرگە یەک وەکووچاوەدێر سەردانی سنووربکەم، ئێمەش بەرگری لە هاتووچۆی خەڵک لە مەڕ هاتووچۆی بۆ لای نەغەدەو شنۆو

مەهاباد نەکەین. هەر وەها بەئاگاداری حیزب لە گەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشی ئازاد لە مەڕ تەحویل دانی پادگانی پیرانشار بە پیشمەرگە تەماسی بدە(کەریمی)
کەریمی بۆ ڕێخۆشکەری فیداییانو توودەکان لەگەڵ دانشجویانی خەتی ئیمام، قەولو قەراری وتوو وێژیان لەشاری شنۆ دانابوو، ئەو بڕیارەشیان بە دەفتەری سیاسی حیزبیش ڕاگەیاند بوو. دوکتور شەرەفکەندیو کاک مستەفا شەڵماسی وپایەبەرزەکی دیکەش دەبوایە لەم مذاکرەدابەشداریان کردبا. مەسەلەکە هەرواش یەک لایانەو لە ڕەوانگەی تاکەبۆ چوونو یەک لاوە نابیت بدیترێت. من(لەماوانێ) چوومە لای سەنار، کە داوای لێ بکەم دووسێ برادەری ئیمەگیرابوون لەلایەن هێزەکانی ئەوی کەبەریاندەن بەڵام پاشی بەخێرهاتنم، خێراگوتی: جەماوەری ناوچەکان باسی من دەکەن یان کەریمی، منیش گوتم قەرارنیە باسی هیچتان بکەن، ئەمە گۆیا حەڕەکەتێکی حیزبیەو لەڕێگای وتوو وێژەوە بەوشیوەیە خەبات دەستی پێکردووە، پاشان گەڕامەوە، هاتمەلای پێشمەرگەکانی ئەوێ، دیتم کە(حەکۆ) نێوێک بەئاشکرایی تاریفی ڕێبازی بەختیارو ئەو هەوایانەی بۆ دەکردن با ئەوەشم لەبیر نەچیت ئەو/150تفەنگەی کە سەننار لە حکوومەت وەریگرتبوون، هەوەل جار کاک ڕەحمان کەریمی بەمنی گوت دەبی بچی بۆلای سەننار داوای تفەنگەکانی لێ بکەی بۆ وەی کە دەوڵەت بزانێ ئێمە دەمان هەوێ بۆ مافی کورد دەست بەوتوو وێژ بکەین، بەڵام لەوکاتەدا، کوڕەکی ماڵی خەزوورم کە هاوڕێی ئێمەبوو، بەچەند بەستە بڵاوکراوەی حیزبی یەوە لە شنۆ گیرابوو، من وەپاشم داو گوتم کاک ڕەحمان من دەبێ وەدوای کورەکەی خەزوورم کەوم. وابوو کاک ڕەحمانو دوو ئیسکۆرتەکانیو نەویدی موعینیوگۆیا دکتۆرێکی پاسدار لە ڕاژانیوە بەرەوماڵی سەننار دەڕۆن، ئیتر چە بەندو بۆسەیەک دەبێ، لە دەرەوەی چەهریق دەی کوژنو نەویدی موعینیو پاسدارەش بەرەللا دەکەن. ئەوانە هەموو لە زاری ئیسکۆرتەکەی ڕاکەهاتەوە گێڕایەوە، بوونە. حەمەدەمین کریتی،حەمەدەمین سەکر، ئیسکۆرتی. ئەوکەسەی کە کوشتی ناوی کەرۆ بوو. پێشمەرگەیەکی ئازابوو هەمان پێشمەرگەو مەفرەزەیان بوون کەکەریم خاڵداریان دەسنووری باکووری کوردستاندا(تورکیا) حاسێکردوناوی (کەریم)یان نا کەریم بەڵدار، دەیانکوت کاک ڕەحمان لەو کەرۆیەی تووڕە دەبێتو دەڵێت ئەوانیش وەک ئێمە پیشمەرگەن، هەرچی زووتر نانو خۆراکیان بۆ بەرن. هەر ئەو کەرۆیەش کوشتی ئیتر سەرت نائیشێنم ئەوە بوو ڕوونکردنەوە بوون،



چوونکە منیش ئەوکات لە ناوچەو لە نزیکەوە زۆرشتم دیتن، کە بەداخەوە هەم(ڕاویان) لە خەڵکو هەم نووسەرانیش رووکەشەکەی یەک لایانەی دەبینن، وردبینانەترو بەئینسافتر هەڵسوکەوتی لە گەڵ ناکەن، بۆیە بێچوولە لەجولەدار زیاتر بوونەو شیواویو تەم ومژاوی لەگۆڕەپاندا، هەرجو مەرجی تێرادینی هێناوەتە کایە لە دواییدا بەڕێزەوە دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆگشت بەرهەمەکانت. چووکەتان
پیرۆت 2003/1/20
لێرە دەمهەوێ لە سەرئەو هەموو ڕیزوو ئیحترامەی کەبۆ کاک پیرۆتم هەیە وەڵامی دوو مەوزوعی بدەمەوە یەک لە مەڕ کوشتنی کاک کەریم کەبۆ کاک پیرۆت ڕوونبێتەوە کەگێڕانەوەی قسەکانی حەرەسی کاک کەریم لە بنەڕەتڕا درۆبوونە. وتەکانی دەقاودەقی کاک سەننارمامەدی بە شایەت دێنمەوە کە پێشەبڕەلەقسەی خوارەپێچ دەدەنەوە کە لەکتێبی (حملەواعدامها)وەرگیراوەو لە خوارەوە وەبەرچاو دەکەون! ئەمما لەمەڕ خوینکارانی خەتی ئیمام چریکی ئەکسەریەت یان بڵێێن بەشی سیایکەل،کە پەرژینەکی بە گوڵ لەلای قونیەوە دەرسی لێنێنیستیان خوێندبوو دەبوایە دواهەنگاویان بەرەو مارەرکسیست هەڵینابوایە کە دەگەیین بەتوودە، چ بەرهەمی بۆ کورد تێدانەبوو. لەڕاستیدا کاک ڕەحمانی گەنجو دوور لە دەریای شڵوی سیاسەت بە داوی ئەو هەوایەوە هەڵسووڕا کە ڕەگەڵ بیرو بۆچوونی نەتەوەخوازی کورد ڕێگایان بەهۆگان لێک دوورەو بەداخەوە غروری لاوی کاڵو نەکولێوی بۆ تێکەڵ یەککردو کاک ڕەحمانی تووشی هەڵەیەکی گەورەکرد،ڕیگای گەڕانەوەی لێ بەرەبەست بوو. دوایش کە مەسەلەی سەرگردەی لێ زیدەبوو کونی دوعای ونکرد. جگە لەوانەش برادەرانی دەفتەری سیاسی لە ناردنی بۆ شیماڵ نەک تەنیا یارمەتی دەری لەوبەندوو بەستە نەبوون بڵکوو بوون بە هۆی پاڵ پێوەنانو هەڵدێرانی کە بەداخەوە نەیتوانی خۆی بگرێتەوە
سەر ئەنجام سەری تێداچوو. بەڵام لەمەڕ تەحویل دانەوەی سەرگردە مەسەلەکە هێندە زەقو بەرچاوە بۆ حاشالێ کردن نابێ بەڵام بۆ قانع بوونی کاک پیرۆتو خۆ لێ کل کردنو دیفاع لێ نەکردنی ئەو شی کردنەوە بە پێویست دەزانمو جەنابیان ئاگادارن کە چریکەکان پسپۆری مین دانانەوە بوونو هەموو شوینەکانی سەرڕێی (تەمرچێیان) مین ڕێژکرابوون کە ئەرتەش نەتوانێ داگیری بکات. بەڵام وەک دیتمان کاتێک ئەرتەش حەڕەکەتی کرد ئەوها ئاگاداری جێ مینەکان ببوون وەک

بۆخۆیان دایان نابێتەوە وابوو. سەرباز لە هەموو شوینەکان بەشێنەیی مینەکانیان پوچەڵ دەکردوە. هێندێک لە مینەکان بەباتری دەبوو بتەقیندرێنەوە بە تاییەت ئی بن پردەکان. ئەو ئاگاداریە هەموو کاک ڕەحمان لە ئیختیاری نابوون. هەتا کاک فەتاح خۆلاس کە ئەوکاتی بەرپرسی کومیتەی شارستانی پیرانشاربوو بەخۆو بەپێشمەرگەکانی هێندە نەمابوو بکەوێتە ئاڵقەی گەمارۆ. دەنا ئەوە قوونو هونەری ئەڕتەش نەبوو ئەوا بەسووکو ئاسانی بە فیتوو لێدانو گەمەو فشە تەمرچیان بگریتەوەو لەو هەوموو مینەچاندراوە هاتا، دانەیەک نەتەقێتەوە! بەڵام کاک ڕەحمان کەریمی بە کردەوە لێیان بوو بە مێهدی مەوعودو خۆی زاهیر کردو مینەکانی بۆ هەڵگرتنەوە. ئەوە دەستی خۆ دۆڕاندن بوو لە کراسی کاک ڕەحمان هاتەدەر! ئەوانەی داخۆیان بۆ پێداهەڵا گوتنی ئەو برادەرە بڵاو دەکەنەوە لە کەسایەتی خۆیان کەمدەکەنەوە دەبن بەشەریکی کردەوەکانی! پێم خۆشە کاک پیرۆت بزانی نووسەری ئەو دێرانە چ غەرزو مەرەزی لە گەڵ کاک ڕەحمان کەریمی نیەو سەر وەهیچ سازمانو حیزبێکش نیە هەتا دەسماڵی گەڕی سەرچۆپی بۆ هەڵسووڕێنێتو بە قەدو گیپاڵی ئەمو ئەو هەڵبڵێت، بەڵام وەکوو کوردێکی شارەزا، نایەوێ لە ڕاستی چاوبقووچێنیتو قەرەقەپ بکات. بێگومان قەت ئەوە باوەڕناکەت کە کاک رەحمان کەریمی مەبەستی لەخۆ باوە خۆینکردنەو بە کۆماری خوینمژی ئیسلامی، هەتا تاقە وشەیەک دوان لەمەڕ مافی کوردبێت! تەنیا هەڵەیەکی گەنجیو ناشارەزایی دۆخی سیاسەت نەبێت! بۆیەش نامهەوێ خۆم فریوو بدەم چونکە دەزانم ئەو گومبەزە چی تیدا!

ئەمما کاک سەننارمامەدی لە کتێبی (حملە واعدامها)لاپەڕەی 172و173 لە مەڕ ڕەحمان کەڕیمی کوشتنەکەی ئەوها دەگێڕیتەوەو دەلێ: ڕەحمان کەریمیو دووکتور ڕەزا(پاسدار) یەکجارکەیف خوش بوون، بەڵام ڕەحمان جگە لەوەی خۆشحاڵ بوو، لەم بارەوەش ترسی ڕێنیشتبوو، چونکە لەمە حاڵی ببوو کە پیشمەرگەو خەڵکی ناوچە لە هاتنی وی بۆکوردستان بە تاییەت لە گەڵ پاسدارو بارزانیەکانو سەر دەدوونانی پێشمەرگەی حیزبو داگیرکردنی شنۆ، یەکجار تووڕەبوونە..."

کاک سەننار لە جێگایەکی دیکە لەڵ173دەلێ: دوکتورڕزاگوتی: ئیمە دوو مزگینیمان بۆ ئێوە هێناوە، مزگێنی یەکەم ئەمن دەیدەمو ئەوی دیکەیان کاک ڕەحمان. پاشان گوتی: مزگینیشت دەدەمێ کە ئیمام خۆمەینی پێشمەرگەی بە



فەرمی ناسیوە، کە ژمارەی لە دەهەزار تێپەڕ دەکات،و داخوازیەکانی دیکەی ئێوە کەلە(سیلوانا) بە لێژنەیان دابوو وەردە وردە وت وویژ لەگەڵ پسپۆران دەکرێتو بەکردەوە دێتەدێ! ئیمام خومەینی فەرمویەتی : کە ئێوە بۆوەی لە خۆتان نیەت خاوێنی نیشان بدەن هێزێکی هەشت سەت پێشمەرگە بۆ جەبهەی باکوور بنێرن، گوتی بەگوێرەی ڕاپۆرتی مووهەندیس (باکری) بۆ ناوەندی لە پەیوەندی لە گەڵ لە خۆبردویی پێشمەرگە قارەمانەکان بەتاییەت (ڕەشیدی مەلاداود) خزمی ئێوە لە بەڕێوە بردنی شەڕ، ئیمام خومەینی، مەلاداود کە موسلمانیشە بەفەرماندەری ئەم هێزەدیاری کردوە.(مەلاداود لە عەشیرەتی مامەدی بوو)

پاشان ڕەحمان کەریمی لۆتێکی لە خۆداو بەپۆزەو گوتی:کاری باندی قاسملوو تەواو بوو، لە دوایی بەفەڕمی ناسینی پێشمەرگە300بارزانی و200پاسداری هەلبژاردە، ئەمن (ڕەحمان) لەگەڵ گروپەکەم –ئەویش چەند جاشو پاسداری لەخۆ هاڵاندبوو – لە کاتی شەڕ لە پێگە... لەڕێگای چیاکانی ئەولای سنوور کە ئەوان(بارزانیەکان) بست بەبست بەڵەدن، بەخاکی ئێراق دادەرۆێن ...ودەفتەری سیاسی گەمارۆ دەدەێنو قاسملوو باندەکەی لە ناو دەبەێین... ڕەحمان بەهۆی نەفامیو نوقم بوون لەباتڵاخی خەیانەتو خۆ فرۆشی ئەوهای لێکدابۆوە کە ئەمنیش وەکوو ویو بلووریان، سڕاجی، تاسەم لەناو بردنی دەفتەری سیاسی حیزبەو بەگوێ بیسی ئەم خەبەرە کەیف خوش دەبم! کاک سەننار لەدوایی باسێکی دوورو درێژ کە پێویست بەوەرگێڕان نەبوو دەڵێت: دوو ڕۆژ دوایی دووسێ کادیر لە مەعمووریەت گەڕانەوەو جانگیروچەند پێشمەرگەش هاتنە (بەرقەزەن). هەموو گوتیان : خەیانەتی ڕەحمان بۆ هەموو کەس ڕوون بۆتەوە، ناوبراو شیاوی سزا دانە، دەبوایە دەستووری گرتنت دابوایە ئەوشیان لێ زیادکرد: لەکاتی ئەوها دا ئێوە دەتوانن بڕیارگربنو دەستووری بەڕێوە بردنی بەدن... دەستووری گرتنی ڕەحمانم کە بێتە سیاوان داو لەسیاوان ڕەحمانو نوید موعینیو دوکتورڕەزا بەرپرسی هەشتیانو حەوت جاشی ڕەحمانی چەک کران. جاشەکان دوایی سەرکۆنە بەرەڵلا کران، چەکەکانیشیان ویدراوە. ئەوانی تر هێنرانە (کانی میرانێ) سۆمایێ. چەکو چۆڵی دکتوور ڕزا بەپرسی پاسدارانی هەشتیان وبیاندراوە، ئەوانیش ئازادکرانو ڕەحمانو نەویدمان بۆ زیندانی (گردیان) نارد. ڕۆژی دوایی نزیکەی سی (30)کەس لەکادری تەشکیلاتو بەرپرسانی پێشمەرگەی دوو هێزی (قارەمان)و (سەرگوردعەباسی) لە گردیان کۆ

بوونەوە، لەپاش لێکۆڵینەوە وەرد بینی هەموولایانە کردەوەکانی ڕەحمانو هاڤاڵانی (ڕێبازی کۆنگرەی چوارم) بەتێکڕایی دەنگ ڕەحمانیان بە خائین زانی، وە وادانرا بگیرێتو بدرێت بەدادگاو نەویدیش لە پاژێک بە شەریک تاوانی ڕەحمان ناسرا، بەڵام بەڕێزوو حەرمەتی براکانی (سولەیمان وعەوڵا موعینی) کە لە پێناوی خزمەت بەنەتەوەی کورد شەهید ببوون، کەوتە بەرچاوپۆشیو ئازادکرا نەوید موعینی هەنۆکە لە ئۆڕوپا دەژی، ئەویشمان هێناجەلەسەو حوکمەکەمان لەلایان نزیکەی سی کەس پێ ڕاگەیاندە، ئەو ئازادکرا. لەکۆتایی دا دەڵێ: لە ڕێکەوتی 1360/7/27ی هەتاوی ڕەحمان کەریمی بە پیی حوکم لە لایەن دادگەی ئینقلابی زەمانی شەڕ ئیعدام کراو پاش بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام لە سەرفەرمانی دادگە کەلاکی (ڕەحمان) لە مزگەوتی گوندی(چاریە) دانراو بە،بەرپرسانی گوندەکەیان گوت: کە سبحەینێ وەڵام بە پاسداربدەن کە ئیعدام کراوە بین جەنازەکەی ببەنەوە! ئەمە پوختەی قسەکانی کاک سەننار لەکتێبی حملەوئیعدامها بوو. بەڵام کاک سەننار لەمەڕ ئیعتراف بەخەیانەتی ڕەحمان زوورشتی لە بیر چووەیان بە ئەنقەست نەی نوسیوە، بێگومان ڕەحمان لەسەر ئەو هەموو تاوانە، ئیعدام کردنی بەدەست کاک سەننار ئەوها سووکوهاسان بەڕێوە نەچووە بۆیە ئێستاش بەشێکی زور لەنووسراوەکانی خۆم لەبەشی یەکی کورتەباس - لە پەیوەندی کوشتنی ڕەحمان کەریمی ولێ وەرگرتنی قسەکانی لەمەڕ دارشتنی  پیلانی توودەکان -بەڕاستتردازام .

(ئەوەش بەشیک لەداخۆیانی مام غەنی بلووریان)

لەکتێبی (حملەواعدامهای) کاک سەنناروەرگیراوە، ئەمن هێنامەسەڕێنووس
ی کوردی، خەزەڵوەری 1360
ڕەحمان کەریمی خەباتگێڕی خەڵکی کورد بەدەست دارودەستەی دژبەئینقلاب شەهید بوو، بەبۆنەی شەهید بوونی ڕەحمان کەریمی ... کۆمیتەی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستانی ئێران (ڕێبازانی کۆنگرەی چوارم)لەڕێکەوتی 27ی ڕەزبەری



1360ڕاگەندراوەیەکی بڵاو کردۆتەوە، کەلەخوارەوە گرنگترین خاڵی وی بەئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز دەگات ڕاگەیاندراوەکە هۆی ئەوجنایەتە ئازانتی دەکات ...ڕۆژی 26ی ڕەزبەر، بەدەستووری سەننارو جهانگیرو بازیک لەنەخشەو پیلانی دژبەئینقلاب وکۆنەپەرستی ...ڕاگەیاندراوەکە کەڕێزدانان لەشەهید ڕحمان کەریمی‌یە دەڵێ:..ئەو ڕۆڵەی ئینقلابو نیشتمان پەروەر بوو کەنەخشەی داگیرکردنی ئەشکەفتەکانی ئاستەمی(تەمرچیان) کەلەلایەن بەعسی ئێڕاق وزابووتەکانی سەڵتەنەت خوازی هاوکاری قاسملوو داڕژابوو، وەک بڵقی سەرئاو پۆچەڵ کردەوە، شەهید ڕەحمان بووکەلە وتووێژ لەگەڵ قاسملوو لەگەڵ طهایاسینو (جیزراوی) نوینەری سەدام حوسین پەردەی لاداو بەڵگەی ڕێککەوتنی قاسملووی لەگەڵ ڕێژێمی ئێراق لە قاو دا...زۆربەداخەوە هەروەک لە ناوەندی کۆماری ئیسلامی لەتارانو لەکۆشکی سەرۆک وەزیران دەستوپێی خائین وەکوو (کولاهی)وکشمیری) کارتێکەر بە شەهید گەیاندنی دەیان کەس لە دەسەڵاتدارانی وڵات دەبن، لەکوردستان یش، سەنناروجهانگیر پەیدا دەبن دەستی گڵاوی خۆیان بەخوێنی کاک ڕەحمان سوورکەن...بێگومان سەننارو جهانگیرو هەمووخائینو خۆفرۆشەکان بەسزای کردەوەی خائینانەی خۆیان دەگەن ...)

(قسەکانی بەڕیز کاک جەلیل گادانی)

بەڕێزکاک جەلیل گادانی لەڵ221ی (بانەبێتە درۆی پاش مردوو) دەڵێ: مەگەر ڕەحمان هەر ئەوکەسە نەبوو کە بە شاهێدی هەموو خەڵکی ناوچەکانی لاجان، پیران، پیرانشارو بەتایبەتی سەرگردەی سنووری ئەم بەشە لەناوچەوڕێگاوبانی ستڕاتێژی بەڕێژیم بەخشیوکارێکی وای کرد بەڕاحەتیو هاساناترین شێوە وەدەست ڕێژێم بکەوەیتەوە!

ڕەحمان دەبوایە لە یەکەم پلینومی دوای ئەڕووداوە دامحاکەمە بکرێو سزابدرێ بۆ خۆشی لانی کەم دانی بەکەمتەرخەمی خەیانەتی خۆی داهێنا، حیزب بەخشی، بەڵام بۆ جاری دووهەمو سێهەمیش خەیانەتی کرد خۆی تەسلیمی ڕێژیم کردو یەکێک لەو فەرماندانەبوو کەبە کردەوە لەسەفی دووژمندا ڕاوستاو، وەپێش لەشکری بەڕەواڵەت ئیسلامی کەوت ئەوکەسە ڕۆژێک چەپ وچریک بوو دوایی ببوو بەئەندامی ناوەندیو بەرپرسی بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەی حیزب! هەروابەڕێز کاک جەلیل گادانی لەڵ 206و207(بانەبێەدرۆی پاش مردووی ) دەڵێت: ئەمن بۆخۆم وەک ئەندامی مەتەبی سیاسیو بەرپرسی دەفتەری سیاسی ژمارە، یەکوکومسیونی کۆمەڵایەتی لە بەندیخانەی حیزب لەگوندی (ئەشکان)ی ئالان چوومەلای کاک فاڕوقو زۆرم قسە لەگەڵ کرد تا واز لەوفکرەخەراپەبێنێ ولەنێو حیزب درێژە بەکاری خۆی بدا، ئەو دەم کاک حامید گەوهەری بەرپرسی بەندیخانەبوو، شاهێدە، بەڵام کاک فاروق هەرئەوەندەی دژی ئامریکابوو ئەوەندەش دژی حیزب بوو، بەتەواوی لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوو، بەمنی گوت: ڕێژیمو سوپای پاسدارانم زوورپێی لەئێوە باشترەو دەچمەوەلای ئەوانو لەلای ئێوە نامێنمەوە.)

وەڵاموشیکردنەوە

لە ڕاستیدا ئەگەر لە ڕێبازانی کۆنگرەی چوار، بەئینسافەوە سەیرکەین تەنیا، سێ کەسیان تێداقاڵ بوونەوەو بەیەکچەلی خۆیان بەڕێژیم فرۆشت کە بەداخەوە یەکیک لەوان کاک غەنی بلووران بوو کە هەموو بێۆگڕافی سیاسیو خزمەتو ڕەنجو کوێرەوەریو کەسایەتیەکەی کردە دەستەچیلەیەکو بەدەستی خۆی ئاگرتێبەرداو سووتاندو خۆڵەمێشەکەی وەبەربادا! دەناهێندێک هەر بەو جۆرەی کە لە باسترخە نرابوون هەربەم زەلکاوەیش چەقەرەیاندا هەربەو قوناویش بوونە شتلی سەردێراوی توودە. کە بەداخەوە کاکڕەحمان کەریمی بەدەستی سەننار دەسەرهەڵەکانی خۆی گەڕا. بەڵام پێشوو وانەبێ کردەوەی کاک سەننار چ پەیوەندی بەوڵات پارێزی وەببێت جگەلە مەسڵەحەتی شەخسی. بەڵام ئەوهەی هەنۆکەش بۆ خزمەت بە



کۆماری فیتنەو فەسادی ئیسلامی ئێران دوو دەستی دیش قەرزدەکەن،شتێکیترە. کە ئێستاش هەودای نەمامیو جەوغەگێڕی لەدەست دا. بەڵام وەجاغی حیزب زۆری لەوخۆ دۆڕاوانە گلاندووەو ئۆلگەی مێژووی گەلی کورد بێ قونجلێسک نەبووە. ئەوانەی وەکوو زونگ بەسترمە باسترمە لە ناو ڕێخۆڵەی حیزبی دێموکڕات ئاخندرابوون، زوها بوون، ئەوانەی نانی حیزبی دێموکڕاتیان خواردبوو کە نانی گەلی هەژارو بێ دەرەتانو لێقەوماو بەشخوراوی کوردە، بێ ئەمەگو سپڵە دەرچوون. لێی ئاڵەدین بوونەوە، پێی هەڵڕوسکانو لە تەشکو داوێنو قڕوقاپو لاقو لەتەری ڕۆهاتنو دەیان ویست بیکەن بە دەواری شڕو دەرخۆاردی عەزیای دەم داپچڕاوی کۆماری ئیسلامی بدەن، نەمەکی خەڵک گرتنی لە قاپی خواو خەڵک هەیدێیان لێکراو تەفرو توونا بوون،دەستەیەک لەناو گورگە لۆقەی کێ بەرکێو غارغاردانێ خۆیاندا بۆ چڵێسیو سەولە ڕفاندنو سیرمەپچڕاندنو ئالێک لە چەند ئاخورو بەرەجۆ وەقل کەوتبوون، بەچەقرەسەما بەرەو بارەگای فیرعەون تێخزابوونوکڕنۆشیان بۆ جەلادان دەبرد، نالی ئەسپی دوژمنانی ئازادی داگیرکەرانی کوردستانیان بەبێ شەرمی لە گوێچکە کردو پێی شاگەشکەو نوقمی قوڕاوی توودەگەری ببوون لە ناو نسکۆو لاپە دا لە خۆێن گەوزینو لە کەسایەتیو ئابڕو کەوتن هەرچەند کە سایەتیو ئابڕوویان نەبوو! بازێک کەملی نۆکەرایەتیوکۆنە پەرەستیو خۆفرۆشیان بەنۆ بێور نەدەشکا، لەم شانۆیەدا خۆیان بوگای سەروو دانابوو کە قایشیان لێ کێشرا دەریان نەبڕیو بیخ بوونو پاش بەینەک بازرەبوون. دواتاقمە کە ببوون بە فۆتەی حەمامیو تازیلەی دەست بەخەنەی قەلادە لە ئەستۆی ڕستکراوەی پیاوکوژانی سەدەی بێست، ڕاستەوخۆ بە وەرگیرکەیی لە کۆماری ئاخوندی وەک شەمشەمە کوێرە لە بن سێبەری بەکرێگیراوانی سەر وەڕێژیم چەکیان لە خۆ شەتەک داو جۆڕکی ئالیکیان لە شانکردو ڕاویان لە پشمەرگەی حیزبی دێموکڕات کە چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادیو سەربەستی کوردستان بوون دابەشی، خوینی ڕەنگینی ڕۆڵەی حیزبیان کردە هەوێنی بەختەوەری چڵکاو خۆرانو لە کورد کوژیو داگیرکردنی کوردستان بوونە پێشەنگ. دیارە لە پاڵ خۆیان داحیسابیشیان بۆکردبوو خۆرجێنیشیان بۆ هەڵدروو بوو. بەڵام بە خوشیەوە خەونەکەیان لێ بوو بەبڵقی سەرئاو، بە پێچەوانە دەسەر پیلانەکەیان گەڕان چوارپەلیان ڕاکێشاو عومریان بەحازریان دا. لە سەریەک

جامینخوازانی حیزبی پاڵەوان پەمۆ کە شەریکی قافڵەو دەستکیسی دزبون، بەسەرۆکایەتی کیانووریو ئیحسان تەبەری وەبەرتفو لەعنەتی خەڵکی کوردستان کەوتنو تۆماری پیلانیان پێچرایەوە بۆ هەمێشە ناویان لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان لە دەفتەری سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان بە ڕەژی ڕەشکرایەوە!

(نامەی دکتۆرموەفەق سۆرانی

کاک دکتۆر مووەفەق بەرپرسی کۆمەڵەی کۆمەڵگای کوردی نامەیەکی لەرێکەوتی 98/11/19 بۆ سەرۆک وەزیرانی ئیتالێا نووسی ئەودەقی ئینگیلیزیەکەیتی:

AUSTRALIAN KURDISH COMMUNITY ASSOCIATIONS

Mr.Massimo D Alemo

Prime Minister

Rome, Italy

Dear Mr. D Alemo

On behalf of the Kurdish community in Australia I would like to express the feeling of Kurdish people towards the support of Italian nation and their elective representative to the people of Kurdistan.

For centuries our people have suffered and faced undeserved repression and tyranny under the regime of Arabs, Turks and Persians. In Turkey the state authority continues to destroy and bombard the Kurdish villages and towns, and to massacre arrest all those advocating a humanistic and democratic solution of Kurdish problem. Chemical bombardment of towns and villages and dissapearance of more than 182,000 (one hundred and eighty two thousand) Kurdish people in 1998 by Iraqi regime. These are two examples of the suffering of the people of Kurdistan under those regimes. We as Australian Kurdish Community



Associations, representing the Kurds of the majority of south Kurdistan (Iraqi part of Kurdistan). We regard Abdulla Ocalan as one of our heroic leaders who is leading our people armed strugle for freedom and democracy.

The world should recognize the crucial role of Abdulla Ocalan and PKK for any peaceful settlement of Kurdish problem.

We as Australian Kurdish Community Associations ask all humanitarian organizations in the world and those who regard themselves as friends of Kurds and those who understand the suffering of more than 40 million Kurds to ask Italian government to grant Abdullah Ocalan the political status. We also call on the Italian government to take as historic decision to grant one of our great leaders a political status,

Your consideration of this matter would be historically appreciated by more than 40 million Kurds.

With kind regards.

Yours Sincerely

Dr. Michael Sorani

Chairman

ئەوەش دەقی کوردیەکەی:

بە ناوی کۆمەڵەی کۆمەڵگای کوردی لە ئوستڕاڵیا

دەمەوێ بەوقاقەزە دەنگی گەلی کورد بە ئێوەی بەڕێز ڕابگەینێنم بۆ ئەو پشتگیریەی میللەتو حکوومەتی ئیتالیا سەبارەت بە خەڵکی کورد هەیانە. وەک دەزانن میللەتی کورد سەدان ساڵە ملی لەژێر نێری کۆیلەتی ئەوچوار دەوڵەتە نیگریسە بریتی لە: تورکو عاڕەبو فارس دایە کە کوردستانی گەورەیان بەسەردا بەشکراوەو لە خاڵی بەرژەوەندی پێکەوە شەریکن، یەکێک لەو داگیرکەرانە حکوومەتی فاشستی تورکیەیە،کە بە درێژایی مێژوو دەیان قائدی کوردی لە سێدارە

داوەو بە ملوین کوردی قڕ کردوە. هەر وا ڕێژیمیی زاڵمی عەڕەب لە سەروی هەمووان سەدام حوسین کەلە1988 جگە لە کیمیایی بارانی هەڵەبجە ئەنفال کە بوون بەهۆی هەزاران شەهیدو نەقوستانو بەگەورەو گچکەو زارۆک وساڵبۆری. ئیمە وەک کۆمەڵەی کۆملگای زوربەی کوردەکانی باشوور لە ئوستراڵیا، بەڕیز عەولا ئۆجەلان وەک قائدیکی مەزن دەزانین کە لە کوردستانی باکوور خەبات دەکات. پێویستە دان بەوە دابێنین کە کاک عەولا ئۆجەلانو(پەکەکە) دەورێکی گرینگیان بۆ چارەسەری مافی کورد لە کوردستانی باکوور هەبوو دەجا لە هەموو ماف پارێزان دنیا دوا دەکین بە تایبەت ئەو کەسانەی ئاگاداری قەزییەی کوردن بە درێژایی میژوو کە ئەژماری هەنۆکە لە مەرزی چل ملوین تێپەڕ دەکات. هەروا داوا لە حکوومەتی ئیتالیا دەکەین کەوەک پەنابەری سیاسی هەلسو کەوت لەگەڵ ناوبراوبکات. ئەمڕۆ هەڵویستی گەلی کورد وایە بۆ دوارۆژیش میژوو حاکمە.

دکتۆر موەفەق سۆرانی بەرپرسی کۆملگای کوردی لەئۆستراڵیا 98/11/19

(لێکدانەوە)

لێکدانەوەیەک لە سەرئیراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەت، هەنۆکەڕیکەوت 2006/4/18 زاینی یە، سێ ساڵ بەسەر ڕۆخانی ڕێژیمی بەعسی ئەفلەقی دا تێدەپەڕێ سەدامو دارو دەستەکەی تەفروتونا بوونە سەدامو هێندێک لە بەرپرسانی خوێنڕێژی لە زیندان چاوەڕوانی محاکمەن. ئیدی باسێک لەحکوومەتی سەرەڕۆ نەماوە. دەسەڵاتی سوننە هاتۆتەخوارو شیعە زۆرایەتی بەدەستە بەڵام بەومانایە نیە کە شای شەترنج بێت بۆ دابەزینی دێموکراسی بەرابەریو خویندەوەی یەکتر فێڵ لێک نەکردن پێویستە، حکوومەتی ئیتلافی دوایی شووڕای مووەقەت دەسەڵاتی گرتۆتە دەست دەنگدراوە دەستووری ئیراقی فیدراڵ پەسەندکراوە بەڵام جەعفەری بۆ سەرۆک وەزیران چەقەی لەسەرە، کوردو سوننەو بەشیک شیعە لێی ڕازی نین. بەڵام بە داکۆکی ئێران حازرنیە واز بێنێ لایەکی دیکە شیعەی توند ڕەو پشتیوانی لێدەکەن ئامرێکا ڕاستەوخۆ لیێ ناقایلە ئیستا ڕێکەوت 4/20ی 2006 بەرێز مام جەلاڵ تاڵەبانی بۆ سەرۆک کۆماری ئیراق هەلبژێردراوەتەوە. هەروا کاک مەسعودبارزانی بە فەرمی دوایی چەند دانشتن بوو بەسەرۆکی کوردستان بۆماوەی



چوارساڵ کەدوایی وەرگرتنی پۆستەکەی لەلایان ئامریکاو ئینگلیزبۆ ئامریکاو ئینگلیستانو چەند وڵاتی ئۆروپایی داوەت کرا زۆری ڕێزو حورمەت لێگیراو، وەکوو سەرۆک حکومەتێک پێشوازی لێکراو لەکاخی سپی لە گەڵ سەرۆک کۆماری ئامریکا ئاغای بووش قسەی کردو پەیامیان گۆڕینەو ئاڵای کوردستان لەکاخی سپی هەڵدرا. هەروالەگەڵ جێگری دەبلیۆ بووشو ڕامسفێلد وەزیری بەرگریو گەورەپیاوانی ئامریکا داشتنی بۆپیکهات. هاواڵدەران لەمەڕ هەرچوارپارچە کوردستانەکان پرسیاریان لێ کرد وەڵامی بە پێزی دایەوە. ئەمە ئەوەڵین جاربوو لە مێژووی کورد زلهێزەکان تایبەت ئامریکاو ئینگلیز ئەوها بە فەڕمی هەلسوکەوت لە گەڵ گەورەپیاوەکی کورد بکەن. ئەودەنگدانەوەیە ئیرانو تورکیەی کە یەکجار فاشیستن هەڵمساندوە کە ناشوێرن خۆ لەقەرەی ئامریکا بدەن کەوتنە ئاژاوە سازدانو تێکەولێکەی بن دەست بۆ تێکدانەوەی ئاسایشو، دورست کردنی کۆسپو تەگەرە هەتاچاندنی تۆی چەند بەرەکی لەناو پێکاتەکانی ئێراق سەرەتا تورکیە لە چەڵاخی تورکەمانەکان گەلێک چی بوو زۆری خۆتێخزند دەیەویست بەپەڵپو بیانووی بەدرۆ پشتگری لەوان خۆدەکوردستان بکێشیو ئەوەی کوردکان وەدەستیان هێناوە لێان بکاتەتۆزێو پۆزێو وەک ئاردی ناودڕوانی لێبکات. لەو بارەو چەندکەڕەت خۆی تاقی کردوە لەشکری هێناسنوور بەڵام ئامریکا لەدەمی داوەتەوە. ئەمما ئێرانو سووریە کەوتنە فکری تێخزاندنی تڕۆڕیستان هەموار کردنیو هێنانیان لە وڵاتانی تڕۆڕێست تێدا بەخێوکردو گوێزتنەوەیان بۆ ئیراق بۆ کوشتنی سەربازانی ئامریکائی وەدەنگ هێنانی خەڵکی ئامریکا و زەخت بۆ کێشانەوەی هێزی نیزامی لە ئیراق کە هەر بەردەوامەو دارشتنی گەرای شەڕی نیوەخۆیی. هەنۆکە ئەوسێ ساڵە لەو ڕێکەوت تێدەپەڕێ ئێراق بەرەو دێمووکراسی دەڕواو، ئامریکا لە سەرپرۆسەکەی مکووڕە. بەڵام هیچ کام لە عارەبەکان ئیمانیان بە ئازادیو دێمووکڕاتی نیەو نایانهەوەێ بزانن مانای دیموکراتی چییە. لە ڕاستی دائاقلیەتی سەدام هەر لەگۆڕێیە. عاڕەبەکانی سوننەچش کە هەرپێیان وایە سەردەمی سەدامە، شێعەکانیش بەهاندانی ئیران بەرهەڵستی ڕەوڕەوی دیموکراسی دەکەن. بە تایبەت جەعفەری سەرۆک وەزیران بۆ ئاژاوە دورست کردن لە ، کەرکۆکو ناوچەدابڕاوەکان، بەشێوەیەکی دیکە هەڵوستی سەدام وەدیدێنێت. هەرچەندبەرنامەو پرۆگڕامێکی ڕێکوپێک بۆ دێموکڕاتی بەرپاکراوەو سووریەو

تورکیەش لەچ ئاریکاریەک بە ئاژاوەنانەو بەلێکدانی جەوەی ئاسایێش دەست ناکێشنەوە. بەڵام حکوومەتی شیعەی ئێران کە دایکی هەموو فەسادو فیتنەیەکە دەورێکی بەهێزی هەیە ئاریکاریکە وایلێهات کەئامریکا بڵێ لەم بارەو ڕاستەوخۆ دوایی پێکهاتنی حکوومەتو وتوویژی لەگەڵ بکات! جەعفەری کە بەکردەوە بۆخۆی بگرە لەڕاست کورد لەسەدامی دەمارگرژ ترە بۆتە بەرهەڵستکاریکی گەورە لەبەردەم دێمووکراسیو پیکهێنانی حکوومەتی قانوون. هەرچەند دەستوور دەنگی لە سەر دەراوە مەسەلەی کوردستانی باشوور کەوتووتە چوارچیوەی قانوون ئەو لەوماوەیەدا بەسەرۆیی هەنگاوهەڵدێنیو ئەوانەی دژی کوردبوون لەکەربالاو نەجەفو سامرەئی وەک سەدری جنایەتکاریان لەگەڵە هەنووکە زێدەتر لە2350سەربازی ئامریکا کوژراوە. خۆتەقاندنەوەی شیعەو سوننە هەربەردەوامە. ئەوانەی کوردستانیان کاول کردو ئەوهەموو کارەساتە دڵ تەزینەو ئەنفالو کیمیاباران، هەنووکە بۆنەتە ئیسلامی ڕاستەقینە. ئەوە بۆ دابەزینی ئیسلامی نابی محەمەدی لەبۆمب دانانەوەو تڕورو خۆکووژی ڕاناوەستن. کەبەداخەو زۆرکوردی نەزانی هەلخەڵەتاوی مێشک رزیوی بەکرێگیراو بوونەتە هاودەستیان. گروپی سەربڕی شێخ زانا نموونەیەتی! لەڕاستی دا لەپەنا ناوی پێرۆزی ئیسلام بەئیسلامێەت خەیانەت دەکەن. هەتا لەبەرچاوی خەڵک سووک بێت. ئەوانە هەموولەولاڕاوەستن هەریەک پێویست بەکتێبێکی سەربەخۆن و لەحەوسلەی ئەو نووسینە دانیە. بەڵام جەعفەری ئەوکابرا میشک شووراوەیی دەمارگرژی دوژمنی ڕەگەزەی کورد چش لەهیچ کام لەدانیشتنەکانی بۆ دەست نیشان کردنی سەرۆکی کوردستان حازر نەبوو. لەکاتی سویند خوارنەکە وشەی (فیدڕاڵی)ڕەش کردبۆوە. کەدکتوربەرهەم سالح لێ لەقاودا لە ئەنجام دابەهۆی پێداگری سەرۆکی کوردستان (کاک مەسعووبارزانی ) هەروا نوسینی نامەیەکی پڕ لە بەڵگە لەلایەن بەرێز مام جەلال سەرکۆماری ئیراق، جارێکیتر سویند کەڕاست کرایەوە. بل لەوانەش جەعفەری دوایی دەست نیشانکردنی بۆ کاندیایی چوارساڵە هێشتا لەلایەن ئەنجمەنی نیشتمانی پەسند نکراوو دەیسان ناوبراو تەنانەت بێ پرسی جێگرەکانی سەفەری بۆ تورکیە دەست پێکردو خەرێکی هەڵوەشانەوەی فیدراڵ بوو، کە دەنگی لە ئیراق بۆ دراوە! ئامریکا لەو ڕێگەدا یانی ڕزگاری ئێراق خوێنی داوە ناچاربوون بەڕاشکاوی بڵێن سەرۆک وەزیرانی ئیراق دەبێ پیاوەکی ماقوولو ئاگادارو



ئاشتیخوازو خۆشەویستی گشت پێتاتەکان وخیرخوازی ئیراقیەکان بێت. نەک ئاژاوەگێڕو نەمژو سەرەڕۆ خەڕافاتیو جاهیل. وەزیرەی دەرەوی ئامریکا (خانم ڕایس)وئی ئینگلیز (جاسترۆ)بۆ ئەو مەبەستە سەفریان بۆ ئیراق کردو باسەکەیان بەڕاشکاوی بەگوێ هەڵێنان بۆ پێکهێنانی حکوومەت پێیان لەسەرخێرابوونی داگرت. بەڵام هەنۆکە ڕێکەوت 2006/4/12هێشتا ئەوگرێ کوێرەیان بۆ نەبوتەوە. ئەمما لەمەڕ کوردستان لەوماوەیەی سێ ساڵ زووڕشت کراون ئەوتێکەڵ بوونەوەی هەردووک ئیدارەی یەکیەتیو پارتی شتێکی زەقو بەرچاوە بەحەق هەردوو ڕێبەر بەدڵێکی پاک تێدەکۆشن. چونکە ئەوان تێگەیون بێ یەکیەتی ناتوانن بەسەرپرۆسەی دێموکراتی بەتایبەت گەڕانەوەی ئەو بەشە دابڕاوانەدا زاڵ بن. وەختێک دەکرێ کەکەرکووک، ژەنگار، خانەقین، ناوچەکانی دابڕاوی تەعریب کراوبگەڕێنەوە سەرکوردستانی باشوور کەتەبایی‌و یەکدلێ لەگۆڕێ دابێت. هەموو پێکاتەکان تایبەت یەکیەتیو پارتی یەک هەڵویست بن،وپڕۆسەکە لەچوارچیوەی بەرتەسکی حیزبی بینە دەر حالاتیکی گشتی بدەنێو بەدەستی دانیشتوانی کوردستانی بێ جیاوازی بەڕێوە بچێت. لەڕاستیدا ئەوسێ ساڵە بە دیالۆکی حیزبی لەدەست لەگۆڕیدا، بۆیە کارێکی بەرچاو بۆ ناوچەکانی دابڕاو نەکراوە هەتا هەستی دانیشتوانی بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لووزەوی نەبەستووە. پێویستە زورترلەکارگیرانی ناحیزبی کەلک وەرگیرێت هەتا بەرێوەبردنی لەدایرەی باندبازی خۆمانەیی دەرچێتو بانگەوازی بۆ خەڵکی پسپۆربکرێت بێگومان پسپۆرو زانای ناحیزبی زۆر پترن لا ئەفرادی حیزبی. پیویستە دەم بەوڕاستی یەش دابینین زۆرلەبرادەرانی حیزبی پلەخواروی یەکیەتی نشتیمانیو پارتی بەکردەوە لەخۆ گونجاندن لەگەل هەلوومەرجو ڕاسپاردەو بۆچوونی مام جەلاڵو کاک مەسعودبارزانی دژکارنو کوردستان وەک شتیکی کڕیار هەر بەماڵی شەخسی خۆیان دەزانن لەخۆیان بەدرە هەموو پێکاتەکانیان تایبەت خەڵکەکەیان پێ دار دامەن، کەبۆچوونێکی یەکجارمەنفیو تەنگ نەزەرانەیە. ئەمما هەنۆکە کە ڕێکەوت 2006/5/2ی زایینیی یە، بۆکۆی دەنگ جەعفەری لەپۆستی سەرۆک وەزیران وەدەرنراوە ئاغای مالکی بۆتە سەرۆک وەزیران. کە دووحەوتوی دیکە کابینەی دەوڵەت پێکدێنێت. هەروا ناکۆکی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی دوایی پێهاتوە. حکوومەتی یەکگرتووی کوردستانیش دوایی حەوتووەکی دیکە پێکدێت. بەڵام دوایی

دەست پێکێشانەوە جەحفەری لە سەرکۆماری کە گوێچکە لەمستی  ئێران بوو. تورکیەو ئێران بەئاشکرا هەڵویستی دژ بەکوردستانیان گرتۆتە بەر. ئەوە چەند ڕۆژێکە هەردوو دەوڵەت هێزی نیزامیان هێناوەتە سنوەرکان هەتا ئێران سنووری کوردستانی فیدراڵی بەزاندووە بەبیانووی پێشمەرگەی پاژیک ناوچەیەکی بۆمباردومانو تۆبباران کردوو کە خەسارەیەکی زۆری لەدێهاتی کوردی کوردستانی فیدراڵ داوە. گویا چەند پیشمەرگەی پاژیک شەهید وبریندار بوونە. هەروا تورکیە نزیکەی دووسەدو پەنجاهەزار سەربازی هێناوەتە سنوور. ئەمڕۆ ڕیکەوەت 2006/5/2 سوپاسالاری هیزەکانی تورکیە ڕاستەوخۆ گوتی: ئەگەر پیویست بکا بۆ سەردەدوونانی (پەکەکە) سنوور دەبەزینین. یانی  سنووری کوردستانی باشور. ئەوە دووحەوتوە لەگەڵ پەکەکە تەقەولێکدانی دەست پێکردوە. هەرچەنە چەند ڕۆژ لەمەوبەر خانم ڕایس وەزیری دەرەوەی ئامریکا لەتورکیە لەگەڵبەرپرسانی حکومەتی کۆبوونەوەی پێکهێناوگوتی: تورکیە بۆی نیە سنوور ببزێنێت. هەر وا ڕێکەوت 2006/5/1 وەزیری دەرەوەی تورکیە ڕایگەیاند تورکیە دژی لەشکرکێشی ئامریکا بۆ سەر ئێرانەو ڕیگای پێنادا بۆ هێرش لە خاکی تورکیە کەلک وەربگرێت. ئیستا ئێران بۆتە کەڵەگاو جوابی کەس ناداتەوە. بەڕاشکاوی دەیەوی بۆمبی ئەتووم دورست بکاتوگوزتنەوەشی بۆ هەموو دەوڵەتانی ئیسلامی کردۆتە سەوقات. بەو بۆنەوە دەیەوێ لەگەڵ تورکیەش دانشتن پێکبهنێت. خامەنەیی دەڵێ: هەموو بەرژەوەندیەکای ئامریکا لەسەرانسەری دنیا دەکاتە ئامانجو لەناو دەبات.

(ئاکامی گورە گورەکان لە مەرپێکهێنانی حکوومەتی نوێی ئیراق)

لە ڕێکەوتی 2006/4/22مام جەلال بە198دەنگ بۆ چوارساڵی دیکە بە سەر کۆماری دیاری کرا، جەعفەری ئەو پیاوە دەمارگرژە مەجبور بە دەست  هەڵگرتن لەسەرۆک وەزیران کرا. کوردگوتەنی (سەی هار چل ڕۆژی عومرە)نوری جەواد مالکی بەسەرۆک وەزیرانی ئیراق بۆ چوارساڵ دیاری کرا، کە مام جەلال دەستووری پێدا حکوومەتی نوێ پێک بهێنێت.

هەنۆگە بێگوومان ئێران لەوپیلانە تێشکا. ئێران وتورکیە دەیانەویست بە دەستی جەعفەری ئارەزوی گڵاوی خۆیان دابەزێنن کە وەک بلّقی سەرئاو پوچایەوە دیارە ئەو دەگەڕیتەو سەر وەئاقڵ هاتنەوەی شیعە، چوونکە هەموویان لە ئاست کورد



لەزاری یەکیان تفیوە، وەک بەڕێز هێرۆ خان ئاماژی پێکرد: لە مێشکی هەموو عارەبێک دا سەدامێکی چکوولە دێتە بەرچاو) بەڕاستی دەبێ ئەو ڕستە بە ئاوی زێڕ بنووسرێت. جەعفەری یەکێک لە نۆکەرەکانی ئیران دێتە ژمار.

هاتنی ڕامسفیلدوەزیری بەرگری ئامریکا لە ڕیکەوتی 2006/4/25 ڕێکەوتی 4/26/هاتنی ڕایس هەدوو کتوپڕ بۆ بەغدا مانای زۆرشت دەداتەوە.

(شەڕی پەکەکەو تورکیە)

ئێسا لەو هەلو مەرجە دا کە کوردستانی باشووربە فەرمی فیدراڵی هەیە سەرۆک فیدراڵ کاک مەسعوود بارزانیەو سەرۆک وەزیران کاک نێچروان بارزانیو جێگر کا ک عومەرفەتاح لە لایەن پەرلەمان دیاری کراون. کوردو وڵاتەکەی لە دنیا دەنگی داوەتەو تورکیە خۆی لە ناسنامەی 24ملوین کوردی کوردستانی باکور دەبێری ئەو شەڕی دژ بە(پەکەکە) دەست پێکردۆتەوە هەتائیستا دەیان خۆپێشاندەری کوردی لەشارەکانی کوردستانی باکوور بە زۆری سەەرنیزە سەرکوت کردووە دەیان خۆپێشاندەر شەهید بوونە. ڕیکەوت 2006/4/20

(دەنگۆی هێرشی ئامریکا بەسەرئێران)

وەک دەزانن دوایی ڕوخانی ڕێژیمی سەدامو نشتەجی بوونی لەشکری نیزامی لە ئێراق، دەمو دەزگای ئیران بە هەموو ڕێگایەک بەناوشێعەکاندا دەراوی خۆ دەئیراق کێشانی هەموار کردووەو  بەشی زۆری تێرورێسی ئیرانیان تێ پەستاوتووە. کە لەناوخاکی ئیراق خۆ بتەقێننەوە.

بە کوردی لە سەرئەمە سوورن کە نەهێڵن  ئاسایش سەربگرێت.  سەرتا زور ترورێستی  ئێرانی گیران کە جەعفەری نزیکەی 500 پیاوکوژی بێ لێکۆڵینەو پرس بۆ بەرەڵلا کرد. دەنگی لێ سازبوو چەند سەفەری بۆ ئێران کردوو لە تەونو بەستی

داگیرکەراندا بە ڕاشکاوی دەوری هەبوو. هەروا ئێران کە ئەحمەد نیژادی کردۆتە سەرۆک وەزیران ئیدی وەک سەگی هاری لێهاتوە. ئەوەچەند چار دەڵێت دەبێ ئیسرائیل لە سەر نەخشەی دنیا بسڕێتەوە! دەیەوی شێعەگەری بەسەردنیا داسەپێنیت. دیارە 10 میلیار دۆلاری چەک لە شوورەوی کڕیوەو ئەوە چینی کموونیست دنەی دەدەن ئێرانو تورکیەو سوریە کە داگیرکەری کوردستانن چاویان بە ئازادیو ئالای کوردستان هەڵنایەو مەترسی ئەوەیان هەیە سەری هێچک بگاتەوانیش لە فیڵو تەڵکەدانو ناهێڵن حکوومەتی قانوون لەئێراق دابمزرێت. بە هەمووان دنەی شێعە دەدەن کە کۆسب باویژنە بەر ڕێکەوتنی پێکاتەکانو ئیتلافو تەنیا مەبەستیان بەرگری ئازادی کوردستانە. دەیانەوێ پێشی لێبگرن نەهێڵن سەربگرێت. لایەکی دیکەش تێرڕیست پەروەردە دەکەن. ئیران جاردەڵێ مووشکی دوور هاویژی هەیە کلاوەکی ئەتوومەی دەخرێتەسەر 1300کیلۆ میتر دەڕوات.
لە ئاپریلی 2006 مانۆری دەریای کردووە، دوو مووشکی بە کۆنترۆڵ هاوێژی تاقی کردۆتەوە. دەڵی بەو 52هەزار خۆکوژەی پێگەیاندووەو بەوان 29 شوینی ئامریکاو ئینگلیز دەتەقێنێتەوە. جاردەڵێ ئەگەر ئامریکا هیرشی نیزامی بۆ ئێران بکات. یان بۆ سەربنکەی ئەتۆمی ئێران ئەویش هێرش دەکاتە سەرئیسرائێل.

(نامەی ئەحمەدنیژاد سەرکۆماری ئێران بۆ دبلیۆ بووش)

داوایی ڕووخانی دەمو دەزگای شاو هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئاخوندی ئەوە دووهەمین جارە کە ئەو پەیوەندیەڕاستەوخۆ بە نامەی ئەحمەدی نیژاد دەست پێدەکا، دیارە ئەحمەدی نیژاد خۆی زێدەتر لە سەرکۆماری وڵاتیک دەزانیو دەیەوی وەک ڕاسپاردەی خوا گۆڕانکاری لە دنیا پێک بهێنێت، گۆیا لە نامەکەی بۆ دەبلیۆ بۆش شێ دەکاتەوە کە خەڵکی سەرگۆی زەوی وەک پێویست ئیسلامیان نەناسیوە دەنا دەهاتنە سەردینی ئیسلام! ئەمە کۆپی نامەی ئایەتوڵلا خومەینیی‌یە کە بۆ مخائیل گورباچف ڕیبەری ئیتحادی جەماهیری شوورەوی نووسیو داوای لێکردبوو دەست لە ماتریالیسم هەڵگرێتو ئیمان بێنێت. دیارە ئەگەر ئەو توند ڕەویە



جارێکتر جامی ژەهر بە کۆماری ئیسلامی نەنۆشێ شتێکی خەراب نیە چونکە نیشانی داوە کەدەرپێیان کەوتە قاپان جۆرەکی دیکە لە پیکو ماپیکدەدەن. قسەکەری کۆماری ئیسلامی گوتی: ناکرێ باس لە ناوەرۆکی ئەونامەیە بکرێت،شتێکی سەربەستەیە. سەرۆک کۆماری ئیسلامی بۆ هێندێک دەوڵەتی دیکەش نامەدەنێرێت! ئەمڕۆکەڕیکەوت 2006/5/10 ئامریکا بەئاماژە نامەی 2006/5/8ی ئەحمەد نیژادکردو بێ کەلکو کرچو کاڵی ناولێبرد.

(مەسەلەی زوانی کوردی بەفەرمی لەکوردستانی فیدراڵی ئێراق،)

کاک ئەنەوشیروان مستەفا ئەمرۆ ڕێکەوت 2006/5/9لەوتووێژ لە گەڵ هاوڵەدران لەمەر پاسپۆرت گوتی: زوانی کوردی لە1931 لەلایەن حکوومەتی کاتی بەفەرمی ناسراوە، دوایش لە1958 برایەتی کوردو عارەب پەرەی گرت هەنووکە لەمەڕ پاسپوورتی بەزوانی کوردیو عارەبی وەک بەپێێ بڕگە4 لە دەستووری ئێراقی فیدراڵ داهاتوە، کاری بۆ کراوەو بە زووترین کات جێ بەجێ دەکرێت.

(کابینەی پێنجەم)

ئەمڕۆ ڕێکەوت 2006/5/7 مەسەلەی یەکگرتنەوەی پارتیو یەکیەتی بەفەرمی دوایی پێهات کابینەیان پێکهێناو سێو پێنج وەزیریان دەست نیشانە کردو بەکۆی دەنگ پەسند کران هەموویان سوێندی قانوونیان خوارد کاک نێچرڤان بارزانی بۆ بەسەرۆک وەزیرانو کاک عومەر فەتاح بوو بەجێگر، لە مەجلیسە دا بەڕێز کاک مەسعود بەشداری کردو هەروا جێگری بەڕیزمام جەلالو دفتەری سیاسی هەر دووک لاو هەموو حیزبەکانو سەدان پیاوی ماقوول. سەفیر ئامریکا زالمای خەلیل زادو ئی چینو ژاپوون بەشداریان کردبوو.

(ئیسلاحات ئەرزی یان دابەشکردنی زەویوزار)

سالّی 1342ی هەتاوی دەنگۆی قانوونی دابەشکردنی زەوی بلّاوبۆوە ئاغاکانی عەجەم هەرلە1340ی هەتاوی کە سووسەیان بەم مەسەلە کردبوو ملّکەکانیان بە سەرکوڕو خوشکو براکانیاندا تاپۆ کردبوو یاکوو فرۆشبوویان. لە کوردستان ئەو دەنگۆیە بایەخی پێ نەدرا لە ڕاستیدا هێندێک ئاغازولّمیان لە وەرزیرەدەکرد. بەلّام ئەگەر لە واقیعیەت بنۆڕی ئەمە یاسای داسەپاوەی حکومەتی "شا"بوو کە ببوو بەپالّپشت. چونکە"شا" بۆخۆی یەکێک لە گەورە زەمیندارانی ئێران بوو. کە لە سەریەک 2540 گوندو
1880دوکانو پاساژو 2/5ملوین هێکتاری زەویکاسبی هەبوو گشت
ژەبەڕالەکان خاوەن زەمینو ملّکداری گەورەبوون."شا"کاتێک کەوتە فکری دابەشکردنی زەویوزار کە سەرکۆماری ئامریکا "کەنەدی" بوو.

(باشای بناسین)

ئاغای ئەمینی سەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران کە دەچێتە ئامریکا چاوی بە"کەنەدی"دەکەوێ. ناوبراو پێی دەلّێ: ئەو پاشا بازاڕیەچییە؟! بۆچ ئێران ناکەن بەکۆمار! بەلّام ئەمینی لە گەڕانەوەدا ئەم قسەیە بۆ "شا ناگێڕێتەوە. کە"شا"ئەمە دەزانێتەوە لە سەرۆک وەزیرانی دەخات. هەربە دوای ویدا سەر لەشکر"محەمەقەرەنی"لە سەرکارلادەبات"شا"بۆمانەوی
خۆی لە سەرتەختو پاوانی دەسەلات، نەک بۆ گەشەی ولّات ئیسلاحاتی دابەزاند."شا"مرۆڤێکی بێ ورەو ترسەنۆکو بێ بەزە بوو لە1332ی هەتاوی تێی تەقاند. ئەو کات ئامریکا داکۆکی لێدەکرد. بە پشت ئەستوری ئامریکابوو زاهدی کودیتای کردو شا گەڕاوە ئێران "شا"لە1357ی هەتاوی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کە ترسی ڕێ نیشت "هوویداو بەرپرسی ساواک"ئەرتەشبود نەسیری"دەست بەسەرکرد. کە خۆشەویستی خۆی بوون. نەسیری کەسێک بوو کە نامەی وازهێنانی



بە"موسەدیق"ئیمزاکرد. هوویدا دوازدەسالّ سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو. دەگێڕنەوە کە"شاو شابانوو"بە تەلەفوون بە هوویدا دەلّێن: پێویستە سەردەمێک بچیە زیندان! هوویدا لە وەلّام دا دەلّێت: هیوادارم"حەلاعەزرەت" بزانن چ دەکەن!؟ دوکتۆرشاقولّی دەلّی:هەرچەند هووێدا دەمیک بوو"لەیلای"خیزانی تەلاقدا بوو بەلّام پێکەوە وت ووێژی تەلەفوونیان هەبوو. لەو کاتە ئەستەمەدا"هوویدا"مەسەلەکە بەڕاشکاوی بە لەیلا دەلێت: ئەو کە شێرەژنێکی چاونەترس بوو خۆی دەگەیێنیتە مالّی هوویدا کە ژەنەڕالێک لە قوماشە ژەنەڕالّانەی 1320بۆ گرتنی لە وێ دەبێت! لەیلا ڕووی تێدەکاتو دەلّێ: ئاخۆ لەم ولّاتە هەر هوویدا سمی هەیە. ئەدی بۆچ" ئەعەلاحەزرەت" ئیجازەی دەرچوونی ئەوانی تری دا!
دوکتۆر شاقولّی لەم بارەوە بەمێژووی "حەسەنەکی"وەزیرئاماژە دەکات و دەلّێ: کاتێک سولّتان مەحموود"حەسەنەکی وەزیری ئیعدام کرد. دایکی حەسەنەک بە درنگەوە پێی زانی، بەلّام کە ئاگاداربوو وەکوو ژنان ڕوومەتی دانەڕنیو قژی نەڕنیەوە! بەلّام هێندە بەکولّ گریا ئەوانەی کە لە گەلّی بوون خوێن گریان! ئەو جارگوتی: ئەوە کوڕی من بوو کە سولّتان مەحموود ئەم دونیایەی دایەو سولّتان مەعبوود دونیای دیکە! بەلّام ئەمن دەلّێم: ئەعەلاحەزرەت هەردوو دنیای دا بەهوویدا! (مەنزوور ئەوەیە کە "شا"ئەوی دوازدەسالّ کردە سەرۆک وەزیرانی ئێرانو هەرئەویش گرتیو بەکوشتنی دا! دوکتۆر شاقولّی دەلّێت: 1354ی بوو هوویدا سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو. بە هۆی خواحافزی"هلّمز"سەفیری ئامریکا، زیافەتێکی لە کۆشکی سەرۆک وەزیران پێکهێنا، هێندێک لە وەزیرەکانیش بەشداریان لەو مێواندارییە کرد. هۆیدا پێکەری دوو کۆتری پێشکەش بە خانم هلمیزکرد. ناوبراو گوتی: ئەوە چۆنت زانیوە کە مێردەکەم کلکسیونی کۆترانی هەیە؟ هۆویدا لەوەلّامدا بە ئەنقەست پێی دەلّێت: ساواک پێی گوتم! مەنزووری هوویدا ئەوە دەبێت کە حالّی بکات ئەو"ساواکەی"کە ئامریکا خمی داڕشت چۆن لەژیانی خەلّک دەکۆلّێتەوە خانم هلمیز لە وەلّامدا دەلّێ: بەم پەیکەرە شتێکم هاتەوەبیر: کابرایەکی دونیا دیدەو سیاسیو گەڕیدە لە گەلّ کاروانێک دەکەوێ لە کاتی وچان چاوی بە کۆترێک دەکەوێ کە لە سەرمان ڕەق هەلّاتوە وشترێک بە هەلّکەوت چەند تەرسە قولی بە سەردا بەردابەردەتەوە کە گەرم دەبێتەوەو وەجوڵە دەکەوێ، مرۆڤێک لە ناو تەرسەقولەکە دەریدێنێ دەست دەکات بەگمەگم! ڕێوێک کە بەوێدا دەڕوا گوێی لە

دەنگی دەبێت پڕیەداتێو دەیگریو دەیخوات! خانم هلمیز لەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە سێ مەبەستی دەبێت:

1-ئەوکەسەی بە نائەنقەست لە تەنگەژی ڕزگارکردی بە دۆستی مەزانە.

2-ئەوکەسەی بە نائەنقەستبوو بە هۆی تەنگەژەت بەدوژمنی حیساب مەکە.

3-بە"شا"یەکەت بڵێ هێندە واقەواق نەکات نەڵێت: ستوونی پێنجەمە بێ وەخت دەم نەکاتەوە دەنا دەیخۆن!شاقوڵی دەڵێت: هوویدا ئەو مەسەلەیەی بۆ "شا" نەگێڕاوە بەڵام. هێدێک
لە وەزیرەکان کە جاسوسیان بۆ دەکرد بۆ شا،دەگیرنەوە بۆیە "1354هوویدای لە سەروک وەزێران لابردو خانەنشێن کرد.

ئەوانە هەموو شایەتی ئەوەن کە محەمەدڕەزا پیاوێکی ترسەنۆکو بێ بەزە بوو. بۆمانەوەی خۆی لە سەرتەخت هەمووکارێکی دەکرد. کاتێک"ئۆکرێت"بەرپرسی تەلەفزیونی فەڕانسە لەزیندان لە1356 چاوی بەهوویدا دەکەوێ لێی دەپرسێت: هۆی چ بوو کەوتێە بەرغەزەبی "شا"؟هوویدادەڵێت: لەخۆی بپرسە! ئەو بۆ مانەوی‌خۆی لەسەر تەختی دەسەڵات هەتانزیک ترین دۆستانی دەکاتە گاوو گەردونو قوربانی! "شا"هەتا یاسای دابەشکردنی زەویوزاری بۆ مانەوەی خۆی بوو نەک بۆ ئاسایشی خەڵکی ئێران. چونکە ئەگەر لە ڕووی بەرژەوەندی بوایە ئەوهابێ سەرو بەر بەڕێوە نەدەبوو. ئێستاش دوایی چلو سێ ساڵ بەسەر ئەوڕێکەوتە هێشتا بەڵگەی مڵکداری بەناوی جۆتیارکان تاپۆ نەکراون. لەهەرگوندێک چەند ئاغا قوت بوونەتەوەو سەرجەمی ڕشایی گوندەکان دە چەوسێندرێنەوە." شا"ئەو فکرەی نەکردبوو کە بەم قانوونە
بێ سەروبەرەیە دەستەیەکی دیکەش ژیانیان دەکەوێتە تەنگەژە. بۆچارەسەرکردنی ئەوان چ پڵانێکی نەبوو. هەتا دووکانداریش جگە لەهەڕەشەی زیندان کردنیان چیان بۆ دەستەبەر نەبوو. هێدێک ئاغا بۆ سەردەمێک ڕوویان لەکوردستانی باشوورکردو هێندێک لە سەرداوای خاون قەرزەکانکە ئەوکات دەیندار لە بەرامبەر23قڕان‌ڕۆژێک دەخرا، بەندکران. بەڵام "شا"لەونێوەدا سێ ئامانجی پێکا! یەک ئەوە بوو لەدونیا بە مرۆڤێکی دیموکراس ناسرا، دووهەم خەڵکی تێک بەرداو توانی بەم ڕێسکە پانزدە ساڵی تردەسەڵاتی خۆی بەسەرخەڵکی ئێران داسەپێنێ.



سیهەم ئەوەبوو هەموو چەکی گوندکانی ئێرانی بەناوی قەرزەی مللی تومەنی بەدوو قڕان کڕیەوە کردیە ئەرز بەناوی خۆی لە بانگەکان دەرەوەی وڵات تاقەت کرد.

هوویدا پاشئەوە کە مەنسوور لەیەکی بەهمەن مانگی 1343ی هەتاوی تڕۆڕ کراو لە شەشی بەهمەن لە نەخۆشخانە دا مرد کرا بە سەرۆک وەزیرانی ئێران هەتا 1354لەسەرئەو پۆستە ماوە. دەگێڕنەوە: کە فەریدەی خێزانی مەنسوورچاخێک لە نەخۆشخانە چاوی بەتیمسار پاکرەوانو تیمسارنەسیری دەکەوێت جنێویان پێدەدات گۆیا مەنسوور بەپێلانی ئەوان تێرۆرکرابوو. محەمەدڕەزا ئەو کات بەجلو بەرکی دوکتۆری لە نەخۆشخانە سەردانی دەکات.

(پێکهێنانی حکوومەتی ئیراق)

ئەمڕۆ ڕێکەوت 20ی 5ی 2006حکوومەتی ئیراقی فیدراڵ پێکهات کە6ی وەزیری کوردی تیدا یەک زێباری وەزێری دەرەوەی وڵاتو دکتۆربەرهەم سالح جێگری سەرک وەزیران دکتۆرماڵکی.

January 6th, 2004

The Honorable Kofi Annan
UN Secretary-General
UN Headquarters
First Avenue at 46th Street
New York, NY 10017

The Honorable Kofi Annan:

I am wrtiting this letter in support of the federal system in Iraq. We strongly believe a federal system, which is the logical and political solution for Iraq, will ensure Iraq's sovereignty and the rights of all Iraqi

ethnic groups. Furthermore, I am writing in support of the *Transitional Law* that was submitted by the five Kurdish members of the Iraqi Governing Council regarding authority over the Kurdish region.

At the end of the 1991 Gulf War, the US-led Coalition patrolled the Kurdish region and ensured the safety of Kurds. Since then, Kurds have enjoyed the basic autonomy and would like for it to continue and perhaps expand under the submitted Transitional Law. The Transitional Law has been submitted to the Iraqi Governing Council for approval. Under this constitution, Kurds will manage and have authority over security, taxation and revenues from the oil fields in the Kurdish region.

The proposed Kurdish Federal Region must include the four major Kurdish cities, Dohuk, Erbil, Suleimania, Kirkuk, as well as the Kurdish areas in the provinces of Mosul and Diyala.

We would like to focus your attention on the Kirkuk issue. During the last 35 years, Saddam's regime pursued the policy of Arabization in the city of Kirkuk. He forced over 100,000 Kurdish families out of Kirkuk and resettled Arabs from the South in their places. Despite Saddam's efforts to displace Kurds and arabize Kirkuk through out his rule, Kirkuk still consists of mainly Kurds. This fact has been support by a report published on November 26 of 2003 by Colonel William mayville, the U.S. Commander in Kirkuk, which stated as of that date, Kirkuk had a population of 850,000 people, of which 40% were Kurds. 35% were Arabs, 20% were Turkmans, and 5% were Assyrians/Chaldean Christians.



Kurds to realize that Kirkuk belongs geographically to Iraqi-Kurdsitan; however, Kurds are content and ready to share the governing role of the city with other ethnic groups such as Arabs, Turkmans, and Assyrians/Chaldeans. The Kurdish people are claiming Kirkuk to be a part of Kurdistan, not because the region is rich in oil; rather because the city is rich with Kurdish history and the geographical borders are within Kurdistan.

Kurds constitute of the largest ethnic group in the modern world who have been denied their independent state and the right to self rule. Under the federal system and the proposed Transitional Law, Kurds will gain the right to self rule and authority over the Kurdish region in Iraq. The International Community must begin to recognize the political rights of the Kurdish nation.

Sincerely,

ئاماژەیەک بەداخوازی هەلسورێنیرانی کورد لەکاتی حکوومەتی موەقەتی ئیراق جگە لەوە کە سیستەمی فیدراڵی بەرێگاچارەی ئیراق دەزانن،
چەندلاپەڕیکیش لەمێژووی کورد هەڵدەدەنەوە، تایبەت دوایی هیرشی وحشیانەی سەدام لە1991کەدەیەویست تیشکانی خۆی لەخەلیج بەخاپۆربوونی کوردستانو کوشتو کوشتاری کورد قەرەبۆ کاتەوە، کەدەوڵەتە یەکگرتوەکان هێڵی 36دەرەجەیان بۆ دانا، هەریمی لێدامەزرا، هەروا بەڕاشکاوی ئاماژە بە دەرکردنی 100هەزار)کورد لەکەرکووکو هێنانو نشتەجێ کردنی عارەب لەشوینی وان لەکەرکووک لەسەردەمی سەدام حوسین دا،دەکن، ئەوباسەش دێننە گۆر کەلە سەرئەوەش ڕا لە850000 دانیشتووی کەرکووک بەپێی ڕاپۆڕتی سەرهەنگ (ویلیام مایڤیڵ) زۆرایەتی کوردن یانی سەدی 40کوردو عەرەب 135، تورکمەن20، کریستیان 5دەرسەدی پێکدینن، هەروا ئاماژە بەمیژووی کەرکووک دەکات کەچوارچیوەی کوردستان دایەو بەپیێ جوغرافیو مێژوویی بەشێکی دانەبڕاولەکوردستانە، ئەوەش

لێ زیاددەکن دەڵێن: داوای کوردەکان سەبارەت نەوتەکەی نیە، بەهۆی خاکەکەیەتی بۆیە داوای پێناسی کوردی بۆ دەکەن کەبگەڕێتەو باوەشی کوردستان دەنا هەڵویستیان ئەوەیە لەگەڵ دانیشتوانی حەسڵی کەرکووک لەخێروشەڕپێکەوەبن.

ناوەڕ

1-ناوەرۆک
2-لەپاشاخرانی ڕەزاشا
3-بەرکۆڵێکی مێژوویی
4-دەستەڵاتی مووسەدیق
5-کۆدتای قاسم.
6-سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی چەکداری لەئێران
7-یازدەی ئازار
8-ئاشبەتاڵ
9-موجاهدینی ئیسلام
10-زیندانی گۆلی ورمێ
11-کۆچی نەمربارزانی
12-قەیرانی شەڕی نەغەدە
13-ئەنجومەنی نەتەوەیی لەشارەکانی کوردستانی ڕۆژ هەلات
14-تێگەیشتنی خەڵک لەخودموختاری
15-هێرشی دوژمن بۆ سەر شنۆ
16-کێشەی بەنی سەدر
17-کۆلکەمەلا
18-گەلالەی هاوبەشی  کۆماری ئیسلامی
19-هێرشی سەرانسەری ڕێژیم بۆ سەرکوردستان
20-پاکسازی
21-بەجێهێشتنی شارەکان
22-پەیوەندی کەریمی وڕێژیم
23-پێشمەرگەی موسڵمان وتاقمی حەوت کەسی



24-شەڕی کەنداو
25-کۆمەڵەوهەڵویستەکانی
26-ئیسلاحات ئەرزی
27-حیزب وڕێکخراوی سیاسی تازە لە کوردستان
28-سەرهەڵدانی جم وجۆڵی نەتەوەیی
29- فەرمانەکانی خومەینی
30-جموجۆڵی خویندکاران
31-پرۆژەی دەوڵەت بۆ خودمووختاری
32-گەڕانەوەی هەلاتوانی سیاسی بۆکوردستانی ڕۆژهەلات
33-شەڕی نەغەدە
34-کوردی فەیلی
35-داوای ڕاستەقینەی کورد
36-تێرۆڕی دکتۆرقاسلوو
37-تێرۆڕی دکتۆرشەرەفکەندی
38-بزوتنەوەی چەکداری
39-خەیانەتی شا
40-جاناتال ڕندال
41-دووهەمین شەری کەنداو
42- هۆی لەبەریەک کیشانەوەی شەڕی ئیراق
43-کارەساتی کیمیایی هەڵەبجە
44-شەڕی کوەیت 1990
45-کاەرساتی 11ی سپتامبەری 2001
46-سووکەئاوڕیک لەئەفغانستان
47-هەڵسەنگانی هێزەکانی ئیراق
48-هەڵسەنگانی هێزی زلهێزەکان
49-فەرمانی دەبلیۆ بووش بەهێرش سەرئیراق
50-لێروانێنێکی نیزامی
51-ئیسلامیەکانی ترۆڕیستی دەست پەروەردەی ئیران

52-داخۆیانی نیزامی ئامریکا
53-  کۆتایی شەڕ
54-کوژرانی کوڕەکانی سەدام
55-گیرانی سەدام حوسین
56-سەردانی سەدام
57-بەشێک لەنامەی کاک پیرۆت ئەسکەندەری
58-داخۆیانی مام غەنی بلووریان
59-قسەکانی بەڕیز کاک جەلیل گادانی
60-وەلام وشی کردنەوەی نووسەر
61- نامەی دکتۆر مووەفەق سۆرانی
62- لێکدانەوە
63- ئاکامی گوڕەگوڕەکان
64- شەڕی پەکەکەو تورکیە
65- دەنگۆی هێڕشی ئامریکا بۆسەرئیران
66-نامەی ئەحمەدنیژاد بۆ دەبلیۆ بووش
67- مەسەلەی زوانی کوردی بەفەرمی
68- کابینەی پینجەم
69-  ئیسلاحات
70- باشای بناسین
71- پیکهینانی حکوومەتی ئیراق
..
بڵاوکراوە لە ئینتەرنێت لە سایتی :
www.peshmergekan.com
www.peshmergekan.eu